ڕۆمان

# چـــاوەزار

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

٢٠٠٩

- **چاوەزار ـ ڕۆمان**
- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
- نەخشەسازی ناوەوە:
- بەرگ
- چاپ :
- تیراژ:
- نرخ: (٣) هەزار دینار
- چاپخانە:
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ...)ی ساڵی ..... پێدراوە.

# چەند وشەیەك

ئەم ڕۆمانە زادەو بیرو هزری نووسەرەو بە شێوەیەکی ڕیالیزمیانە نووسراوەو پاڵەوانی ڕۆمانەکە بە جێناوی دووەمین کەسی تاك قسەی لەگەڵ کراوەو ئەو ناوانەی لە ڕۆمانەکەدا ناویان براوە، یان ئەو شوێنە جوگرافیانەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیان تێدا ڕوویان داوە لەلایەن نووسەرەوە ناویان بۆ دانراوە، ناوەکان ناوی خوازراون و هیمایەك بە شوێنی جوگرافی ڕاستەقینە دەدەن و نووسەر نەیویستووە ئەو ناوانە بهێنێت تا خوێنەر وای لێك نەداتەوە کە ڕووداوەکان واقیعین بەڵکو نووسەر هەوڵی داوە ڕووداوەکان ئەوەندە لە ژیانەوە نزیك بکاتەوە مۆرکێکی ڕیالیزمیانەیان پێ ببەخشێت و خوێنەر لای وایە ئەو ڕووداوانە ڕاستن و ڕوویان داوە، ئەگەرچی زادەی بیرو ئەندێشەی نووسەرن و سوود لە ڕووداوە مێژووییەکان وەرگیراوەو ئەو هزرو بیرانەیش تێکەڵ بەو ڕووداوانە کراون بە شێوەیەك لە گوزەرانی ڕۆژانەوە ڕیالیزمیانە جودا نەکرێنەوە، بۆیە دەبێت خوێنەر وریا بێت و لە مەبەستی نووسەر تێ بکات ئەو ڕووداوانەی بۆچی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە کردووە، هەروەها خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی بزانێت ئەو ناوە خوازرانە کام شوێنی جوگرافین کە لە ڕۆمانەکەدا بە ناوێك بەکار هێنراون و هیمایەك بۆ ناوە باوەکان دەخەنە ڕوو، هەندێك ناویش هەن ناوی ڕاستەقینەن و نووسەر ڕووداوەکانی بردووەتەوە ئەو شوێنانەو درێژەی بە ڕۆمانەکەی داوە.

نووسەر ناوی (ڕەوەند کوێستانی) بۆ پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەڵبژاردووە، ژیانی لە گوندێکەوە دەست پێدەکات و باسی ڕووداوەکانی ژیانی پاڵەوان دەکات لە گوندو هەندێك لە ڕووداوی ژیان و گوزەرانی گوندییەکان و شوێنی جوگرافی گوندو ئەو

گوندانەی دەورو بەری دواتر پاڵەوان ئەم شارو ئەو شار دەکات و ئەو هەموو ڕووداوانەی بەسەر دێت کە لە ڕۆمانەکەدا باس کراون.

نووسەر پاڵەوانەکە دەگەیەنێتە ئاستێك چاو لەو هەموو کەسانە بکات نیشتمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە هەندران و بیر لەیۆتۆبیاو خەونی بەهەشتی سەر زەمین بکاتەوەو، هەرچۆنێك بووە خۆی بگەیەنێتە ڕۆژئاوا، کە بە لای ئەوەوە یۆتۆبیایەکە هەموو ئازادی و ژیانێکی بەختەوەرانەی تێدا دەستەبەر دەبێت، تا ئەو خەونەی بەدی دێنێت و پاڵەوان خۆی لەوێ لە نێوان دوو ڕیانێکدا دەبینێتەوەو چاوەڕوان دەبێت ئەو مافەی پێ بدرێت و لە سێبەری ئەو خەونەدا بحەسێتەوە، بەڵام لەوێ هەردوو ڕێکردنەکە ژ بیر دەکات و لە چەقی ڕێگەی چاوەڕوانیدا دەچەقێت!

**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**
**هەولێر ٢٠٠٩/٧/١٨**

(١)

ناوت (ڕەوەند)ە، منداڵێکی باریکەلەی درێژو موو زەرد، دوو چاوی شینت پێوەیە، چاوێکت هەر لەمنداڵییەوە تیلێکی تێکەوتووە، کاتێك دایکت چەڵتووکی کرە دەکرد تۆیش توێکڵە چەڵتووکت بەسەر قژە بژو زەردەکەدا دەکرد، ئەو توێکڵە چەڵتووکە بە ئاسانی لە قژت نەدەبووەوەو نەدەشۆرا، باوکت لێت تووڕە دەبێت و، بە پەلێکتدا دەکات و فڕێت دەداتە ئەو لاوەو دوورت دەخاتەوە. بەوەیش ئەو تیلییە دەکەویتە چاوت.

دایکت چاوەزارێك و کووژەکەیەکی شین توند بە دەزوویەکەوە دەبەستێت و لە کاکۆڵتی گرێ دەدات تا لە چاوی ئیرەییبەرو چاوپیسان بتپارێزیت، دانای برای لە خۆت بچووکتریشت قژێکی زەردی بە لاوە بوو زۆریان خۆش دەویستن. زۆر جار هەردووکتان بە (خورییەکەی برای بەرگنە) بانگیان دەکردن. لە کۆڕو دیوەخان و گردبوونەوەکاندا باوکت باسی منداڵی دەکردیت کە زۆرت ئارەزوو لە خوێندن بوو، هەرچی پەرتووك و نامیلکەو پارچە کاغەزی نووسرات بەرچاو کەوتبا، قوتارت نەدەکرد، دەتخوێندەوەو هەوڵت دەدا تێیان بگەیت، حەزت لە دەربڕین دەکردو خۆت ئاشنای ژیان و جیهانی نووسین دەکرد، لە قۆناغی سەرەتایی مامۆستای زمان زۆر جار لە وانەی ڕێنووس کە هیچ هەڵەیەکت نەدەکرد، خەڵاتی دەکردیت، لەبەر ئەو نەخشە جوان و دروستانەی دروست دەکردن مامۆستای جوگرافیا ئەتڵەسێکی جوانی پێ بەخشیت. مامۆستای ئنگلیزیش زۆری بە شان و باڵاتدا هەڵدەگوت.

کوڕە گەورەی باوکت بوویت، زۆری خۆش دەویستی، ئومێدی بە تۆ هەبوو، هەموو شتێکی لەپێناوی پەروەردەکردنی تۆدا دەکرد، باشترین جل و بەرگ و پێڵاوی

بۆ دەكرِيت، خەرجی بۆ فێرگە پێ دەدایت، لەگەڵ خۆی بۆ كۆڕو دەمەتەقێكانی دیوەخانی خانەدانان و ڕیش سپییانی گوندی دەبردیت، بۆ هەر بۆنەیەكی گشتی چووبایە تۆی لەگەڵ بوویت. سێبەری ئەو بوویت و لێی جودا نەدەبوویتەوە، بۆیە تۆیش نەتویست ئەو وەجاغەی كوێر بكەیتەوە كە ئۆمێدی ئەوەی پێت بوو بەردەوام ڕۆشن بێت و ڕۆشنتری بكەیتەوە، ژیانی منداڵیت ژیانێكی چەرمەسەری و ناخۆشی بوو، ئەگەرچی لە سایەی باوك و براكانتدا دەژیایت، لێ زۆر ڕووداوی ناخۆشت تووش دهاتن و كاریگەرییان لە ڕەوتی ژیانت دەكرد، یەكێك لەوانە ئەو چاو تیلییەت بوو كە بەردەوام بیرت لێ دەكردەوەو خەفتت بۆ دەخواردو زۆر جار منداڵە وردكەی كۆڵان و گەڕەك تانەیان لێ دەدایت و گاڵتەیان پێ دەكردیت:

ـ چاو تیل هات.. چاو تیل هات !!

ـ وەرن .. وەرن .. چاوتیلە .. دەرگە نابینێت .. كلیلە!!

بۆیە ئەو گرێ كوێرەیە تا دەهات لەگەڵت گەورە دەبوو.

## (٢)

لە پانتاییەکی بچووکی نێوان چەند چیاو تەپۆڵکەیەکی بەرزو دۆڵ و جۆگە ئاوێکەوە، گوندی (خاڵ خاڵ) دەیڕوانییە دەورو بەری خۆی و تا چاو بڕکات چەم و قامێشەڵان و دەشتێکی بە پیت و فەڕ لەبەردەمیدا قوت بووبووەوە، زێی (دوو یاڵ) سنوورێکی سروشتی لەنێوان ئەم و پێدەشتەکەو گوندەکانی ئەوبەری دامێنی چیاکاندا دروست کردبوو، بەدرێژایی جۆگە ئاوەکە کە لە ڕووبارەکەوە لە باکوورەوە بۆ باشوور ڕاکێشرابوو تا چاو بڕکات قامیش و قامیشەڵان سەوزی دەکردەوە، پێدەشتە ئاوییەکەیش بە بێستان و دالیێ و مەرەزەو کێڵگەی بەرو بوومی کشت و کاڵی و شووتی و خەلەو دان ڕازێنرابووەوەو دەگەیشتە سنووری (تازە گوند)و (گۆڕەشا)، لای ڕۆژئاواوە گوند لەگەڵ گوندی (کاروان کوژە)و (قۆرتە ڕەش)و (قولە نزم)دا سەرەتاتکێی بوو، لە باکوورەوە تولە ڕێگەیەك بەرەو گوندەکانی (بانە سپی) و (گرد قەڵا)ی خواروو و سەروو هەڵدەکشا تا دەگەیشتە گوندەکانی (چەمە ڕەش) و (خوڕخوڕە)و ( دەربەندی ئاغا)و شارەدێی (سەیدان).

لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دوو دۆڵ لای گونددا بەیەك دەگەیشتن و بە زستانان لە ئاوی باران و لافاودا نغرۆ دەبوون و بەهاران پڕ لە گەڵاو قەوزەو بۆق و سەرکە مێکوتە دەبوون و، دیمەنی خەلەو کێڵگەی گەنم و جۆیش دیمەنێکی سروشتی دڵڕفێنیان بە گوند دەبەخشی و مەڕو ماڵاتیش بە قەد چیاو تەپۆڵکەکانی پشت گوندو ناو چەمەکە گیانێکی زیندوویان بەبەر سروشتدا دەکرد، ڕێگەیەکی خۆڵینی ئۆتۆمۆبیلیش لە نێوان دوو گردەوە دەهاتە خوارەوەو پێچی دەکردەوەو دەهاتە ناو دێوەو درەنگ درەنگ ئەگەر ئۆتۆمۆبیلێکی پێدا بهاتبایەتە ناو گوند، دەبوو بە هەمان شوێندا بگەڕێتەوە،

چونکە لەسێ لاوە گوند بە چیاو تەپۆڵکەو چۆم دەور درابوو، ئەو ڕێگە خۆڵینە دەیگەیاندیتە گوندەکانی (گۆڕەشا)و (چیا سوور) و (جێ تەنوور) و شارەدێی (ڕەشە توو) و گوندەکانی تەنیشت زێیەکەو دەشتی (خوار کوورە) تا دەگاتە شارۆچکەی (ئەڵوەن)، جگە لەوەی لە (ڕەشە توو)ەوە دەیگەیاندیتە گوندی (پێنج کڵاو) و گوندەکانی سەر سنوور. گۆڕستانی گوندەکەیش ڕاستەوخۆ شوێنێکی لە تەپۆڵکەیەکی باشووری گوندەوە داگیرکردبوو، لێرەو لەوێ کێلی چەند گۆڕێك بەرچاو دەکەوتن، توولەڕێیەکیش بە تەنیشتیدا بەرەو باشوور درێژ دەبووەوەو لەناو قامیشەڵان و دالێ و بێستانەکاندا بزر دەبوو.

(خاڵ خاڵ) بیست تا بیست و پێنج ماڵێك دەبوو، کۆڵانێك بەناوەڕاستیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا دووکەرتی دەکرد، لەڕۆژئاواشەوە تەپۆڵکەیەکی لێبوو زۆر جار خەڵکی گوند لەوێ گرد دەبوونەوەو تەماشای چۆم و گوندەکانی ئەوبەریان دەکرد، یان لە زستاندا لەوێوە تەماشای ئەو لافاوەیان دەکرد پاش بارنێکی زۆر سەرتاسەری چۆمی دادەپۆشی و کۆتەرەدارو ئاوماڵکی لەگەڵ خۆ دەهێنا.

ماڵتان لەم پەڕی گوندەوە بوو، ماڵی باباو خاڵۆیشت لەتەنیشتتانەوە بوو، تازە هاتبوونە ئەم گوندە، کۆڵانێکی دە مەتر پان لە نێوانتاندا بوو، هەندێك لە ژوورەکانیان هێشتە زنج بوون، زۆر جار شەوانە کە خۆت و خوشك و براکەت لە ماڵیان دەگەڕانەوە لەو تاریکییە زەندەقتان دەچوو کە گوندی کش و ماتی داپۆشیبوو، جار جار نەبێت لێرەو لەوێ دەنگی حەپەی سەگەکانتان بەرگوێ دەکەوت.

لەو گوندەدا چاوت کرایەوە، هەندێك بیرەوەری گوندەکەی پێشترت لە یادبوو، کاتێك خوشکە گەورەکەت لەکۆڵی دەگرتیت و دەیبردیتە دالێی شوتی و تەماتەو بامێکەی (شیخ مەجید)ی باوکت کە لەخوار دێی (خدری گەورە)وە کردبووی، ئەو کاتەیشت لە یادە خۆت و (ئەستێرە)ی خوشکە گەورەکەت بە کەلێنی دیوارەکەی

دراوسێکەتاندا چوونە ژوورەوە بانگی نەنە (پیزە)تان کرد کاتێك (دانا)ی برات لەدایك بوو بۆ ئەوەی ناوکی ببڕێت.

چی دیکەت لەیاد نییە نازانیت کەی و چۆن لەو گوندە بارتان کرد، هەر ئەوەندە دەزانیت ماڵی باپیرت باریان کردو ئێوەیش لەگەڵ ئەوان خۆتان لێرە بینییەوە، بەڵام لێرە زۆر شتت لە یادە، ئەوەت لە یادە یەکەمین جار باوکت دەستی گرتیت و بە ناو چەمەکەدا بەرەو باشوور، بەرەو گوندی (گۆڕەشا) ڕۆیشتن بۆ ئەوەی لە فێرگەت ناونووس بکات و دەست بە خوێندن بکەیت، یەك ئامۆژگاری کردیت و گوتی: (کوڕم ئەوە من لە فێرگە ناونووست دەکەم بۆ ئەوەی بخوێنیت و بگەیتە پلەو پایەیەك نانێك بۆ خۆت پەیدا بکەیت و مووچەیەك وەربگریت، ژیانی خۆتی پێ مسۆگەر بکەیت، ڕەنگە بە دەنگی مندا نەگەیت و سوود لەو مووچەیەت وەرنەگرم)، ئەو ئامۆژگارییەی باوکت بوو بوو بە دروشمت و چی دیکە دووبارەی نەکردەوەو تۆیش بازووی خوێندنت لێ هەڵکردو درێغیت نەکردو ڕەنجی ئەوت بەبادا نەدا. ئەو ئامۆژگارییە لە سەرتاپای تەمەنی خوێندنتدا ئامادەبوو، لەبەر چاوت ون نەدەبوو، بەردەوام لە گوێتدا دەزرنگایەوەو بیرت لێدەکردەوە، ڕاستیشی کرد، تا تۆ خوێندنت تەواوکرد، باوکت چووە بەر دلۆڤانی یەزدان و تا هەنووکەیش نەتتوانیوە پاداشتی بدەیتەوە !!

ئەو هاوینە بانی خانووەکەتان سواغ دەداو سەتڵە قوڕتان دەبردە سەربانی خانووەکە، گوتیان شۆڕش بەرپابووە، ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاوە، چۆن باسی ئەوە دەکرا کە شۆڕش بڕیاری داوە هەموو منداڵان بخرێنە بەرخوێندن و ڕۆژ دەبێتە ڕۆژی جووتیارو چی دیکە دەرەبەگ نایانچەوسێنێتەوە، ئەو دیمەنانەیشت دێنەوە بیر چۆن خەڵکی گوندەکان لەیادی شۆڕشدا لە بن درەختەکانی نزیك گوندی (تازە گوند)و (گۆڕەشا) گرد دەبوونەوە قزان و مەنجەڵە برنج و مەرگە ڕیز دەکران و نان دەخوراو گۆرانی و هەڵپەڕکێ سازدەکراو هەر تۆزێك لەم لای ماڵی (شێخ ڕەقیب)ی کوێخای

ئەو گوندانەوە دروشمی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی و دەرەبەگ بەرز دەبووەوەو گۆرانی و شایی گوێیان کەڕ دەکرد.

بۆ سالآنی دواتر ژمارەی فێرخوازانی گوندەکەتان کە دەچوونە فێرگەو ڕێگەی نێوان گوندو فێرگەکەیان دەبڕی کە لە گوندی (گۆڕەشا) بوو زۆرتر بوو، سێ چارەکە ڕێ بە پێ دەچوون تا دەگەیشتنە فێرگەکە، زۆر جار باران تەڕی دەکردن و، بەناو قوڕو چلپاوی پێدەشتی قەراغ چۆمەکەدا قوڕاوی دەبوون، هەندێك جاریش دەچەقین و یارمەتی یەکدیتان دەدا تا دەگەیشتنە فێرگە. بەهاران کە بە نێو چەمدا دەڕۆیشتن چاوبازەتان دەخوارد، هەندێك جاریش لەسەرە ڕێگەکە قارچکتان دەدۆزییەوەو هەگبەکەتان لێ پڕ دەکرد، تۆ کانە (کارگ)ەکەت دەستنیشان کردبوو، بەیانیان بەر لە هەموو فێرخوازەکان خۆت پێ دەگەیاندو هەگبەی پەرتووکەکانت پڕ لە کارگ دەکرد، هەندێك جار بەکالی دەتخوارد، یان دەتبردەوەو لەگەڵ ڕۆن و پیازدا سوورتان دەکردەوە.

## (٣)

تۆ لە (خاڵ خاڵ) لە دایك نەبوویت، ئەگەر ماڵی باپیرت نەبووایە هەر لە گوندی (ژێرکوورە) دەمانەوەو نزیك پێدەشتەکەو زێیەکە سەرقاڵی داڵیٚ و بۆیسان خڕو مەرەزە دەبوون، هاوینان شووتی و تەماتەو بامیەو کاڵەکتان دێناوەو هەندێکتان دەبرد لە خان خورمای شار دەتانفرۆشت و بڕێك پارەتان پێ بۆ زستان دەنایە سەر یەك، جگە لەوەی لەبەرو بوومی گەنم و جۆیش کە لە زەوی دراوسێکان بە هاوبەش دەتانچاند بڕە پارەیەکی باشتان دەستگیر دەبوو، ئەوە چەڵتووك لەو لاوە ڕاوەستێت کە پشکێکی باشتان هەبوو، ماڵە خزمانت شکارتەیەکیشیان بۆ دایکت کردبوو، ئەوەتان بۆ خواردنی خۆتان تەرخان دەکرد.

باوکت لە لۆقنتەکەی ئەوبەر زێ کاری دەکرد، دوو سێ ڕۆژ جارێك دەهاتەوە، لە هاتنەوەیدا خوا خوشکێکی دیکەی پێ بەخشیت، خوشکێکی نەوەکام ناوی (سروە)تان لێ نا، هێشتە دایکت لەناو جێگەبوو، باوکت تەماشای ئەو مەلۆتکە بچووکەی دەکردو مەزەندەی دەکرد نەمێنێت و نەژێت، بۆیە بە دایکی گوتیت:

ـ نەکەیت خەفەت بخۆیت، ئەم منداڵە نەوەکامەو نامێنێت.

دایکیشیت هیچی بۆ نەدەمایەوە ئەوە نەبێت یەك دوو فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، خوا بەزەیی پێدا هاتەوەو مەزەندەکەی باوکت بەدی نەهات.

هەرکە باوکت دەهاتەوە خەرجی ڕۆژانەو هەفتانەی بۆ بەجێ دەهێشتن، ئەو جارەیان خەرجی مانگانەی بۆ خۆت و برا بچووکەکەت بەجێ هێشت تا ڕۆژانە لە فێرگە خەرجی بکەن، ئێوەی منداڵیش بیرتان لە پاشەکەوت نەدەکردەوەو ڕۆژانە لە جیاتی خەرجی ڕۆژێك خەرجی دوو تەنانەت سێ ڕۆژتان بە وردەواڵە دەداو، تا نیوەی

مانگ لە بن هەنبانەکەتان داو دەمتان گرتە قوتەوە. هەرکە باوکت بەوەی زانی بڕیاری دا چی دیکە خەرجی مانگانەتان بەسەر یەکەوە پێ نەدات و خەرجییەکەتان بداتە دەستی دایکت و ڕۆژانە لێی وەربگرن.

چارەنووس لەم گوندەی گیرسانیتەوە، کە کۆلانە تەسکەکەی نێوان هەردوو بەشەکەی دەرگەی چەند ماڵێکی بەسەردا دەکرایەوە، لەوانە ماڵی مچە لەولەو عەلە کوێرو ڕەحیم پلیس، کە نەك هەر ماڵەکەی دوو نهۆم بوو، بەڵکو قەڵایەکی هەبوو هاوینان لەقلەق لانەی لەسەر دەکردو دایکانەو باوکانەکە بۆق و مارو مێروویان لەو چۆمە دێناوەو دەرخواردی بێچووەکانیان دەدا.

ئەم ڕەحیم پلسیە، کاتی خۆی پۆلیس بووەو پێیان گوتووە ڕەحیم پۆلیس، بەڵام وردە وردە ناوەکەی بووەتە ڕەحیم پلیس، نەگبەتە دوو ژنی هەبوو، ژنێکیشی پێشر کۆچی کردبوو، ڕەعناو هەمین، یەکێکیان باڵا بەرزێکی سەر شێت، ئەوی دیکەیان کورتە باڵایەکی قەڵەو، زۆر جار تێکدەگیران و قژی یەکدییان ڕادەکێشاو هانایان بەر مێردەکەیان دەبرد، ئەویش درێغی نەدەکردو هەردووکی دادەپڵۆساندن، زۆر تریش لە ژنە باڵا بەرزە سەرشێتەکەی دەداو ژنە بچووکەکەی پتر خۆش دەویست، بۆیە ژنە گەورەکە بەردەوام دەتۆراو سەری خۆی هەڵدەگرت.

بلەی ئەحەی قالەیش کە باوکی لە ناو مەرەزەدا کوژرا، کابرایەکی بێ دەستەڵات بوو، کەس مێردی پێ نەدەکرد، خزمێکیان کۆچی کردبوو، ژنەکەی بە کۆزێك منداڵەوە لە پاش بەجێ مابوو، بلە بیری لەوە کردبووەوە پێویستە سەرپەرشتی ئەو منداڵانە بێت، ئامین دەخوازیت کە بە تەمەن لەو گەورەترەو کۆزێك منداڵیشی هەبوو، ئەو ڕووداوە بووبووە بنێشتەخۆشەی بن ددانی خەڵکی گوندو زۆر جار تانەو تەشەریان لێ دەدا.

ئێوارەی ڕەمەزانان ئێوەی منداڵ لە پشت هەیوانەکەی ماڵی مچە لەوڵەوە ڕادەوەستان و لە کونە بچووکەکەی هەیوانەکەوە گوێتان لە ڕادیۆکەیان دەگرت تا ئەو کاتەی بانگی دەدا، یەکسەر هەڵەداوان بەرەو ماڵ دەبوونەوەو ڕۆژووتان دەشکاند. دوو هەفتە لەو ڕەمەزانە تێپەڕیبوو، ڕووداوێکی جەرگبڕ رووی دا، لە چواردەی ئەو ڕەمەزانەدا هەواڵی کوودەتایەکی شوومتان بە گوێدا درا، تازە سەرەك وەزیرانی وڵات کە شۆڕشی کردبوو، ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاندبوو، خەڵکی وڵات زۆریان خۆش دەویست لەو کوودەتایەدا کوژرا، ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر نائومێد بوون و خەم و خەفەت دایگرتن و لە خەفەتاندا ڕۆژووی ئەو ڕۆژەیان شکاند.

(٤)

باوکت لەو چیایە برێك دۆمەڵانی هێنابووەوە، تۆ نەتدەزانی دۆمەڵان چییە، لەناو دۆڵابەکەی دانابوو بۆ ئەوەی بیکەنە چێشت و بیخۆن، بە کاڵی دانەیەکت لیێ خواردبوو، کە لەگەڵ برنجدا لێیان نابوو تامی هەر تەواو نەدەبوو، بەردەوام بەهارانە کە دۆمەڵان دەردەچوو زۆرت حەز لیێ دەکردو بەخۆت لەو چیایە بەدوویدا دەگەڕایت.

جارێك باوکت خوانێکی نیوەڕۆی بۆ بەڕێوەبەرو مامۆستاکانی فێرگەکە ڕێکخست، دوای وانە گوتنەوە بەپیێ لە (گۆڕە شا)وە هاتن و نانی نیوەڕۆیان خواردو گەڕانەوە، لەو هاتنەیاندا زۆریان پەسنی تۆو زیرەکی تۆ دایەوە، بە تایبەتی لە زمان و ڕێنووس و ماتماتیك و جوگرافیاو ئینگلیزی و نەخشەدروستکردندا.

گوندەکەتان زۆر ڕووداوی دڵتەزێنی بە خۆوە بینی، برایەکت هەبوو ناوی (زانا) بوو، نەخۆش بوو، چوون ئێستە دکتۆرو دەرمان دەستەبەر نەدەبوو، تا دەهات لەو گوندە دوور دەستە ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕاو لاوازتر دەبوو، کاتێك گەیاندتانە لای دکتۆر هەندێك داوو دەرمانی بۆ دەستنیشان کرد، بەڵام کار لەکار ترازابوو، گریان و واوەیلیێ کەوتە ناو ماڵتان و براکەت کۆچی دوایی کرد. خەڵکی گوند گردبوونەوەو هەندێکیان چوون گۆڕێکیان هەڵکەندو، هەندێکی دیکە لەم لاوە شوشتیان و ڕیێ و ڕەسمی کفنیان بۆ ئەنجام داو ئەوەندەی نەبرد بەرەو گۆڕستانی گوند بەڕیێ کراو بە غەمبارییەوە بەخاك سپێررا. لەم لایشەوە دایکت هەر دەکرووزایەوەو ڕۆژ نەبوو چینێك بۆ برای کۆچکردووت نەگریت، بۆ ساڵانی دواتر خوا برایەکی دیکەی پیێ بەخشیت هەر بە ناوی برای کۆچکردووتەوە ناوتان لیێ نا.

له گوندەکەدا کیژێك هەبوو چەند خوشکێکی دیکەی هەبوو، بەڵام باوکی مەڕو مانگای پێ دەلەوەڕاند، ئەو کیژە ناوی (ئەڤین) بوو، ئەڤین تازە هەڵدەچوو، سەرەتاتکێی لەگەڵ تۆو گەنجانی گونددا دەکرد، زۆر جار لە دۆڵی ئەودیوی گوند یان لە قرچەی نیوەڕواندا لە ناو کۆڵانی گوند کاتێك هیچ کەس نەدەهات و نەدەچوو، یان لە ژێر دار پەڵکەکانی دەمی چۆمەکە، یان لەناو قامیشەڵانەکەدا بەیەك دەگەیشتن و ئارەزووی گەنجانەتان بۆ یەکدی دەردەبڕی، زۆرتان پێ ناخۆش بوو کە لەپڕ ئەڤین تووشی نەخۆشییەك بوو، تا دەهات ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕاو لاوازتر دەبوو، تا بەیانیانێکیان شین و واوەیلا لە ماڵی (ئەڤین)ەوە هەڵساو هەموو خەڵکی گوند بە هانایانەوە چوون، دیتیان (ئەڤین) کۆچی دوایی کردووە.

لە ڕێ و ڕەسمی بەڕێ کردنی تەرمەکەی (ئەڤین)دا بەرەو گۆڕستانی گوند، تەرمەکەیان لەسەر دارەتەرمێك هەڵگرتبوو، دەڕۆیشتن و سێ جار یەك لە دوای یەك تەرمەکەیان داناو نانیان فڕێ دا، بەو شێوەیە تەرمیان گەیاندە گۆڕستان و دوو کەس لەناو گۆڕەکەیان ناو تاوێریان لەسەر داناو دواتر خۆڵیان بەسەردا کرد، ئەم جار هەموو فاتیحەیان خوێندو بە غەمگینی بەرەو ماڵ بوونەوەو سەرە خۆشییان لە دایك و باوکی کرد.

## (٥)

مچە لەوڵەی باوکی ئەڤین دوو ژنی هەبوو، زۆر جار سەری دەنایە سەر منداڵانی گوندو ئارەزووی گاڵتەو گەپی دەکرد، کە گاڵتەی لەگەڵ تۆ کردبایە، تۆیش منداڵێکی توورە بوویت و هەندێك جنێوت پێ دەدا، باوکت لەو لاوە گوێی لێ بووایە یەکسەر سەرزەنشتی دەکردیت، جار جاریش توورە دەبوو زلەیەکی مزری پێدا دەکێشایت. ئەو جارەی دۆمەڵانەکەت بە کاڵی خواردبوو زۆرت لێ توورە بوو، بەڵام کاتێك ڕادیۆکەت لەسەر ڕەفەکە خستبووە خوارەوەو لە پڕ باوکت لە دەرەوە هاتەوەو بینی ڕەنگت زەرد بووەتەوەو دڵەخورپەتە یەکسەر دڵی دایتەوەو نەك هەر ڕادیۆکە بەڵکو هەموو شتێکی کردە قوربانت، ئەو ڕۆژەیش بارە شووتییەکەی بۆ دیاری هێنابوویەوە بە چەقۆ هەمووت کون کرد تا بزانیت گەییون یان نەگەیوون، زۆرت لێ توورە بوو، خۆت شاردەوە تا توورەییەکەی هەڵنیشت ئەگینە لێدانێکی مزری لێ دەکردیت. ئەو کاتەیش کوڕە عەرەبەکەی تەنیا خێزانی عەرەب کە لە گوندەکەتان نیشتەجێ بوو، دەهات و سکاڵای لێ دەکردێت گوایە لێت داوە، بە کوردییەکی شەق و شڕ لە جیاتی ئەوەی بڵێت باوکی ڕەوەند بڵێ بە ڕەوەند بۆچی لێم دەدات، دەیگوت باوکی ڕەوەند بڵێ بە ڕەوەند با لێم بدات. داخی ئەوەیشت لەدڵ دەرناچێت کە داسوولکەیەکی تیژو نوێت لەناو گیاو گۆڵەی ئەو دیو دێدا دۆزییەوەو لە دەستی فڕاندیت و تا ماڵ تێی تەقاندو ڕانەوەستا، ئەو کات چوونە سەریان و لێتان سەندەوە. ئەو خێزانە عەرەبە کێشەیەکی خوێنداریییان لە ناوچەی خۆیان لەو دیو ڕووبارەوە لێ قەومابوو، ناچار پەنایان بەر گوندی (خاڵ خاڵ) هێنابوو، کە هیچ سوودیشی نەبوو، لە گەشتێکی

سەرۆك خێزانەكەدا بۆ ناوچەكەی خۆیان خاوەن كێشەكە پێی حەسیاو تۆڵەی خۆیان لێ كردەوەو دواتر ماڵ و منداڵەكانی گوندیان بەجێ هێشت.

لە گوندەكەتاندا ڕەوفە چاوسوور بلیمەتێك بوو، تازە ڕادیۆ هاتبووە گوندەكەوە بە خۆی و ئەحە بەلاّ، ئەو لەوپەڕی گوند و ئەم لەم پەڕی گوندەوە وایەریان بۆ ڕادیۆكانیان ڕاكێشابوو لەگەڵ یەكدی قسەیان دەكرد، ڕەوفە چاوسوور پاسێكی نەفەر هەڵگری شەق و شڕی كڕیبوو، جارێك لەناو تەپۆڵكەكانی ئەو دیوی گوند تایەكەی دەردەچوو، جارێك لەناو گونددا دەچەقی و بۆ هەفتەیەك پتر چاك نەدەكرایەوە، هەر ئەم ڕەوفە چاوسوورە بوو نامەیەكی گاڵتەجاڕی ڕەوانەی ڕادیۆ كرد، داوای كرد عەلی مەردان چی دیكە گۆرانی لە ڕادیۆكەوە نەڵێت چونكە دەنگێكی ناخۆشی هەیە، ئەویش لە بەرنامەیەكدا وەڵام دەداتەوەو گاڵتەی پێ دەكات.

## (٦)

دوو ڕۆژ بوو قەرەجەکان لە نزیك گوندی (خاڵ خاڵ)ەوە دەواریان هەڵدابوو، هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە باوکت ئاگەداری کردنەوە:

ـ ئاگەتان لە خۆتان بێت، ئەو قەرەجانە دەرۆزەیش دەکەن و دزیش دەکەن!

لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا خەڵکی گوند بە دەستی ئەو چەند ماڵە قەرەجەوە دەناڵێنن، دەرگە بە دەرگە دەرۆزە دەکەن و هیچ ماڵێك نابوێرن، نان و خواردن و هێلکەو تەنانەت پارەو جل و بەرگ و گەنم و جۆیشیان دەوێت. ئەگەر ئاگەت لە خۆت نەبێت تەماشا دەکەیت مریشك یان کەڵەشێرێکت نەماوە، ئەگەر لێی بکۆڵێتەوە دەزانیت قەرەجەکان دزیویانە، چۆن؟ نازانیت، تەنیا خۆیان نەبێت کە جۆرە ڕیخۆڵەیەکی درێژی وشك کراوە بۆ مرێشك یان کەڵەشێرەکە فڕێ دەدەن، ئەویش کە دەنووکی لێ دەدات بۆ ئەوەی بیخوات لە قوڕگیدا گیر دەخوات و قەرەجەکە ڕایدەکێشێت و لە ژێر جلەکەیدا دەیشارێتەوەو دەیباتەوەو لەناو دەوارەکەدا دەریدەهێنن و سەری دەبڕن و سووری دەکەنەوەو دەیخۆن.

لەو ماوەیەدا ئەو قەرەجانە دزییەکی زۆریان کرد، ئەو ڕۆژە ماڵی دایە حەلاو سکالایان بوو بارۆکەیەکیان نەماوە، پێش ئەوانیش ماڵی پلکە ڕەعنا بەدوای مریشکە ڕەشەکەیاندا دەگەڕان و لە هیچ شوێنێك شوێنەواری نەبوو. دوو ڕۆژیشە کەڵەشەێرەکەی ماڵی ڕەوفە چاوسوور ناخوێنێت، دەنگۆی ئەوە هەیە ئێستە گۆشتەکەی لە گەدەی قەرەجەکاندا بێت.

دوێنێ نیوەڕۆیش خاڵۆت لەسەر دالێ دەگەڕایەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت چاوی بە قەرەجەکان نەکەوتایە کە بەرخێکی ماڵی کوێخایان ڕەپێش دابوو، ئەوە ئێستە ئەویش سەربڕابوو، مەگەر هەر ئەو دۆڵ و چەمانەی بەدوادا گەڕابان.

یەك هەفتەی ڕەبەق (خاڵ خاڵ) لە باری ئامادەباشی و چاودێریدا بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا قەرەجەکان دەرۆزەشیان دەکرد، نان و ماست و هێلکەو خواردنیان دەبرد، دزییەکەشیان دەکرد، ماڵ نەبوو زیانی لێ نەکەوێت، ماڵ نەبوو خۆراك و ئازووقەی لێ نەڕۆتێنرێتەوە. ئەوانەیش ئازووقە یان خواردنیان پێ نەدابان تۆڵەیان لێ دەکردنەوەو مریشك یان باڕۆکە یان کەڵەشێریان لێ دەدزرا. ئەو بەیانییەی قەرەجەکان بارگەو بنەیان پێچایەوەو دەوارە شڕەکانیان کۆکردەوەو بە خۆیان و چارەوا لەڕو لاوازەکانیانەوە بەرەو باشوور ملیان شکاند، خەڵکی (خاڵ خاڵ) هەناسەی ئاسوودەییان هەڵکێشا. ئێوەی منداڵانیش چوون لە خوار گوندەوە تەماشای پاشماوەکانتان کردن، پاشماوی ئێسك و پرووسکی مریشك و کەڵەشێرو باڕۆکەو توێکڵە هێلکەو توێکڵە پیازو توێکڵە شووتی و کاڵەکتان بەرچاو کەوت. زانیتان کە هەرچی مریشك و کەڵەشێرو باڕۆکەی خەڵکی گوند هەیە، لەوانەی بزربوون و نەماون ئەو قەرەجانە دزیویانەو بەوپەڕی پشووەوە سووریان کردووەتەوەو خواردوویانن، خاوەنەکانیشیان با دەم بە قوتەوە بگرن و هەر وشکە نان بخۆن!

ئەو نیوەڕۆیە پاش ئەوەی قەرەجەکان گۆڕیان ون بوو، لەپڕ دوو سێ حوشترو دوو کابرای عەرەب گەیشتنە گوند، بە زمانی خۆیان بانگەشەیان بۆ خوێ دەکرد:

ـ خوێ .. خوێ !!

خەڵکی گوند لە دەوریان کۆ بوونەوەو سەر بەسەر خوێیان بە گەنم دەکڕی. یان دوو جام جۆیان دەدا، یەك جام خوێیان وەردەگرت. ئێوەی منداڵیش لە دەوری ئەو عەرەبانە گرد بوونەوەو تەماشای حوشترەکانتان دەکرد چۆن کاوێژیان دەکردو چۆن (ییخ) دەدران و چۆن هەڵیان دەستاندەوەو سواریان دەبوون. تا خوێیەکەیان فرۆشت و لێبوونەوەو ڕۆیشتن، تۆیش لەگەڵ منداڵانی (خاڵ خاڵ)دا ئەو ناوەتان بەجێ نەهێشت و لە تەماشای حوشتر تێر نەبوون!

## (٧)

لە گوند زۆر ماڵ هەن سەگ بۆ پاسەوانی بەخێو دەکەن، ئێوەیش دوو سەگتان ڕاگرتبوو، گەماڵێکیان تێدا بوو، گەماڵە بۆر نەیدەهێشت مەل بفڕێت و دز توخنی ماڵ و گورگ توخنی ڕانەمەڕی گوند بکەوێت، ئەو سەگانەتان زاوزێیان کردبوو، چەند تووتکیان هێنابوو، ئەوانە گەورە ببوون، جارێکیان خۆت و باوکت گەشتێکی ئەوبەری زێتان کردو دێڵەکە دواتان کەوت، هەرچیتان کرد نەگەڕایەوە، کاتێك بە کەڵەك لە زێ پەڕینەوە، دێڵەکە بە مەلە ویستی لە زێیەکە بپەڕێتەوە، بەڵام تا گەیشتە کەناری ئەوبەر ئێوە لە لووتکەکە سەرکەوتن، ناچار بوو گەڕایەوە.

باوکت بەر گوێی کەوتبوو کە ژنەکەی مچە لەوڵە جنێوی بەو کەسە داوە ئەوەندە سەگ بەخێو دەکات و بەرەڵای ناو گوندیان دەکات، مەبەستی ئەوەبوو سەگێکی ئێوە جووجکەیەکی ئەوانی خواردووە، باوکت ئەو جنێوەی پێ قبووڵ نەبوو تاپڕێکی هێناو کەوتە وێزەی ئەو سەگە بەستەزمانانەو قڕی کردن، تەنیا سەگەبۆر نەبێت.

## (٨)

ئاردتان نەمابوو باوکت ڕایسپاردیت چارەواکەی دراوسێکەتان ببەیت و بچیت لە ئاشەکەی گوندی (گۆڕەشا) باراشەکە بهێنیتەوە کە ئەو ڕۆژە بردبووتان بیهاڕن و نۆرەتان نەهاتبوو، کە بە ڕێگەی بناری چیاکاندا بەرەو (گۆڕەشا) بەڕێ کەوتیت، بەسەر پشتی چارەواکەوە نیوەی ڕێگەکەت بڕیبوو کاتێك پێت بەر درەختێکی لا ڕێگەکە کەوت و خشپەیەك پەیدا بوو، ئەو کات چارەواکە سڵەمییەوەو ئێستێکی کرد، تۆیش ڕەشمەکەت توند بە دەستەوە گرتبوو، لەو کاتەدا لەسەر پشتی بەربوویتەوە ناو جۆگەکەی بنار ڕێگەکە، ڕەشمەکەت توند نەگرتبایە غلۆر دەبوویتەوە ناو ئاوەکەوەو ئازارت پێدەگەیشت، چارەواکە لە شوێنی خۆی قیت ڕاوەستاو تۆیش بە هۆی ڕەشمەکەوە بە لێژاییەکەدا سەرکەوتیت، بەڵام لە کاتی کەوتنەکەدا سەرت بەر عەرد کەوت و نووکی کاکیلەیەکی سەرەوەت چووە ناو کاکیلەیەکی خوارەوەی ناو دەمت و قۆرتێکی تێخست.

ئەو شەوەیش زۆرت خەو دەهات کە باراشتان لەگەڵ دراوسێکاندا بۆ گوندی (خوڕخوڕە) برد تا لەوێ لە ئاشەکە بیهاڕن و بە گوندەکانی (بانە سپی) و (قەڵا نزم) و (چەمە ڕەش) و (پووشکە)دا تێپەڕین و لەو گوندە ماڵی ئەو شێخەیان پێ نیشان دایت کە بووبووە جاشی حکوومەت و گولەبەندی بەستبوو، بەڵام لە شەڕی لەگەڵ پێشمەرگەدا کاتێك پێشمەرگە زەبریان بۆ هێنابوون گوایە کوفری کردبوو، گوللە سنگی کون کردبوو و کوژرابوو.

# (٩)

باوكت لە چێشتخانەكەی ئەوبەری ڕووبارەكە (زێی دوو یاڵ) كاری دەكرد كە كۆمپانیایەكی لوبنانی لێبوو كرێكاری لوبنانییان هێنابوو، زۆر جار پەنیری كرافتی نێو قوتووی بۆ دەهێنانەوە، شیرو خواردنی بۆ دەهێنانەوەو زۆر شتی لە بارەی گاڵتەی ئەو لوبنانیانەوە دەگێڕایەوە، جارێك یەكێكیان دوو ساڵ نەچووبووەوە نامەیەكی بۆ هاتبوو كە كوڕێكی بووە، ئەو كرێكارانە دەهاتنە لای كرێكارە عیراقی و كوردەكانەوە دانەیەكیان دەكەندو پێدەكەنین و بە عیراقی و كوردەكانیان دەگوت ئێوە بوون ئەو دانەیەتان كەند، ئەوانیش تووڕە دەبوون، ئەو شتەیان لێ ناوەشێتەوە، بۆیە لوبنانییەكان دەیانگوت ئێوە لە دەمەوە قڕقێنە دەدەن و ئێمە لە خوارەوە، ئەو هەوایە لە سكی خۆماندا ناهێڵین كە لای ئێوە بە نەنگی دەزانن.

پێشتریش باوكت لەچێشتخانەی كۆمپانیایەكی سەرەوەی گوندەكە كاری دەكرد، تۆیش تەمەنت پێنج شەش ساڵان دەبوو، جاروبار دەچوویت لەوێ دەمایتەوە، زۆر جار هەر كاغەز یان پارچە ڕۆژنامە یان لاپەڕەی گۆڤارێكت ببینیایە یەكسەر پڕت دەدایەو تەماشای نووسین و وێنەی سەر ئەو لاپەڕە یان ئەو پارچە ڕۆژنامەیەت دەكرد تا شتێكی لێ هەڵهێنجێنیت، ئارەزووی وێنەكێشانی چیاو دۆڵ و گوندو ڕووبارو سروشتی دەورو بەری خۆتت دەكرد، هەرچیت دیبایە بە تەباشیر لەسەر دیواری ماڵەكانی ئەو كۆمپانیایە كە بۆ كارمەندانی كۆمپانیاكە دروست كرابوون دەتكێشا، چێژت لەو كارە وەردەگرت و كاتی خۆتت پێ بەسەر دەبرد، زۆر جاریش وێنەی ئەو شتانەت دەكێشا كە بەر چاوت دەكەوتن لەوانە ئۆتۆمۆبیل، پایسكل، ئەستوونەكانی تەلەفۆن و شتی دیكە، ڕۆژێكیان بە تەباشیر وێنەی كرێنێكت لە قەد دیواری

چێشتخانەکە کێشابوو کە لەو کۆمپانیایەدا ئیشیان پێدەکرد، لەو ماوەیەدا شوفێری کرێنەکە وێنەکەی دیتبوو، بۆیە ڕۆژێك هات لە چێشتخانەکە نان بخوات، پرسیاری لە باوکت کرد:

ـ ئەو وێنەیەی کرێنەکەی من کێ کێشاویەتی؟

لە وەڵامدا باوکت بەرسڤی دایەوە:

ـ کوڕەکەی من کێشاویەتی.

وێنەکە کوت و موت لە کرێنەکە دەچوو، وەك بڵێیت بە کامێرای فۆتۆگرافی گیرابێت، بۆیە شوفێرەکە زۆری پێ سەرسام ببوو، بە باوکی گوتیت:

ـ کەواتە بۆچی کوڕەکەت نانێریتە ئەمەریکا لەوێ بخوێنێت ؟

مەبەستی ئەوە بوو کە بەهرەی وێنەکێشانی تێدایەو پێویستە پەرەی پێبدرێت، بۆیە تۆیش زۆرت ئارەزووی وێنەکێشان و وێنەکردنی نەخشەی وڵاتان و جوگرافیا دەکردو بیرت دێتەوە لە فێرگەی سەرەتایی لە گوندی گۆڕەشا لەسەر داخوازی مامۆستای جوگرافیا نەخشەیەکی وڵاتت کێشابوو زۆر جوانت دەرهێنابوو، سنووری نێوان پارێزگەو شارەکانت ڕوونکردبووەوەو سنووری دەرەوەشت بە سوور کێشابوو، بیابانەکانت بە ڕەنگی زەردو پێدەشتەکان بە ڕەنگی سەوزو ڕووبارو گۆماوو دەریاچەکان بە ڕەنگی شین و چیاکانیش بە ڕەنگی قاوەیی کێشابوو .

(١٠)

ڕۆیشتنە فێرگە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە بە تایبەتی بۆ فێرخوازانی سەرەتایی زەحمەت بوو ئەگەر ئۆتۆمۆبیل نەبێت بیانگوێزێتەوە، ئەو کاتەیش ئۆتۆمۆبیل لەو گوندانە هەر نەبوو مانگی جارێك ئۆتۆمۆبیلێکتان بە چاو نەدەبینی، فێرگەکەشتان سەعاتە ڕێیەك لە گوندەکەتانەوە دوور بوو، نزیکەی دە دوازدە منداڵێك دەبوون کە بە چەمی (دوو یاڵ)دا بەرەو گۆڕەشا شۆڕ دەبوونەوە، یان بە ڕێگەی بناری تەپۆڵکەو کەژەکاندا دەهاتنەوە، جاروباریش بە ڕێگەی بانی گوندەکەدا یان شەقامە خۆڵینەکەی ئۆتۆمۆبیلەکاندا دەهاتنەوە کە لە شارەدێی ڕەشەتووەوە بەرەو شارەدێی سەیدان و گوندەکانی بناری تەمۆو کەناری دوو یاڵ دەڕۆیشت، ئەم جا لە ڕاستی گوند شۆڕ دەبوونەوەو دەگەیشتنەوە ماڵ، ئەو ڕۆژە باران دایدابوو تەنیا خۆت لە فێرگە مابوویتەوە چونکە وانەیەکتان مابوو تەواوی بکەن، دوای تەواوبوونی وانەکە تاك و تەنیا ڕێی گوندی خۆتان وەبەر گرت، لەسەردایش باران ڕەهێڵەی دەکردو تا دەهات خۆت و کەل و پەل و جانتاکەت لە باراندا دەخووسان، بەو زستانەیش ڕۆیشتن بە ناوچەمی کەناری دوو یاڵدا بۆ منداڵێکی گوندی مەترسی هەبوو بۆیە بنارە ڕێیەکەت گرت و بەرەو گوند هەڵکشایت، کەچی بارانیش چاوی نەدەکردەوەو بەخوڕ ڕەهێڵەی دەکرد، هەرچۆنێك بوو لەبەر سەرماو ڕەشەبایش ددانت بە خۆدا گرت و هەر هێزت بە خۆت دەداو تا دەهات لە گوند نزیك دوبوویتەوە، لەو لاوەیش باوك و دایکت لە ماڵەوە هەر نیگەران بوون، کاتێك پێچت کردەوەو گوندت لێوە دەرکەوت دیتت باوکت لە نزیك گوندەکەوە بەرەو لای تۆ دێت، تا یارمەتیت بدات، کاتێك بەیەك گەیشتن داوای لێکردیت بتگرێتە کۆڵەوە، بەڵام تۆ نەتویست و گوتت:

ـ بۆچی تۆیش تەڕ ببیت، ئەوەندە نەماوە چەند هەنگاوێکەو دەگەینەوە ماڵ!

کاتێك گەیشتیتە ماڵ جلە تەڕەکانت گۆڕی و جلی وشکت پۆشی و دۆینەواتان هەبوو لەگەڵ چادا خواردت و خۆت پێ گەرم کردەوە، جارێکی دیکەیش لەگەڵ برایەکتدا هەر بەو جۆرە لە فێرگە دەهاتنەوە باران تەڕی کردن، کە گەیشتنە ماڵ خۆتان گۆڕی، زۆر جاریش ڕووبارۆچکەکەی ڕێی هاتن و چوونتان بۆ فێرگە کە پێی دەڵێن چوار خڕان، لە کاتی باران باریندا لافاوی ئەو چوار خڕانە بەرز دەبووەوەو ناچار دەبوون لە بەستێکی کۆنکریتی بپەڕنەوە کە لەسەر شەقامە خۆڵینەکە دروستکرابوو .

## (١١)

هاوین بوو، پشووی خوێندنگە دەستی پێ کردبوو، لەگەڵ باوکت چوویت لەوبەر لە گوندی (کاروان کوژە) لە ڕاکێشانی ڕێگەی نێوان شارەدێی (ڕەشەغان) و شارەدێی ( دەربەند تەنگ) کار بکەیت، کە کۆمپانیایەکی وڵاتی بولگاریا جێبەجێی دەکرد، ئەو هاوینە لەو پردەدا لەگەڵ باوکت کارت کرد کە پردێکی درێژبوو، لە بیست پایە پتربوو، لەسەر ئەو دۆڵە پانە دروست دەکرا، کە لە نزیك ئەو گوندەوە دەڕژایە ڕووبارەکەوەو بە زستان ئاوی باران و لافاوی ناوچەکەی پێدا دێت و بە هاوینان وشك دەکات، تۆ ئاوی ئەو پایەو پانتاییە چیمۆنتایانەت دەدا کە دروست دەکران و دەبوو ئاوڕەشە بکرێن تا پتەو بن. ئەو شەوەی باوکت ڕۆیشتبووەوەو تۆ لەو ژوورەی گرتبووتان مایتەوە تا بەیانی خەوت زڕابوو ئەوەند گریابوویت.

کۆتایی هەفتە لەگەڵ باوکت هەندێك میوەو خواردنتان کڕی و ملی ڕووبارتان گرت، ئێوارەیەکی درەنگ بوو، ئاوی ڕووبارەکە کشەی دەهات، هەرکە گەیشتنە ناوەڕاستی ڕووبار، ئاو زۆری پێتان هێناو تەماشای باوکت کرد ئاو گەیشتبووە نزیك قوڕگی و تەنیا سەری بە دەشتەوە مابوو، بە دەستێك تۆو بەو دەستەکەیشی کەل پەل و شتەکانی گرتبوون، بەڵام هێزی وەبەر خۆی هێناو دڕی بە ئاوەکە داو بە پێ مەلە لە کەناری ئەوبەر نزیك بووەوە، کە لە ئاوەکەیش دەرچوون جل و بەرگەکانتان وشك کردەوە، بە چەمە تاریکەکەدا خۆتان بەناو دێدا کردەوە. لە ماڵ باوکت ئەو باسەی بۆ دایك و خوشك براکانت گێڕایەوەو ئەوانیش حەپەسان و دڵیان هەزار ختوورەی کرد.

## (١٢)

له فێرگەی گۆڕەشا یەکەمین مامۆستا کە وانەی پێدەگوتنەوە مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕێبەر حوسێن بوو کە خەڵکی شاری ئەلوەن بوو، دوای ئەو مامۆستایەك بە ناوی ماکۆ، هەر لەو ساڵانەدا سێ مامۆستای عەرەبتان لە ڕۆژئاوای وڵاتەوە بە ناوی سەعد حەمادی و لەتیف و عەبوود بۆ هات کە زۆریان هان دەدەان بگرە ئەوەی مامۆستای جوگرافیا بوو ئەتڵەسێکی ڕەنگاوڕەنگی خۆیی پێبەخشیت، ئەتڵەسەکە ناوی ئەتڵەسی تەرەبین بوو لە سووریا چاپکرابوو .

ئەو کاتە لە فێرگە سەرەتاییەکانی گونددا لەسەردەمی شۆڕشی نیشتمانیدا خواردن و شیرو میوەیان بە فێرخوازان دەدا، لەگەڵ کەبسوولێکی زەرددا، دەیانگوت ڕۆنی ماسی بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ساڵانە جل و بەرگ و پێڵاویان بەسەر فێرخوازە نەدارو دەستنەڕۆیشتووەکاندا دابەش دەکرد، ساڵێکیان بەڕێوەبەری فێرگە بە تۆو براکەی گوتیت جل بە کامتان بدەم، تۆیش زۆرت حەز دەکرد جلەکە وەربگریت، لەو بارەیەوە باوکت ئاگەدار کردبووەوە کە تۆ جل وەربگریت، بۆیە بەڕێوەبەر پێی ڕاگەیاندیت بە باوکت بڵێیت کامتان جل وەربگرن تۆ یان براکەت کە لەگەڵت دەیخوێند، تۆیش کە لە فێرگە گەڕایتەوە ئەوەت بە باوکت ڕاگەیاند، ئەویش گوتی کەواتە تۆ وەریبگرە، بۆ ڕۆژی دوایی بە بەڕێوەبەرەکەت ڕاگەیاند کە بڕیاری باوکت وایە، بۆیە ئەو ساڵە جل و بەرگەکەیان بە تۆ بەخشی.

لە پۆلی چوار مامۆستایەکی فەلەستینیتان هەبوو، لەسەر ئەزبەر نەکردن لە فێرخوازانی دەدا، ڕۆژێکیان فێرخوازێکتان وانەکەی ئەزبەر نەکردبوو، ئەویش تۆو فێرخوازێکی دیکەی هەڵستاندو قامیشێکی درێژی لە بنمێچەکە کردەوەو تۆو

فێرخوازەکە چاکەتی ئەو فێرخوازەتان بۆ گرت و بەرزکردەوە، ئەویش بە قامیشەکە کەوتە وێزەی!!

لە پۆلی شەشەم مامۆستا وەسمان کە لەم دواییەدا ماڵیان لە سەرقەڵا بوو، بەڕێوەبەری فێرگەکەتان بوو، ئەو کاتە زنگی کارەبایی نەبوو، زەنگی ئاسن هەبوو، لە کاتی چوونە ناو پۆل و هاتنە دەروەدا بە ئاسنێکی کورت لە زەنگەکەیان دەدا، ڕۆژێکیان لە پشووی نێوان وانەکاندا تۆ ڕۆیشتیت ئەو ئاسنەت بە دەستەوە گرت بە هیوای ئەوەی کە گوتیان زەنگ لێدە تۆ لێی بدەیت، بەڵام تۆ لە حەوشەی فێرگە چووبوویتە دەرەوە، لەو پانتاییە بەرفرەوانەی کە لەبەردم فێرگەکەدا بوو، زۆر جار زۆر لە فێرخوازان لە پشوودا دەردەچوون و لەوێ ڕادەوستان، کاتی زەنگ لێدان هاتبوو بەڵام تۆ ئاگادار نەبوویت، زۆر گەڕابوون ئاسنەکە بدۆزنەوە بەڵام نەیانزانی لای تۆیە، کاتێك بەڕێوەبەر بەرەو ڕووی تۆ هات و زانی لای تۆیە یەك شەقازلەی مزری پێدا کێشایت تا هەنووکەیش گوێت دەزرنگێتەوە !!!

## (١٣)

بەو تەمەنی منداڵییە تازە ناوی پێشمەرگەت بیستبوو، نەتدەزانی پێشمەرگە چی دەگەیەنێت و چ کارەیەو چ دەکات، لە بەتەمەنەکانت دەپرسی، دەیانگوت مرۆڤگەلێکن بە شەو دێن و هەست و سۆزی نەتەوایەتی هانی داون بەرگری لە خاك و نەتەوە بکەن و چەکیان پێیەو ڕەزنی گوللەیان لە پشتەو ڕاست و چەپ لە خۆیان بەستووەو دڕ بە شەوی تاریك دەدەن و مافی گەل وەردەگرن.

سەرت لەو قسانە دەرنەدەچوو، تەنیا ئەوە نەبێت حەزت دەکرد پێشمەرگە ببینیت، کە باسی کەوتبووە سەر زاران و بە ئازایەتی و چاونەترسی ئەوانیاندا هەڵدەدا، چۆن شەو یان بە ڕۆژ هەڵدەکوتنە سەر سەنگەری سوپای داگیرکەرو کارێکی پێ دەکەن با بە دەواری شڕی نەکردبێت.

لەگەڵ ناوی پێشمەرگەیشدا میری چەند کەسانێکی خۆفرۆشی گرد کردبوونەوەو بەرانبەر بە پێشمەرگەی ڕاست کردبوونەوە، ئەوانە هیچ هەست و سۆزێکی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەدڵ و دەروونیدا نەمابوو، ویژدانی خۆیان بە دوژمانی خاك و نەتەوە هەڕاج کردبوو، ئەو جاشانە بووبوونە بەربووکی سوپای داگیرکەرو لە هەر شوێنێك بیانزانیبا هێزی پێشمەرگەی لێیە، پێش هێزی سوپا دەکەوتن و دەبوونە چاوساغی نیشتمانفرۆش و سوپایان بۆ ئەو ناوچەو سەنگەرە قایمانە دەبرد کە پێشمەرگەیان تێدا بوو، پێشمەرگەیش بەرگری و داکۆکییان لە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی میللەت و گەلی خۆیان دەکردو، پێکدادان دەستی پێدەکردو بازووی پێشمەرگە جوان دیاربوو، جاش و سوپای داگیرکەر زۆر جار دەشکان و پەنجەی پەشیمانییان دەگەست و دواتر دەکەوتنە ویزی خەڵکی سڤیلی نیشتمانپەروەرو زیانیان لە سامان وماڵیان دەدا.

تا دەهات ژمارەی پێشمەرگەی شۆڕش پەرەی دەستاندو دەنگی پێشمەرگە بە گوێی هەموو کەسێك دەکەوت و لە گوندی ئێوەیش نزیك بووبووەوە، بگرە گەیشتبووە ناوەندی شارۆچکە گەورەکەی باشوورتانەوە.

ئەو شەوە خەو نەدەچووە چاوت، بیستبووت پۆلێك پێشمەرگە بە ئەرکی پارتیزانی لە ناوچەکەدان و ئەم شەو لە گوندی (خاڵ خاڵ) لا دەدەن، تۆیش لەگەڵ منداڵانی دیکەدا ئارەزووتان ئەوەبوو پێشمەرگە ببینن، شەو دەنگۆ بڵاو بووەوە ئەوەتا پۆلێك پێشمەرگە لە گوند لا دەدەن، کوێخای گوندو پیاو ماقووڵان دوو دوو و سێ سێ پێشمەرگەکانیان بەسەر ماڵەکاندا دابەش کرد، تۆیش ئارەزووت دەکرد بەژن و باڵای پێشمەرگە ببینیت، لێ لەبەر ئەوەی باوکت لەسەر کار بوو، کۆتایی هەفتە دەهاتەوە، لەو پشکەی کوێخاو پیاوماقووڵاندا پێشمەرگە بەر ماڵی ئێوە نەکەوت، ئەگەرچی پێت ناخۆش بوو، بەڵام نەتویست ئەو هەلە لە دەست بدەیت، دەرگەی ماڵی باپیرت لەسەر پشت واڵابوو، لە دەرگە چوویتە ژوورەوەو چەند پێشمەرگەیەکت بینی چەکیان پێ بوو، لەناو حەوشە لەسەر جێگە دانیشتوون، باپیرت و خاڵۆت لەگەڵ کوڕەکانیاندا لەوێن، ئەمەکە نان دێنێت و ئەوی دیکە ماستاوو، ئەوی دیکە قاپە برنج و شلەو گۆشتی سوورەوەکراو لەبەردەم پێشمەرگەکاندا دادەنێن کە ڕێگەیەکی دووریان بڕیوەو تۆزێك ماندوویەتییان پێوە دیارە.

پێشمەرگەکان شەکەتییان دەرچوو، تێر نان و خواردنیان خواردو چایان بەسەردا کرد، هەندێك نانیشیان خستە خورجەکانیانەوەو، دوو دوو و سێ سێ لە ماڵەکانەوە هاتنە دەرەوە، تۆی منداڵیش سات بە سات چاودێریت دەکردن، تا هەموویان گرد نەبوونەوەو سەرپەلەکەیان پێشیان نەکەوت و پۆل پۆل بەدوایدا بە ڕێ نەکەوتن و لە ملەی چیاکەی ئەو دیوەوە بە خۆیان و تفەنگی شانیانەوە نەچوونە ئەو دیودا، لەبەردەم دەرگەی ماڵی باپیرتدا جمەت نەکردو نەچوویت تا بەیانی ڕۆژ دەبێتەوە

سەرخەویێك بشكێنیت، كە ئەو هیوایەت هاتە دی و پێشمەرگەت بینی بە خۆیان و چەكەكەیان و زانیت بەرگری لە مافێك دەكەن كە ئەوەند ڕەوایە بۆ هیچ دوژمنێك قووت نادرێت.

نازانیت چۆن ئەو هەواڵە بە جاشە خۆفرۆشەكان گەیشتبوو، چێشتەنگاو هێزێك لەو جاشانە بە خۆیان و بەرپرسەكەیانەوە هاتنە ناو گوند، دەیانویست زانیاری لەو بارەوە وەربگرن ئایە پێشمەرگە هاتووەتە ناو گوند، كەس ئامادە نەبوو تەنانەت سڵاویشیان لێ بكات، كوێخای گوند نەبێت، خەریك بوو ڕێسەكە بكاتەوە خوری، كە خۆی دواتر كاتێك جاشەكان ملیان شكاندو بەسەرشۆڕی ڕۆیشتن، گێڕایەوە كە وای زانیوە ئەوانیش پێشمەرگەن و ویستوویەتی بڵێت:

ـ پێش كەمێك هەڤاڵەكانی دیكەتان لێرە بوون و پێش ئەوەی ئێوە بێن ئەوان ڕۆیشتوون!

بەڵام هەر خوا بە خۆی بەزەیی بە خەڵكی گونددا هاتەوەو ئەو قسەیەی لەزار نەهاتە دەر، ئەگینە گوند تووشی كارەساتێك دەبوو، كەس نەزانێت تا كوێ پەرەدەستێنێت.

خەڵكی گوند دەیانزانی كوڕە بچووكەكەی كوێخا لە ژنە كۆچكردووەكەی دیكەی دەستی لەگەڵ میری تێكەڵەو بووەتە جاشی میری و میری لە چالاكییەكانی پێشمەرگە ئاگەدار دەكاتەوە، بەڵام باوكی پێی دەزانی و چاوی لێ سوور كردبووەوە نەكات هەواڵی چالاكی و هاتنی پێشمەرگە بۆ گوندەكە بە میری بگەیەنێت، ئەویش نەیدەوێرا ئەو كارە بكات و ئەوەندەی دیكە خوێنی خۆی لای خەڵكی گوندەكە تاڵ بكات.

(١٤)

چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژە، هەتاو پێستی دەبرژاندەوەو مرۆڤ خۆی لەبەر ڕانەدەگرت و بایەکی توند دەهات، لە پڕ ماڵەکەی سەعە کۆمڕ ئاگری گرت، نەشزانرا لەبەر ئاگری تەنوورەکە بوو یان بە هۆکاری دیکە ئەو ئاگرە کەوتبووەوە، دراوسێکان هەر یەکە بە سەتڵ و مەنجەڵە ئاوەوە خۆیان گەیاندێ و پەیتا پەیتا ئاویان لە جۆگەکەی بەردەم ماڵ دێناو ئاگرەکەیان پێ دەکوژاندەوە، خالۆت لەوپەڕی گوندەوە خەریکی خشت بڕین بوو، کوڕەکانی خۆی و چەند هەرزەکارێکی دیکە هاریکارییان دەکرد، کە دووکەڵ و بڵێسەی ئاگرەکەی بینی لەو دوورەوە واقی وڕمابوو، لە شوێنی خۆی نەجوولاو، پێی نەکرا هەنگاوێك بێتە پێشەوە.

ئاگرەکە لە گوێسەبانەی هەیوانەکەوە دەستی پێ کردبوو، قامیش و دارەکانی گرتبووەوەو چەند ڕایەخ و گلێم و نەوگی سووتاندبوو، پەلی بۆ گەوڕو تەویلەی چارەواو مەڕو بزنەکانیش کێشابوو، هەر ئەوەی چاك بوو لۆدەی گەنم و جۆکەی نەگرتەوە ئەگینە ئەو زستانە بێ نان و ئاردو تۆوی وەرزی نوێیی دەکردن.

خەڵکەکە ئەوەند ئاویان هێناو بە ئاگرەکەیاندا کرد تا کوژاندیانەوە شەکەت و ماندوویی زەفەری پێ بردن، هەناسەبڕکێیان بوو، لەبەردەم ماڵەکەدا ڕاوەستابوون، هەر یەکەو لەگەڵ ئەوی تەنیشتییەوە کەوتبوونە قسەو هەر یەکەو هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکەیان بۆ شتێك دەگەڕاندەوە، هەندێك دەیانگوت:

ـ بایەکی توند بووەو گوێسەبانەکە لە گڕی تەنوورەکەوە بڵیسەی وەرگرتووەو گڕی گرتووە.

هەندێکی دیکە دەیانگوت:

ـ ئەو ئاگرە بە ئەنقەست لەو گوێسەبانە بەرداوە، ئەگینە ئاگری تەنوور چی دەیگەیەنێتە ئەو گوێسەبانە.

لەو لای ماڵەکەی سەعە کۆمڕەوە، ئەو تەپۆڵکەی ناو گوند هەبوو کە گەنج و لاوانی گوند لێی گرد دەبوونەوەو لەوێوە تەماشای زێیەکە چەم و پێدەشت و بۆیسانەکانیان دەکرد، یان باس و خواسیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، ئەحەی زاوای مچە لەولە ئەو هەلەی قۆستەوەو بناغەی خانوویەکی لەسەر ئەو تەپۆڵکە لێ داو ئەو هاوینە بە خشت و قوڕ خانوویەکی پێنج شەش ژووری بە هاریکاری خزم و کەس و کارەکانی دروست کردو گۆڕەپانی لاوەکانیش بۆ بەردەم ماڵی کوێخا حسك و مچە لەولە گوێزرایەوە.

شوان و گاوانی گوندەکە هەردووکیان ناویان خولە بوو، خولە شوان مەڕێکی دابەستەی قەڵەوی هەبوو، زۆری خزمەت دەکردو بەردەوام چاوی لێ بوو، ئێواران کە دەهاتەوە لەگەڵ خۆی گیای بۆ دەهێنا، تا ڕادەیەك قەڵەو بووبوو بەردەوام لە دوای ڕانەکەوە بوو. ئەو ئێوارەیە خولە بیری لای خۆی نابێت، ڕانە مەڕ و بزن بەرەو گوند دەباتەوەو ئاگەی لە مەڕە دابەستەکە نامێنێت، زۆر ماندوو دەبێت، کە دەگاتەوە ماڵ داوا لە خێزانەکەی دەکات شیوی بۆ ئامادە بکات، لەو ماوەیەدا بیری دەچێتەوە کە مەڕە دیار نییەو دەبوو لەکاتی هاتنەوەدا بەسەری کردبایەتەوەو لەگەڵ مەڕو بزنەکانی دیکەدا لە پەچەکەی بکردایە.

پاش شیوخواردن، تاریك داهاتبوو، چاو چاوی نەدەبینی، مەڕەکەی بیر دەکەوێتەوە، تەماشا دەکات لە ناو مەڕەکاندا نییە، بەو شەوە ئەم لاو ئەو لای گوند دەکات لە هیچ شوێنێك شوێنەواری نابێت. دەچێت لای قورئانخوێنێك دەمی گورگی بۆ دەبەستێت.

بەیانی زوو هەڵدەستێت و ڕانەکە دەداتە بەرو لە گوند دوور دەکەوێتەوەو ئەو ناوانە بەدوای مەڕەکەدا دەگەڕێت، ئەم دۆڵ، ئەو شیو، ئەم پەنا درەخت، ئەم چەم و ئەو لاپاڵ، تا تەماشا دەکات گورگ مەڕە بۆری لەناو دۆڵەکەی ئەو دیو تەپۆڵکەی خوارووی گوندەوە خواردووەو پێست و خورییەکەی لەو ناوە کەوتووە.

خولە گاوانیش گێلێکی ئەوتۆ بوو ئاوی لێڵ نەدەکرد، کاتێك ژنیان بۆ هێنا چەند شەوێك بە بوخچەی نەکراوەی هێشتەوە، ئێواران ماڵەو ماڵ دەچوو نانی گاوانی گرد دەکردەوە، چونکە مانگاو گوێرەکەی هەر ماڵێکی بلەوەڕاندایە دەبوو هەموو ئێوارەیەك نانی پێ بدەن و سەری مانگانیش مانگەی بدەنێ، کە مانگانەیان پێ دەداو دەچووەوە لای قەدریەی دایکی دەیگوت :

ـ دایە دوان لە گەورە گەورەکەیان پێ داوم.

مەبەستی سەد فلسی بوو کە ئەو دەمە لە پەنجا فلسی و دە فلسی و عانە گەورەتر بوو.

## (١٥)

عاسەی ژنی کوێخا حسك و خەجەی بووکی ئێرەییان بەو خێزانانە دەبرد کە خوا کوڕی زۆری پێداون و ئەوانیش تەنیا کچیان دەبێت و خوا کوڕێکیان پێ نابەخشێت.

بە تایبەتی ئێرەییان بە باوکت دەبرد کە خواوەند چوار کوڕی پێ بەخشیوە، دایکت هەر بە مندالّی چاوەزارو کووژەکەی لە قژو کاکۆڵتان دەبەست، ئەو کووژەکە شینەو ئەو چاوەزارە بە کاکۆڵتانەوە شۆڕ بووبوونەوەو زۆر جاریش کاریان لە چاوی ئێرەیی پێبەران دەکرد، لەو ماوەیەدا زانای برات نەخۆش کەوت، نەخۆشییەکەی لەو گوندە دوورە دەستە تا دەهات پتر سەخت دەبوو، کاری لە تەندروستی کردبوو، لەڕو لاواز هەڵگەڕابوو، ئەگەرچی باوکت بردیە لای دکتۆر لەو شارە دوورەی خوارەوە بەڵام داوو دەرمان هیچ سوودێکیان نەبوو، ئەو پاییزە ئەو برایەت کۆچی دوایی کرد، دایکت شەوو ڕۆژ نانی لەخۆی حەرام کردبوو، هۆن هۆن فرمێسکی دەڕشت و دەیلاواندەوە.

کە ساڵ و ڕۆژگار تێپەڕی و خوا برایەکی دیکەی پێ بەخشێت باوکت هەر ناوی (زانا)ی بۆ هەڵبژارد، ئەویش لەگەڵ دانای براتدا پێکەوە هەرسێکتان سەعاتە ڕێیەك دەچوون لە فێرگە لە گۆڕەشا دەتانخوێند، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری فێرگەکە جارێك بەدار لێی دابوو پەنجەیەکی دەستی سەقەت کرد، درێژەی بە خوێندن نەدا.

یەکێك لەو فێرخوازانەی لەگەڵتان دەیخوێند نالەی قالە بوو، کە سێ ساڵ لەسەر یەك لە پۆلی سێ دەرنەدەچوو، هەڕی لەفەڕ نەدەکردەوە، ئەو ساڵە سەرەك وەزیران بڕیاری دا هەموو فێرخوازێك گەر کەوتووشبێت لەو پۆلە دەربچێت و بەدەرچوو بژمێررێت، ئەو بڕیارە نالەیشی گرتەوە، نالە چووە پۆلی چوار، بەڵام هەر هەڕی لە

فەڕ نەکردەوەو نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. شەوانی هاوین لەبەردەم تریفەی مانگەشەودا گرد دەبوونەوەو یاریتان دەکرد، دەبوونە دوو گرووپەوە، یاری (قول قولان)تان دەکرد، کە لە یاری تۆپین دەچێت، هەر یەکەو گۆلێکتان دیاری دەکردو، بە دەستی ڕاست قاچی چەپتان دەگرت و هێرشتان دێنا گۆڵ بکەن، تۆ جیاواز لەوانی دیکە بە دەستی چەپ قاچی چەپت دەگرت و هێرشت دەبرد، کەس نەیدەتوانی بەر هێرشت بگرێت و گۆڵت دەکرد، لە یاری ئەو شەوەدا نالەو براکەی لە گرووپەکەی بەرانبەر بوون، ئەو کاتەی هێرشت بردو ویستت گۆڵ تۆمار بکەیت، نالە پالێکی پێوە نایت و بە دەمدا کەوتیت، ئیدی ئاگەت لە خۆت نەما، بێ هۆش کەوتیت، ئیستە نەمردوویت مانگێکە مردوویت، زۆریان هەولّدا بە هۆشی خۆت بێیتەوەو کەس بەو کەتنە نەزانێت.

ئاویان هێناو دەم و چاویان پێ تەڕ کردیت و دایاننیشاندیت، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بە ئاگە هاتیتەوەو تەماشات کرد هەموویان لە دەورت گردبوونەتەوەو ڕەنگیان زەرد بووەتەوەو لەوە ترساون کە بە هۆش خۆت نەیەیتەوەو بمریت. تۆیش وردە وردە هێزت وەبەر هاتەوەو ئەوانیش وازیان لە یاری هێناو هەر یەکەو بەو شەوە بەرەو ماڵ بوونەوە. لەو دەمەوە نالەی قالە نەیدەوێرا لە نزیکیشتەوە ڕێ بکات و توخنت بکەوێــت.

# (١٦)

زۆر بەوە دڵ خۆش بوویت کە باوکت لەگەڵ خۆی بۆ شارت دەبات، چونکە لەوەتای چاوت کراوەتەوە لەم گوندەی خۆتان و گوندو ناوچەکانی دەوروبەری خۆتان هیچ شوێنێکی دیکەتان نەدیوە، ئەو شەوە خۆتان ئامادەکردو، بەیانی زوو کە لە خەو هەستان، بەرچاییتان خواردو لەگەڵ چەند کەسێکی گوند کە ئەوانیش بۆ شار دەچوون لەو لای گوندەوە بەرەو ڕێگەی ئۆتۆمبیلەکان بەڕێ کەوتن کە نزیکەی نیو سەعاتە ڕێیەك لە گوندەوە دوورە. کزە بایەکی فێنك بەو بەیانییە ڕوومەتی فێنك دەکردنەوەو تا دەهات خۆشنوودی لە دڵ و دەروونتاندا چەکەری دەکرد.

پاش ماوەیەك چاوەڕوانی لەو لاوە پاسە شەق و شڕەکەی ئەحە لاوتان بینی لە تەپۆڵکەکانی خوارووی بانەسوورەوە دەردەکەوت و نەفەرێکی زۆری سوارکردبوو و تاك و تەرایش لەوانەی جێیان نەدەبووەوە لەسەرەوە سوواربووبوون. بە گوڕە گوڕو نقە نق لای چێشتەنگاو گەیشتە لاتان و ستۆپی کرد. یەکە یەکە بە پلیکانەکەیدا سەرکەوتن سەر پاسەکەو یەك لە تەنیشت یەکدییەوە دانیشتن، لەوە دەترسان پاسەکە لە بەرزاییەك هەڵنوتێت و یەکێکتان لێ بکەوێتە خوارەوەو شتێکی بەسەر بێت.

سەرەتا گوندی گۆڕەشاتان بەجێ هێشت کە فێرگەکەی لێیە، ماوەیەك بە ناو تەپۆڵکەو گابەردو چیای پڕ لە تاوێردا ڕۆیشتن، تا لە گوندی (جێ تەنوور) نزیك بوونەوە، ڕێگەکە بەناو گوندەکەدا تێدەپەڕی، نزیکەی سی چل ماڵێك دەبوو، هیچی لە گوندەکەی ئێوە جیاواز نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت ئەم زێی بە تەنیشتدا تێناپەڕێت و خەڵکەکەی پشت بە کانییەکانی ئەو چیایانە دەبەستن و ئەو کانیانە سەرچاوەی ژیانیانەو بۆ کشت و کاڵیش پشت بە بارانی زستان دەبەستن. کە گەیشتنە ناوچەی

چیای سوور، شوفێرەکە لای کانی خوێیەکە ڕایگرت تا ئۆتۆمۆبیلەکەی کەمێك سارد ببێتەوە. هەر یەکە لە ئێوەیش دابەزی و چوو سەرنجی ئەو خوێیە بدات لە کەناری کانییەکەوە کۆ بووبووەو خەڵکی ناوچەکە دەهاتن و خورج و تەنەکەو پووتیان لێ پڕ دەکردو دەیانبردو بۆ نان کردن و خواردن بەکاریان دەهێناو سوودیان لێ دەبینی.

لە نێوان ئەو دوو ناوچەیەدا ئەو شوێنەتان بینی کە پێکدادانێکی نێوان هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی کوردو سوپای ڕژێمی بەخۆوە بینی و ژمارەیەك سەربازی سوپای تێدا کوژران و پێشمەرگەیەکی شۆڕشیش شەهید بوو، تەرمەکەی دەستی سوپای ڕژێم کەوت و داخ لە دڵانەو بۆ چاوترساندنی دانیشتووان تەرمەکەیان بە دوای ئۆتۆمۆبیلەوە بە شەقامەکانی شاری (ئەڵوەن)دا ڕاکێشا. دەمەو ئێوارە پاش ئەوەی گوندەکانی دیکەو پێدەشتەکەتان بڕی و لە دار کونارەکە نزیك بوونەوە، دەروازەی شارتان لێوە دیار بوو، خۆرئاوابوون گەیشتنە شارو هەر لە دوورەوە ئەلەتریکەکانتان بینی جریوەیان دەهات، بۆ گاڵتە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا سەریان دەنایە سەر ئەوانەی یەکەمین جارە سەر لە شار دەدەن گوایە دەبێت ئێسکێك بگرنە دەمەوەو بچنە ناو شارەوە، ئەوانەی نەیاندەزانی مەبەست چییە واقیان وڕ دەماو دەحەپەسان، تێنەدەگەیشتن مرۆڤ بە خۆی ئێسکی لە دەمدایە کە ددانەکانیەتی.

شەو لە ماڵی مامت گیرسانەوەو لەگەڵ ئامۆزاکەتدا بە دیداری یەکدی شاد بوون، ئەوە یەکەمین جارە بە دیداری یەکدی شاد دەبن، تەماشات کرد کتێبخانەیەکی هەیە سێ هەزار کتێبی جۆراوجۆری تێدایە، ئەو کاتژمێرو خەڵاتانەی پێ پیشان دایت لە فێرگە پێیان بەخشیوە، بەرپرسی شارەکە لە بری ئەوەی لە وتارخوێندنەوەدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو ئەو کاتژمێرەی بە خەڵات و دیاری پێ بەخشیبوو.

لەگەڵ باوکت کە لە بازاڕ کەلوپەل و شت و پێویستییەکانتان کڕی، گەشتێکتان بەناو شاردا کردو شەقامی سەرەکی و تەلاری سینەماکان و تاریکە بازاڕو کارگەی

بەفرەکەو خان خورماو پردەکەو مزگەوتی گەورەتان بینی، تەماشای دارپەڵکە دێرینەکان و ئەو باخە دارخورمایانەت دەکردو بە تەلارو قەدی بەرزی دارخورماکاندا دەتڕوانی کە بۆڵە خورمای خەڵاڵ و نیوچە گەیشتوویان گرتبوو. زۆرت سەر لەو فێرخوازانە سوڕدەما لەم شارە خۆش و پڕ لە سینەماو شوێنی کات ڕابواردنە دەتوانن وانەکانیان بخوێنن و سەربکەون. ئەو ڕۆژە زووترو بە پاسێکی باشتر گەڕانەوەو دەمەو ئێوارە خۆتان لە ناو گونددا بینییەوە.

## (١٧)

ئەحەی قادر ئەو پیاوەبوو دوو ژنی هێنابوو، ماڵی ژنێکی لە (خاڵ خاڵ) بوو، ماڵی ئەو ژنەکەیشی لە (کاروان کوژە) لەوبەری زێ بوو، چەند کوڕو کیژی لە هەردووکیان هەبوو، ئەو هاوینە مەرەزەی لە نزیك زێ کردبوو، تازە شەتڵی دەکردو، بۆ ئێوارە نەگەڕایەوە ماڵ، ژنەکەی ئەمبەری (فەلەکناز) لای وابوو لە ماڵی (خاوەر)ی ژنەکەی دیکەیەتی و لە زێ پەڕیوەتەوەو چووە لەوێ بمێنێتەوە، نەیکردە خەمی خۆی و ئەو شەوەیش هەر خەریکی تەونەکەی خۆی بوو، گلێمێکی دیکەی بە دەستەوەبوو تا نیوەشەو کاری تێدا کرد.

کات درێژەی کێشاو پیاو نەهاتەوە، تا قاڵ کەوتە دێ و هەواڵ بڵاوبووەوە کە ئەحەی قادر دیار نییە، دەست بە گەڕانی دەورو بەری گوند کرا، هەر یەکە بە لایەکدا سۆراخی دەکرد، تا ئەحەی قادریان لەناو مەرەزەکەدا دۆزییەوە چەپکێك گژو گیای بە دەستەوەیەو گیانی سپاردووە، خەڵکی گوند تەرمیان هێنایەوەو لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا بەخاکیان سپاردو، لەو کاتەوە مقۆمقۆ دەستی پێکرد کێ ئەحەی قادری کوشتبێت، هەندێك دەیانگوت:

ـ هەبێت و نەبێت ئەوە بە پیلانی ژنی یەکەمی کوژراوە کە ماڵیان لە کاروان کوژەیە.

هەندێکی دیکە دەیانگوت:

ـ بە پیلانی ئەو سێ ماڵە کوژراوە کە بەر لە ماوەیەك باریان کردە گوندەکەو هەندێك لە زەوی و زارەکانی ئەوانیان داگیر کرد.

کەس ڕاستی کوژرانی ئەحەی قادری نەزانی. ئەو کات خوشکە گەورەکەت کاتی بەشوودانیشی نەهاتبوو، لەبەر قسەی باوەژنەکەت کە مێردی بە باوکت کردبوو، پاش ئەوەی مێردەکەی مرد، کە دەیکردە مامی باوکت، باوکت لەبەر منداڵەکانی خواستبووی تا مێرد بە غەریب نەکات و سەر لە منداڵەکانی نەشێوێت، باوکت ئەو کات بەجێی هێشتبوو، دوو کوڕو کیژێکی هەبوو، گەورە بووبوون، کیژەکەی مێردی کردبوو، کوڕە گەورەکەیشی ژنی هێنابوو، گوایە باوکت (ئەستێرە)ی خوشکتی بۆ یەکێك لە کوڕەکانی ئەو داناوە، ئەو باوەژنەت زۆر جار داوای نان و نەفەقەی لە باوکت دەکردو، بەر گوێی باوکت کەوتبوو گوایە گوتبووی:

ـ ئێمە کچی ئەو ناخوازین!

بۆیە باوکت سوێندی خواردبوو:

ـ یەکەمین کەس بێتە داوای کچەکەم بە مێردی دەدەم.

سۆفی عارف لە گوندی (ناوگردان)ی ئەوبەر زێ ئەوەی لە ئافرەتێکی خەڵکی گوندەوە بیستبوو کە مێردی بە پیاوێکی ئەو گوندە کردبوو، ڕیش سپییانی ناردە داخوازی خوشکەکەت و دوای پرسین و ڕاوەرگرتنی خزمان، خوشکت مارە بڕا، لەو کاتەدا ماڵی باپیرت (باوکی دایکت) هەڵیان نایت تۆیش داوای ژن لە ماڵە زاوا بکەیت، چونکە ئارەزوویان نەکرد خوشکەکەت بە بێگانە بدرێت، بەڵام تۆ بە گوێی ئەوانت نەکردو ئەو پلانەیان سەری نەگرت.

بایەکی توند بەو قرچەی نیوەڕۆیە هەڵیکردبوو، گڕە ڕووی مرۆڤی دەبرژاند، گوندییەکان لەبەر کاری کشت و کاڵی و بێستان و مەڕو ماڵات لەوەڕاندن نەبووایە خۆیان لەو دەرو دەشتە نەدەگرت، لەو کاتانەدا خاڵۆ ژنت لە ناو زنجەکەی تەنیشت ماڵی باپیرت لەسەر ساج نانی بۆ نیوەڕۆ دەکرد، یەك تەشت هەویری شێلابوو، تا نان بۆ نیوەڕۆو ئێوارەو بەشی قاوەڵتی بەیانیش بکات. پەیتا پەیتایش چیلکەی دەخستە ژێر ساجەکەوەو ئاگرەکەی خۆشتر دەکرد، ڕووی دەرگەی زنجەکەیش لە بایەکە بوو کە ئەوەندەی دیکە ئاگرەکەی خۆش دەکردو دەگەشاندەوە.

خاڵۆژنت تا دەهات نانی لەسەر یەکدی کەڵەکە دەکردو جاروبار ئەم منداڵە بچووك و ئەوی گەورە دەهاتن و سەرو نانی گەرمیان لەسەر ساجەکە دەبردو بە گەرمی بە دۆ یان ماستەوە دەیانخوارد، ئەویش دەیگوت:

ـ نیوەی نانەکەتان تەواو کرد، بەسە بەس با لێ ببمەوە!

کاتێك لە نان کردن بووەوە، چووە لای چێشت لێنانی نیوەڕۆوەو ئەسکڵی ناو کوانووی ژێر ساجەکەی لە بیر کرد کە هەر دەگڕاو دەگەشایەوە.

خەجەی ژنی ئەحەی کوێخا حسك کە کاریلەکانی بەرەو ماڵ دەبردەوە بە چاوی خۆی ئاگرەکەی بینیبوو لەناو زنجەکەدا بڵێسەی دەستاند، کە نانی نیوەڕۆ دەخورێت هەریەکەو لە لایەکەوە پاڵ دەکەوێت و لەو لایشەوە با گڕی ئاگرەکە خۆش دەکات و پووش و پەڵاش و دارچیلکەکانی ئەو ناوە گڕ دەگرن و وردە وردە ئاگر دەگاتە زنجەکەو تا دێت بڵێسەی ئاگر بەرزتر دەبێتەوەو ماڵی باپیرو خاڵۆت هەر یەکەو لە ژوورەکانیانەوە بەهەڵەداوان دێنە دەرەوەو دەست دەدەنە مەنجەڵ و سەتڵ و ئاو دێنن تا ئاگر بکوژێننەوە، دووکەڵی ئاگر بەری ئاسمانی گوند دەگرێت، لەو لاوەیش خەڵکی

گوند بەو قرچەی نیوەڕۆیە بە هاناوە دێن و هەر یەکەو دەست و برد دەکەن تا ئاگرەکە بکوژێننەوە.

ئەگەرچی هاوین بوو، گوند لە ڕووبارەکەوە دوور بوو، بەڵام ئاگرەکەیان کوژاندەوە، پاش چی؟ پاش ئەوەی زنجەکە سووتاو بنمێچی ژوورەکانی دیکەیش سووتان و هەندێك جل و بەرگیش ئاگریان پێگەیشت و بوونە خۆراکی ئاگر. ئەو دوێنەیەیش بۆ زستانیان چێ کردبوو، لەسەر بان هەڵخرابوو تا هەتاوی ئەو هاوینە گەرمە وشکی بکاتەوە، هەر هەمووی بە کزری و تەڕی تەفرو تووناوی ئەو ناوە بوو کەڵکی بڕاو بوو بەژێر پێی ئەو خەڵکەوە کە هاتبوون ئاگرەکە بکوژێننەوە.

خەڵکی گوند زۆریان لەبارەی ئەو ئاگر کەوتنەوەوە گوت و باپیرت زۆرتری گوت، کار گەیشتە ئەوەی ماڵی ئێوەی تاوانبار کرد دەستتان لەو ئاگرەدا هەبوو‌بێت، بە تایبەتی دایکی تاوانبار کردیت ئەو کارەی کردبێت، باپیرت بەم ڕۆژەکەی دیکەدا بەرەو گوندی (گۆڕە شا) بەڕێ کەوت و لەوێ لای کوێخای گوندەکان سکاڵای ئەوەی کرد: هاتووم سکاڵا لە ماڵی زاواکەم بکەم کە زنجەکەیان ئاگر تێبەرداوم!!

کوێخایش سەرکارەکەی نارد لە ڕووداوەکەی کۆڵییەوەو بۆی دەرکەوت کە ڕووداوەکە بە هۆی ئەو بایە توندەوە ڕووی داوە کە نیوەڕۆ هەڵیکردبوو ئەو ئاگرەی خۆشتر کردبوو ساجەکەی لەسەر بووەو بووکەکەی نانی لەسەر کردووەو دواتر کڵپەی سەندووەو زنجەکەی سووتاندووە، لەوەیشدا قسەی چەند کەسێکی وەرگرت کە بینیبوویان خاڵۆژنت بەو نیوەڕۆیە لەناو زنجەکەدا نانی کردووەو دوای نان کردن ئاگرەکەی نەکوژاندووەتەوە.

لەو ڕووداوەوە پێوەندی نێوان ئێوەو نێوان ماڵی باپیرت سستی تێکەوت و قسەیان لەگەڵ نەدەکردن، تەنیا ئێوەی منداڵ نەبێت لەگەڵ منداڵەکانی خاڵۆتدا قسەتان دەکردو لە ناو گوند پێکەوە یاریتان دەکرد.

## (١٩)

ئەو هاوینە زۆر ڕووداو لە ژیانتدا ڕوویان داو، ڕێڕەوی بەسەرهاتیان دەوڵەمەند کرد. بە تاك و تەنێ خەریکی ئەو بۆیسان خڕە بوویت کە لە خڕەکەی نێوان هەردوو پەلی زێی (دوو یاڵ)دا سەری قاڵ کردبوویت، چاڵەکانت هەڵدەکەندو تۆوە شووتی و گندۆرەو کالیارو شەمامەو خەیارو کوولەکەو تەنانەت ڕەیحانەت دەوەشاندو بە بارگیرەکەی ماڵی باپیرت پەیینت بۆ ئامادە دەکردو پەیینت دەکردە ناو گۆلە شووتییەکان، کە لەوەیش بوویتەوە سەرقاڵی قامیش بڕین بوویت، چەندین بارە قامیشت لە قامیشەڵانەکەی کەنار زێکەوە هێنا، کە لەوەیش بوویتەوە دەستت بە دروستکردنی تەیمانێك بە چوار دەوری بۆیسانەکەدا کرد تا بۆیسانەکەو بڕکە شووتی و کاڵەك و خەیار با بە یەکیاندا نەدات و گیانلەبەرو منداڵی گوند نەکەونە ناوی و پێشێلی بکەن، هەروەها کە بەروبوومیشی پێ گەیشت کەس نەتوانێت بچێتە ناو بۆیسان و شووتییەك یان کاڵەکێکی لێ بکاتەوە.

بۆیسانەکە بەروبوومێکی باشی لێ کەوتەوەو تەنانەت جۆرە شووتییەکی سپی بەرهەم هێنابوو جێی سەرنجی خەڵکی بوو، منداڵەکانی ڕەحیم پلیس جارێکیان لە تەیمانەکەوە چووبوونە ژوورەوەو چەند شووتییەکیان کردبووەوە پێش ئەوەی بگەیەن، ئەوەشیان ئەو ڕۆژە گێڕایەوە کە لە مەلەکردن لە زێیەکە دەگەڕانەوەو ئێوەیش توورە بوون وەنەبوو ملیان لە بن هەڵکێشن.

ئەو هاوینە بەرو بوومی ئەو بۆیسانەتان خواردو سوودێکی باشتان بینی و چاوتان لە دەستی کەسی دیکە نەبوو شووتییەك یان دوو سێ خرچەو کاڵەك و کالیارتان بداتێ، یان بچن شووتی بە پارەو سەر بەسەر بە گەنم بکڕن.

جار ناجاریش ئەو هاوینە گەرمەتان بە مەلەوانی لە زێیەکە بەسەر دەبردو بە پێ مەلە لە ڕووبار دەپەڕینەوەو جاروباریش دەچوونە ناو بۆیسانە شووتییەکانی گوندەکەی ئەوبەرو شووتییەك یان کالەکێکتان دەخواردو دیسان خۆتان دەدایە دەم ئاوی زێکەوەو لەمبەر دەگیرسانەوە.

کە دەستیشتان خاڵی بووایە تیرو کەوانێکتان دەهێناو لە ژێر دارپەڵکەکانی گونددا سەرقاڵی پاساری کوشتن دەبوون و دەچوونە سێبەری دار پەڵکەکانەوەو تیروکەوانەکەتان ئاراستەی ژێر سکی چۆلەکەکان دەکردو لە ماوەیەکی کورتدا چەند پاسارییەکت دەخستە خوارەوەو ملت هەڵدەپچڕاندن و دواتر دەچوویتەوەو ئاگرت دەکردەوەو بە سیخەوەت دەکردن و دەتبرژاندن و دەتخواردن.

ئارەزووی ڕاوەپۆڕو ڕاوە سویسکتان کەوتبووە کەلەوەو لەو دیوی گوندەوە تەپکەتان بۆ سویسکە دەنایەوەو جارو بار دەڕۆیشتن بزانن سویسکەیان گرتووە یان نا. کۆتایی پاییز بوو ئامۆزایەکی باوکت لە گوندی (ژێر کوورە)وە سەری لێ دان. تاپڕێکتان بردو لەگەڵ باوکت ڕووتان کردە ئەو چیاو دۆڵانەی ڕۆژهەڵاتی گوند، قۆتاغە ڕێیەك ڕۆیشتن، دۆڵ و کەندو لێوارە ڕێ و بناری تەپۆڵکەو چیا گەڕان، کەڕویشکێکتان هەڵستاندو دوای کەوتن و ئامۆزاکەی باوکت بۆی دانیشت و گوللەی تاپڕێکی تێگرت و نەیهێشت لەوە پتر هەڵێت و پێکای، بە هەڵەداوان خۆتان پێ گەیاندو سەرتان بڕی، کە گەڕانەوە دایکت بردی لەکەنار جۆگەکە شوشتی و پاکی کردەوە. پێی گوتن کەروێشکەکە دایکانە بوو، نۆ بێچووی لە سکدا بوو، پێتان ناخۆش بوو کە ئەو بێچووانەتان لە دایکیان کردو نەتاهێشتن ڕووناکی ژیان ببینن.

## (٢٠)

ئەو شەوە مینە قیتە بە تاپڕەکەی تەقەی لە بنکەی پۆلیسی (گۆڕە شا) کردبوو، پۆلیسەکانیش لەترسی ئەوەی گوایە پێشمەرگە هێرشی هێناونەتە سەر دەستیان بە تەقە کردبوو، گوللەی ڕەنگاو ڕەنگ و ئاگرکردنەوەیان تەقاندبوو، کردبوویانە ڕۆژی خۆیان و بەبێ تەل بەرپرسانی شارەدێ و ئەوانیش بەرپرسانی گەورتریان ئاگەدار کردبووەوە، پۆلیسەکانی بنکەکە تا بەیانی سەنگەریان لەو تاریکییە گرت و تەقەیان کرد، تا بەیانی نەدا تاك و تەرا هەر تەقەیان دەکردو لەو سەنگەرانە نەهاتنە دەر لە دەوری بنکەکە خۆیان تێدا قایم کردبوو.

بەرپرسی شارەدێ و بەرپرسانی دیکە بۆ نیوەڕۆ گەیشتنە گوندەکە تا لە پرسەکە بکۆڵنەوە، لەگەڵ کوێخای گوندو پیاوماقووڵاندا کۆبوونەوەو بۆیان دەرکەوت کە (مینە قیتە) شەو تەقەیەکی کردووە، پۆلیسەکان وایان زانیوە پێشمەرگە هێرشی هێناونەتە سەر، بۆیە دەستیان بە تەقە کردووەو فیشەك و گوللەیەکی زۆریان تەقاندووە، بۆ ئەوەیش کارەکە گەورەتر نەبێتەوە بڕیار دەدەن خەڵکی گوند قەرەبووی ئەو فیشەك و تەقەمەنییانە بکەنەوە کە دوێنێ شەو بە فیڕۆ چوون، بۆیە کوێخای گوندو بەرپرسی شارەدێکە لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون دەست بە کۆکردنەوەی قەرەبوو بکرێت و گوللەو تەقەمەنی بۆ بنکەی پۆلیسی گوندەکە بکڕێت.

هەر ئەو ڕۆژە دەنگۆ بڵاو دەبێتەوە میری هێرش دێنێتە سەر گوندەکان، خەڵکی گوندی (خاڵ خاڵ) بە گەورەو بچووکەوە گوند بەجێ دێڵن و لە دۆڵ و ئەشکەوتەکانی ئەو دیوی گوندو دوورتر تا نزیك سنوور دەڕۆن و لەوی خۆیان لە ترسی بۆردومان لە پەنای دۆڵ و ئەشکەوت و چۆم و چیاکان دەنێن. ئەو حەشاماتە لەو پەنایانە

زەندەقیان دەچێت کە فڕۆکەکانی سوپای ڕژێم دەبینن بەسەر سەریانەوە بە ئاستەم لەناو ئەو ئاسمانە شینەدا دیارن و دەخولێنەوەو بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن زەلامێك ببینن و دەستڕێژی لێ بکەن. خەڵکەکەیش خۆیان لە پەنا بەردو زەل و سێبەرو ئەشکەوت و ناو قامیش و قامیشەڵان و چەمەکانی ئەو ناوە حەشار دابوو، منداڵەکان وەنەبوو زەندەقیان بچێت.

کاریگەری ڕووداوەکەی مینە قیتە هەر مابوو، هەواڵ گەیشتبووە سوپای میری و، بۆ دوای نیوەڕۆ هێزێکی سوپای میری بە تانك و تۆپەوە گەیشتە (پایە سووتاو)و لەوێ سەنگەری گرت، خەڵکی گوندیش لەسەر کارەکانیان گەڕابوونەوەو لەخەوی شیرینی پاش نیوەڕۆی هاوینێکی گەرمدا بوون، منداڵە ساواکان لەناو بێشکەدا بوون و، دایك و باوکەکان سەرخەوێکی کورتی پاش ماندوویەتی ئەو ڕۆژەیان دەشکاند، لەو لاوە هێزی سوپای میری تۆپەکانی دامەزراندو کەوتە وێزەی گوندو خەڵکی بەستەزمان و بێ تاوانی گوندو کوشتارێکی نامرۆڤانەی بەو قرچەی نیوەڕۆیە بەرپاکردو، قالەی سەعە بە خۆی و کوڕەکەیەوە تۆپێکیان بەرکەوتبوو، کەوتبوونە ناو ئەو چاڵە گەنمەوە هێشتە گەنمی تێ نەکرابوو، ماڵی شێخ خالد گەورەو بچووکیان بەرکەوتبوون، شەهیدێکیان دابوو، یەکێك لە کیژەکانی بە سەختی بریندار بووبوو، خانووەکانی ناوەڕاستی گوند بە تەواوەتی زیانیان لێ کەوتبوو، ژنەکەی سۆفی عەلی بە خۆی و کۆرپە بەر مەمکەکەیەوە لەکاتی هەڵاتندا شەهیدبووبوون، ژمارەیەکی دیکەیش بەر پرشی گوللە تۆپی سوپای میری کەوتبوون، مەڕو ماڵاتێکی زۆر مردار بووبوونەوەو ئەو خەڵکەی فریای خۆیان کەوتبوون، توانییان خۆ بگەیەننە شوێنە پەناکانی ئەو دیوی گوندو خەڵکی ڕاکردووی گوندەکانی دیکە لەو ڕووداوە ئاگەدار بکەنەوە.

بەیانی تازە خۆر هەڵهاتبوو هێشتە ئاسەواری تۆپ بارانەکە بە گوندەکەوە دیاربوو، خەڵکی گوندەکانی دەورو بەر بەرەو (گۆڕە شا) بەڕێ کەوتن، شەهیدەکانیان

له ناو کۆڵان و چاڵ و نێو ماڵ و ئەو شوێنانە هێنایە دەرەوە، کە تێیاندا شەهیدبووبوون و له گۆڕستانی گوندەکەدا گۆڕیان بۆ لێدان و بە غەمگینییەوە ناشتنیان. خەڵکی گوندی (خاڵ خاڵ)یش بەشداربوون و کۆمەکیان بۆ لێقەوماوان کۆ کردەوە.

سێ هەفتەیش تێپەڕی خەڵکی تاك و تەرا لە چۆڵەوانیان بەسەر دەبردو لە ترسی هێرش و بۆردومانی سوپای میری ڕوویان لە گوندەکانیان نەکردەوە.

## (٢١)

ماڵی خوله پیازی لەوپەڕی باشووری گوندەوە بوو، نزیك بە چۆم و دارپەڵك و جۆگە ئاوەکە، گۆڕستانەکەیش چەند قۆناغێك لێیانەوە دوور بوو، سێ کوڕی هەبوو، دوانیان جمك بوون، ناوەکەشیان لەسەر یەك ڕێتم بوو، شاراو کارا، هەرچی برا بچووکەکەیان بوو ناوی (هانا)یان بۆ هەڵبژاردبوو، هەرسێکیان پێکەوە لە گەڵ فێرخوازەکانی گونددا جانتای پەرتووکەکانان لە کۆڵ دەکردو ڕۆژانە بەرەو گوندی (گۆڕەشا) بەڕێ دەکەوتن تا دوو سێ پیت فێربن.

خوله پیازی لەناو دالێ و بێستان و مەرەزەدا قاڵ بووبوو، پێیەکانی شەقار شەقار بووبوون، ئەو ساڵە تووتنەکەی باش هاتبوو، مەرەزەکەیشی خراپ نەبوو، هەرچی شووتی و بامێ و تەماتەکەشی بوو لە پیازەکەی باشتر بوون و خەرجی ئەو زستانەی بۆ دەستەبەر کردن. لێ ڕووداوێکی دڵتەزێن بەڕێوەبوو. لەو لای ماڵیانەوە لاکێشەیەکی چیمەنتۆیی شوێنی مەکینەیەکی ئاوی لێبوو، کە ئنگلیزە چاو شینەکان بۆ ڕاکێشانی ئاو بۆ بەنگلەکانی سەرەوەی گوند دروستیان کردبوو، مەکینەیەکیان لەسەر دامەزراندبوو، لەوێوە بۆڕی ئاویان بۆ ماڵی بەرپرسە ئنگلیزەکان ڕاکێشابوو کە لەڕۆژهەڵاتی سەرەوەی گوند لەو کۆمپانیای نەوتەدا کاریان دەکرد بۆ لێدانی بیرە نەوت و نەوت دەرکردن هاتبوون.

ئەو هاوینە شوانەکەی ماڵی قالە هەینی لەو چیایە بۆمبێکی فڕۆکەکانی سوپای میری دۆزیبووەوەو لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە، کە پیشانی باوکی دەدات، ئاگەداری دەکات کە ئەوە بۆمبەو مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت بتەقێتەوە، فەرمانی پێ دەکات بچێت لە شوێنێکی چەپدا بیشارێتەوەو بەژێر خۆڵەوەی بکات:

ـ کوڕم، ئەمە بۆمبە بۆمب، دەزانیت بۆمب چییە، ئەوەی دەتەقێتەوەو خەڵکی بێ تاوان دەکوژێت.

شوانەیش هەڵەداوان دەچێت لەوپەڕی گوند، نزیك بەو چیمەنتۆیە لاکێشەییە قۆرتێك هەڵدەکەنێت و دەیشارێتەوە، لێ کوڕەکانی خولە پیازی چاویان لێ دەبێت. ڕادەوەستن تا ڕۆژێکی بەسەردا تێدەپەڕێت، هەردووك دەچن قۆرتەکە هەڵدەدەنەوەو خۆشی خۆشی بۆمبەکە دەهێنن تا یاری پێ بکەن.

دوو سێ جار بەسەر چیمەنتۆکەیدا دەکێشن، بۆمب بە خۆی نازانێت، ئاکام بەر بەردی دەدەن و پەیتا پەیتا بە چیمەنتۆکەیدا دەکێشن، لەناکاو بۆمب دەتەقێتەوەو دووکەڵێکی شین بەرز دەبێتەوەو دوو لاشەی خوێناوی بریندار لەو لاوە بێ هێزو زمان بەرچاو دەکەون.

خەڵکی گوند بە شوێن دەنگی تەقینەوەکەوە دەچن، چی ببینن، شاراو کارا خەڵتانی خوێنن و شارا زۆر شڕەو ها ئێسە یان ساتێکی دیکە بە تەواوەتی پێڵوو لێك بنێت و کۆسی باوکی بخات، هەرچی کارا بوو، ئەوە کەمتر شڕبوو، تا خەڵکەکە بە هانایاندا گەیشتن و بە ئوتۆمبیلەکەی ماڵی ڕەوفە چاوسوور بەرەو نەخۆشخانەی شاری ببەن، شارا گیانی سپاردو بوو بە پەپوولەیەك بەو ڕۆژە ناەختە هەڵفڕی و ماڵئاوایی لە باوکیشی نەکرد، ئۆتۆمبیل بەرەو شار بەڕێکەوت و چەند قۆناغێکی بڕی و لە نیوەی ڕێی پتر بڕیبوو چەند گوندێکی تێپەڕاندبوو، تا دەهات کارا خوێنی زۆرتری لەبەر دەڕۆیشت، هێزی تێدا نەدەماو دڵی پچڕ پچڕ لێی دەدا، لەولای شارەدێی (ڕەشە توو)ەوە کە ئەوەندەی نەمابوو بگەنە شار، چاوەکانی کارا تاریك داهاتن و چی دیکە ڕووناکی ئەو هەتاوەیان نەبینی کە بەم ڕۆژی دیکەدا بەسەر خولە پیازیدا هەڵات، کاتێك کەوتە ئەو چیاو دۆڵ و هەردەو هاواری دەکرد:

ـ (شارا) ، (کارا) کوڕە جوانەمەرگەکانم خۆ من شێت بووم، سوێم بووەوە، بۆ نایەنەوە، بۆ بە بەرگی خوێنینەوە نایەن لەگەڵ هانای براتاندا بە هانامانەوە بێن.

خولە پیازی شێت بوو، ڕووی لە ئاوەدانی نەکرد، لە خەفەتی ئەو کۆستە گەورەیە لەو هەردە سەری نایەوە.

## (٢٢)

لە پۆلی شەشەم بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکانی بەکالۆریا ڕۆیشتنە شارۆچکەی ئەڵوەن، ئەو کات پارەیان بە فێرخوازیانی گوندەکان دەداو فێرگەیەکیان بۆ نووستن و حەوانەیان تەرخان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆماڵی مامت لە شار بوو لە ماڵی ئەوان مایتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر پارەی خواردن و هات و چۆیان بۆ سەرف کردیت، کاتێکیش ئەنجامتان وەرگرت تێکڕای نمرەکانت هەشتاو دوو بوو، ئەو کاتە تازە کوودەتا شوومەکە کرابوو بارودۆخ زۆر خراپ بوو، تەنگیان بە خەڵك هەڵدەچنی بۆیە لەکاتی ڕۆیشتنەوەیشدا ئەو کتێبانەی پۆلی شەشەمت لای دوکاندارێك دانا دەتناسی تا ئەگەر ڕۆژێك بارودۆخ چاك بوو لێی وەربگریتەوە، دواتر کە بەتەواوی ماڵتان هاتە شاری ئەڵوەن کتێبەکانت لێ وەرگرتەوە .

لەبەر ئەو بارودۆخە ئەو ساڵە وازت لە خوێندن هێناو ساڵێکی دیکە بۆ خوێندن خۆت لە ئامادەیی ناونووس کرد، بەڵام دەبوو بچیت لە گۆڕەشا بەڵگەنامەی دەرچوون بێنیت و بخوێنیت، بۆیە تۆو باوکت چوون لە پۆستەوە تەلەفۆنتان بۆ بەڕێوەبەری فێرگەکە کرد ئەو بەڵگەنامەتان بۆ دروست بکات و ڕەوانەی بکات، لە یادت نییە چۆن بەڵگەنامەی دەرچوونت بە دەست گەیشت بەڵام ئەوەت لە یادە خوێندنت لە پۆلی یەکەوە تا شەشەمی ئامادەیی لەوێ تەواو کرد چەند مانگێك نەبێت کە لەگەڵ بەشی ناوخۆییدا گوێزرایتەوە ناوەندی دوو یاڵە، بەڵام کە بەکالۆریای سێت تەواوکرد بۆ پۆلی چوارەم گەڕایتەوە هەمان فێرگە، ئەو کاتەی ویستت لەگەڵ فێرخوازێکی ناسیاری گوندەکەتاندا کە پێشتر ماڵیان چووبووە شاری ئەڵوەن بە سواری پایسکل چوون بزانین فێرگەکە لە کوێیە، تۆ لە پشکەی سوار ببوویت، لە پردەکە پەڕینەوەو ڕووەو فێرگەکە بوونەوە کە لە مەزارگەکەوە نزیك بوو، پێت لە عەرد خشی و بەربوویتەوە، کە هەستایتەوە هیچ کوێیەکت بریندار نەبووبوو .

چی دیکە گوند ئەو شوێنە نەبوو ئێوە گوزەرانی تێدا بکەن، نە زەوییەکتان هەبوو بیکێڵن و نە داهاتێکی ئەوتۆ ژیانی خۆتانی پی بەسەر ببەن، باوکت تەنیا باڵ بوو، لە چێشتخانەو چاخانەکانی ئەم شارۆچکەو ئەو شارۆچکە کاری دەکرد، هەفتانە یان چەند هەفتە جارێك دەهاتەوە، ئێوەیش کۆزێك خێزان بوون، پێنەگەیشتوون، ئەم هۆیە وای کرد باوکت بیر لە یەکجاری بەجێ هێشتنی گوند بکاتەوە، تەنانەت خانووەکەی تێیدا بوون، خانووی خۆتان نەبوو، کە ئێوە هاتنە گوند کەلاوە بوو، خاوەنەکەی بەجێی هێشتبوو، ئێوەیش سەربانتان گرت و هەر جارەی دیوارێکتان چاك دەکردەوەو دەرگەو پەنجەرەتان بۆ ڕێك دەخست و، ژوورێکی نوێتان تێدا دروست کرد، سۆپەیەکی دەستکردتان لە ژوورە نوێیەکە دانابوو، لوولەکەی لە بنمیچەکەوە چووبووە دەرەوە، شەوانی زستان بەدار ئاگرەکەتان خۆش دەکرد، ناو ماڵ ئەوەندە گەرم دادەهات دەبووە تەنوور، دووکەڵی ئاگرەکەیش لە لوولەکەوە دەچووە دەرەوەو بەرز دەبووەوەو بە ئاسماندا پەرت دەبووەوە، هەرکە میوانتان هاتبایە پەسنیان دەدایەوە، تەنانەت حەمە دەنگ گەورە زۆر جار بە باوکی دەگوتیت:

ـ شێخ مەجید بە خوا کارێکی چاکت کردووە، ئەگەر ئەم سوپایە نەبووایە ئێمە بەم زستانە لێرە ئەم دەمە تەقێیەمان خۆش نەدەکرد.

ئیدی باس و خواسی سەردەمی ڕابوردوو دەستی پێدەکرد، چۆن بڵێسەی ئاگری یەکەمین جەنگی جیهانی و دووەمین جەنگی جیهانیش بەر ئەم ناوچەیە کەوتووەو خەڵکی تووشی برسیەتی و نەهامەتی هاتوون و هەیانبووە بەر شاڵاوی سەفەربەرلك

کەوتوون و نەهاتوونەتەوەو هەیانبووە خۆی لەسیخوڕو چاوساغانی ڕژێمی سەڵتەنەتی شاردووەتەوەو نەچووەتە شەڕەوەو، لە شوێنی نهێنی درێژەی بە ژیان و گوزەران داوە.

یەکێك لەوانەی بەر ئەو سەفەربەرلکە کەوتن بابی ئەم حەمە دەنگ گەورەیە بوو، لە ناو بۆیسانەکەی قەراغ گوند ڕاپێچیان کردبوو، تەنانەت ویستبوویان چاوی بە کەس و کارەکەی نەکەوێت و ئازووقەو چەند پوولێك لەگەڵ خۆی نەبات، هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو چی دیکە چاوی بە بۆیسان و ڕووبارو جۆگەو پێدەشت و ماڵ و منداڵ و قامیش و دارپەڵکەکانی بەردەم گوند نەکەوتەوە، چی دیکە نەوەکانی خۆی نەدیتەوەو چی دیکە لە کۆڕو دانیشتنەکانی دیوەخانی ماڵی کوێخاو میواندارییەکانی خەڵکی گونددا بەشداری نەکردو چی دیکە قسەی نەستەقی بۆ پیاوانی گوند نەگێڕایەوە، ڕەنگە بەردەوام لە دڵی خۆیدا گوتبێتی:

ـ چیم بە خۆم کرد، دەبوو تەگبیرێکی خۆم کردبایەو ئەم تەمەن و ژیانەم لەم گەشتی هات و نەهاتەدا بۆ ئەم ناکەس بەچانە بە فیڕۆ نەدایە، تەنانەت لە کەناری زێ، لەناو قامیشەڵانەکە، یان ئەشکەوتی (کونە ڕێوی) خۆم شاردبایەتەوە، کێ دەیزانی لەو کونە تەسك و تروسکەدا خۆم شاردووەتەوە! ئێستە لەم شەڕە ناهاوسانەدا نغرۆی نائومێدی بوومەو ڕەنگە جارێکی دیکە چاوم بە خاك و کەس و کاری خۆم نەکەوێتەوە!

هەر ئەو قسەیش بوو، چاوی نە بە نیشتمان کەوتەوەو نەیش بە دیداری نەوەو کەس و کارو گوند شاد بووەوە، تا هەنووکەیش بێ سەرو شوێنەو ڕژێمی سەڵتەنەتیش ڕاستی چارەنووسی بە کەس و کارەکانی ڕانەگەیاندووە، بۆیە زۆر کەس دەڵێن (ئەوەی چوو لە کیس خۆی چوو)!

بەڵێ شێخ مەجید بیری لەوە کردبووەوە چی دیکە گوند دادی ئەو نادات، باشترین شت ئەوەیە ڕوو لەشار بکات و لە سووچێکی شاردا بگیرسێتەوەو بە

کرێکاری و کارکردن لە لۆقنتەو چایخانە گوزەرانی خاوو خێزانەکەی بەڕێوە ببات و منداڵەکانی بخاتەوە بەر خوێندن. ڕۆژێکی پاییز، گەڵای دارپەڵکەکانی بەردەم گوند وەریبوون، دالیێ و بۆیسانەکان شاڕۆ درابوون، مەرەزە دروێنە کرابوو، خەرمانی چەڵتووك هەڵگیرابوو، چی جلك و ناوماڵەی نەدارانەتان هەبوو، هەمووتان لەسەر پاسێك شەتەك داو سوار بوون شار بمگرەو هاتم.

لاغر لاغر پاسەکە گوندەکانی تێدەپەڕاند، تا گەیشتنە ئەو شوێنەی تاوێرەکانی لێیە، ڕێبوارێك لەوانەی لە گەڵتان بۆ شار دەهات هەڵی کێشا:

ـ لێرەدا هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی سوپای ڕژێم دەستەویەخە ڕوو بە ڕووی یەکدی بوونەوەو پێشمەرگە شەڕێکی نەبەردانەی کردو ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاشی ڕەوانە دۆزەخ کردو دەستی بەسەر چەندین پارچە چەك و تفەنگ و فیشەك و بۆمبدا گرت، داخەکەم لە کشانەوەدا پێشمەرگەیەك شەهیدبوو، لاشەکەی لەبەردەستی سوپای ڕژێمدا مایەوەو، دەڵێن لە داخی دڵیاندا تەرمی ئەو شەهیدەیان بۆ چاوترساندنی خەڵك بەناو شاردا گێڕابوو.

پاسەکە لەسەرخۆ ئەو ڕێگە خۆڵین و نیوچە قیرتاوەی دەبڕی و گوند لە دوای گوندی بەجێ دەهێشت، لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە ئەو پێدەشتە بە پیت و فەڕەتان دەبینی کە زێدی باوباپیرانت بوو، ئەو شوێنەی لێی لەدایك بووبوویت و دواتر بۆ گوندی (خاڵ خاڵ) بارگەو بنەتان پێچابووەوەو بارتان کردبوو تا لە نزیك ماڵی باپیرو خاڵوانت بن. تا دەهات لە شار نزیك دەبوونەوە، ئەو شارەی لەو دیوی ملەو کونارەوە دیار بوو، سەرەتا تانکییەکانی کۆمپانیای نەوتەکە دەرکەوتن و دواتر وردە وردە گەیشتنە شار.

باوکت خانوویەکی گرتبوو، هەر بەناو ناوی خانوو بوو، کەلاوەیەك بوو بۆ خۆی، ژوورێکی دووکەلاوی بێ پەنجەرەو بێ کارەباو بێ ئاو، دەبوو ئاو لە ماڵی دراوسێکان بێنن، کارەبای بۆ ڕانەکێشرابوو، دەبوو چرای نەوتین بەکار بێنن، دەرگەیەکی شەق و

شڕی پێوەبوو هەرچی بایەك هەڵیکردبایە یاری پێدەکرد، یەك دوو مانگ بە کولەمەرگی لەوێ گوزەرانتان کرد، باوکت بە کرێکاری بەڕێوەی دەبردن، ئێوەیش جار جارە کارتان دەکردو یارمەتیتان دەدا. زۆر شوێن و زۆر ژوورو گەڕەکتان کردو لە هەموو جۆرە کرێچێتییەکتان تاقی کردەوە، ئاکام لە گوندێکی نزیك شار گیرسانەوەو بۆ کارکردن دەهاتنە شارو ئێواران دەگەڕانەوە. چەند ناسیاوێکتان لەو گوندە هەبوو، هات و چۆی یەکدیتان دەکرد.

باوکت دروشمێکی سەیری هەبوو، چی کاری بکردایە بۆ ژیان و گوزەرانی ئێوە بوو، هیچی پاشەکەوت نەدەکرد، جارو باریش قەردی دەکرد، زۆرتر لە مەلا ئەحمەد کە ناسیارتان بوو، کە سەردەمێك پێکەوە لەسەر پرسێك بە ناهەق گیرابوون، قەردی دەکرد. چی پارەی بهاتبایەتە دەست بۆ گوزەرانی ئێوە خەرجی دەکرد، ئەگەر نەیبووایە دەیگوت:

ـ خوا گەورەیە، ئەو سەرەی دروستی کردووە، ڕۆزی بۆ ڕەوانە دەکات!

دەربەستی هیچ غەم و خەفەتێك نەدەهات، گۆرانی دەچڕی و مەقامی دەگوت و هۆرەی دەگوتەوە.

## (٢٤)

یەکەمین جارت بوو لە شار سەرامی خورما بکەیت. سەرامی خورما واتە گردکردنەوەو کۆکردنەوەی خورما، ئەو کاتەی خورما دەگات، کرێکارێك یان خاوەند باخەکە بە هۆی پەتێکی توند کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، بە قەد دارخورماکەدا هەڵدەزنێت و گوریسێکی درێژی پێیەو قولاپێکی پێوەیەو بە داس بۆڵە خورماکان دەبڕێت و بە قولاپەکەوەی دەکات و یەکێك لە خوارەوە پەتەکەی گرتووەو شلی دەکاتەوە تا بۆڵە خورماکە شۆڕ دەبێتەوەو دەگاتە عەردو لەسەر جاجم و گونی ڕۆ دەکرێت.

ئەوانی دیکەیش لەو لاوە ئەو خورمایانە کۆدەکەنەوە کە تاك و تەرا لێرەو لەوێ کەوتوون و لە کاتی بڕینەوەی بۆڵە خورماکاندا دەکەونە خوارەوە. ئەو خورمایە لە گونی دەکراو دەدورا، بە گالیسکە یان پیکاب لەبەر دەرگەی باخەکەوە بەرەو بازاڕیان دەبردو دەفرۆشرا. هەندێك جاریش بۆڵە خورماکان بێ ئەوەی خورماکانی لێ بتەکێنرێت وەك خۆی دەبراو لە ئەنبار بۆ زستان هەڵدەگیرا، ئەو کات بە نرخێکی گرانتریان دەفرۆشت.

ئەو مانگەی سەرامی خورماتان کرد دەستهەقێکی باشتان وەرگرت، چەند تەنەکە خورماشیان پێدان، بۆ وەرزی زستانتان هەڵگرت، زستان کونجی و خورماتان لێ دروست دەکرد. دنگێکتان دەهێناو خورماتان تێدەکردو بە دەسکێکی لەدار دروستکراو دەتانکوتا، دواتر کونجیتان بەسەردا دەکرد، ئەم جار دەتانکوتا تا ڕۆنی دەدایەوەو کونجی و خورماکە ئاوێتە دەبوون، لە ناو سینییەکتان ڕۆ دەکردو دانەی خڕ خڕتان لێ دروست دەکردو دەتانبەشییەوەو بە لەزەتەوە دەتانخوارد.

ئەو ڕۆژەی سەرقاڵی سەرامی خورما بوون، لە ڕادیۆی خاوەندی باخەکەوە هەواڵێکی دڵتەزێنتان بیست، هەواڵی کۆچی گۆرانیبێژی دەنگ زوڵاڵی نیشتمان، ئەو گۆرانیبێژەی تۆ حەزت لە گۆرانی و مەقامەکانی دەکرد، کە گۆرانییەکانی ئەوەند هەست بزوێن و ڕەسەنن کەسانێك لەو وڵاتانەی گوێی لێ دەگرن تا هەنووکەیش لەو بڕوایەدان هێشتە زیندووەو کۆچی نەکردووە.

کۆچ کردنی ناوادەی ئەو گۆرانیبێژە زۆری کار تێکردیت و ئەو ڕۆژە دەستت لەکار نەدەچوو، هەرسێ ژەمی خواردنت هەر خەم و خەفەت بوو.

له شار پاش ساڵێك دوای ئەوەی پۆلی شەشی سەرەتاییت تەواوکرد، تەنیا خۆت ساڵی دواتر چوویتەوە بەر خوێندن و لە پۆلی یەکەم لە قوتابخانەی دواناوەندی ئەڵوەن وەرگیرایت، هاوکات لەبەر ئەوەی ماڵتان لەو گوندەی دەرەوەی شار بوو لە بەشی ناوخۆیی وەرگیرایت، هەر لەو بەشە کە بریتی بوو لەخانوویەکی دوو نهۆمی و دەکەوتە بەرانبەر قوتابخانەی (سەرشەقام)ی سەرەتاییەوە، نزیك بە بازاڕی شار بوو، کە سینەمای سەرکەوتنی لێبوو، ئەو سینەمایە بەر لە پێشاندانی فیلم هەموو ڕۆژێك گۆرانییەکانی لیۆ بەخەندەی پەخش دەکردەوە، ئێوەیش لەوێوە نزیك بوون گوێتان لێدەبوو بۆیە هەنووکە کە گوێ لە گۆرانییەکانی لیۆ بەخەندە دەگریت ئەو ڕۆژگارەت بیر دەکەوێتەوە، دواناوەندییەکەشتان لەوبەری پردەکە بوو، ئەو بەشە شوێنی حەوانەوەو نوستنتان بوو، مانگانەشتان وەردەگرت و هەفتەی جارێك یان دوو هەفتە جارێك ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی دەڕۆیشتیتەوە بۆ ماڵی خۆتان، بەرپرسی بەشە ناوخۆیەکەتان بەڕێوەبەری دواناوەندییەکەتان بوو، ئۆتۆمۆبیلێکی فۆلکس واگنی ڕەشی هەبوو لەوەی پێیان دەگوت کیسەڵ، زۆر جار دوای کاتژمێر نۆو دە دەهاتەوەو، ئێوەی قوتابیش دەتاتخوێندو سیستمی بەشەکە وابوو کاتژمێر هەشتی هەموو شەوێك دەرگەکە دادەخراو هەر کەسێك لەدەرەوە بمایەتەوە دەرگەیان بۆ نەدەکردەوە، بۆیە هەر هەمووتان پێش کاتی دیاریکراو لە بەشەکە ئامادە دەبوون، کاتژمێر دوازدەی شەویش کاتی دیاریکراوی نوستن بوو بۆیە کاتژمێر دوازدەی شەو گڵۆپەکان دەکوژێنرانەوە، بۆ ئەوە فێرخواز بەیانی زوو هەستێت و کاتژمێر هەشت بگەیشتایەتە دواناوەندییەکە کە لەوبەری پردەکە بوو.

چەند قوتابییەکی گوندەکان لەگەڵتان بوون لەوانە حەمەی لاینجان لەگەڵ نەقی کاکەیی و سەید جەمیل و حەمە حەدیدی و هەندێکی دیکە، لەگەڵ عوسمان قۆڵ براوی خەڵکی لای ژێر کوورە، دەڵێن لەبەر ئەوە قۆڵی براوە جارێکیان چووەتە ناو باغێکی کابرایەکی خەڵکی گوندەکەیان تا هەنارو سێو بڕنێت، لەو کاتەدا خاوەند باغەکە لەولاوە هاتووەو ئەمیش بەسەر دارەکەوە بووەو ویستویەتی خۆی فڕێ بداتە خوارەوە کراسەکەی لە لقەدارێك گیری کردووەو دواتر بەسەر ئەو قۆڵەیدا کەوتووەتە خوارەوەو قۆڵی شکاوەو دواتر بڕیویانەتەوە، زۆر جار دەمەتەقێ لە نێوان هەر هەمووتاندا ڕووی دەداو بابەت دەخرایە بەر باس و خواس، زۆرتریش باسەکە لەسەر ڕۆژوو و نوێژو بڕوای ئایینی بوو.

لە پۆلی یەکەمی ناوەندی لە هەموو وانەکان زیرەك بوویت، بەڵام لە بیرکاری یەکەمین مانگ چل و پێنج لەسەدت وەرگرت، دواتر لە مانگەکانی دیکە پلەکەت بەرزتر کردەوە، ئەوەیش یەکەمین جارو دوایەمین جارت بوو نمرەی سەرنەکەوتن بەدەست بێنیت و لە هەموو تاقیکردنەوەکانی مانگانەو بەکالۆریای سێ و شەشی ئامادەیی نمرەکانت بەرزبوون.

کاتێك لە پۆلی سێی ناوەندی بوویت بەشە ناوخۆییەکەتان بۆ شاری پرتەقاڵ مەڵبەندی پارێزگە گوێزرایەوەو ئێوەیش ناچاربوون لەگەڵ بەشەکە بچنە ئەوێ و لەوێ بخوێنن، بەشە ناوخۆییەکە فێرخوازانی ئامۆژگەی پێگەیاندنی مامۆستایانیشی لێ بوو، لە هۆڵی درێژ درێژ پێکهاتبوو، بەپێی ژمارەی فێرخوازان دوو ڕیز قەرەوەیڵەی تێدابوو و ئاوی گەرمی تێدا بوو، ڕۆژی سێ ژەم خواردنی پێشکەش بە فێرخوازان دەکرد، فێرخوازەکان لەکاتی دیاریکراوی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواراندا دەچوونە چێشتخانەکەو هەر یەکەو خواردنی خۆی لەگەڵ میوەدا بۆ دادەنرا، مانگانەشتان وەردەگرت .

ئەو ساڵە تاقیکردنەوەی سێی ناوەندیتان لەوێ ئەنجام دا، ئەو شەوەی بە بەیانیدا تاقیکردنەوەی فیزیاو کیمیا بوو، پرسیار لە بابەتەکانی ئەو وانەیە لە هەردوو کتێبی پۆلی دوو و سێ لە بەکالۆریا دەهاتەوە، تا کاتژمێر چواری بەیانی نەنوستیت هەر دەتخوێند، لە چوارەوە تا پێنج ، پێنج و نیو خەو چووە چاوت دواتر هەڵستایت و دەستت بە خوێندن کردەوە تا کاتژمێر هەشت چوویتە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەوە، لەو وانەیەدا بەرزترین پلەت هێنا، کە چوویت ئاکامی تاقیکردنەوەکان وەربگریت سەرکەوتوو بوویت، بەڵام بڕوات نەدەکرد هەندێك لەو نمرانە هی تۆ بن بۆیە داوات لە بەڕێوەبەرەکە کرد دووبارە تەماشایان بکات، کە تەماشای کرد دروست بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاکامی قوتابییەکی هاوڕێی خۆتت وەرگرت کە لە دوو وانە مابووەوە .

ویستت لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئارابخا بخوێنیت لەبەر ئەوەی ئەو خانەیە لە پارێزگەی خۆتان نەمابوو، فۆرمت پڕکردەوەو بە بەڵگەنامەی دەرچوونەوە پێشکەشی ئەو خانەیەت کرد لەئارابخا، دانیشتووی ئەو پارێزگەیە نەبوویت و وەرنەگیرایت و ناچار چوویتەوە لە دواناوەندی ئەلوەن بخوێنیت. ئەو ساڵەیش یەکەمین ساڵ بوو چواری گشتی لە ئامادەیی جێبەجێ کراو دەبوو فێرخواز پۆلی چوارو پێنج و شەشی ئامادەیی تەواو بکات، پێشتر هەر پۆلی چوارو پێنجی وێژەیی و زانستی بوو، فێرخواز لە وانەکانی هەردوو پۆلی ناوبراودا تاقیکردنەوەی دەدا، ئەو ساڵە تۆ درەنگتر لە فێرخوازانی دیکە دەستت بە خوێندن کردو بۆ پۆلی پێنجەم بەشی وێژەییت هەڵبژارد، لە زانستیدا تەنیا ڕقت لە کیمیاو هاوکێشەی کیمیاوی بوو، چوویتە بەشی وێژەیی، کە تاقیکرنەوەی پۆلی شەشی ئامادەییشت تەواو کرد، تێنووسەکان لە پایتەخت چاك دەکران، ئاکامی تاقیکرنەوەکان لە ڕادیۆوە بڵاودەکرایەوە، کە نۆرەی شارەکەتان هات، ناوی تۆیش لەگەڵ ناوی فێرخوازەکانی دیکەدا کە لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتبوون خوێنرایەوە.

## (٢٦)

پرشنگی خوشکت شەش مانگان بوو، تا بڵێیت سپیلکانەو جوان بوو، دوو چاوی شین و قژ زەردو ڕوو خۆش و زار بە بزەو پێکەنین. دایکت زۆر لە چاوی پیس دەترساو کووژەکەو مووررووی شین و چاوەزاری بە دەرزی لەچك بە قەدەوە کردبوو، نەیدەبردە کۆڵان کە ڕێی هاتوچۆی خەڵکی بوو.

پلکە (پیزە)ی خاوەندی خانووەکەتان کە بە کرێ تێیدا بوون، زۆر جار بە دایکی دەگوتیت:

ـ نەکەیت پرشنگ ببەیتە دەرەوە، باچاوی پیس کاری تێنەکات، حەلاوی ژنی عەلە فشۆل دوو سێ خانوو لەو لاتانەوە، چاوی زۆر پیسەو هەرکە بیبینێت یەکسەر چاوی لێ دەدات و کیژەکەت ناسکەو دەست بەجێ گیرۆدەی هەناسەی پیسی دەبێت!

دایکت خولیای لای قسەکانی پلکە پیزە بوو، تا بۆی بکرایە (پرشنگ)ی ساوای لەماڵ نەدەبردە بەر دەرگە. ئەو ئێوارە (سروە)ی خوشکە ناوەندەکەت (پرشنگ)ی لە باوەش گرت و لەبەر دەرگە ڕاوەستا، لەو لاوەیش ژنە دراوسێکان لەبەردەم ماڵی عەلە فشۆڵدا دانیشتبوون دەمەتەقێیان دەکرد، باسی چێشت لێنان و ماستی مەڕو جل شوشتن و بازاڕکردنیان دەکرد.

حەلاوی ژنی عەلە فشۆڵ بە گوێی ژنەکەی ئەحە دەمزەردیەوە چرپاند:

ـ ئەوە کیژە! سەیر سەیر چەند سپی و جوان و خڕەڵەیە! خوا لە دایك و باوکی نەسێنێت!

هەر ئەو هەناسە بوو، لەو ساتەوە پرشنگ نەخۆش کەوت و تووشی سوورێژە بوو، چەند دکتۆرتان پێ کرد، چەند داوو دەرمانتان بۆ هێنا، دادی نەبوو، لە پەل و پۆ

کەوت، دکتۆر لە نەخۆشخانە خەواندی و خستیانە ژێر ئۆکسجینەوە، شەو دایکت لای پرشنگ مایەوەو باوکت هاتەوە، لێتان پرسی پرشنگ چۆنە:

ـ ڕەنگ و ڕووی هاتووەتەوە سەر خۆی و کەمێك گەشاوەتەوە.

لێ دوو سێ ڕۆژ دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە مایەوە، پەپوولەی گیانی ناسکی پرشنگ بەرەو باخچەکانی بەهەشتی بەرین فڕی، کاتێك لاشە ناسکەکەیان شوشت، پلکە ڕەعنا گوتی:

ـ خوێن لە زاریەوە هاتە دەرێ، سووریژەکەی سەخت بوو لە ناوەوەی دڵی دابوو، لەشی دەری نەدابوو، ئەگینە چاك دەبووەوە.

لە خانووەکەی ماڵی پلکە پیزە نەمابوون، کاتێك پلکە پیزە هات بە دایکی گوتیت:

ـ نەمگوت ئەو کیژە مەبەنە کۆلان، چاوی پیس کاری تێدەکات! ئەو کیژە بەر چاوو نەفەس کەوت، نەفەسی ئەو خوانەناسانەی نەفەس و چاو لە هەموو شتێك دەدەن!

ئەو کۆچەی پرشنگ خەفەت و پەژارەیەکی زۆری بۆ هێنایت، زۆر گریایت، گریانی خۆت بە نووسین لەسەر دیوارو کاغەزو تێنووسەکان دەردەبڕی، زۆر جار باوکت ئەو باسەی لە کۆڕەکاندا دەگێڕایەوە کە چەند پرشنگت خۆش ویستووەو چۆن پاش کۆچە بێ وادەکەی بە پەخشان و نووسین لەسەر دیوارو کاغەز لاواندووتەتەوەو سۆزی خۆت بەرانبەر بەو کۆستە گەورەیە دەربڕیوە. هەرکە بیرت کەوتبایەوە لە قوڵپەی گریانت دەداو دڵتەنگ دەبوویت و هۆن هۆن فرمێسکت دەڕشت.

## (٢٧)

ماڵی شێخ سەلاح ئەو شەوە بە میوانی هاتبوون سەرتان لێ بدەن و هەواڵتان بزانن، بە تایبەتی پاش ئەوەی سەرلەنوێ لە گوندە نزیکەکەی تەنیشت شارەوە گوێزابووتانەوەو دوو ژوورتان لە ماڵێکی ناسیاو لە گەڕەکی (کێڵگە) نزیك بە ناوەندی کوڕان بەکرێ گرتبوو، بە خێرهاتنی شێخ سەلاح و خێزان و براژنەکەی کردو، دوای چاك و چۆنی و هەواڵپرسین ئاوو ساردی خورایەوەو ناوکە شووتی برژاو لە بەردەم میوانان دانرا.

باس و خواس دەست پێ کرا. باسی سەردەم و ڕۆژگاری کۆن هاتە پێشەوە، یەکێك لەو باسانە پرسی گرتنەکەی باوکت بوو، کە پێشتر دایکت تەنیا بە ئاماژەی کورت ئاگەداری کردبوویتەوەو تۆیش ئارەزووت هەبوو بە تەواوەتی ئەو ڕووداوە بزانیت.شەوگار درێژ بوو، باوکیشت بەشداری لەو باسانەدا کردو، دەستی بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە کرد:

ـ من و مەلا ئەحمەد و سەمعەو ، کە عەرەبێکی نیشتەجێی گوندەکەمان بوو، ئەو شەوە پاسەوانی بۆیسانە شووتی و کاڵەك و خەیارو دالێی تەماتەو مەرەزەکەمان دەکرد، جار جارە دەنگی حەپەی سەگەکانی گوند بەر گوێمان دەکەوت، دەمەو بەیان بوو، سێ کەس سەریان بە بۆیسانەکەدا تەقییەوەو بە زاری کرمانجی قسەیان دەکرد، ئێمە لێیان تێدەگەیشتین، داوای شووتی و کاڵەکیان کرد، ئێمەیش هەندێك شووتی گەیشتوو و کاڵەکمان بۆ هێنان و چامان بۆ کردن و خواردنمان پێشکەش کردن.

پاش پشوویەکی باش داوایان کرد یەکێك لەگەڵیان بڕوات و ڕێگەیان پێ نیشان بدات و لە زێ بیانپەڕێنێتەوە، مەلا ئەحمەد ئامادەیی خۆی نیشان دا، خەریك بوو ڕۆژ دەبووەوە بەڕێ کەوتن.

ئەوانە یەکی سەرو تفەنگ و دەمانچەو ڕەزنە فیشەکیان پی بوو، چەکداری لیڤی سوپای بەریتانیا بوون و لەودیو سنوورەوە لە بەرەی شەڕ هەڵاتبوون، هەرکە لە زێ دەپەڕنەوەو دەگەنە شەقامی سەرەکی ئەوبەر بە دیاری دەمانچەیەك دەبەخشنە مەلا ئەحمەدو ئەویش وەریدەگرێت. بە ڕێگەشەوە تا دەگەنە شارو گوندی خۆیان لە باکوور تفەنگەکانی دیکە دەفرۆشن.

ئــەو ڕووداوە چــەند مــانگێکی بەســەردا تێدەپــەڕێت، ڕۆژێــك فــەرمانی دەستگیرکردنی من و مەلا ئەحمەد و سەمعەو دەردەچـێت و پـۆلیس دێـن لـە گونـد بمانگرن، مەلا ئەحمەدو سەمعەو دەگیرێن، منیش خۆم شاردەوەو چوومە ناو زنجێکەوە کە وەك کادێن کایان تێکردبوو، کایەکەم تا سەرەوە هەڵدایــەوەو لــە هــیچ لاوە دیــار نەبووم، پۆلیسەکان چـەند بـە دەوری زنجەکـەدا سـووڕانەوە هەسـتیان پـێ نـەکردم و ئەوێیان جێ هێشت.

درەنگانی شەو دڕم بە کایەکە داو چوومەوە ماڵ تا بزانم پرسەکە چییە. خاڵۆم ئاگەداری کردمەوە کە لەسەر ئەو سێ کەسەیە کە بە چەك و دەمانچەوە لەسەر بۆیسانەکە لایان دایە لاتان و تێریان نان و شووتی و کاڵەك خواردو چاتان بۆ لێنان و دواتر ڕەوانەتان کرد.

منیش کەمێك هێور بوومەوەو هۆی گرتنەکەم بۆ ڕوون بووەوە، لەبەر ئەوەی هیچ تاوانێکم ئەنجام نەدابوو بڕیارم دا خۆم بە دەستەوە بدەم. کاتێك چوومە بنکەی پۆلیس پرسیاری ئەوەیان لێ کردم ئایە هیچ چەکێکم لەو پیاوانە وەرگرتووە یان ئێمە هەر سێکمان ئەو چەکدارانەمان ڕووت کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شتە ڕووی نەدابوو، ئاگەدارم کردنەوە کە نە چەکمان لێ وەرگرتوون و نەیش ڕووتمان کردوونەتەوە، مەلا ئەحمەد لە زێی پەڕاندوونەتەوە، ئیدی نازانم لەوبەر زێ چییان بەسەر هاتووەو کێ ڕووتی کردوونەتەوەو کێ چەکەکانی بردوون.

لەسەرەتاوە هەندێك بە شووڵ لە پێیان دام، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیفادەی خۆم نەدەگۆڕی، هەر ئەو جارە بوو، کەچی سەمعەو بەر لێدانی نەدەگرت و دەیبۆڕاندو پێی ڕادەگەیاندن کە لە فلاّن لۆدە کادا چەکەکانی شاردووەتەوەو ئامادەیە بچن بیهێنن، ئەوانیش ئۆتۆمۆبیل و ژمارەیەك پۆلیسیان ئامادە دەکردو دەڕۆیشتن، کە دەگەیشتنە شوێنی دیاریکراو هیچیان نەدەبینی، ئەوەندەی دیکە سەمعەویان فەلاقە دەکرد، مەلا ئەحمەدیش کە دەمانچەکەی پێ گیرا، گوتبووی ئەو بە پارە ئەو دەمانچەیەی لێ کڕیون.

ئاکام دوای شەش مانگ بێنەو بەردەو گرتنی ئەو سێ کەسە، ئەوانە بە خۆیان ددانیان بەوەدا نا کە خۆیان چەکەکانیان لە ڕێ فرۆشتووە، تەنیا ئەو دەمانچەیە نەبێت کە بە دیاری بە مەلا ئەحمەدیان بەخشیوە.

دادگەی ناوەندی پارێزگە بڕیاری ئازادکردنی من و مەلا ئەحمەدو سەمعەوی دەرکردو دەستی بەسەر ئەو دەمانچەیەشدا گرت کە سێ کەسەکە بە مەلا ئەحمەدیان بەخشیبوو.

کاتێك باوکت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بووەوە کات درەنگ بوو میوانەکان دەرفەتیان وەرگرت و ماڵئاواییان کردو تا بەر دەرگە بەڕێ کران.

زۆر جاریش دایکت ئەو ڕووداوەی بۆ دەگێڕایەوە، باسی ئەوەی بۆ دەکردیت کە لەو ماوەیەدا باوکت گیرابوو، (شەوکەت)ی پلکت نەخۆش دەکەوێت، کە زۆر باوکی خۆش دەویستیت، برا بچووکی بوو، ئەگەرچی دایکیان جیابوو، بەڵام زۆری خۆش دەویست، ئەو نەخۆشییەی هەر لە خۆشەویستی باوکتەوە بوو، لەوە نیگەران بوو لە زیندانادا بڕزێت و ئازاد نەکرێت ئەگەرچی هیچ تاوانێکیشی ئەنجام نەداوە. دایکت گوتی کاتێك هەواڵی ئازاد کردنی باوکتم پێ ڕاگەیاند لە خۆشیاندا وەنەبوو شاگەشکە

بێت. بەڵام ئەو نەخۆشییەی دوور لە باوکت کاری تێکردبوو، ئەوەندەی نەبردماڵئاوایی لێکردن و سەری نایەوە.

باوکت پەندێکی لەو ڕووداوە وەرگرتبوو، بەردەوام بۆی دەگێڕایتەوە، ئەویش ئەوە بوو کە مرۆڤ یەك قسەو یەك هەڵوێست بێت، چونکە ئەو یەك جار ئیفادەی وەرگیرا، کە ڕاستی درکاند چی دیکە ئازارو ئەشکەنجە نەدرایەوە، بەڵام سەمعەو هەموو جارێك گفت و هەڵوێستی خۆی دەگۆڕی و هەر جارەیش ئازارو ئەشکەنجەی زۆرتری لە بری ئەو هەڵویست گۆڕین و درۆکردنە دەخوارد.

(٢٨)

ئارەزووت نەدەکرد هاوینان بێ ئیش دانیشت و بە ناو کۆڵان و کووچەی گەڕەکەکانی شاردا بێ ئیش بسووڕێیتەوە، یان بچیت لە گەڵ مندالانی گەڕەك لە ڕووبارەکە کە شاری دوو لەت کردووە، لە پێچەکەی خوار شارەوە کە گۆمە قوولەکەی لێیە مەلە بکەیت و، بەو گەرمایە گڕەو سەون بتبات.

سندووقێکت دروستکردبوو پڕت لە جگەرەو شیرینی و بنێشت کردبوو، لە نزیك گومرگەکەی شار لەگەڵ چەند منداڵێکی دەستگێڕدا ئەو شتانەت دەفرۆشت . قازانجەکەت بۆ سەرەتای سەری ساڵی خوێندن کۆ دەکردەوەو جل و بەرگ و پێداویستی خوێندنت پێ دەکڕی و هەندێك یارمەتی باوکت دەداو بارگرانی جل کڕینت لەکۆڵ دەکردەوە. چی ئۆتۆمۆبیلی گوندو شارەدێییەکان و ئۆتۆمۆبیلی ئەوانەی لەو دیوی سنوورەوە بۆ سەردانی مەزارگەکانی وڵات دەهاتن لەو گومرگەوە تێدەپەڕین و ئێوەیش پاکەتە جگەرەو بنێشت و شیرینی و شتی دیکەتان پێ دەفرۆشتن و قازانجی باشتان دەکرد.

ئەو ئێرانییانەتان دەبینی بە پاسی درێژی تی بی تی و جۆرەکانی دیکە لە شارەکانی ئەو وڵاتەوە بۆ سەردانی کەربەلاو نەجەف دەهاتن و تومەنیان لە گومرگ دەگۆڕییەوەو پاکەتە جگەرەیان لێ دەکڕین، تەنانەت فێری زمانەکەشیان دەبوون لەبەر ئەوەی لە کوردییەوە نزیکەو زۆر وشەی زمانی ئارەویشی تێدا بەکاردێت.

ئەو ڕۆژە دوو سێ پاسی درێژی پڕ لە عەرەبی سعوودی گەیشتنە گومرك، پیرەژن و پیرەمێردیان تێدا بوو، دەستیان کردە کڕینی پاکەتە جگەرە بە تاك و بە گلۆس، ڕێ و ڕەسمی ڤیزەو تەماشاکردنی پەساپۆرتەکانیان ماوەیەکی دەخایاند، قزانە برنج و

لەگەنە مەرگەیان لێنابوو دەیانهێنانە خوارو ڕۆیان دەکردە ناو سینی گەورە گەورەو چوار دەوریان دەدا.

ئەوجا دەستیان بە برنج خواردن دەکرد، چۆن خواردنێك، برنجەکەیان دەنایە مستیان و تۆپەڵێکی خڕیان لێ دروست دەکردو وەك هەویر بە پەنجە دوو سێ جار دەیانشێلاو چۆن کەشکیان لێ دەکرد ئەم جار دەیانخوارد. ئێوەی منداڵ و گەورەیش کە ئەو ڕەفتارەتان لەوەو پێش نەدیبوو سەیرتان پێ دەهات و بێزتان دەهاتەوە وەنەبوو بڕشێنەوە.

پێش ئەوەی ئەو کاروانە بەڕێ بکەوێت، پیرەژنێکیان لە قیژەی داو هاواری کرد کە چی پارەی پێ بووە دزراوە، پۆلیسەکانی گومرك پرسیاریان لێ کرد گومانی لە کێ هەیە ئەو پارەیەی دزیبێت، ئەویش دەستی بۆ منداڵە پاکەت فرۆشەکان ڕاکێشا، ئەوانەی تەنیا خەریکی جگەرەو بنێشت فرۆشتن بوون و ئاگەیان لە مەرگی خۆیان بێت، ئەو پیرە ژنەیان هەر نەبینیوە.

پۆلیسەکان یەکسەر چی منداڵی پاکەت فرۆش هەبوو هەموویان کۆکردنەوەو ڕاپێچی بنکەی پۆلیسیان کردن کە لە تەنیشت گومرکەوە بوو، تۆیش یەکێك لەو منداڵانە بوویت، تەنیا سەرقاڵی جگەرە فرۆشتن بوویت و بیرت لای ئەوەبوو چەند پاکەتت فرۆشتووەو چەندت قازانجت کردووە. کەچی هەر هەمووتان خۆتان لە ناو بنکەی پۆلیسدا دۆزییەوەو ژنەیش هەر لەسەر ئەوە سوور بوو کە پارەی لێ دزراوەو بڕێکی زۆر پارەی گوتبوو، ئێوەی منداڵ هەر هەمووتان ئەو بڕە پارەیەی پێتان بوو یەك لەسەدی ئەو بڕە پارەیە نەبوو، گوایە لێی دزراوە یان بزری کردووە.

بەرپرسی پۆلیس یەکە یەکە ناوی لێ پرسین و بە وردی هەر هەموو گیرفانەکانی پشکنین و هیچ کامتان جگە لە پارەی ئەو جگەرەو بنێشتەی فرۆشتبووتان هیچ

پارەیەکی دیکەتان پێ نەبوو ببنە جێی گومان، سەرەڕای ئەوەیش ئەو شوێنەتان بەجێ نەهێشتبوو تا پتر گومانتان لێ بکرێت.

هەواڵی دەستگیرکردنتان گەیشتبووە باوك و کەس و کارتان، بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە بنکەی پۆلیس و لەگەڵ بەرپرسی پۆلیسدا لە پرسەکە کۆڵینەوە، بەرپرسکە گەیشتە ئەو بڕوایەی هیچ لە ئێوە ئەو بڕە پارەیەتان نەبردووە، تەنانەت بڕوای وابوو ئەو پیرە ژنە هیچ پارەیەکی نەدزراوە، بەڵکو گێچەڵ دەکات و دەیەوێت بە خوت و خۆڕایی بڕێك پارەی بۆ قەرەبوو بکرێتەوە، بۆیە بڕیاری دا هەر هەمووتان ئازاد بکرێن.

## (٢٩)

ئەو شەوە لە بەشی ناوخۆیی بوون، بۆ سبەینێ تاقیکردنەوەتان هەبوو، هەر یەکەو لە ژووری خۆتان چاوتان بەسەر کتێبەکەتاندا شۆڕ کردبووەوەو چووبوونەوە ناو جیهانی زانست و تێگەیشتنەوە، جارو باریش لە ڕەشنووسەکانتان دەڕوانی یان پرسێکی بیرکاری یان فیزیك یان کیمیاتان شی دەکردەوە، هەر یەکەو بە پێی ئەو ئەزموونەی سبەینێ هەیەتی.

هێشتە کاتژمێر نۆی دەمەو ئێوارە بوو، شەوێکی تاریك و نووتەك بوو، گڵۆپە کزو زەردەکانی دارتێلەکانی شار شۆستەی شەقامی سەرەکی و کۆڵانەکانیان ڕووناك دەکردەوە، ئەو سووچ و کۆڵانانەیش تاریك بوون کە ڕووناکی ئەو گڵۆپە کزانە پێڕا نەدەگەیشت ڕووناکیان بکاتەوە، لەناکاو کپی و بێ دەنگی شار تێکچوو، دەنگی دەستڕێژو گوڕەی ترۆمبێلی پۆلیس و سوپاتان بەرگوێ دەکەوت، ئەوەندەشتان زانی ڕادارەکەی سەر تەپۆڵکەکەی ڕۆژهەڵاتی گۆڕەپانی تۆپ تۆپێنەکەی ڕۆژهەڵاتی شار، کە بنکەیەکی سەربازی سوپای ڕژێمی لێ بوو، دەستی بە ڕووناك کردنەوەی شەقام و کۆڵانەکەی ناو شار کرد، بە تایبەتی دەیخستە ئەو ناوچەیەی بەشە ناوخۆییەکەی ئێوەی لێ بوو، ئەو ڕووناکییە ڕاست لە پەنجەرەی ژوورەکەی ئێوەی دەدا، کە لە دووەمین نهۆمی بەشەکە بوو.

حەمەی لایجان هەڵیکێشا:

ـ کوڕینە خۆتان لە ژێر قەرەوێڵکاندا ڤەشێرن .

نەقی کاکەیی، پرسیاری کرد:

ـ چی بووە؟ چی ڕووی داوە؟

حەمەی لایجان وەڵامی دایەوە:

ـ کوڕینە فریای خۆتان بکەون، دەورەی شار گیراوە، شەڕو پێکدادانە.

تەواو مەبەستەکەی ڕوون نەکردەوە، وەتان زانی سێیەمین جەنگی جیهانی هەڵگیرساوە، تەق و تۆق دەستڕێژ لێرەو لەوێ، دوورو نزیك بەر گوێ دەکەوت.

عوسمانە قۆڵبڕاو پێشنیاری کرد، هەر هەموو بچنە خوارەوەو لە ژوورەکەی تەنیشت ژووری بەرێەوەبەر کە ژوورێکی پەنایە خۆ قایم بکەن، نەوەك گوللەی وێڵ بێت و یەکێکتان بپێکێت.

پێشنیارەکەتان بە باش زانی یەکە یەکە، بە پسکە پسك لە پێپلکەکەوە ڕۆیشتنە خوارەوەو چوونە ژوورەکەی تەنیشتی ژوورەکەی بەڕێوەبەرەوە کە فێرخوازەکانی دیکەیش خۆیان لەوێ پەستاندبوو.

تا شەوێکی درەنگ گوڕەی ترۆمبێل و فڕکان فڕکانێ ئەمبولانس دەهات و جارو باریش لێرەو لەوێ دەستڕێژو تەقە بەرگوێ دەکەوت. تۆفیقە سەر زل پێشنیار کرد:

ـ ئیدی درەنگە بڕوا ناکەم هیچ مەترسییەك مابێت، با هەر یەکە بچینەوە ژووری خۆمان و سەر بکەینە ژێر باڵمانەوە، سبەینێ تاقیکردنەوەمان هەیە.

هەمووتان بڵاوەتان لێ کردو هەر یەکەو چوونە سەر قەرەوێڵەو جێگەی خۆتان و گلۆپەکانتان کوژاندەوە.

بەیانی بەرەو فێرگە بەڕێ کەوتن تا تاقیکردنەوەکانت ئەنجام بدەن. لە فێرگە باس، هەر باسی ڕووداوەکەی شەوی ڕابوردوو بوو. کە پۆلێك پێشمەرگە بە پێی زانیاری ورد هەڵمەتیان هێنابووە سەر یانەی فەرمانبەران کە سەرۆك جاش و سیخوڕێکی ڕژێم ئەو شەوە لەو یانەدا بانگهێشتی خوانێك کرابوو، کە چاو ساغی دوژمن بوو، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و کەس و کاری پێشمەرگەی بە گرت دابوو، ڕاپۆرتی لەسەر خەڵکی بێ تاوان و نیشتمانپەروەر دەنووسی و بە گرتی دەدان، ئەوەش بە هەل زانرابوو دەستێکی پۆڵایینی لێ بوەشێنرێت، بۆ کەسانی دیکە ببێتە پەند، تا

کەس نەوێرێت ببێتە چاوساغی دوژمن و زیان بە شۆڕش و نەتەوەکەی خۆی بگەیەنێت.

لەو هەڵمەتەدا پێشمەرگەکان توانییان پاسەوانەکان ڕەوانەی دۆزەخ بکەن و لە پەنجەرەوە بچنە ناو یانەکەوەو سەرۆك جاشی بەکرێگیراوو سیخوڕی دوژمن و چاوساغی ڕژێم بە سزای گەل بگەیەنن و سەرکەوتووانە پاشەکشە بکەن.

زۆر کەس لە فەرمانبەران و کەسایەتی ناودارو مامۆستایان لە ناو یانەکە بوون و ئەو ڕووداوەیان بینی، لەوانەیش مامۆستای جوگرافیای فێرگەکەتان، کە بۆی گێڕانەوە چۆن پێشمەرگەکان هاتنە ژوورەوەو چۆن دەست و بردیان کردو بوو بە تەقەو ئەمانیش هەر یەکە لە شوێنێك خۆی شاردەوە، هەبوو چووە ژێر مێزەکانەوە، هەبوو لەو دیوی قەنەفەوە خۆی شاردەوە. تەنانەت مامۆستاکەیش تا بەرەبەیان خۆی لە ژێر یەکێك لە قەنەفەکاندا شاردبووەوە.

تا ئەو جارەی باوکت لە شار نەهاتبووەوە هەندێك تێنووسی جوان و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگی بۆ نەهێنایتەوەو نەیگوت :

ـ ئەم دیارییانە سەفینی ئامۆزات بۆی ناردوویت؟

سەرت سوڕما، تۆ مامت هەیەو ناشزانیت کوڕی هەیەو ئامۆزاتەوماڵیان لە شارەو لە فێرگە دەخوێنێت. بۆیە هەر ئارەزووت دەکرد بێیتە شارو بچیتە ماڵی مامت و ئامۆزاکەت ببینیت. ئەو هاوینەیش کە هاتیتە شار ئامۆزاکەت ببینیت، سەفین لە بەندیخانە توند کرابوو، هیچ تاوانێکی نەکردبوو، تەنیا لە ساڵانی وتووێژەکەدا کوردایەتی کردبوو، بە ئاشکرا بەسەر خاوەند دوکانەکاندا دەگەڕاو ئابوونەی لێوەردەگرتن، سیخوڕانی ڕژێمیش چاودێرییان خستبووە سەر.

ئەو هاوینە باوکت هێناتی و لە ماڵی مامت بەجێی هێشتیت لە دوکانەکەی یارمەتی بدەیت. دشداشەیەکی هاوینەی لای بەرگدروو بۆ دوریبوویت، ئەو هاوینە بە ڕێی بازاڕو گەڕەکی کێڵگەوە بوویت، سەبەتە تەماتەو قەوشەرە خەیارو بامێت دەبردەوە، (نەسرین)ی ئامۆزات ئاوی تەماتەکەی دەگرت و لەسەر سینی لەسەر بان لەبەر هەتاو هەڵیدەخست تا خەست بێتەوەو دۆشاوی تەماتەی لێ بۆ زستان دروست بێت. بامێکانیشی بە پەتەوە دەکردو لەبەر خۆر هەڵیدەخستن تا وشك ببنەوەو بۆ زستان لێی بنێن.

لە مێژ بوو ئامۆژنەکەت کۆچی دوایی کردبوو، دوای ئەو مامت ژنە عەرەبێکی هێنا، سێ چوار منداڵی هەبوو، ئەو باوەژنە زۆر خراپ مامەڵەی بەرانبەر (سەفین) و (نەسرین) دەکرد. نان و خواردنی پێ نەدەدان، تەنیا خزمەتی منداڵەکانی خۆی

دەکرد. ماوەیەکی خایاند مامت تەماشای دەکرد کچ و کوڕەکەی ڕەنگیان زەرد دەبێتەوەو تا دێت لاوازتر دەبن.

لێیان دەپرسێت:

ـ کوڕم چیتانە؟ بۆچی وا لاوازو ڕەق هەڵاتوون؟

نەسرین هەڵدەستێت و دەڵێت:

ـ بابە لە ترسی باوەژنم ناوێرین بئاخڤین؟

ـ کوڕم بدوێ، بزانم بۆ واتان لێ هاتووە؟

ـ بابە چیت لێ بشارمەوە، برسیمانە برسی، باوەژنم نانمان پێ نادات، تەنیا دەیخاتە بەر دەستی منداڵەکانی خۆی و ئێمەیش چاومان زیتەی دێت.

ـ خوا بیکاتە قوربانی ئەقڵی خۆی. بزانە چی پەندێکی بەسەر بێنم.

مامت ئەو ژنە عەرەبەی تەڵاق دا، بە خۆی و پەڕۆو پاتاڵ و منداڵەوە دەری کردن. سەفین و نەسرین هۆشیان وەبەر هاتەوەو بە یارمەتی خێرخوازێکی شار سەفینی خستە بەر خوێندن، هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەهرەی خۆی نواندو ناوو دەنگی زیرەکی لە شارەکەو سەرتاپای پارێزگەدا ڕۆیشت. لە کێبەرکێ و پێشبڕکێی ڕۆشنبیری و پەخشان و وتارخوێندنەوەدا بەهرەی دەرکەوت و بەرپرسی شار چەند جار بە سەعات و خەڵاتی گرانبەها خەڵاتی کرد. لە پێشبڕکێی وتارخوێندنەوەی دوا ساڵدا کاتژمێرێکی پێشکەش کرد هەردوو دیوی شووشە بوو، زمبرك و بەردەکانی دیار بوون.

ئەو هاوینە تۆ لە شار بوویت، سەفین لە بەندیخانە بوو، لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریادا لەو فێرگەیە کە بنکەی تاقیکردنەوەکان بوو لەگەڵ تۆ تاقیکردنەوەی ئەنجام دەدا، پۆلیسێك بە کەلەپچەیەکەوە پێش وادەی تاقیکردنەوەکان بە ترۆمبێل دەیهێنا، یەکدیتان دەبینی و یەك دوو قسەتان پێکەوە دەکردو پۆلیسەکە

دەیبردە ژووری تاقیکردنەوەوە. پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان و دەرکەوتنی ئەنجامەکان، وێڕای ئەوەیش کە لە بەندیخانە توند کرابوو، بە کەلەپچەوەیان دەهێنا، کەچی پلەی یەکەمی لەسەر هەموو فێرخوازانی پارێزگە هێنا.

لەو خانووەی حاجی کەریم کە مامت یەك ژووری بە کرێ گرتبوو، نەسرین خۆراکی بۆ لێ دەناو جلەکانی دەشوشت و خزمەتی دەکرد. کەپشکانەکەشیان بۆ کتێبەکانی سەفین تەرخان کردبوو، جارێك چوویتە ناو کەپشکانەکەوە نزیکەی دوو تا سێ هەزار کتێبی هەمەجۆری چیرۆك و شیعرو ڕۆمان و بابەت و چەندین گۆڤاری تێدا بوو هەموو ڕیزکرابوون.

سەفین پتر لە دوو ساڵی لە بەندیخانە بەسەر برد، پاشان بەر لێبوردنێکی گشتی کەوت و ئازادیان کرد. ناچار بوو سەرلەنوێ دەست بە خوێندن بکاتەوەو لە فێرگەی ئێواران بخوێنێت. پاش نیوەڕوانیش سەرقاڵی وردەواڵە فرۆشتن بوو، لە کۆڵان و کووچەی گەڕەکەکاندا وردەواڵەی بە کیژو ژنانی شار دەفرۆشت و ئێواران دەهاتەوەو دەستی بە پێداچوونەوەی بابەتەکانی خوێندن دەکرد.

## (٣١)

سەفین لە پۆلی سێی ناوەندی فێرگەی ئێواران دەیخوێند، هێشتە پرسی چالاکی نەتەوایەتی کۆتایی نەهاتبوو، ڕژێم دەستی بە گرتن و ئەشکەنجەدانی نیشتمانپەروەران کردەوە، ئەو ئێوارەیە چەند پۆلیسێك لە ئۆتۆمۆبیلێکەوە لەبەردەم فێرگەکەی سەرشەقامدا دابەزین کە بەئێواران فێرخوازانی ناوەندی ئێواران لەوێ دەیانخوێند، بەرەو ژووری بەڕێوەبەر ڕۆیشتن و باش چاووشەکە پرسیاری سەفینی لێ کرد:

ـ فیرخوازێکتان هەیە بە ناوی سەفین؟

ـ بەڵێ! چ خێرە؟

ـ لە چ پۆلێکە؟

ـ سێی ئەلف، بۆ؟

ـ تکایە بە دوایدا بنێرە، لە بنکەی پۆلیس ئیشمان پێیەتی!

بەڕێوەبەر بە واق وڕماوی و حەپەساوییەوە بەردەستەکەی نارد سەفین لە نهۆمی سەرەوە لە پۆلی سێی ئەلف بانگ بکات.

سەفین لەگەڵ بەردەستەکەدا بەرەو ژووری بەڕێوەبەر دەچوو، چاوی بە پۆلیسەکان کەوت ترس دایگرت و دیسان ئازارو ئەشکەنجەکانی بەندیخانەی بیر کەوتەوە، دیسان کاتە ناخۆش و بێزارکەرەکانی ناو بەندیخانە تاریك و شێدارەکانی یاد کەوتەوە، دیسان بیری لەوە کردەوە بۆ ماوەیەکی دیکە نازانرێت چەند لە تیشکی هەتاوی ئازادی بێ بەش دەبێت و ئەوەندەی دیکە خەفەت بۆ باوك و تەنیا خوشکەکەی زیاد دەکات.

هەرکە چووە ژووری بەڕێوەبەرەوە چاوی بە باش چاووشەکە کەوت کە مۆڵەتی لە بەڕێوەبەر خواست و پرسیاری ئاراستەی سەفین کرد:

ـ تۆ سەفین شێخ حەمیدیت؟

ـ بەڵێ، خێر؟

ـ پێشمان بکەوە، لە بنکەی پۆلیس ئیشمان پێتە، تۆ هێشتە پێوەندیت لەگەڵ یاخیبووەکاندا هەیە؟ ئابوونەیان بۆ کۆ دەکەیتەوە، کۆبوونەوە بە لایەنگرەکانیان دەکەیت، بڵاوکراوەیان بڵاو دەکەیتەوە!

پۆلیسەکان سەفینیان قۆڵبەست و کەلەپچە کردو پێش خۆیان خست و لە بەردەم فێرگەکەدا سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی هێزی پۆلیسیان کردو بە شەقامی سەرەکی شاردا بەرەو بنکەی سەرەکی پۆلیس شۆڕ بوونەوە.

بەڕێوەبەری فێرگەکە بە بەردەستەکەدا شێخ حەمیدی باوکی سەفینی ئاگەدار کردەوە دیسان پۆلیس هاتن و سەفینیان لە بەردەم فێرگەکەدا قۆڵبەست و کەلەپچە کردو بۆ بنکەی پۆلیسیان برد.. هەر ئەو بردنەبوو .. جارێکی دیکە لە بەندیخانەیان توند کرد .

شێخ حەمیدی مامت، برای باوکتە، بەڵام دایکیان جیایە، دایکی لە سەیدەکانی ناوچەی خوار کوورەیە، بۆیە لە دوکانە بچووکەکەی تاریکە بازاڕدا دەیبینی کەواو سەڵتەیەکی لەبەرەو بەردەوام پشتوێنیکی سەوز دەبەستێت، سەوزەو میوە دەفرۆشێت، ئەوەندە پارە پەیدا دەکات بەشی خۆی و تاقە کچەکەی و کرێی ژوورەکەیان بکات. ئەگەر جارو باریش دەستی یارمەتی بۆ سەفین درێژ بکات و چەند عانەیەکی بۆ ڕەوانە بکات.

ئێوە هێشتە لە گوندەکەی تەنیشت شار بوون، کاتێك سەفین دەستگیر کرایەوە، گرتنەکەی درێژەی کێشاو لە دوایەمین سەردانی خوشکەکەیدا داوای چەند دیمەنێکی شاری کردبوو بۆ ئەوە تەماشای بکات و تەسکینی دڵی خۆی پێ بداتەوە، بەڵام کە خوشکەکەی هاتەوە هەواڵی بۆ تۆ نارد کە سەفین داوای نەخشەی شاری کردووە.

تۆیش پرسیارت کرد نەخشەی شار، نەخشەی شاری بۆ چییە؟ کێ دەتوانێت نەخشەی شار دروست بکات، زۆریان پێداگیری کرد داوایان لێ کردێت ئەو ئارەزووەی بەدی بهێنیت.

تۆیش لەگەڵ باوکتدا بووە وتووێژو مشت و مڕتان و هەڵتکێشایە:

ـ بە خوا من بزانم داوای دیمەنی شاری کردووە؟

ـ نەخێر، ئەوە نەسرینی ئامۆزات نییە کە دەڵێت داوای نەخشەی شاری کردووە!

ـ دەزانم بە خۆیشم گوت، بەڵام من بڕوا ناکەم لە بەندیخانە چ پێویستی بە نەخشەی شارە، خۆی ناتوانێت وێنای نەخشەی شار بکات؟

ناچار دەستت دایە کاغەزو پێنووس، بە مەزەندەی خۆت نەخشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی شارت دروست کرد، ڕووبارەکە نەخشەکەی دوو شەق دەکرد، پردەکە لەو لاوە دیار بوو، ئەوە تەلاری میری و ئەوە بنکەی پۆلیس و ئەوە بەندیخانەکەو ئەوەیش سینەماو ئەوە بازاڕو ئەوەیش ڕێگەی شار بەرەو سنوورو ئەوەیش دەروازەی شار بوو.

کاتێك تەواوت کرد چوویتە شارو سەرت لە ماڵی مامت دا.

ـ نەسرین .. دەزانیت نەخشەکەم تەواو کردووە.

ـ ئەی بۆ ڕەوانەی ناکەیت؟

ـ بە کێدا ڕەوانەی بکەم؟

ـ کەس نییە، بەڵام بە ناونیشانی خۆی بە پۆستەدا ڕەوانەی بکە!

ـ ئەی مەترسی تێدا نییە؟

ـ بەناوی باوکمەوە ڕەوانەی بکە!

تۆیش نەتکردە نامەردی!! بۆ بەیانی زەرفێکی نامەت هێناو نەخشەکەت نووشتاندەوەو خستتە ناو زەرفەکەوە چەند پوولێکت پێوە ناو چوویتە بازاڕو خستتە ناو سندووقی پۆستەوەو بەناوی مامتەوە ڕەوانەت کرد.

ئێوارەی نەبرد پۆلیس هاتن مامتیان لەماڵەوە ڕاپێچ کرد. ئەویش نەیدەزانی لەسەر چی ڕاپێچ کراوە، بەڵام مەزەندەی کرد کە پێوەندی بە سەفینەوە هەیە.

لە بنکەی پۆلیس لێیان پرسی :

ـ ئەم نامەیە تۆ ڕەوانەی سەفینت کردووە؟

ـ بەڵێ.

ـ چی تیدایە؟

ـ نەخشەیەکی شاری تێدایە خۆی لە کاتی خوێندندا دروستی کردووە.

ـ نازانیت بۆ چییەتی؟

ـ هەر ئەوە دەزانم داوای کردووە بۆی ڕەوانە بکەین!

پیش ئەوەی مامت ئەو وەڵامانە بداتەوە بە باوکتدا کە سەری لێ دابوو پرسیاری ئەوەی کردبوو ئایە تۆ کە نەخشەکەت دروست کردووە ناوی خۆت نووسیوە یان نا؟ ئەویش بە هەڵەداوان و خێرا لە شارەوە هاتەوە لە تۆ بپرسێت، تۆیش گوتت:

ـ نەء ناوی خۆم نەنووسیوە!

باوکت ڕۆیشتەوە شارو لای دایە بنکەی پۆلیس، کە مامت لەوێ دەست بەسەر بوو، پیی ڕاگەیاند کە تۆ ناوی خۆت نەنووسیوە، ئەویش بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیسی دایەوە. ئەگینە تۆیش دەگیرایت و مەلەی گۆمەکە خۆشتر دەبوو!

## (٣٢)

شێخ حەمیدی مامت لەگەڵ سەفینی ئامۆزاتدا هەردووکیان لە بەندیخانە توند کرابوون، نەسرینیش بە تەنیا مایەوە، لەگەڵ ماڵی حاجی کەریم خاوەند ماڵەکەو کرێچییەکی دیکەدا، کە فەزیلەی کچی خزمەتی دەکرد پاش ئەوەی مێردەکەی تەڵاقی دا. سێ کچەکەی حاجی کەریمیش ساراو گێلاس و هێلین دەمەتەقێیان لەگەڵ دەکردو نەیان دەهێشت پێویستی بە هیچ شتێك بێت.

سەفین لە بەندیخانە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا. بۆ ئەوەی بدرێتە دادگەو بە پیلانی خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هێرش دژ بە دەزگەکانی میری لە شاردا سزا بدرێت، ئەویش ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو داوای کرد نەخشەکە ببینێت تا جۆری ئەو خەتە بزانێت پێی نووسراوەو بزانیت لاسایی ئەو خەتە بکاتەوەو کەسی دیکە تێوە نەگلێت، بە تایبەتی تۆ کە نەخشەکەت دروست کردبوو.

ڕۆژی دادگەیی کردن لە دادگەی سەربازی دادوەر چەند پرسیارێکی ئاراستەی سەفین کرد:

- تۆ ئەم نەخشەیەت دروست کردووە؟

- بەڵێ.

- باشە دەتوانیت چەند وشەیەك لەناو نەخشەکە وەك خۆی بنووسیتەوە؟

سەفین کە دەیزانی ئەم داوایەی لێ دەکرێت و پێشتر داوای کردبوو نەخشەکە ببینێت تا شێوازی ڕێنووسەکە شارەزا بێت، چەند وشەیەکی وەك خۆی نووسییەوە.

دادوەرو داواکاری گشتی تەماشایان کرد، جیاوازییەکی ئەوتۆیان تێدا نەبینی. نەخشەکەی سەفین سەری گرت و کەسی دیکە تووش نەبوو.

دادگەیی کردنەکە درێژەی کێشاو چەندین پرسیار ئاراستەی سەفین کراو بە هاریکاریکردنی یاخیگەران و نەیارانی ڕژێم ناوەزەد کراو داواکاری گشتی داوای کرد سزای توند بدرێت و ئەو ماوەیشی بۆ حسێب نەکرێت کە لە بەندیخانە بەسەری بردووە پێش ئەوەی ئەو سزایەی بەسەردا بسەپێنرێت.

دیسانەوە سەفینیان بە کەلەپچەوە بەرەو زیندان بردەوە، ئەویش تا دەهات جێی خۆی خۆشتر دەکردو پتر خزمەتی باوکی دەکرد کە قاوشەکەیان پێکەوە بوو.

## (٣٣)

هەرسێ کیژەکەی حاجی کەریم، ساراو گێلاس و هێلین لەو تەمەنەدا بوون داخوازیکاریان بێت و مێرد بکەن، سارای کیژە گەورە لەلایەن کامەرانەوە خوزابینی کرا، پیاوێکی بازرگانی بەتەمەن، دوو سێ دوکان و دوو خانووی گەورەو نوێی هەبوو، پارەیەکی باشی لە بانق و پرۆژەی بازرگانیدا بە گەڕ خستبوو، پێشتر ژنی هێنابوو، بەڵام ژنەکەی لەبەر نەخۆشی سەری نابووەوە، منداڵیشی نەدەبوو.

سارا مێردی پێ نەدەکرد، باوك و دایکی و دەستەخوشکەکانی زۆریان پێ دەگوت و هەوڵیان دەدا مێردی پێ بکات و ئەو هەلە لە دەستی خۆی نەدات، دەیانگوت:

ـ تەمەن شەمەندەفەرەو خێرا تێدەپەڕێت، ئەگەر لە یەکەم وێستگەو دووەمین وێستکە سوار نەبیت، بەجێت دەهێڵێت و دواتر پەنجەی پەشیمانی گەستن دادت نادات.

سارایان قایل کرد مێرد بە کامەران بکات و ئومێدی بەختەوری و ژیانێکی هاوسەرگیری کامەرانیان بۆ خواست. هەرچی گێلاس بوو، پێوەندی ئەڤینداری لەگەڵ (بێستوون)دا بەستبوو، هەر لە منداڵییەوە لە یەك کووچەو یەك کۆڵان بوون، بەڵێنی بە وەفاییان بە یەکدی دابوو بۆ یەکتر بن، ئەگەر نا خۆ بسووتێنن!

بێستوون لە پێشمەرگایەتی لە ناوچەیەکی دوور بوو، ڕێی نەدەکەوتە شارو نەیدەتوانی کاغەزو نامەیش ڕەوانەی گێلاس بکات، لەم لاوە گێلاس لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە، بێستوون لە پێشمەرگایەتی داخوازی کیژێکی خێزانێکی ناوداری کرد، کە لە شایی و ئاهەنگێکدا بینیبووی.

له ماوەیەكی كورتدا ڕێ و ڕەسمی داخوازی و دیاری كردن و كڕینی جل و بەرگ و زێڕو ناومالّە لەو ناوچە دوورەدا بەڕێوەچوو، بووك بە ئاهەنگ و شایی گوێزرایەوە.

گێلاس هەر چاوەڕوان بوو، دلّی لای یارەكەی بوو، یاریش دەنگی نەبوو، لەو ماوەی ئاشتییەدا كە ڕەخسا بێستوون بەسەردان گەڕایەوە شار، گێلاس ئەو دەنگ و باسەی پێگەیشتبوو، لەسەر بەلّێنی خۆی مابوو، دەستە خوشكەكانی هەوالّی هاتنەوەی بێستوونیان بۆ هێنا، بەلاّم هەوالّێكی ناخۆشیشیان پێ ڕاگەیاند كە ژنی هێناوە، دوو منداڵیشی هەیە. گێلاس بایەخی بەو ڕووداوە نەدا، ئەندێشەو خەیالّی لای بەلّێنە سەوزو ڕەنگاو ڕەنگەكان بوو.

بێستوون لە گەشتێكیدا بۆ ناوچەی بانی دۆلاّن، لە پێكدادانی نێوان دوو گرووپی چەكداردا بەر گوللەی وێل كەوت، بە ئەمبوولانس بۆ شاریان گواستەوە، لە نیوەی ڕێگی چاوی نووقاندو بە جوانەمەرگی سەری نایەوەو، گێلاسی لە وێستگەی چاوەڕوانیدا بەجێ هێشت.

گورگی خوازبێنیكاران دەیانویست لاشەی نەرم و نیانی هەلّ لووشن، بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئاوات و هیواكانی سەرنكوون بكەن، لەسەر پشتی ئەسپی بەلّێن بیهێننە خوارەوە. باوك و دایكی ویستیان لە مستۆی خزمی خۆیان مارەی ببڕن، مستۆیەك كە خێزاندارەو كۆزێك منداڵی هەیە، تەنانەت ناتوانێت فریای ژن و منداڵەكانی خۆی بكەوێت.

گێلاس چۆن قایل دەبێت سەر بە هەوێ مێرد بكات، دوای بێستوون ئەو ژیانەی بۆ چییە، چۆن چێژ لەو ژیانە وەربگرێت كە بێستوونی لەگەلّ نەبێت، گێلاس دلّ و مێشكی لای بێستوون بوو، بەلّینی دابوو هەر یاری ئەو بێت، با ژنیشی هێنابێت، ئەو ئامادەبوو هاوسەرگیری لەگەلّ ببەستێت، قایل نەبوو دوای بێستوون جەستەی لە جەستەی كەسی دیكە بكەوێت، دایك و دەستە خوشكەكانی چەند كۆشان و هەولّیان

دا، گێلاسیان لەسەر پشتی ئەسپی بەڵێن نەهێنایە خوارەوە، کۆششەکان چڕتر بوون و ویستیان ناچاری بکەن، لە ساتێکی ناسك و چارەنووسسازدا گێلاس بڕیاری خۆی وەرگرت، بڕیاری دا کۆتایی بە هەموو ئەگەرەکان بهێنێت، کۆتایی بە کۆششی دایك و دەستە خوشك لەلایەك و قسەی شیرینی باوك و مستۆی خزم بهێنێت و هەموویان لەو کۆششە بیّ هوودەیە نائومێد بکات و بۆ لای بێستوون باڵ بگرێتەوە.

پاش نوێژی شێوان گێلاس چووە ناو حەوشەو گالۆنێك نەوتی بە خۆدا کردو ئاگری لە جەستەی ناسك و نائومێدبووی خۆی بەردا، لەگەڵ گڕو بڵێسەی بەڵێندا باڵی گرتەوەو فڕی و ڕۆیشت بە دیداری بێستوون شاد ببێتەوە کە دەمێك بوو چاوەڕوانی یەکدی بوون.

لە گەڕەکی مەیدان دوو ژوورتان بە کرێ گرت، لە بازاڕەوە نزیك بوو، هەندێك خزم و کەس و کاری باوکت هەبوون لەو گەڕەکەوە نزیك بوون، جارو بار سەریان لێ دەدان. زۆر جار تارای خزمی نازەنینی ژنی حەمەد ئەمینی ئامۆزای باوکت لەگەڵ ئەو خزمانەدا دەهات و تا درەنگی شەو نەدەچوونەوەو دەمەتەقێ و باس و خواس گەرم دەبوو.

سەرنجت دەدا، تارا بەردەوام چاوی لە چاوت نەدەترووکاند، جارو باریش بزەی دەهاتێ، سەری دەنوشتاندەوە، پاش ئەوەی بزەکانی دەشاردەوە، شەرمی ئەوین دایدەگرت و ڕووی بەو لاوە وەردەچەرخان، نەوەك ئەانەی دەورو بەرو بەردەمی هەست بەو سەرنجە یەك لە دوای یەکانەی بکەن کە بەردەوام ئاراستەی تۆی دەکردن.

تا دەهات ئەو سەرنجانە پەرەیان دەستاندو کار گەیشتە ئەوەی بەیەکەوە بپەیڤن و هەر یەکەو ئارەزووی خۆتان بۆ یەکدی دەربڕن، بەر لەوەی نازەنین ئەو ئارەزووە دووپات بکاتەوەو پێشنیار بکات:

ـ ڕەوەند حەز دەکەم تۆو تارا بەیەك بگەن و بۆ یەکدی ببن!

تۆیش بیرت دەکردەوە هێشتە خوێندنت تەواو نەکردووەو، هێشتە جێ و ڕێیەکی ئەوتۆتان نییە تێیدا بحەوێنەوەو هێشتە پشت بە باوکت دەبەستیت و هاوینان کرێکاری دەکەیت تا خەرجی خوێندن پەیدا دەکەیت، چۆن دەتوانیت ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەیت، جارێك ئەو توانایەت نییەو درێژەپێدانی خوێندن و چوونە زانکۆت زۆر بە لاوە گرنگ ترە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بیرت لای تارا بوو، تارای باڵا مامناوەندی، چاو ڕەش و خرپن، ڕووی لە گەڵ تیشکی مانگدا بەشەڕ دەهات و لە زۆرانبازی جوانیدا پلەی باڵای هەبوو. بەشی خۆی خوێندبووی، بەڵام بۆ یارمەتی دایکی لە ماڵەوە لەبەر خوێندنیان دەرهێنابوو. تا بە مێردیشیان دا هەر ئەویندارێتان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ دەکرد.

ئەو کات مامت، بەر لێبوردنی گشتی کەوت و لە بەندیخانە ئازاد کرا، (سەفین)یش دوای بەسەر بردنی ساڵانی سزا سەپێنراوەکە ئازادکرا، مامت (نەسرین)ی تەنیا کچەکەی بۆ خزمەتکردنی خۆی بە مێرد نەدەدا، لای کەس و کارو خزمان زۆر دووبارەو سەد بارەی دەکردەوە:

ـ من کچەکەم بە نەناسیار نادەم، بۆ ڕەوەندی ئامۆزای خۆی دامناوە!

(سەفین)ی ئامۆزات پلانێکی بۆ دانایت، کە خوشکەکەی بە تەمەن لە تۆ گەورەترەو تۆیش هێشتە زانکۆت تەواو نەکردووە، باشتر وایە ئەو پلانە جێبەجێ بکەیت:

ـ حەمەد ئەمینی خزمان بنێرە داخوازی نەسرین بزانە باوکم چی دەڵێت؟

هەفتەیەکی نەبرد باوکت لەگەڵ حەمە ئەمینی ئامۆزای ڕێککەوت بچێتە داخوازی نەسرن، وەڵامی مامت چی بێت باشە:

ـ ڕاستیت دەوێت من ئەگەر ژنیشم هەبووایە وەك نەسرین خزمەتی نەدەکردم!

(سەفین)ی ئامۆزات کە ئەمەی بیست پێی وتیت:

ـ نەمگوت نەسرینی بۆ تۆ دانەناوەو تۆی کردووەتە بیانوو، چونکە چارەنووسی ئەوی بە خزمەتکردنەکەی خۆیەوە بەستووەتەوە.

هەر وایش بوو، ئێوەیش بۆ ئەوەتان نەبوو نەسرین بخوازن تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو بیانووەی مامتان ببڕن، کە نە کچی بە شوو دەداو، نەیش مەبەستی بوو تۆ ببیتە

زاوای، له کاتێکدا پاڵی پێوه دەنایت واز له خوێندن بهێنیت و له شوێنێك دامەزرێیت تا نەسرینت لێ ماره ببڕێت.

ئەو پلان و دەستپێشخەرییەی سەفین کێشەکەی یەکلا کردەوە، مامت دەیویست که نەسرین به مێرد بدات، ئەو کاتیش هەر خزمەتی وی بکات، دوای ساڵێك هەمان بیرۆکه بەدی هات کاتێك (نەسرین)ی له کابرایەکی بێویانی ملخوار ماره بڕی به مەرجێك خزمەتی خۆیشی بکەن.

## (٣٥)

دوای دەرچوونی ئاکامەکان هەموو بەڵگەنامەو وێنەو پێداویستییەکانی خوێندنت لە زانکۆ ڕێکخست و خستتنە ناو دۆسێیەك و بەرەو پایتەخت بەڕێ کەوتیت، بەڵگەکانت پێشکەش بە کۆلێژ کرد، سەرەتا بەشی زمانی ئینگلیزیت هەڵبژارد، هەندێك لە هاوەڵەکانت ئەوەیان بەر گوێ کەوتبوو کە زمانی ئینگلیزی سەرچاوەی زۆری دەوێت و ئەو سەرچاوانەیش گرانن و دەست ناکەون، کار دەکەنە سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خوێندکار لە زانکۆ، دڵیان سارد کردیتەوەو بەشی زمانەکەی خۆتت هەڵبژارد، ئەو بەشەیش چەند مەرجێکی بۆ دانرابوو، ئەو خوێندکارانەی لەو بەشە دەیانخوێند تاقی دەکرانەوە، تا بزانن بە نووسین و قسەکردن ئەو زمانە دەزانن.

چەند پرسیارێکیان دەهێنایەوە دەبوو خوێندکار بە نووسین وەڵامیان بداتەوە، پرسیارەکان بریتی بوون لە پارچە هۆنراوەی شاعیرێك کە خوێندکار ئەزبەری کردبێت، لەگەڵ هۆی هەڵبژاردنی ئەو بەشەو بابەتێك لەمەڕ پەندی پێشینیانی ئەو ناوچەیەی خوێندکاری لێوە هاتووەو داڕشتنێك لەسەر بابەتێکی هەڵبژێرراو.

ئەوەی بەو زمانە ئەو پرسیارانەی وەڵام بدایەتەوە لە بەشەکە وەردەگیرا، تۆیش یەکێك لەو خوێنکارانە بوویت، بە ئارەزووەوە ئەو بەشەت هەڵبژاردو سەرکەوتووانە وەڵامی پرسیارەکانت دایەوەو خوێندنت دەست پێکرد.

سەرەتای خوێندنیش لە ماڵی ناسیارێکت جێگیربوویت، لە بری نان خواردن و خەوتن مانگانەت پێ دەدان، کاتێك ناوت لە بەشی ناوخۆیی دەرچوو، تەنیا مانگانەت وەردەگرت و بۆ نووستن بەشی ناوخۆت هەڵنەبژارد، تەماشات کرد سوودی نییە، ناچار پێشنیارت کرد ماڵتان بۆ پایتەخت بگوێزرێتەوە. لە گەڕەکی دەروازە لە

خانوویەکی دوو نهۆمیدا کە لە چەندین ژوور پێکهاتبوو ژوورێکتان بەکرێ گرت. تۆ دەتخوێندو باوکیشت لەگەڵ براکانت کاریان دەکرد. مانگانەکەیشت وەردەگرت هەمووت دادایە ماڵەوەو گوزەرانتان پێ دەکرد.

لەگەڵ خوێندن و تێکەڵ بە کەش و هەوای ڕۆشنبیری و چاپەمەنی پایتەخت و هاموشۆکردنی کۆڕی ڕۆشنبیری و کولتووری و خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوویت. خۆت لە بواری نووسیندا بینییەوە، زۆرتر ئارەزووی هۆنراوەت لە مێشکدا دەخولایەوەو بەهرەی نووسینت سەری هەڵدا.

لە دوایەمین ساڵی خوێندندا یەکەمین هۆنراوەت لە بڵاوکراوەی کەڵـچەری نوێـدا پەخش و بڵاوبـووەوە، پێـشتریش لـە هەفتەنامـەی (ڕۆژگـار)دا چیرۆکی وەرگێـڕراو نووسینت بڵاوکردبووەوە، جگە لـە نووسـین بـە زمـانی سـەپێنراو لـە ڕۆژنامەیـەکی ڕۆژانەدا.

لە کۆڕو کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکان نەدەبڕایت و بە چامەو هـۆنراوەی ویـژدانی و نیشتمانی بەشداریت دەکردو بەرهەم و نووسینەکانت ڕووناکییان دەبینی. تا ڕادەیـەك لە دوایەمین ساڵی خوێندندا هۆنراوەیەکی شۆڕشگێڕیت بە ناونیشانی (ناتوێمەوە) لـە بڵاوکراوەی (کەڵچەری نوێ)دا بڵاو بووەوە، لە ناو خوێنەراندا دەنگی دایەوەو بەڕوونی دیار بوو دژ بە ڕژێمی سەرکوتکار بـوو، کـە ئـەو سـاڵە لەگـەڵ شۆڕشـی نەتـەوەیی گەلەکەتدا تێکی دابوو. کارمەندێکی بڵاوکراوەکە پێی ڕاگەیاندیت:

ـــ ڕەوەنـد .. ڕاسـتیت دەوێـت لـەوەتای ئـەو چـامەیەت بڵاوبووەتـەوە ئێمـە هەموومان چاوەڕێی ئەوەین کەی دەست و پێوەندەکانی ڕژێم بێن و هەر هەموومان لە بەندیخانە توند بکەن.

هەرکە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵت تەواو کرد، چاوەڕوانی ئاهەنگی دەرچوون و وێنەگرتنی بە کۆمەڵی خوێندکاران و وێنەگرتن بە جلوبەرگی دەرچوونەوەت نەکردو،

پایتەختت بەرەو شاری ئەڵوەن و لای خزمانی سەر کـەناری زێ بـەجێ هێـشت. ئـەو ساتانەت بیر دەکەوتەوە کە چۆن دەسـت و پێوەمنـدەکانی ڕژێـم حەمـەی هاوەڵتـانی لەناوجەرگەی پایتەختـدا بـە ڕۆژی نیـوەڕۆ تـیرۆر کـردو دوای دوو ڕۆژ هـەواڵیان بـۆ بەشەکەتان هێنا ئەو خوێندکارەتان لەناو شـەقام کـوژراوە تەرمەکـەی لـە پزیـشکی دادوەرییە، ئەو کات هەموو خوێندکارەکان بە کوڕو کچەوە دەستتان بە گریان و هاوار کرد، بە تایبەتی ئەمیرە کە پێوەندییەکی ئەویندارى و سۆزداری بـەتین لـە نێوانیانـدا هەبوو، کە تەرمەکەشیان بۆ گۆڕستانی کەیوان لە شـارەکەی خـۆی ڕەوانـە کـردەوە، ڕێگەی نێوان ئەو شارەو پایتەخت گیرابوو، بەرگریکارانی خـاك و شۆڕشـی نەتـەوەیی بەرگرییان لە گەل و خاك و نەتـەوە دەکـردو پەنـدی مێـژوویان بـە سـوپای ناهـەق و دەستەڵاتی دیکتاتۆری دەدا. ناچار کاروانی شەهید بە ڕێگەی دەربەند ئاغـادا بـەرەو مەنزڵگەی شەهید دەرباز ببێت.

کۆلێژت تەواو کرد، دەبوو سەربازی بکەیت و ماوەیەك جلی خاکی لەبەر بکەیت، هەبوون دەیانگوت (سەربازی لاو دەکاتە پیاو)، ئێوە هەر لەبەر ئەوە چوونە زانکۆ بۆ ئەوەی کە خوێندنتان تەواو کرد نەچنە سەربازی، ئەو دەم یاسا وابوو ئەوەی زانکۆ تەواو بکات سەربازی نەدەکرد، لەبەدبەختی ئێوە هێشتە زانکۆتان تەواو نەکردبوو ڕژێم نیازی گلاوی لە مێشکدا گەلاڵە کردبوو، یاسایەکی دیکەی بۆ سەربازی دەرکرد، بەو پێیە ئەوەی زانکۆیش تەواو بکات یان ماجستێرو دکتۆرایشی هەبێت دەبێت لە نێوان ساڵێك تا ساڵ و نیوێك سەربازی بکات.

تازە کۆلێژت تەواوکردبوو، لەسەردانی خزم و ناسیاوانی سەرەوە گەڕایتەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوویت بچیتە سەربازی، ئێوارەیەکیان لەگەڵ ناسیاوو هاوەڵەکانت لە چایخانەکەی شەقامی دەروازە دانیشتبوون قسەتان دەکردو هەندێکیان لەو لاوە خەریکی دۆمینەو تاوڵە بوون. بڕێك نەرگیلەیان دەکێشا، هەندێك قاوە یان چایان دەخواردەوە. لەپڕ بێژەرێکی ناقۆڵا بەرنامەی تایبەتی تەلەفزیۆنی میری بڕی و ڕایگەیاند چەند کەسێکی گێرەشێوێن هەوڵی کاری تیرۆریستی و خراپەکارییان داوەو گیراون، ئێستە بە زمانی خۆیان دان بەو تاوانانەدا دەنێن کە ئەنجامیان داوە.

واقت وڕما یەکەمین جار چاودێری پۆلەکەی خۆتان بینی لە پەردەی تەلەفزیۆنەکەوە دەرکەوت، کە چوار ساڵە چاودێری پۆلەکەی ئێوەیە، خوێندکارێکی هێمن و زیرەك و وریا، ڕەنگ زەردو ناتوانا ئەو قسانەی دەکرد کە نابوویانە زمانی بیانڵێت، گوایە بۆمب و دینامیتی هێناوەو ڕاسپێرراوە تەقینەوە لە پایتەخت ئەنجام بدات.

پاشان خوێندکاری پۆلەکەی تەنیشت پۆلەکەی ئێوە، ئەویش لەو ڕەنگ زەردترو بێ تواناتر وشەکان بە زۆری زۆردارەکی لە زاری دەهاتنە دەرەوە، گوایە ڕاسپێرراوە

تەقینەوە لەپایتەخت ئەنجام بدات و ئاساییشی شار بشلەژێنێت. ئەم جارە نۆرە هاتە سەر ئەو خوێندکارەی کە پۆلێك لە پاش پۆلەکەی ئێوەوە بوو، شوێنەواری ئازارو ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو، لەبەر لێدان و ئازاردان هێزی تێدا نەبوو ددان بە وشەکاندا بنێت.

دواجار ئەو کیژە چاونەترس و نەبەردەی ژیانی خۆی بۆ نەتەوەکەی بەخت کردبوو، کیژە بالاًبەرزەکەی بەشی جوگرافیا، ئەو کیژەی لە شاری (ئەلوەن)ەوە هاتبوو، تا جوگرافیا بخوێنێت و لەناو نەخشەی جیهاندا سنووری نیشتمانە سنوور دیارینەکراوو دابەشکراوەکەی بە گەلانی جیهان بناسێنێت، لەگەڵ دەرکەوتنیدا شوێنی ئازارو ئەشکەنجە بە دەم و چاوو ڕوخساریەوە دیاربوو، هەرکە دەنگی هەڵهێنا، نەتتوانی کۆنترۆڵی سۆزی خۆت بکەیت، یەکسەر فرمێسك بە چاوانتدا هاتە خوارەوە، لەناخەوە گریایت، خۆت و میللەتەکەت بێ خودان و بێ پشتیوان و بێ نیشتمان هاتە پێش چاو.

ئەو کات تاوانەکانی سوپای ڕژێمت بیر کەوتنەوە، لەو گوندانەی دەورو بەرتان ئەنجامی دابوون، بۆردومان کردنی گۆڕەشاو کوشتنی ئەو جووتیارەی لەگەڵ کوڕەکەیدا بۆ زەوی کێڵان دەڕۆیشتن، کوشتنی کوڕی کوێخای بانە سپی و سووتاندنی دەغڵ و دان و کێڵگەی جووتیاران و تاڵانکردنی مەڕو ماڵاتەکانیان، گرتن و بێ سەرو شوێن کردنی لاوان و تێکۆشەران لە شارو شارۆچکەکان.

هەرکە لە ددان پێدا نانەکان بوونەوە، بێژەری ناقۆڵا هاتەوە سەر پەردەی تەلەفزیۆنەکەو بڕیاری لەسیدارەدانی هەر چوار خوێندکارەکەی خوێندەوە، تاریکایی بەرچاوی گرتیت و هەمووتان چایخانەکەتان بەرەو ماڵ بەجێ هێشت. زانیتان پێش ئەوەی بڕیاری لەسیدارەدانیان بخوێنرێتەوە ئەوانە شەهیدکراون و بڕیاری دیکتاتۆر جێبەجێ کراوە.

# (٣٧)

سەرت لە فەرمانگەی سەربازگیری داو ئاکام و بەڵگـەی دەرچـوونت لـە زانکـۆ خستە بەردەم ئەفسەری فەرمانگەکە. تەماشای بەڵگەو ئاکامەکەی کردو سـەرنجێکی ڕوخساری دایت. بڕیاری دا ڕەوانەی نۆژداری سەربازیت بکـات بـۆ ئـەوەی بڕیـار لـە بارەی شیاوی و نەشیاویتەوە بدرێت. تـا ئـەو مامەڵەیـەت تـەواو کـرد دوو مـانگی ڕەبەقی خایاند. هاوەڵەکانت لەو ماوەیەدا چووبوونە سـەربازگەو مەشقیـشیان تـەواو کردبوو. تۆیش هێشتە چاوەڕوانی ئاکامی پیـشکنینەکە بوویـت. کـە ئاکامەکـەیش گەڕایەوە بڕیار درابوو بۆ سەربازی بێ چەك دەشێیت.

ڕەوانەی سـەربازگەی ڕەشـەغان کرایـت، نزیکـەی سـێ سـەد سـەربازی گـەنج مەشقیان تێدا دەکرد، پێنج شەممەو هەینی دادەبەزین و سەرتان لە خێزانتان دەدایەوە. تۆیش بەرەو پایتەخت دەڕۆیشتیتەوەو شـەوی هـەینی دەگەڕایتـەوە سـەربازگە. ئـەو هەفتەیە پێنج شەممە پێش هەینی دابەزیت، ئێوارەی پێنج شەممە بارانێکی زۆر باری و باری نائاسایی لە سەربازگەدا ڕاگەیەنراو ئەوانەی لە سەربازگە نەبوون ناویان نووسرا. تۆیش یەکێك لەوان بوویت.

ئەو هەفتەیە گەڕایتەوە سەربازگە تەماشات کرد ناوت لە لیستی ئەو ناوانەدایە کە لەبەر ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بە هۆی لافاوو ئامادەنەبوونت لە سەربازگە سزای بەندکردن دراون، ئەگەرچی باش چاووشەکە خەڵکی بـاکووری ئـەو لای خۆتـان بـوو، بەڵام پێی گوتیت:

ـ ڕەوەند .. تازە کار لە کار ترازاوە، نەك هەر تۆ هەموو ئەو سـەربازانەی لێـرە نەبوون سزا دراون. بەڵام جارێك سزاکەت جێبەجێ ناکەم.

دوو هەفتەی نەبرد ناوی لە تۆمارێکی زلدا نووسیت و نەیهێشت پێنج شەممەو هەینی بڕۆیتەوە، لای سەرتاشەکە سەری سفر کردیت و دوو ڕۆژ لە زیندانە تاریکەکەی سەربازگە لەگەڵ سەربازە سزادراوەکانی دیکەدا بەند کرایت و بە ڕۆژ ناو سەربازگەیان پی پاك دەکردنەوە. ڕۆژی شەممە لە بەندیخانەکە ئازادکران و گەڕانەوە هۆڵی سەربازەکان.

سێ مانگ تێنەپەڕیبوو، لە جیاتی سەربازێکی دیکە تۆیان لەگەڵ ژمارەیەك سەربازی دەرچووی کۆلێژەکاندا بۆ سەربازگەی دەریایی شاری باشوور گواستەوە. مۆڵەتی ڕۆژێکیان پێ دایت تا بڕۆیتەوەو کەس و کارت ببینیت. پەتۆو جلەکانت شەتەك داو جل و بەرگەکانت لە جانتاکەت ئاخنی و بە پێ بەرەو گەراج ڕۆیشتیت .

لە گەراج سواری پاسێك بوویت، شوفێرکە هاواری دەکرد پایتەخت .. پایتەخت. لەگەڵ نەفەرەکانی دیکەدا سوار بوویت و شەو گەیشتیتە پایتەخت . ماڵتان لە گەڕەکی دەروازە مابوو. تاکسییەکت بەکرێ گرت تا گەیشتیتە ماڵ. ئەو شەوە دایك و باوکت ئاگەدار کردەوە کە بۆ شاری باشوور گوێزراویتەوەو دەبێت سبەینێ لەوێ بیت.

شەوی دواتر، شەوێکی تەپ و تۆزاوی بوو، خۆڵ دەباری، ئەو خۆڵبارینە لەگەڵ غەم و پەژارەی دەروونی تۆی گوێزراوەدا یەکیان دەگرتەوە، تۆیەك غەمی ئەوەت بوو کەی سەربازی تەواو بکەیت و لە شوێنێك دامەزرێیت و خۆت و خێزانت بەو مووچە کەمەیەی کە وەریدەگریت بحەسێنیتەوە، تەماشای خەڵك و تەلارو فارگۆنەکان و وێستگە زەبەلاحەکەو هێڵە ئاسنینە بەیەکچووەکانت دەکرد، هەموو باری غەمی دەروونی تۆیان پێوە دیار بوو، لەوێستگەی شەمەندەفەر یەکە یەکە هاوەڵە گوێزراوەکانت گەیشتن، وێستگەکە لە ڕێبواران، ژن و پیاوو هەرزەو منداڵدا جمەی

دەهات و پشووی نەدەدا، ئەم دەهات و ئەو دەچوو. ئەم شەمەندەفەر دەگەیشت و ئەوی دیکە بەڕێ دەکەوت.

فارگۆنەکەی ئێوە سێیەمین فارگۆن بوو، خەڵکەکە هەر یەکەو لە شوێن و فارگۆنی خۆی سواربوون. یەکەمین جارتانە سواری ئەم شەمەندەفەرە دەبن کە بەرەو شاری (باشوور) دەڕوات. دوازدە سەعاتە ڕێ دەڕوات، لە وێستگەی شارو شارۆچکەکانی سەر ڕێگە ڕادەوەستێت و ئەم دادەبەزێت و ئەوی دیکە سوار دەبێت. ژیانی مرۆڤت لەبەرچاو بەرجەستە دەبێت، ئەم لەدایك دەبێت و ئەو کۆچی دوایی دەکات. ژیانیش کاروانسەرایە هەموو ئادەمیزادێکی پێدا تێدەپەڕێت تا هەریەکەو لە مەنزڵ و وێستگەی خۆی لا دەدات. تۆیش دوور دەکەویتەوەو بۆ (باشوور) دەڕۆیت، پەژارەی دوور کەوتنەوە ناخی تەنیویتەوەو هەست بە دەورو بەرت ناکەیت. دەڵێیت بەسەر دڕك و داڵ و زەلی ئەو بیابان و پێدەشتەدا ڕاتدەکێشن و هەموو جەستەت خڵتانی خوێنی نائومێدییە.

شاوری شەمەندەفەرەکە بە ئاگەی هێنایتەوە کە سەرەتای گەشتە نابەدڵەکەی ڕاگەیاند، ئەو کاتانەت بیر کەوتەوە کە لە فێرگەی دواناوەندی دەهاتیتەوەو شەمەندەفەرەکە لە وێستگەی شار بە تەنیشت گوندەکەتاندا تێدەپەڕی و ڕێبواران و کاڵای بازرگانی بۆ شار دەگوێزایەوەو شووتی لێ دەدا، شووتێك بەر گوێی هەموو دانیشتووانی شار دەکەوت، منداڵی نووستووی نێو بێشکەی بە ئاگە دەهێنایەوە.

ئەو شەوە تا بەرەبەیان خەو نەچووە چاوت، لەو لاوە دەنگ و هەراو هوریای ڕێبواران و لەم لاوە دەنگ و هات و هاواری بابۆڵە فرۆش و بیبیسی فرۆش، ئەوە دەنگی ڕەوڕەوەی شەمەندەفەرەکەیش لەو لاوە ڕاوەستێت، کە بە ڕیتمێك بوو مێشکی سەری مرۆڤی دەبرد.

ئەو شەوە بۆ یەکەمین جار هەستت بە غەریبی خۆت کرد، بۆ وڵاتێکی غەریب دەچوویت، کەسی تێدا ناناسیت، خەڵکەکەی بە زمانی تۆ نادوێن، نەریت و ڕەفتاری سەیریان هەیە، زۆر لە تۆ جیاوازن، تەنانەت نەك لە قسەو جل و بەرگ و نەریتدا، بەڵکو لە ڕووی شێوەو ڕەنگ و ڕواڵەتیشەوە. ئەگەرچی جارو بار چاوت دەنووقاندو خۆت وا پیشان دەدا نووستوویت، بەڵام لە هەموو وێستگەکان ئاگەت لەو هەموو ڕێبوارو ژن و منداڵانە بوو کە دادەبەزین یان سوار دەبوون، بۆیە کە بەیانی کاتژمێر هەشت گەیشتنە دوا وێستگەو خۆتان لە شاری (باشوور)دا بینییەوە، دەمێك بوو چاوت کردبووەوەو سەرت دەئێشا، لەگەڵ ئەوەیشدا بە نقەنق و بەو سەرئێشەوە دابەزیت و لەگەڵ هاوەڵە گوێزراوەکانتدا ئۆتۆمۆبیلێکتان بە کرێ گرت و جل و جەواڵتان تێخست و بەرەو سەربازگەی دەریایی شار بەڕێ کەوتن .

پازدە مانگی ڕەبەق لەو سەربازگەیە ئاوی سوێرت خواردەوە، تیشکی هەتاو سەری سووتاندیت و گەرماو شێی بەندەرەکە لەشی داهێزراندیت. ئەگەر پێنج شەممەو هەینی بۆ پایتەخت دابەزیبایت تەنیا چەند کاتژمێرێك دەمایتەوە، پێنج شەممە بە ئۆتۆمۆبیل شەو دەگەیشتیت و بۆ شەوی هەینی لەسەر شەممەیش کاتژمێر نۆ سواری شەمەندەفەر یان ئۆتۆمۆبیل دەبوویتەوەو بۆ هەشتی بەیانی لە سەربازگە دەبوویت.

## (٣٨)

دانای برات لە تۆ بچووکتر بوو، لەوەتای بۆ شار بارتـان کـرد وازی لـە خوێنـدن هێناو لای فیتەر شاگردی دەکرد، تا فێری ئۆتۆمۆبیل لێ خوڕین بوو، لە پایتـەختیش زانای برات لای فیتەر کاری کـردو فێـری شـوفێری بـوو. ڕۆژێـك ئـەوەی بـۆ خـاوەن ئۆتۆمۆبیلەکە گێڕایەوە:

ـ حاجی ئەمڕۆ ڕووداوێکی سەیرم تووش بوو.

ـ بڵێ چی ڕووی دا.

ـ مەترسە ڕووداوی خراپ نەبوو.

ـ دە بڵێ. بزانم چ ڕووداوێك بووە. تۆ کەی ڕووداوت بۆ من گێڕاوەتەوە.

ڕاستیشی دەکرد، ئەو هەفتەیە تایەی ئۆتۆمۆبیلەکەی پەنـچەر بـوو بـوو، هـەر باسیشی نەکردبوو، پێشتریش وەنـەبوو منـداڵێك بکاتـە ژێـرەوەو خـوێنی بکەوێتـە ئەستۆی.

ـ پەلەی چیتە؟ ئەوە ناهێنێت.

ـ چۆن ئەوە ناهێنێت، دە بڵێ دڵم تەقی.

ـ چیت لێ بشارمەوە. بەیانی ژمارەیەك گەشـتیاری بیـانیم بـەرەو خـاڵی سـەر سنوور دەبرد، کاتێك گەشتیارەکانم گەیاندە جێی خۆیان و هەموویان دابەزین و شت و مەکـەکانیان داگـرت. یەکـسەر بـۆ شـاری ئـەڵوەن گەڕامـەوە. لـە ڕێگـە، کاتێـك دەگەڕامەوە لە بەرزایی و نزماییەکان بـەرز دەبوومـەوەو دادەبـەزیم هەسـتم ڕاگـرت شتێك لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا هەڵتەك هەڵتەکیەتی.

ـ ناشێت هەگبەی جل و بەرگیان بەجێ مابێت؟

ـ هەگبەی جل و بەرگی چی؟

ـ ئەی چییان بەجێ مابوو؟

ـ جانتایەکی دبلۆماسی!!

ـ ئەی چیت پێ کرد؟

ـ یەکسەر ڕاوەستام و تەماشام کرد جانتایەکی دبلۆماسییە.

ـ ئەی نازانیت چی تێدا بوو؟

ـ نەمزانی، لام وابێت پارەی تێدابوو.

ـ چیت پێ کرد؟

ـ یەکسەر سووڕامەوەو گەیشتمەوە خاڵی سنووری و تەماشم کرد خاوەن جانتاکە شپرزەو غەمبارو ڕەنگ زەرد بەدوایدا دەگەڕێت، منیش دابەزیم و جانتا پارەکەم لە دوورەوە بە دەستەوە بوو. هەرکە منی بینی خێرا تاوی دامێ و جاناکەی لێوەرگرتمەوەو ماچی ئەم لاو ئەو لای کردم. نەمزانی بۆچی. کاتێك کردیەوە هەر هەمووی سەفتە دۆلار بوو. دەستیشی نەبرد سەفتە دۆلارێکم بداتێ.

حاجی خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکە تا بۆی بکرێت بە هەردوو دەستی چەپۆکێکی بەسەردا کێشاو گوتی:

ـ ماڵوێران، خوا یەك جانتا دۆلاری بە خۆی بۆ ڕەوانە کردوویت، تۆ دەچیت بە ئاسانی دەست بەرداری دەبیت و لە دەستی خۆتی دەدەیت. بتهێنابایەوەو بە منت بدایە هەردووکمان هەتا هەتایە دەبووینە ملیۆنێر!!!

ئەو هەفتەیەش لەو دوکانەی بەمۆی برا بچووکت کاری تێدا دەکرد جانتایەکی پڕ لەپارەی کڕیارێکی لێ بەجێ مابوو. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چاوەڕوان بوون خاوەندەکەی بێت و جانتا وەربگرێتەوە، دەمەو ڕۆژئاوا خاوەنەکەی بە هەناسەبڕکێ و ڕەنگ زەردو پەشێوی خۆی بە دوکاندا کرد:

ـ بە قوربانتان بم جانتایەکم لێرە بەجێ نەهێشتووە، شوێن نەما بەدوایدا نەگەڕێم، سەرو ماڵمی تێدایە؟

کە جانتاکەیان بۆ هێنا ڕەنگ بە ڕوویدا هاتەوەو لە سەر ئەسکەمیلییەکە دانیشت پشوو بدات و جانتاکەی کردەوە تەواوی بڕە پارەکەی وەك خۆی دەقی نەشکابوو. ئەویش دەستی نەبرد چەند دینارێك بە بەمۆو شاگردەکان بدات، کە لەبەر ئەو تا رۆژئاوا دوکانەکەیان دانەخست.

ئەو ساڵە لە گەڕەکی دەروازە ماڵە کوردێکی باکوور بووە دراوسێتان، دوو سێ کیژی هەبوو لە ژنێکی دیکەی بوون کە لێی جیا بووبووەوە. پیاوەکە شوفێر بوو. زۆر جار لە ماڵ نەبوو. ئەم ژنەی ئێستەی کورتە باڵایەکی قەڵەو بوو، زۆر جار کراسی درێژو کەوای درێژی ئەو ناوچەی سەرەوەی دەپۆشی. ئەویش لە پیاوەکەی کوڕێك و دوو کیژی هەبوو.

ژوورەکەیان لە نهۆمی سەرەوە بە تەنیشتی ژوورەکەی ئێوەوەیە، پەنجەرەی هەردوو ژوورەکە بەسەر کۆڵانە تەسك و تروسکەکەدا دەڕوانێت. دانای برات بەیانیان دەچێتەکارو ئێواران درەنگ دێتەوە، شوفێری هێڵەکانی نێوان شارەکان دەکات، زۆر جاریش شەو بە ڕێوە دەبێت و، بەرەبەیانی درەنگ دێتەوە.

کیژە گەورەکەیان لە هاتن و لە چووندا چاوی خستبووە سەر دانا. بە سروەی خوشکی گوتبوویت:

ـ دانا کوڕێکی ئاقڵ و زیرەکە، چاوی لە عەرد هەڵناگرێت، تەماشای کەس ناکات!

هەر ئەو قسەیە بوو، بە گوێی دانا گەیشت، مەبەستی لەو قسەیە دوور بوو، لە دڵی خۆیدا پلانێکی بۆ ئەوە داڕشتبوو بەو قسانە دەروازەیەك بکاتەوەو بە هۆیەوە بچێتە ناو کاروانی ژیانی داناوە، کە بیری تەنیا لای کارەکەی خۆی بوو، بیری لای

ئەوە بوو چۆن یارمەتی باوکت بدات و کەمێك لە باری قورسی ژیان و گوزەران ئەرکەکانی سەرشانی سووکتر بکاتەوە. هەرچی تۆ بوویت دەبوو بایەخی پتر بە خوێندن بدەیت و بیرت لای وانەکانت بێت تا کۆلێژ تەواو دەکەیت.

ڕۆژان تێپەڕین و هاتن و چوون و تێکەڵبوون و یەکدی بینینی نێوان دانیشتووانی ئەو حەوشە دوو نهۆمییە، کارێکی وای کرد، ساوین ئارەزوومەندی خۆی بەرانبەر بە خۆشویستنی دانا لای کیژەکانی ناو حەوشە دەرببڕێت. لە هەلێکدا نامەیەکی بۆ دەنووسێت و ئەو ئەڤیندارییە دەردەبڕێت :( گیانەکەم

لەو ڕۆژەوە هاتووینەتە ئەم حەوشەو تۆم بینیوە، خۆشەویستی تۆ بە دڵمدا چووە، حەز دەکەم پەپوولەی ئەویندار لە نێوان هەردوو دڵماندا لە شەقەی باڵ بدات و لە سەر پەڕەی گوڵی دڵسۆزی بنیشێتەوەو کۆتری ماچەکان دەنووکی ئارەزوو لە یەکدی بدەن و خەونە ماندووەکانمان لە باخچەی ئاسوودەییدا بێنە دی).

نامەکە لوول دەدات و بە دەستی منداڵێکی خنجیلانەدا ڕەوانەی دانای دەکات کە تازە لە شوفێری هاتبووەوە.

کاتێك منداڵەکە بەرەو لای دانا دەچێت، تەماشا دەکات کاغەزێکی لوولدراوی لە قولە مشتە، دەستی بۆ ڕادەکێشێت و نامەکەی پێ دەدات.

ـ وەرە بچکۆل وەرە ماچێك بە کاکت بدە، ئای لەم قژە زەردە چاو کاڵەت خوا لە دایك باوکت نەسێنێت.

نامەکە دەبێتە هەوێنی دەست پێکردنی پێوەندییەکی ئەوینداری لە نێوانیاندا. چەندین نامەی دیکەی بەدوادا دێت. داناو ساوین چەندین جار لە پارك و سەیرانگە یەکدی دەبینن و ڕازو نیازی نێو دڵی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە، تا دێت پێوەندی ئەوینداری لە نێوانیاندا پتەوتر دەبێت، زۆر جار پێکەوە دەچنە سینەماو سەیرانگەو

یەکدی بۆ چێشتخانەو کافتریا بانگهێشت دەکەن. ئاکام بڕیار دەدەن هەرچۆنێك بووە بۆ یەکدی بن.

لەو ماوەدا باوکی ساوین بڕیار دەدات بگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان و چی دیکە لەم دوورە شارییە نەمێننەوە، ساوین داوا لە دانا دەکات:

ـ تا زووە وەرە داخوازیم، ئەگینە باوکم دەمباتەوەو لە شارەکەی خۆمان بە مێردم دەدات.

ـ ئێستە من ناتوانم بەم دەم و دەستە بێمە داخوازیت، نە باوکم ئاگەدارە نە کەس و کار بەم پێوەندییەی نێوانمان دەزانن، من چییان پێ بڵێم؟

ـ دەبێت هەر بزانن، ئەمڕۆ نە سبەی، مەگەر من و تۆ بڕیارمان نەداوە بۆ یەکدی بین، بڕیار بڕیاری ئێمەیە.

ـ بیرێکی لێ دەکەمەوە.

شەو دانا دەروازەی ئەو بابەتەی لەگەڵ باوکت کردەوە، ڕایان وابوو پرس بە خزمەکان بکەن و دواتر بڕیار بدەن داخوازی بکەن. خزمەکانتان هیچ لارییەکیان نەنواند، سەرەتای هەفتەی دواتر چەند ناوسیاوێکتان نارده داخوازی ساوین. باوکی ساوین هەڵیکێشابوو:

ـ من لێرە ساوین بە مێرد نادەم، بۆ ئامۆزای خۆیم داناوە، کە چووینەوە لە شارەکەی خۆمان شایی بۆ دەگێڕین و بە یەکیان شاد دەکەین.

ساوین ئەو بەرسڤەی باوکی پی ناخۆش بوو. پلانێك دادەنێت بەر لەوەی کار لە کار بترازێت خۆی دەگەیەنێتە دانا، هەردووکیان پلانێکی هاوبەش دادەنێن.

یەکی مانگ بوو، لەو بۆنە فەرمییەدا لە بازاڕ دەهاتیتەوە ئەو هەواڵە ناخۆشانەیان پێ دایت:

ـ داناو ساوین هەڵاتوون.

ئەو شارە گەورەتان نەهێشت، شوێن نەما، ماڵی ناسیاوو خزم نەما، بەدوایدا نەگەڕێن، لە هیچ شوێنێك دەنگ و ڕەنگیان نەبوو.

باوکت شاری بەجێ هێشت و چوو لە شارۆچکەکانی دیکە بە دوایاندا دەگەڕا، بە ڕێکەوت لە شاری (ئەڵوەن) حەمەد ئەمینی ئامۆزای بینی، چاك و چۆنییان لە یەکدی کرد:

ـ چۆنە ساڵان و مانگان دیار نیت، ئەوە خۆر لە کوێوە هەڵاتووەو لێرەت دەبینم.

ـ چیت پێ بڵێم، دانا.........

ـ دانا چییەتی؟

ـ لەگەڵ کچێکدا هەڵاتوون کە باوکی قایل نەبووە مێردی پێ بکات!

ـ چیت لێ بشارمەوە، ئەوە لە دوێنێوە لە ماڵی ئێمەن، نەیانگوتووە کارێکی وامان کردووە!

ـ بە ڕاستتە!! شوێن نەما نەیپشکنین و نەیگەڕێین، شەکەت و ماندوو بووین، سەرئێشەمان گرت!!

بە جووتە بەرەو ماڵی حەمەد ئەمین شۆڕ بوونەوە، باوکت هەردووکی بینین، تەگبیریان کرد نابێت لێرە جووڵە بکەن تا لەگەڵ باوکی ڕێك دەکەون.

باوکی خزمی سەرۆك خێڵێکی چەکداری سەر بە ڕژێم بوو، بە هەڕەشەو گوڕەشەوە بەر دەرگەیان لێ گرتن، داوای بڕە پارەیەکی زۆریان دەکرد، ئەو بڕە پارەیە بە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەند دەستەبەر ناکرێت. کەس نەما باوکت هانای بۆ نەبات، خزم و کەس و کار کەسیان بە دەنگی باوکتەوە نەهاتن. باوکت بیری کردەوە، باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی لەو تەنگ و چەڵەمەیە دەربچێت، خزمایەتی لەگەڵ کەس و کاری کچەکەدا بکات، بۆ ئەوەی کێشەکە بە یەکجاری چارەسەر ببێت و هیچ مەترسییەك

لەسەر ژیانی داناو ساوین نەمێنێت، لەو هەڕەشەیانە دەترسا چەکدارەکانی خێڵەکە دەیانکرد، ئەگەرچی بە ڕاستیان بێت یان تەنیا بۆ فشارخستنە سەر باوکت بێت.

هەردوو لا ڕێککەوتن ساوین بۆ داناو خوشکە بچووکەکەیشت بۆ برای ساوین بێنە مارە بڕین و، ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێت، کە ماوەیەك بوو سەری قاڵ کردبوون.

لەو ماوەیەدا شەڕ هەڵگیرسا، دانایان ڕاپێچی سەربازی کرد، ماوەیەکی نەبرد تۆشیان ڕاپێچی سەربازی یەدەك کرد، یەك شتت باش بوو تۆ سەربازی بێ چەك بوویت، جگە لەوەی کۆلێژت تەواو کردبوو، لە نووسینگەی سەربازگە ماوەی سەربازیت بەسەر دەبرد، چەند جارێك بۆ ئەم سەربازگەو ئەو سەربازگە دەگوێزرایتەوەو دوو جاریش لە سەربازی بەرهەڵلایان کردیت و لەگەرمەی شەڕیشدا بانگیان کردیتەوەو جۆری سەربازی کردنەکەشیان لە بێ چەکەوە بۆ چەکدار گۆڕیت و لە کۆتایی شەڕیشدا جارێکی دیکە بانگی سەربازی چەکداریان کردیتەوە.

دانا لەسەربازگەیەکی نزیك سنوور بوو، لە ژمێریاری سەربازگەکە بوو، ئیبلیس کەوتبووە کۆڵی و مووچەی ئەو مانگەی سەربازو ئەفسەرەکانی بردبوون و بەرەو شوێنێکی نادیار تێی تەقاندبوو، بۆ نەگبەتی کاتێك یەکەمین جار هەڵات بەرۆکی تۆیان گرت و ناچاریان کردیت بچیتە ژێر بەرپرسیاری هەر هەڵاتنێکی دیکە. کە ئەو کەتنەیشی دا دیسان ئەفسەری بەرپرسی سەربازگەکە بە بڕێك سەربازی چەکدارەوە تۆیان ڕاپێچ کرد.

دوو سێ ڕۆژ لە بەندیخانەی سەربازگەکەیان بەند کردیت، بەڵێنیان لێوەرگریت بڕە پارەی مووچەی ئەفسەرو سەربازانی سەربازگەکە قەرەبوو بکەیتەوە تا بەرهەڵات بکەن.

سەربازێکیان لەگەڵ ناردیت، دوو سێ ڕۆژ چاوەڕوانی کرد تا قەردو قۆڵەت کردو بڕە پارەی داواکراوت پێدا ڕەوانە کـردەوە، دوو سـێ سـاڵ هـەر قـەردو قۆڵـەی ئـەو قەرەبووەت دەدایەوە. هەر لەو پاییزەدا دانـا لەگـەڵ (سـاوین)دا تـێکگیران، سـاوین پلانێکی ساختەکاری بۆ دارشت و تاوانێکی بۆ هەڵبەست و لەبنکەی پۆلیس سکاڵای لێ کرد:

ـ مێردەکەم بۆمبی لە ماڵدا شاردووەتەوە، دەستی لەگەڵ یاخیبووانَدا هەیە!!

پۆلیس فەرمانی دەسـتگیرکردنی دانـا دەردەکـات، کـون و قـوژبن بـە دوویـدا دەگەڕێن. ماڵەکەیشی دەپشکنن هیچ جۆرە چەکێکی تێدا نادۆزنەوە. دەزانن ناکۆکی نێوان خۆیانە وای کردووە پەنا بەر پۆلیس ببات. تۆیشیان ماندوو کرد، ئـەو شـارەت تەی کرد تا ڕۆژێکیان لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیدا بینیت و ڕاتگرت و قایلـت کـرد بـچنە بنکەی پۆلیس و ئەو سکاڵایە هەڵوەشێننەوە.

کیلۆمەترێك ڕۆیـشتن ئۆتۆمۆیلەکـە ڕاوەسـتا، هەرچـی کـردو کۆشـا بـە ئـیش نەکەوتەوە، داوای لێ کردیت ئۆتۆمۆبیلەکە پاڵ بدەیت:

ـ ئەرێ دانابەزیت هەندێك پاڵی بدەیت بەشکو بە ئیش کەوت.

دابەزیتـە خـوارەوەو هەسـکە هەسـك و مانـدوو پـاڵی ئۆتۆمۆبیلەکـەت دەدا، هەندێك ڕۆیشت بە ئیش کەوتەوەو هەڵەداوان ڕاتکردو ویستت سوار بیت، ئەو دەسـت و بردی کرد و تێی تەقاندو بەجێی هێشتیت.

ـ دانا ... دانا ... کوڕە ڕاوەستە.

ڕاوەستانی چـی، چـوون نێـچیر لـە دەسـتی ڕاوچـی قوتـاری بێـت بـە خـۆی و ئۆتۆمۆبیلەوە لە چاو بزر بوو، نائومێد دیسان گەڕایتەوە.

ئەو گرفتانە کۆن بوون، دانا لە ڕێگەی شارەکانی باشوور شوفێری دەکرد، ساوین زۆری دڵ لێ پیس بوو، نەیدەهێشت ڕیش بتاشێت و خۆی جوان بکاتەوە تـا کیـژان و

ژنان دڵیان لێ نەچێت. تەنیا غەمی ئەوە بوو ئەو کوڕو دوو کیژەی بە خێو بکات. بەردەوام دەمەقاڵێ و ناکۆکییان بوو. ئەو ڕۆژە لە نووسینگەی دەزگەکەت بوویت تەلەفۆنت بۆ کرا. تەلەفۆنەکە هەواڵێکی ناخۆشی بۆ هێنایت. ئەوەی قسەی دەکرد زانای برات بوو:

ـ دانا لە دوایەمین کاروانی شوفێری بۆ ئەو خوارە لە ڕێگە ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی خۆی بە ئۆتۆمۆبیلەکەیدا کێشاوەو تا بە نەخۆشخانەیان گەیاندووە کۆچی دوایی کردووە.

پرسەتان بۆ داناو لەو خوارە لە وڵاتی غەریبی بە خاکی غەریبیتان سپارد.

(٣٩)

ئـەو هەفتەیـە هاتیتـەوە باوكـت لـە نەخۆشـخانەكەی سـەر زێیەكـە لەسـەر قەرەوێڵەیەك ڕاكشابوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، پێش ئەوەی بیێتەوە لە شەقامێكی گەڕەكی دەروازە، لـە كـاتی پەڕینـەوەدا ئۆتۆنۆبیلێـك لێـی دەدات و فڕێـی دەدات. خاوەندی ئۆتۆمۆبیلەكە یەكسەر ئۆتۆمۆبیلەكەی ڕادەگرێـت و دادەبـەزێت و یەكـسەر هەڵیدەستێنێتەوە:

ـ خۆ هیچ نەبوو، ئەزیەتت نەخواردووە، دەی فەرموو لەگەڵم سواربە با بتبەمـە نەخۆشخانە.

ـ نەخۆشخانەی ناوێت، هیچم بەسەر نەهاتووە، بڕۆ خوا نموونەت زۆر بكات!

ـ نابێت، پێویستە بتبەمە نەخۆشخانە نـەوەك دەمارێكـت پـسابێت، جێیـەكت ئەزیەتی پێ گەیشتبێت!

ـ نا پێویست ناكات، نابینیت، هیچم نییە، خوات لەگەڵ.

شوفێرەكەیش بە ڕاستی بوو، دەیویست بیباتە نەخۆشخانەو تیشكێكی بۆ بگـرن نەوەك ئەزیەتی بەر كەوتبێت. خوا خوایشی بوو بەو جۆرە بە ئاسانی و بێ سەرئێشەو بگرەو بەردە لەو ڕووداوە قوتار ببێت.

شوفێرەكە بیست مەتر نەڕۆیشتبوو، باوكت بەرەو ماڵ دەڕۆیشتەوە، هەستی كرد سەری دەسووڕێت و بەرچـاوی تاریـك دەبێـت. هێـزی وەبـەر خـۆی هێنایـەوەو دوای ماوەیەك وردە وردە گەیشتەوە ماڵ.

داوای كرد جێگەی بۆ دابخرێت. دایكت زانی تووشی ڕووداوێك بووە، جێگەكـەی بۆ ڕاخست و پرسیاری كردت:

ـ چی ڕووی داوە، یەکسەر هاتیتەوە بێ ئەوەی نان بخۆیت لێی پاڵ دەکەویت؟

ـ چیت لی بشارمەوە کە لە شەقامەکە دەپەڕیمەوە، ئاگەم لە خۆم نەبوو ئۆتۆمۆبیلێك خۆی پێدا کێشام و برێکی گرت و دە مەتر فڕێی دام.

ـ ئەی نەیبردیتە نەخۆشخانە.

ـ نا.. چەندی تکای لێ کردم بمباتە نەخۆشخانە من قایل نەبووم.

ـ بۆچی ؟

ـ هیچ شتێکم نییە. ئەزیەتم پێ نەگەیشتووە.

لەو قسانەدا بوون باوکت هێقی دایەوەو خوێنی هەڵهێنایەوە، هەرچی گوتیان با بتبەینە نەخۆشخانە، هەر لەسەر ڕای خۆی سوور بوو:

ـ نەخۆشخانەی چی، هیچم نییە.

مۆڵەتت تەواو بوو، چوویتەوەو هەموو ڕۆژێك بیرت لای باوکت بوو، لەم مۆڵەتەکەی دیکەدا باوکت بردە لا دکتۆر، نۆژدار گوتی:

ـ پێویستە لە نەخۆشخانەی بخەوێنن، بۆ ئەوەی نەشتەرگەری بۆ بکرێت.

لە نەخۆشخانەی دکتۆری پسپۆر پشکنینی بۆ کردو پرسیاری لێ کردیبێت:

ـ چەند ساڵە وای لێ هاتووە.

ـ دکتۆر چی لێ هاتووە؟

ـ دڵ و جەرگ و ڕیخۆڵەکانی پێکراون و بوونەتە بەرد ؟

ـ بەردی چی؟ ئەو دوو سێ هەفتە لەوەبەر ئۆتۆمۆبیل لێی داوەو وای بەسەر هاتووە.

ـ پیشانی دکتۆرتان داوە؟

ـ قایل نەبوو پیشانی دکتۆری بدەین، هەر دەیگوت هیچم نییەو ئەزیەتم پێ نەکەیشتووە.

ـ دەبێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت، ئەم دەرزی و دەرمانانەی بۆ دەنووسم، دەبێت لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە تا ئەو دەرزی و دەرمانانەی تەواو دەکات و ئەوجا بڕیاری خۆمان دەدەین.

ئەم جارەیان مۆڵەتەکەت تەواو بوو، پێت ڕێگەی نەدەگرتە بەر، دڵت لای باوکت بوو کە لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو، قسەکەی دایکت زۆر کاری تێکردیت و گریانت بە زۆر ڕاگرتبوو:

ـ دەزانێت ئەو شەوەیش لەسەر قەرەوێڵەکەیش بەر بووبووەوە!

کە نەخۆشییەکەی گرانتر کردبوو. ئەو شەوە نەتزانی چۆن و کەی گەیشتیتەوە سەربازگەو بەیانی چۆن چوویتە دەوام و چۆن ئەو ڕۆژانە نانت خوارد. شەوانە خەونت بە باوکتەوە دەبینی، ڕۆژگاری منداڵی و هەرزەکاریت بیر دەهاتەوە کە چۆن یاوەری باوکت بوویت، ئەو کاتەی خەریك بوو لە زێیەکە هەردووکتان ئاو بتانبات و بخنکێن. ئەو کاتەی بە منداڵی دەیبردیتە سەر بۆیسان خڕ. ئەو ڕۆژەی دەستی بۆ فێرگە گرتیت و ئەو ئامۆژگارییەی کردیت، بە تایبەتی ئەو قسەیەی:

ـ من بە تەمای ئەوە نیم لە مووچەی تۆ بخۆم، بۆ خۆت دەخوێنیت و ئەگەر مووچەت وەرگرت بۆ خۆتی وەردەگریت.

بە ڕۆژو شەو چاوی چەپت دەڕفی. ئەگەرچی تۆ بڕوات بە قسەو قسەلۆکی نەزانان و پیرەژنان نییە، بەڵام جارو بار بەر گوێت کەوتووە ئەگەر چاوی ڕاستت بڕفێت، ئەوە ڕووداى باشی بە دواوەیە، بەڵام ئەگەر خوارەوەی چاوی چەپت بڕفێت ئەوە ڕووداوی خراپی بە دواوە دەبێت. بۆیە هەرکە چاوی چەپت بڕفیایە دڵت دادەخورپاو لەوە دەترسایت شتێك بەسەر باوکت بێت.

ئەو چوار هەفتەیە بەردەوام چاوت دەڕفی، ئەو کات نە تەلەفۆن و نە مۆبایل هەبوو مرۆڤ لە هەموو ڕووداوێك ئاگەدار بکرێتەوە، تۆیش ناونیشانی خۆت لە ماڵەوە

بەجێ نەهێشتبوو تا ئەگەر ڕووداوێك ڕوو بدات یەكسەر بی بروسكە یـان نامەیـەكی بەپەلە ئاگەدار بكرێیتەوە. هیچ زانیارییەكت لە بارەی باوكـت و نەخۆشـی باوكتـەوە نەبوو. تەنیا چاوی چەپت دەرفی و دڵت دادەخورپاو دەترسایت شتێك ڕووی دابێت.

كۆتایی مانگ نۆرە مۆڵەتت هـات، جلـەكانی خـۆت پێـچایەوەو بـۆ نیوەشـەو گەیشتیتە پایتەخت و لەگەراجەوە تاكسییەكت بۆ ماڵەوە گرت.

تەماشات كـرد ماڵتـان لـەوێ بـاریكی كـردووە، دوو سـێ خـانوو لـەولاترەوە ژووریكیان گرتووە. ناونیشانەكەت وەرگرت، دوو سێ خانوو لـەولاتر لـە دەرگەیـەكی بۆرت داو چوویتە ژوورەوەو یەكسەر دایكت بینی بە غەمگینییەوە دەستی كردە ملت و گریا، زانیت ئەوەی لێی دەترسایت ڕووی داوە. ئـەوە دوو هەفتەیـە باوكـت كۆچـی دوایی كردووەو لە گۆڕسـتانەكەی نزیـك گەڕەكەكـە شـاردوویانەوتەوەو پرسـەیان بـۆ داناوەو لەو كاتەیشدا ئامۆزاكەی باوكت لێرە بووەو بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ناشـتن و پرسەكەدا كردووە. پڕ بەدڵ و لە ناخەوە گریایـت، بـۆ بـێ كەسـی خـۆت و براكانـت گریایت. بۆ ئەوە گریایت كە بە دیار باوكتەوە نەبوویت كاتێك چاوی لێك نا. نـەتزانی چۆن چاوی لێك ناوە، لە دواساتدا وەسیەتی چی كردووە، لەكوێ بنێـژرێت و چـی بـۆ بكرێت؟ بۆیە بڕیارت دا واز لەو ژیان بهێنیت و بچیتە خەڵوەتـەوەو خـۆت ڕەشـپۆش بكەیت و چی دیكە دڵت بەو ژیانـە خـۆش نەكـەیت كـە خۆشەویـسترین و نـزیكترین كەسی لی ٚ سەندیتەوە.

هەرچی هەست و سۆزی خۆتە لە چامەیەكی غەمگیندا داڕشت و لە ڕۆژنامـەی ڕۆژگاردا بلاوت كـردەوە. كاردانەویـەكی زۆری لای خوێنـەران دروسـت كـرد. داخـی ئەوەشت ناچێت كە باوكت لـە گۆڕسـتانێكی پایتـەخت شـارراوەتەوەو هـەرگیز ئـەو كەمتەرخەمییەت لەبیرت ناچێت و جێی ڕەخنەو سەرزەنشتی ناخی خۆتە كە گڵكـۆی باوكت هەڵنەبەستووە، ئەم برینەشت هەرگیز سارێژ نابێتەوە!

له قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە دەستت بە نوێژکردن و قورئـان خـەتم کـردن و قورئان خوێندن کرد. ڕەمەزانان تا قورئانت خەتم نەکردایە دڵت ئـاوی نـەدەخواردەوە. هەموو هەینییەك گوێت لە وتاری هەینی دەگرت. نوێژی هـەینیت لەگـەڵ هـاوەڵان و ناسیاواندا لە مزگەوت دەکرد. ڕەمەزانان تا نوێژی تەراویحت نەکردایە نەدەهاتیتـەوە. پارشێوان بەر لـە هـەموویان هەڵدەسـتایت و لـە ڕادیـۆوە گوێـت لـە گـۆرانیی ئـەو گۆرانیبێژە ناودارە دەگرت بۆ ڕەمەزان تۆماری کردبوو.

مرۆڤ بە دەستی خۆی نییە (شیری خاوی خواردووە)و ئارەزووی هەموو ئەو شتانە دەکات کە چێژیان لێ وەردەگرێت. لە (خـاڵ خـاڵ) خولیـای (ئـەڤین)ی جوانەمـەرگ بووبوویت. چەند جار لە دۆڵەکەی ئەو دیوی گوندەوە یان لە ژێر دارپەڵکەکانی بەردەم دێ یان لای بەرخ لەوەڕاندن، لە شوێنێکی پەنادا بۆت پـاڵ دەکـەوت و تـۆیش چـوون گـەورە خـۆت بەسـەردا دەدا. ماچـت دەکـرد. مەمکـەکانت دەسـت دەدایـەو دەتگەوزاندەوەو دەگەیشتیتە چڵەپۆپەی چێژ بـێ ئـەوەی کەتنەکـە بکـەیت. جاروبـار سەرداری حەمە سەعیش بۆی دەگێڕایتـەوە کـە نـەك هـەر تـۆ بـەڵکو ئـەویش ئـەو پێوەندییەی لەگەڵ (ئەڤین)دا هەبووە.

لە کۆلێژ دەتخوێند، بەرگوێت کەوتبوو خوێندکارەکانی هاوەڵت ئەوانەی لە ماڵان یان ئەپارتمانەکان ژووریان گرتووە ئالۆشیان لەگەڵ ئەو ئافرەتـە جـوان و سـۆزانیانەدا بەتاڵ دەکەن کە لەشی خۆیان دەفرۆشن. جەباری هاوەڵت پێی ڕاگەیاندیت ڕۆژی پێـنج شەممە سۆزانییەکی تایبەت سەریان لێ دەدات و پێی ڕاگەیاندیت:

ـ پاش نیوەڕۆی پێنج شەممە وەرە سەرێکمان لێ بدە، نێچیرێکی باشمان بۆ دێت، خۆت بەتاڵ بکەوە!

پێنج شەممە هەرکە نانی نیوەڕۆت خوارد، گەڕەکی دەروازەت بەجێ هێشت و سواری فۆرتەکان بوویت و لە گۆڕەپانی دەرگەی گەورە دابەزیت. بە تەنیشت تەلاری ناوخۆی کوڕاندا ڕۆیشتیت. چەند دوکان و تەلارێکت بەجێ هێشت لەو دیوی تەلاری کۆلێژی ئەندازیارییەوە بەرەو شەقامی تەلاری کۆلیژی ئەدەبیات تێت تەقاند، لەو دیوی پردی شەمەنەفەرەکەوە ڕاست بەرەو جادەی زانکۆی ئێواران ڕۆیشتیت. بەلای چەپدا لات دایەوەو خۆت بە ئەپارتمانێکی سەر شەقامە سەرەکییەکەدا کرد.

جەبارو چەند خوێندکارێکی دیکەی هاوەڵی لە ژوورەکەدا بوون. خۆشاویان بۆ هێنایت و دەستتان بە دەمەتەقێ و گاڵتەو گەپ کرد. یەکێکیان هەڵیکێشا:

ـ سوێند دەخۆم ڕەوەند ئەوەند تامەزرۆیە، سوعاد بەرگەی ناگرێت.

ناوی سۆزانییەکە(سوعاد) بوو، کورتە باڵایەکی سپی ڕەنگی خەڵکی ئەو خوارە بوو.

ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە:

ـ لە ئامادەباشیدا بن نەوەك ......!

هەموویان لە قاقای پێکەنینان داو تۆیش بێ دەنگ نەبوویت:

ـ نا بابە نا .. لەوانەیش نییە!

لەو بەزمەدا بوون، ئافرەتێکی کورتە باڵا بە ئەسپایی هاتە ژوورەوە، ژوورێکی بچووك هەبوو نوێنێکیان تێدا بۆ ئەو بەزمە دانابوو. ئافرەتەکە بێ ئەوەی کاتی خۆی بە فیڕۆ بدات، یەکسەر چووە ژوورەکەو یەکە یەکە خۆیان پێ دەگەیاند، نۆرە هاتە سەر تۆ، تۆیش خۆت پێ بەتاڵ کردەوە. یەك دووی دیکە دوای تۆ خۆیان پێ گەیاند،

تۆیش پشوویەکت دابوو، دیسان ئارەزووت دەکردو ئاگری دڵت دانەمرکابوو، جارێکی دیکە خۆت تاقی کردەوە، هەستت بە چێژێکی بێ وێنە کرد، لە دڵی خۆتدا دەتگوت:

ـ ئەم چێژە لە پێناوی ئەم ژیانەدایەو، ئەم ژیانەیش بێ ئەم چێژە هیچ چێژێکی نییە!

لە گەڕەکی (گۆڕەپان)ی پایتەختیش دوو سێ جار سەرت لەو ماڵانە دا دوو سێ لەو ئافرەتانەی لێ بوون، لەوێش ئاڵۆشی لەشت بەتاڵ دەکردەوە. ئەو جارەشت لە یاد ناچێت کە لای هەردوو هاوەڵە هۆزانڤانەکەت بوویت، ئافرەتێکی ئەو لای سەرەوە منداڵێکی پێ بوو، بە ناوی دەرۆزە هاتە ژوورەوە، هەمووتان خۆتان پێ بەتاڵ کردەوە.

لە شاری (باشوور)یش کە سەرباز بوویت، لەگەڵ چەند هاوەڵێکت چوونە شارۆچکەکەی خوارترو لەوێ سواری ئۆتۆمۆبیل بوون، خۆتان گەیاندە گەڕەکی (لاژە)، ئەو گەڕەکەی ژیانیان لەسەر ئەو پیشەیە ڕادەوەستا، لەهەر دەرگەیەت دابایە والابوو، دەچوویتە ژوورەوەو ئاڵۆشت بەتاڵ دەکردەوەو پارەی خۆتت دەداو دەهاتیتە دەرەوە، کەس ڕێی لێ نەدەگرتیت، بە بەرچاوی پیاوی سمێڵ درێژو ناوشان پان و گوریس بەسەر، کە زیتەی چاویان دەهات، دەچوویتە ژوورەوە، کاری خۆت لەگەڵ کچ یان ژن یان براژنەکەیدا دەکرد، پارەی خۆت دەداو دەهاتیتە دەرەوە. لەوێش یەك دوو جار تینووی خۆت دامرکاندەوە.

## (٤١)

دوای هەژدە مانگ، سەربازیت لە کۆڵەوە بوو، گەڕایتەوە پایتەخت و لە بەدبەختی تۆیش دەرچووانی کۆلێژەکان بە مامۆستای قۆناغی سەرەتایی دادەمەزران و بەو شێوەیە بێ ئەوەی ئاگەیان لەخۆیان بێت ڕیسواو سەفیل دەکران. تۆ نەتویست بە مامۆستای سەرەتایی دامەزرێیت، هەوڵت دا لەو دەزگە ڕۆشنبیرییە دامەزرێیت کە هەفتەنامەی (ڕۆژگار)و گۆڤاری (کەیوان)ی بڵاودەکردەوە. کە لەسەربازیش بوویت زۆر هۆنراوەو بابەتی وەرگێڕاوو نووسینت تێدا بڵاو دەکردەوە.

شەممەیەك ڕۆیشتیت و داواکارییەکت پێشکەش بە دەزگەکە کرد. ڕێکەوت ئەو ڕۆژە چیرۆکێکی وەرگێڕراوت لە دوا لاپەڕەی هەفتەنامەکەدا بڵاوکرابووەوە. ئەوەیش باشترین بەڵگە بوو بۆ ئەوەی لە دەزگەکە دامەزرێیت. هەرکەسێکیش دامەزرابایە تاقی دەکرایەوە، ئەو چیرۆکە بۆ تۆ جۆرە تاقیکرنەوەیەك بوو، بێ تاقیکردنەوە نووسراویان بۆ وەزرات کرد تا فەرمانی دامەزراندن دەربکات.

وەزارەت مەرجێکی دانا، دەبوو ئەو دەرچووانەی کۆلێژەکان کە لە دەزگەکانی وەزارەت دادەمەزرێن، خولێکی یەك مانگی ببینن، تۆیش یەکێك بوویت لەو سی چل کەسەی داوای دامەزراندنتان کردبوو، مانگێك لە دەزگەی تایبەت بە خولەکان بەشداری خولەکەتان کرد، کە پتر سەبارەت بە کارگێڕی و ژمێریاری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەزگەو ڕێکخستنی کتێبخانەو کاری ناو دەزگەکان بوون لەو پسپۆرییەوە دوور بوو کە تۆو هەندێك لە بەشداربووان بەدەستتان هێنابوو.

مانگێکی ڕەبەق هاتن و چوون، خولەکە کۆتایی هات و بە نووسراوێك ڕەوانەی وەزارەت کرانەوە. وەزارەت هەمووی بەسەر ئەو دەزگایانەدا دابەش کردن کە داواتان کردبوو لێیان دامەزرێن. بە نووسراوێك چوویتە کتێبخانەی دەزگەکە، بەڵام لە

هەفتەنامەی (ڕۆژگار) کاری نووسین و وەرگێڕانت ئەنجام دەدا. پاش سێ مانگ ناونیشانەکەت بۆ ئیشی نووسین و وەرگێڕان گۆڕا. لە لاپەڕە یەك و دووی هەفتەنامەکە کارت دەکرد. نووسینی ڕۆشنبیری و ڕەخنەو ڕیپۆرتاژی کۆمەڵایەتی و هۆنراوەو جاروباریش چیرۆکت دەنووسی و وەردەگێڕا.

کاتێك بەشی وەرگێڕان دامەزرا، ژمارەیەك کارمەندیان بۆ بەشەکە دەستنیشان کرد، یەکێکیان تۆ بوویت. تا لە دەزگە بوویت لە هەفتەنامەی (ڕۆژگار)و گۆڤاری (کەیوان) و بەشی وەرگێران و بەشی ڕۆشنبیری کارت کردو هەر ماوە نا ماوەیەك بۆ یەکێك لەو بەشانەی ناو دەزگە دەگوێزرایتەوە. جارێکیشیان بوویتە بەرپرسی لاپەڕەی ڕۆشنبیری و نووسین و وتاری ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری گشتی و هونەریت هەڵدەسەنگاندو لەلاپەڕەکەدا بڵاوت دەکردنەوە. لەو ئەرکەدا چەند کارمەندێك هاریکارییان دەکردیت . سانا یەکێك لەو کارمەندانە بوو، بەردەوام کاری نەدەکردو لەشوێنی خۆی دانەدەنیشت. ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەر بەو کەتنەی زانی و تۆی سزا دا.

(نەگۆشتت خواردبوو، نە گۆشتاو، گیسکێکت جرماند)!! بەوەشەوە نەوەستان بەرپرسیاریەتی سەرپەرشتیکردنی لاپەڕەکەشیان لێ وەرگرتیتەوە.

نامەیەکی م. هەڵکەوتی شاعیرت لە ئارابخاوە پێگەیشت:

(برای بەڕێزم ڕەوەند کوێستانی.

دەستت خۆش بێت بۆ ئەو بابەت و هۆنراوەو ڕەخنەو وتارو چیرۆکانەی لە لاپەڕەی ڕۆشنبیری هەفتەنامەی (ڕۆژگار)دا بڵاویان دەکەیتەوە. بەڕاستی هۆزانڤانانەو هونەرمەندانەو بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بابەتەکان هەڵدەبژێریت، لەوەتای تۆ سەرپەرشتی ئەو لاپەڕە دەکەیت پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینیوە، نووسەران و هۆزانڤانان و ڕەخنەگران لە دەوری کۆبوونەتەوەو هەریەکە هەوڵ دەدات بابەت و بەرهەمی خۆی لەو لاپەڕەیەدا بخوێنێتەوە. ئافەرین دەستت خۆش بێت.

برای بەڕێز.. بەندەی دڵسۆزتان ماوەیەکە چەند کۆپلە هۆنراوەو وتارێکی ڕەخنەیی و کورتە چیرۆکێکم بۆ ناردوویت .. بەڵام نازانم بۆچی تا ئێستە بڵاو نەکراونەتەوە. ئەگەر ڕووناکی ببینن مەمنوون دەبم.

برات

م.هەڵکەوت).

ئەو نامەیە هیچ بەرسڤێکی نەبوو، تۆ بەرپرسیاریەتی لاپەڕەکەت لێ وەرگیرابووەوە، تەنیا وەك نووسەرێك کاری لاوەکی نووسینت بۆ هەفتەنامەکە دەکرد. لە ڕۆیشتنیکدا بۆ ڕیپۆرتاژ هەڵکەوتت بینی و گلەیی لێ کردیت:

ـ ماوەیەکە بەرهەمەکانی ئێمەت پشت گوێ خستووە، بۆ ئێمەت پێ شاعیرو نووسەر نیین؟

ـ بڕوات هەبێت تا من بەرپرسیاری لاپەڕەکە بووم ئەو بەرهەمانت بە دەستم نەگەویشتبوون، ڕەنگە دوای ئەو ماوەیە گەیشتبن.

ـ ئێ .. گوتم بۆچی ئەو بەرهەمانەی من بلاو نابنەوە! هەبێت و نەبێت ئەمە کاری عەلە باریکە، بەرهەمەکان بە دەستی ئەو گەیشتوون و فڕێی داونەتە سەبەتە زبڵەوە!

ڕاستیشی دەکرد، عەلە باریك کابرایەکی کەلەڕەقی کینە لەدڵ و بوغزاوی و نەگریسە. ڕکی لە بابی خۆیشی دەبێتەوە. بەرهەمی نووسەران بە دەستییەوە زەلزەلەیان بوو. سەبەتە زبڵ بەشی نەدەکرد، ئەو بابەتانەی هی هەر نووسەرێك بووایەن کە خۆشی پێیاندا نەدەهات، سەرنگوونی دەکردن، بگرە دەیسووتاندن و هیچ شوێنەوارێکی نەدەهێشتن.

ئەو هەفتەیە نۆرەی تۆ بوو لە کات دەرچوونی هەفتەنامەکـەدا ئێـشك بگریـت، چوویتە چاپخانەو هەموو لاپەڕەکان تەواو کرا، کرانە پلێت و یـازدەی شـەو یەکـەمین دانەی هەفتەنامەکە چاپ بوو، تەماشـای هـەموو لاپـەڕەکانت کـرد، بـە ناونیـشانە سەرەکی و لاوەکی و گۆشەکاندا چوویتەوە. بەکرێکارەکانت ڕاگەیاند.

ـ ڕامەوەستن، ناوی خوای لیٚ بێنن، چاپی بکەن هەموو شتێك تەواوە.

چاپ دەستی پیٚ کرد، چەند دانەیەکت لەگەڵ خۆت بردو سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی دەزگە بوویت، لای ماڵ دابەزیت. هەرکـە چـوویتە ژوورەوە، ناسـیاوێکتان مێوانتـان بوو. هەفتەنامەکەی وەرگرت و دەستی کردە خوێندنەوەی، یەکسەر پێی گوتیت:

ـ ئەو ناونیشانە هەڵەی چاپە!!

تەماشات کرد ناونیشانەکە سەبارەت بە هەواڵی بەرپرسـێکی گـەورە بـوو، لـە جیاتی وشەی بەڕێز وشەی ( بەڕێر) نووسرابوو. ناچار خۆت نـەگۆڕی و یەکـسەر بـەو نیوە شەوە تاکسیت گرت و چوویتە دەزگەو لەوێشەوە بە ئۆتۆمۆیلی دەزگـە چـوویتە چاپخانەو بە کرێکارەکانت ڕاگەیانـد هەفتەنامەکـە مەپێـچنەوەو دابەشـی مەکـەن، پرسیاریان کرد:

ـ بۆ نەیپێچینەوەو دابەشی نەکەین؟

ـ هەڵەی تێدایە، سبەینیٚ ڕاستی دەکەینەوەو سەرلەنویٚ چاپی دەکەینەوە.

کاتژمێر هەشت و نیوی بـەیانی نـەبووبوو، بەڕێوەبـەری گـشتی تـۆو بەرپرسـی هونەری بانگ کرد، قسەکانی بەلای تۆدا شکایەوەو ویستی سوپاست بکات بۆ ئەوەی ڕێت نەداوە ڕۆژنامەکە بەو هەڵەوە بڵاوببێتەوەو کێشەیەکی گەورە دروست ببێت، بـە تایبەتی ئەو کەسەی هەڵە لە نازناوەکەیدا کـراوە لـە جیـاتی بـەڕێز وشـەی (بـەڕێر) نووسراوە کەسایەتییەکی گـەورەبوو، ئەگـەر هەڵەکـە تێپەڕیبایـەو ڕۆژنامەکـە بـڵاو بووبایەتەوە، مەگەر خوا خۆی بیزانیایە چی ڕووی دەداو چارەنووسی تۆیش چی دەبوو.

لێ بەرپرسی هونەری ڕازی سەعدوڵڵا سەرێکی هێناو سەرێکی بردو پلانێکی نەگریسانەی لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵە کردو هەڵیکێشا:

ـ بەڕێز جەنابی بەڕێوەبەر من لەوێ بووم، کاك ڕەوەند ئەرکەکەی خۆی بە تەواوەتی جێبەجێ نەکرد، یەك دوو دانە لە ڕۆژنامەکە چاپ بوو، یەکسەر چاوی پێدا خشاندو تێی تەقاند ڕۆیشتەوە.

بەڕێوەبەر کە ئەو قسانەی بیست، هەڵوێستی گۆڕی و هەڕەشەو گوڕەشەی کردو وەنەبوو ئەو دەمە سزایەکت لە خوت و خۆڕایی بەسەردا بسەپێنێت. بەڵام تۆ داوای قسەکردنت کرد:

ـ بەڕێز جەنابی بەڕێوەبەر .. تۆ دەزانیت ئەوەندە بە پەرۆشەوە بووم هەڵە ڕوو نەدات تەنانەت بە ڕێگەوە بەرەو ماڵ هەر چاوم بە مانشێتەکاندا دەگێڕا، لەمڵەوەیش باش بوو ئەو ناسیاوەمان میوان بوو هەڵەکەی بینی، زۆر جار ئێمە وشەیەك بە ڕاستی دەخوێنینەوە، کەچی پیتێکی جێگۆڕکێی پێ کراوە بەڵام چاومان نایبینێت، چونکە لە کاتی ئیشکردن و ماندوویەتیداین، سەیر دەکەیت یەکێکی دیکە کە ماندوو نییەو پشووی داوە یەکسەر هەڵەکە دەدۆزێتەوە.

ئەم قسانەت دەمارە گرژەکانی بەڕێوەبەری هێور کردەوەو، فەرمانی دا زوو بچن هەڵەکە چاك بکەنەوەو هەفتەنامەکە چاپ بکەن، چونکە لە بەیانی زووەوە خوێنەران بە تەلەفۆن بێزاریان کردوون، بۆچی هەفتەنامەکە نەگەیشتووەتە فرۆشگەکان.

## (٤٢)

دراوسێ و خزمان لە ماڵی لالۆ کەریم گردبووبوونەوە، لالـۆ ئەحمــەدی خزمیــان میوانیان بوو، ئێوەیش ڕۆیشتبوون هاڵ و هەواڵی ئەو خزمانە بزانن کە دراوسێی لالۆ ئەحمەدن و پێکەوە لە شاری (ئەڵوەن) نیشتەجێن. بەخێرهاتن و خۆشی و دشــی کـرا. دەست بە دەمەتەقێ و باسی سەردەمی ڕابوردوو کرا. ئێوەیش زۆرتان حەز لەو جـۆرە باسانە دەکرد. لەگەڵ میوانەکاندا گوێتان بۆ شل کردبوون.

لالۆ کەریم مژێکی لە جگەرەکەی داو دووکـەڵێکی چڕ بەســەر ســەرتانەوە بـە ئاسماندا توایەوە، نۆری خۆی بە فیڕۆ نەداو دەستی پێکرد:

ـ لەو دێیە ڕاوەپۆڕ باوبوو، بۆیە غەریب ئاغا دەست و پێوەندی خۆی لـە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، هەر کەســەو ســەرو تفـەنگێکی تـاپڕو دەمانــچەی حـەفت تـیرو خەنجەرێکی بە شان و لاڕان و بەرۆکەوە بوو، جگە لە تانجی و کوتەك.

ئەنجا مژێکی لە جگەرەکەی داو درێژەی پێدا:

ـ هەرکە راوەپۆڕ بووایە غەریب ئاغا مەفەری بە کەس نـەدەدا، هــەموو پیـاوی گوندەکەی بۆ ڕاو دەبردو چەند پۆڕیشیان ڕاوبکردایە، ئاغا هەمووی لێ زەوت دەکردن و هیچ کەسیش نەیدەوێرا بلێت لەل. کە پۆڕەکان بۆ ماڵی ئاغا دەبرانەوە، پاك دەکران و جوان جوان لێ دەنران و سوور دەکرانەوە، ئاغاو دەست و پێوەندەکەی چوون گـورگی برســی دەکەوتنــە وێزەیــان... پۆڕگرەکـانیش لەماڵــەوە زەقــەی چـاویان دەهــات و منداڵەکانیشیان هەناسەیان هەڵدەکێشا.

لالۆ کەریم دیسان گوتی:

ـ ئەو ساڵە مــن تـازە بووبوومــە مــەلای دێیەکـە، ماڵمــان لـە زنجێکـدا بـوو خزمێکمان پێی بەخشیبووین. لە ڕۆژێکی سامال و خۆشدا، هــەتاو هــەموو لایــەکی

ڕووناك كردبووەوە، بایەكی فێنك دەهات و دارو دەوەنەكانی دەلەراندەوە. كوت و پڕ بۆ ڕاوەپۆڕ قڕ بە ئاواییدا كرا. ئاغاو دەست و پێوەندەكەی و خەڵكی ئاواییەكە ڕوویان كردە چەم و منیش تا ئێستە نەچووبوومە ڕاو، ئەمە یەكەم جارە خۆم تاقی دەكەمەوە، لە ناو خەڵكەكەدا لاكەی سەرم دەهات.

كە گەیشتینە چەم، تانجییەكانیان بەرەڵڵا كردو ڕاوەپۆڕ دەستی پێكرد، بوو بە هەراو هوریاو بگرەو بەردە. ئەوەندەی نەبرد گوتیان: سا بیگرە هات. سەیری سەرووی درەختەكانم كرد پۆڕێكم دیت بەرەو لای من دەفڕی، سووك و ئاسان هات و لای بنجە قامیشێكی نزیك بە مندا نیشتەوەو خۆی كپ كرد. منیش بەپسكە پسك ڕۆیشتم و زۆر بە ئاسانی توانی بیگرم و بیخەمە تەنكەی باخەڵمەوە. یەكێك لە ڕاوكەرەكان نزیكم بووەوەو پێی گوتم: خۆ پۆڕەكە لێرەدا نیشتەوە.. نەتدی؟

منیش گوتم: دیم لێرەدا نیشتەوە ..بەڵام چی بەسەرهات؟!

ئەویش گوتی: لەوانەیە خۆی دزیبێتەوە.

كابرام لێ دوور كەوتەوە. هەناسەیەكی شادومانیم هەڵكێشاو دەستی ئۆخەیم بەسەر دڵمدا هێنا.

منداڵێك دەستی بە گریان كردو قسەكانی لالۆ كەریمی پچڕاند، ئەویش ئەمەی بەهەل زانی و مژێكی دیكەی لە جگەرەكەی دا. منداڵ ژیر كرایەوە، باس درێژەی كێشا.

- نەختێك چوومە ئەو لا ترەوە ناو بنجە قامیش و تووترِكەكان دەگەڕام، ئەوەندم زانی گوترا:

- ها .. بیگرە هات.

سەرنجم دا پۆڕێكی دیكە بە ئاسمانەوە بەرەو لای من دەفڕێت، لە پڕ هات و لە نزیكمەوە خۆی خیپ كرد. منیش تا بۆم كرا كوتەكێكم پێدا ماڵی، بەڵام نەمپێكا،

هەرچۆنێك بوو دوای کەوتم و ئەویشم گرت و خستمە تەنکەی باخەڵمەوە، وەیش نەبوو قیسپە دارێك ورگم بدڕێت و گەدەو ڕیخۆڵەم بکەونە ئەو ناوە.

پیاوەکـانی ئاغـا سـوارەبوون لەگـەڵ ئاغـادا چـاویان لێبـوو پۆڕەکـەم خـستە باخەڵمەوە، ئەوەندەم زانی ئاغاو دەست و پێوەندەکەی چوار دەوریان دام و یەکێك لـە پیاوەکانی ئاغا هەڵیکێشا:

ـ کوا ئەو پۆڕەی گرتت؟ دەری نەهێنیت پەتپەتی دنیات بەسەر دەهێنین.

منیش بە بەرچاویانەوە دەرمهێنـان و هـەردووکم سـەربڕین و دیـسان خـستمنە باخەڵمەوە.

ئاغا کە ئەمەی بینی، تووڕە بوو، فەرمانی دا لێم بستێنن، بەڵام مـن سـوێندم خوارد نابێت و ناکرێت ئەو دوو پۆڕە بە کـەس نـادرێن، چـونکە کوڕەکـەم نەخۆشـەو سکی هاتووەو گۆشتی پـۆڕی بـۆ باشـە، منـیش بـۆ ئـەومن و کـەس چـاوی پێیـان ناکەوێت، خۆیشم تووڕە کردو ڕووم لە ئاوایی کرد. ئەوانیش وازیـان لـێ هێنـام، کـە گەیشتمە ماڵەوە کەیوانۆکـەم زوو پـاکی کـردن و لێـی نـان و خـەریك بـوو سـووری دەکردنــەوە، ئاغــاو پیاوەکانیــشی دوای مــن هــەموویان هاتبوونــەوە، پۆڕەکانیــان کۆکردبووەوە. تەنانەت لالۆ فەرەج پـۆڕێکی شـاردبووەوە، لەترسـان گوتبـووی تـانجی خوردوویەتی.

بۆ دوایەمین جار مژی لە جگەرەکەی داو لەسەری ڕۆیشت:

ـ پۆڕەکان لەناو تاوەی سوورکردنەوەدا بوون، ئاغا پیاوێکی بـە شـوێندا نـاردم، پێی گوتم:

ـ ئاغا پۆڕەکانی دەوێت، لەبەر ئەوەی مەلا عەباس میوانیەتی خۆی نەهات.

منیش پێم ڕاگەیاند کە خۆم پۆڕەکانی بۆ دەهێنم. کابرا ڕۆیـشت: زۆریـشم پـێ خۆش بوو مەلا عەباس میوانی ئاغایە.

پۆڕە سوورکراوەکانمان لەسەر ئاگر داگرت و دانەگرت دیسان پیاوی ئاغا گەڕایەوە. منیش گوتم : فەرموو ئەو ڕانە پۆڕە بەشی تۆیە، کابرا تووڕە بوو، گوتی: تۆ گاڵتەمان پێدەکەیت!

ئیدی لێی داو ڕۆیشت.

پاش ئەوەی هەردوو پۆڕەکە خوران، خۆم ئامادە کردو چووم بۆ دیوەخانی ئاغا.

کە ڕۆیشتمە ژوورەوە میوانێکی زۆری لێبوو، ئاغا پاڵی دابووەوە. سەڵاوم کرد، وەڵامیشیان نەدامەوە، ڕاوەستام کەس نەیدەوێرا پێم بڵێت: فەرموو دانیشە. تا مەلا عەباس پێی گوتم: بۆچی بە پێوە ڕاوەستاویت فەرموو دانیشە؟

دانیشتم و دانەنیشتم، لە جیاتی بەخێرهاتن، ئاغا هەڵی دایەو ڕووی قسەی تێکردم:

ـ کەریم، لە دێیەکدا دوو ئاغا چۆن دەیانکرێ؟

لەوەڵامدا گوتم:

ـ ئاغا مەبەستت ڕوونە، ببوورە من ئاغا نیم، بۆ مەسەلەی پۆڕەکانیش دەڵێم: ئەو پۆڕەی ئێمە ڕاوی دەکەین و دەیگرین، بۆ ئێوە وەك گۆشتی بەراز حەرامە، چونکە ئەگەر من قیسپێك سکی دڕیم، تەنیا پۆڕەکە دەبێتە قەرەبووی خوێنم، من هیچ کاتێك ئامادەنیم ئەو پۆڕانە بە تۆ ببەخشم و لەو لاوە منداڵەکانم بۆ گۆشتی پۆڕ هەناسە هەڵبکێشن.

ئاغا هەڵیکێشایە:

ـ تۆیش وەك ئەو هەموو خەڵکە.

منیش گوتم:

ـ لە ژیانمدا ڕاست بوومەو ڕاست دەڕۆم. بەلای شێردا تێدەپەڕم و قسەی ڕاست دەکەم و لە هیچ چاو ناترووکێنم، ئەگەر تۆ پۆڕ خۆریت، ئەم خەڵکە پۆڕ دەگرن، پارە

بدەو لێیان بکرە. نەك بە زۆر بکەویتە وێزەی ئەم بێ دەستەڵاتانەو لێیان زەوت بکەیت، ئاخر خوا هەڵناگرێت.. ئەگەر شتێکیان لێ هات.. گوێشیان پێ نادیت و ناشیاناسیت، خوێنیان بەفیڕۆ دەچێت.

لالۆ کەریم گوتی:

ـ مەلا تۆو خوا قسەکەم ڕاستە یان نا؟

مەلایش بە بەڵگەوە سەلماندی کە گۆشتی ئەو پۆڕانە وەك گۆشتی بەراز حەرامەو نابێت بە زۆر لێیان بستێنێت.

ئاغا کە ئەمەی بیست، بێ دەنگ بوو.. دامرکایەوەو مقی کرد، بەڵام ئەمە بوو بە کینەیەك هەر لە دڵیدا مایەوە.

کە زستان داهات پێی گوتم:

ـ دێیەك و دوو ئاغایان چۆن گوتووە؟

لە مەبەستی تێگەیشتم، لەو گوندە گوێزامەوەو چوومە گوندێکی دیکە، لەوێ یەك ژنم هەبوو لێرە کردم بە دوو! ساڵ هات و چوو، دنیا گۆڕاو پاشایەتی گۆڕاوگۆڕ بوو، سەری ئاغاو دەرەبەگی تێداچوو. ئێوەیش لە دەستی زوڵم و ستەم ڕزگارتان بوو!

لەژیانتدا بڕوات بە دڵداری نەبوو، کەچی بەشی خۆت دڵداریت کرد، دڵدارییەکی ئەویندارانەت کرد، ئایشێ لە دوورەوە خۆشی دەویستی، لە گوندی گۆڕەشا زۆر جار لەگەڵ برا بچووکەکەیدا لە فێرگەوە دەچوویتەماڵیان، کاتێک بەرگی کتێبی بۆ دەگریت. لە شاریش هەر هام و شۆت دەکردن. براژنەکەی دەیزانی ئایشێ تۆی خۆش دەوێت. حەزی دەکرد بۆ یەکدی بن.

ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، لە پایتەخت گیرسانەوە، ئەو گەڕەکەی لێی بوون لێتانەوە دوور نەبوو، کە سەرت لێیان دابایە یەکدیتان دەبینی و جارو باریش کاتێکتان دیاری دەکردو لە باخچەیەکی گشتیدا بەیەك دەگەیشتن و پیاسەتان دەکردو ڕازی دڵتان بۆ یەکدی هەڵدەڕشت.

لە دوایەمین دیداردا لە باخچەی گشتی بینای برازاکەی لەگەڵ خۆی هێنا. بینا منداڵ بوو، لەناو باخچەکە یاری دەکرد. ئێوەیش لەسەر تەختەیەکی لاچەپ دانیشتبوون تەگبیرتان دەکرد.

هەڵیکێشاو گوتی:

ـ حەز دەکەم زوو بێیتە داخوازیم.

ـ جارێك زووە من خۆم بۆ ئەم پرسە ئامادە نەکردووە.

ـ هیچی تێ ناچێت برێك پارەی دەوێت و زێڕو ناو ماڵەیش لەسەر خۆم.

ـ ئەی شیرینی خواردن و خەرجی زەماوندو ئۆتێل گرتن وئاهەنگ و بانگهێشت کردنی خزم و کەس و کار؟

ـ کارت بەسەرەوە نەبێت ئەوەندەم هەیە بەشی هەر هەمووی بکات.

ـ باشە، ناومالـەی ناوێـت؟ نایـەوێت خانوویـەك بـە کـرێ بگـرین؟ لـە کـوێ بحەسێینەوە؟

ـ جارێك لە ژوورێك لەو دوو ژوورەتان لەگەڵ دایك و براکانت دادەنیشین و دواتر خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێ دەگرین.

ـ من هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم ئەم کارە بەم شێوەیە سەرناگرێت.

ـ چۆن سەر ناگرێت؟ دیارە منت خۆش ناوێت؟

ـ ئەوە قسەیە تۆ دەیکەیت؟ کەواتە بۆچی من و تۆ لێرە بەیەکەوەین؟

ـ ئەی بۆچی ئەم قسانە دەکەیت؟

ـ ئەی نابێـت ڕاوەسـتین تـا بڕێـك پـارە بەیەکـەوە دەنـێین و سـلفەی ژنهێنـان وەردەگرین؟ ئەم کارە بە پەلە ناکرێت؟

ـ پەلەی چی لەوە پەلەتر؟ ئەوە چەند ساڵە چاوەڕوانی ئـەم هەلـەم، دە تـۆ وەرە داخوازیم و هەقت نەبێت.

وەڵامت نەبوو، سەرێکت بۆ لەقاندو بیرت کـردەوە هێـشتە زووە خـۆت تووشـی داوی ژنهێنان بکەیت، بە تایبەتی لەم بارودۆخە ئابوورییـەدا کـە مووچـەکەت تـەنیا بەشی کرێ خانوو و خواردن و گوزەرانی ڕۆژانـە دەکـات و ناتوانیـت مانگانـە چـەند قرووشێك پاشاکەوت بکەیت.

ماوەیەك ئاگەت لە ئایشێ و ماڵی براکـەی نـەما، ئـەو هەفتەیـە لـە تاریکـە بازاڕەکە براژنەکەیت بینـی و خۆشـی و دشـیت لەگـەڵ کـرد. هـەواڵی مێردەکـەی و منداڵەکانت لێ پرسی، بەڵام جلی ڕەشی لەبەر بوو، پرسیت:

ـ خێرە ئەم جلە ڕەشە چییە؟ خوانەکردان چی قەوماوە؟

ـ چیت لێ بشارمەوە.

ـ چی ڕووی داوە؟

ـ ئایشێ ..!

ـ ئایشێ چییەتی؟

ـ ئێوە خۆش.

ـ کەی ؟ بۆ؟ چی بوو؟

ـ ڕۆژێکیان لە خۆیەوە هەر گوتی : دڵم دێشێت، دووەمین ڕۆژ لە ناو جیگە کەوت و نەیتوانی بجوولێتەوە.

ـ ئەی پیشانی دکتۆرتان نەدا؟

ـ بەڵێ، بردمانە لای دکتۆر، سۆنەریان بۆ کرد، دڵی کون بوو، دکتۆر گوتی سوودی نەماوە درەنگ پیتان زانیوەو کار لەکار ترازاوە.

ـ ئەی چارەسەر؟

ـ هەندێك داوو دەرمانی بۆ نووسی، مانگێکی نەبرد کۆچی دوایی کرد.

زۆرت پێ ناخۆش بوو، کیژێکی لەو تەمەنەدا بەو نەخۆشییە سەر بنێتەوەو ئاواتەکانی بەدی نەیەن. داخ و پەژارەی خۆت بۆ دەربڕی و بێ ئاگایی خۆیشت پێ ڕاگەیاندو سەرەخۆشیت لێ کرد. پێت ڕاگەیاند سەڵاوو سەرەخۆشی بە باوکی بینایش ڕابگەیەنێت.

ئەم جارە بە ڕاستی بیرت لەوە کردەوە کۆتایی بە ژیانی گەنجایەتی بهێنیت و ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنیت. لەمێژ بوو ژنەکەی حەمەد ئەمینی خزمتان دەیگەت و دەیگوتەوە:

ـ من کچەکەی خۆمت پێ دەدەم.

داخوازی و شیرینی و مارەبڕینتان تەواوکرد، قەردو قۆڵەی دنیات بۆ کرد، جل و بەرگت بۆ کڕی. ڕۆژی گواستنەوەتان دیاری کرد. خزم و کەس و کار گردبوونەوە. ئۆتۆمۆبیل ڕازێنرایەوە. بووك خۆی لە ژوورێك نابوو، دەرگەی بۆ کەس نەدەکردەوە،

ناچار شاییەکەت تێك داو بڕیارت دا بووك نەگوێزیتەوە. ڕەنج و هەولێکی زۆرت بەفیڕۆ چوو. سالێکی ڕەبەق ئەو پرسە بە مۆلەق مایەوە. تا ئاکام وازت لە هەموو مافێك هێناو لە دادەگە تەلاقت دا.

دادوەر سەرزەنشتی باوکی کچەی کردو گوتی:

ـ ئەوە دەردت بێت، تا جارێکی دیکە کچ بە مندالی بە مێرد نەدەن!!

دوو سێ هەفتەی پێ نەچوو داخوازی کچە خزمێکی خۆتانت کرد، لە ماوەیەکی کورتدا مارەت بڕی و گۆبەرۆك و ملوانکەو بازن و ئەموستیلەت بۆ کڕی، لە ماوەیەکی کورتدا هەموو شتێکت تەواوکرد. ویستت خۆت لە زێدەمەسرەفی ڕزگار بکەیت، شایی و بەزم و بانگهێشتی خزم و ناسیاوانت نەکرد. یەکسەر دەستی بووکت گرت و بەرەو هاوینەهەوار تێتان تەقاند.

یەك هەفتە بەو هاوینەهەوارانەدا سووڕانەوەو تاڤگەی جوان و شوێنی گەشت و گوزاری و چۆم و چیاکانتان بینی و سەرتان بە لۆقنتەو گازنیۆکاندا کردو هەفتەیەکی پڕ هەنگوینتان بەسەر برد. لەگەڕانەوەدا ئافرەتێکی ناسیاو لە ئۆتۆمۆبیلەکە لەگەڵتان سوار بوو، لە گازینۆی سەر ڕێگە لاتان داو لەگەڵ نانخواردندا چەند وێنەیەکتان بۆ یادگاری لەگەڵ گرت. هەر لەو ڕێگەشەوە لە شار سەرتان لە مالە خزمێك داو ئەو شەوەتان لەوێ بەسەربرد. مالی (ئەستێر)ی خوشکە گەورەکەت ئەوەند دوور نەبوو سەریشتان لەوێ دا. خزم و کەس و کاری ئەوێش لەدەورتان گردبوونەوە، یەك دوو شەو لە گوندەکەیان مانەوەو بۆنی هەوای قامیش و درەخت و ڕەزو بێستانتان کرد، دەم و چاوتان لە ئاوی کانی گوند شوشت. مزگەوت و خانووە قوڕینەکانی گوندتان بەسەر کردەوە، تەماشای ئەو دارتێلانەی هێلی کارەباتان کرد لە ڕێگە ڕاستەکەوە بەرەو گوند ڕاکێشرابوون و تەزووی کارەبایان تێدا نەبوو، شەوانە

ناسیاوو دراوسێکان لـەدەورتان کۆبوونـەوە، تـا درەنگـانی شـەو لەگـەڵ شەوچـەرەدا بەسەرهات و باس و خواسیشتان دەگێڕایەوە.

یەکێك لە باسەکان باسی ئەو ڕێگە خۆڵینە بوو کە لەشەقامی سەرەکی شـارەوە بـەرەو گونـد دەهـات و چـەندین سـاڵە ئـەو ڕێگـە خۆڵینـە بـە هاوینـان تـۆزی لێ هەڵدەستێت و بە زستانان قوڕو لیتەیەو خەڵکی گوند بە زەحمەت دەتـوانن هاتوچـۆی پێدا بکەن و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان ڕەوانەی شار بکەن. یەکێکیان هەڵیکێشاو گوتی:

ـ ئەوی ڕاستی بێت میری بە تەنگی ئەم ناوچانەوە نییە، ئەگـەر بەتـەنگی ئـەم ناوچانەوە بووایە ئەوە لە مێژبوو قیرتاوی کردبوو.

پیرەمێردە دراوسێکەیان، کە دنیادیتە بوو، بەرسڤی دایەوە:

ـ بۆ قیرتاوی بکات، خۆ گەل گەلی ئەو نییەو ناوچەیش ناوچەی ئەو نییـە، ئـەو تەنیا ئەو ناوچانە قیرتاو دەکات کە بگاتە شوێنە سەختەکان، تا کۆنترۆڵیان بکـات و هێزی سەرکوتکاری پێدا ڕەوانە بکات و گەل و میللەت سەرکۆت و زەلیل بکات!

سۆفییەکی ڕیش درێژیش لەولاوە هەڵیکێشا:

ـ پرسەکە بەو شێوەیە نییە، پرسەکە لەوە قووڵترە، مـیری نایـەوێت ئێمـەمانان پشوو بدەین و بە ئاسانی ژیان و گوزەرانمان بەسەر ببەین، ئەگەر وا نەبێت ئەو هەموو داهات و پارەیەی لەخێرو بێری ئەم وڵاتە دەستی میری دەکەوێت، ئەگەر بێت و یـەك لە دەیشی بۆ گەل خەرج بکرێت، ئەوە نەك هەر ئەو ڕێگەیە قیرتـاو دەکرێـت، بـەڵکو ئـەم بەهەشـتەی ڕووی زەمـین دەبێتـە بەهەشـتێکی خۆشـترو ئایینـدەی هـەموومان پرشنگدارتر دەبێت.

لالۆیەك لەو لاوە تەکانێکی داو خۆی هێنایە پێشەوەو گوتی:

ـ ڕاستیت دەوێت ئەم ناوچەیە خاوەنی نییە، ئەگەر خاوەنی بووایە لەسەری بە جواب بهاتبایە دەردی بەم ڕۆژە نەدەگەیشت!!

ڕاستی دەکرد، میری بایەخی بەو ناوچەیە نەدەدا تا پێش نەکەوێت و نەگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت ڕوو بە ڕووی نیازە گڵاوەکانی ڕەگەزپەرستەکان ببێتەوە، ئاکامیش لە ڕووی شارستانیەت و دەست ڕەنگینییەوە لە ناوچەکانی ڕەگەزپەرستە سەردەستەکان پێشکەوتووتر بێت!!

زۆر قسەو ڕا پیشان دران، درەنگانی شەو هەر یەکەو بە لایەکدا بڵاوەیان لێکرد، ئەو شەوە تا بەیانی لە ئەژمەتی ئەو قسانەدا خەو نەچووە چاوت، بیرت لای ئەو گوندو ناوچانە بوو کە ئەو هەموو بەرو بوومە کشتوکاڵییەیان هەیەو ئەوەندەیش دوور نین کەچی خەڵکەکەی بە زەحمەت ژیان دەگوزەرێنن و زستانان بەناو قوڕو لیتەو هاوینان لەناو تەپ و تۆزدا هاتوچۆ دەکەن و بە زەحمەت دەگەنە شار.

بەیانی زوو لەگەڵ هاوسەرەکەتدا سواری ترەکتۆرێک بوون و هەڵتەک هەڵتەک بەناو تەپ و تۆزو چاڵ و قۆرت و ڕێگەی هەورازو نشێودا بەرەو شارۆچکە بەڕێ کەوتن و تەپ و تۆز سەرو گوێلاکی هەمووی داپۆشین. لە شارۆچکە سواری پاسێک بوون و بەرەو پایتەخت گەڕانەوە.

لەو دوو ژوورەی لە گەڕەکی دەروازەی پایتەخت بەکرێتان گرتبوو، جێتان نەدەبووەوە، زانای برات هەموو شەوێك بەسەرخۆشی دەهاتەوە، تا شەوێکیان بوو بە دەمەقاڵێتان. کار گەیشتە هەڕەشەو گوڕەشە. تابان ئەوەی بە هەل زانی و هانی دایت تا زووە جیا ببنەوە. بۆ بەیانی سەرت لە ناسیاوێکیان دا، ژوورێکی بچووکیان لەسەرەوە هەبوو، ئەو ژوورەتان لەوپەڕی گەڕەکی دەروازی بەکرێ گرت، تا ماوەیەك لەوێ ژیانێکی ناخۆش و کولەمەرگیتان بەسەربرد تا دوو ژووری خانوویەکی تەنیشتتان چۆڵ بوو، چەند کرێچییەکی تێدا بوو. ناوماڵەیەکی ئەوتۆت نەبوو،

دەستێك پێخەف و تەلەفزیۆنە شرەیەك و چەند قاپ و قاچاغێك نەبێت. یەخـچاڵێك و هەوا فێنك کەرەوەیەکت بە قەرد کرێ. تا دوو ساڵ هەر قەردت دەدایەوە.

بەو شێوەیە جیابوویتەوە، خۆت ئـارەزووی ئـەو جیـابووەوەت نـەدەکرد، تابـان نەبێت، کە ئەویش ئافرەتـەو هـەموو ئافرەتێـك سـەربەخۆیی خـۆی دەوێـت، لەگـەڵ خەسوودا هەڵناکات، ئەگەرچی خەسووەکەی ئەو ئەوەند هێورو لەسەرخۆ بـوو زمـانی لەدەمدا نەبوو.

(٤٤)

ئەو ڕۆژەی کچە نۆبەرەکەتان لەدایك بوو، بۆ ئێوارەکەی دەستپێکردنی شەڕ لە تەلەفزیۆنە شڕەکانەوە پەخش کرایەوە، بەرەبەیان فڕۆکەکانی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر شارەکان، هەر خەڵك بوو خۆیان لە حەشارگەو ژێر زەمینەکان دەشاردەوە. تا دەهات بەرگی خاکی بەسەر بەرگی ئاساییدا زاڵ دەبوو، ئەوەی لە تەمەنی سەربازیدا بووایە ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ دەکرا. فەرمانبەران، خوێندکاران، مامۆستایان، دەرچووانی زانکۆ، ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆراو ماجستێرو دبلۆمیان هەیە، هەموویان لەبەرەی جەنگ بەرانبەر بە دوژمن لە سەنگەردابوون. تا دەهات باری ئابووری دادەتەپا، تا دەهات ژمارەی ئەو خێزانانەی کوڕ یان باوك یان برایان لەبەرەکانی جەنگ لەناو دارەتەرمدا بۆ دەهاتەوە پتر دەبوو. ئاگری گرانیش هەموو کاڵاو بەروبووم و بازاڕەکانی دەتەنییەوە. قات و قڕی کەوتبووە هەموو کاڵاکان. لە وڵاتی نەوت و بەنزیندا سووتەمەنی بە نۆرە بوو، بۆ یەك سێت هێلکە نۆرە دەگیرا، سێ سەعات دەوەستان تا ئەو سێتە هێلکەتان وەردەگرت.

جەنگ درێژەی دەکێشاو تا دەهات ئاگرو بڵێسەی بەرزتر دەبووەوە، کەس نەما نەیگرێتەوە، تەنانەت تۆیش کە بێ چەك بوویت، جەنگ پێویستی بە تۆیش بوو، نۆرەیش هاتە سەر تۆ، تۆیشیان لەگەڵ هاوتەمەنەکانت ڕاپێچی بەرەکان کرد.

ئەو هەفتەیەی یەکەمین ساڵیادی لەدایکبوونی نۆبەرەکەتان بوو، تۆ لە ناو سەنگەرێکی ناو سنووری خاکی دوژمندا لەقەی سەرت دەهات. بیرت لای ئەو ئاهەنگە کزو ماتە بوو خێزانت لەگەڵ براو خوشك و خزمەکانیدا بۆ نۆبەرەکەیان ساز

دەدایت. ئەو ئاواتەت بەدی نەهات لەو ڕۆژەدا لەماڵ بیت و دیارییەکی خنجیلانە بۆ شازادی کچت ببەیتەوەو لەو ڕۆژەدا دڵی بچکۆلانەی خۆش بکەیت.

لەگەڵ خۆتدا چی گۆرانی دڵتەنگ و چی گۆرانی دووره وڵاتی و چی گۆرانی غەریبییە دەتگوتەوەو هۆن هۆن فرمێسکی دووریت دەڕشت و دڵت دانەدەسوکنا. لەو کاتەوە هێنابووتیانە سەربازی ئەو دیمەنە سەیرو سەرنجڕاکێشەرانەت لەبەرچاو بوون.

سەرەتا لەو سەربازگە دوور دەستەدا گیرسانەوەو هەموو چەکدارەکانیان لە بێ چەکەکان جودا کردەوە. بەرەبەیان هەموویان ڕەوانەی بەرەی جەنگ لەکەرتی ناوەڕاست کرد. هەر ئەو شەوە لە هێرشێکدا بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن نیوەیان نەگەڕانەوە.

تۆیش لەگەڵ بێ چەکەکاندا ڕەوانەی یەکەیەکی نۆژداری مەیدانی کران. لەوێ بریندارانی بەرەی جەنگ تیمار دەکران و تەرمی کوژراوەکانیش کفن دەکرا، ناوو ناوونشیان و ساڵی لەدایکبوون و شارو خێڵ و نازناویان لەسەر دەنووسی و ڕەوانەی شاری خۆیانیان دەکردەوە.

ئەو ڕۆژە ئێوە چوونە ئەو یەکە نۆژدارییە، سەربازێکی گەنجیان هێنایەوە گیانی لەدەست دابوو، تەماشاتان کرد تازە ڕیشی تاشیبوو، گوللەیەك بەر سینگی کەوتبوو، ئەو ڕۆژە خۆت و هاوەڵەکانت نانتان پێ نەخورا. هەفتەیەك زاد نەچووە سەر زارتان. ڕۆژ نەبوو سەربازی بریندارو نەخۆش لە بەرەکانی جەنگەوە ڕەوانەی ئەو یەکەیە نەکرێت. ئەو ئێوارەیەیش سەربازێکی دیکەیان هێنا، سەری پێوە نەمابوو، هاوەن بەر سەری کەوتبوو، یەکسەر سەری وەك چەقۆ لە لەش کردبووەوە. ئەو شەوە تا بەیانی ئەو دیمەنەتان لەبەرچاو بوو، خەونی هەڵاچەو پەڵاچەتان پێوە دەبینی.

ئەو هەفتەیەیش ژمارەیەك بریندارى دیلکراوی دوژمنیان لەبەرەی جەنگەوە بۆ یەکە نۆژدارییەکە هێنا، سواری کامیۆنیان کردبوون، بە ڕێگەوە لەو هەڵەت و

هەڵدێرو نشێوانە ئەوەندە هەڵتەك هەڵتەكیان كردبوو تا گەیشتنە یەكـە نۆژدارییەكـە گیانیان دەرچووبوو. كەس لەسەربازەكان نەدەوێران بچنە ناو كامیۆنەكەو دایان بگرن، تۆو ئەفسەرێكی ڕیز نەبێت سەركەوتن و یەكە یەكە سەربازە مردووەكانتان داگـرت و لە پاڵ دەرگەی یەكە نۆژدارییەكەدا ڕیزتان كردن. دواتر ناوەكانیـان لـە سـەر كاغـەز نووسی و لە ناو بوتڵە شووشەیان دانان و چوون لەسەر سنوور لە نـاو خـاكی خۆیانـدا ناشتنیان.

جەنگ لەبەرەی خواروو گەرم بوو، یەكەكەتان بۆ بەرەی ئـەوێ گوێزرایـەوەو تـا چاو بڕی بكردایە سەنگەرو سوپا بوو، كـات تێنەدەپـەڕی بـێ ئـەوەی گوللـە تۆپێـك نەكەوێتە خوارەوە، بێ ئەوەی سەربازێك بریندار نەبێت، یـان نـەپێكرێت و گیـان لـە دەست نەدات. پتر ژیانتان لەژێر عەرددا بەسەر دەبرد. ژێر عەرد شارێكی لێ دروست كرابوو، هەموو شتێكی بۆ دابین كرابوو. هێرشەكانی دوژمن لەو شوێنانەوە بوو زەل و قامیش و حەسیرو زەلكاوی لێ بوو، گوللە چوون برێشكە دەباری.

پاش تێشكانی هێرشی دوژمن، هێرشێكی دیكەی لـە خـوارتر دەسـت پێكـرد، یەكە نۆژدارییەكە ڕەوانەی ئەوێ كرا. تۆیش لەگەڵ سەربازەكاندا لەم شوێنە پێدەشـت و بیابانە ڕانەهاتبوویت. شەوێكتان بەسەر نەبرد ئاگری جەنگ بڵێسەی سەندو هێـزی دوژمن دزەی كردە ئەم بەر ڕووبارەوە، هەر هێز بوو لە بەرەی جەنگ هەڵدەهات، كـار گەیشتە ئەو ئاستەی یەكە نۆژدارییەكەی ئێوەیش كە زۆر لـە دواوە بـوو ئـەویش بـە خۆی بكەوێت و ئێوەیش لەگەڵ هێزەكـانی دیكـەدا بـەرەو سـەرووتر بارگـەو بنـەتان پێچایەوە. تا دەهات دەنگی تۆپی قورسـی دوژمـن نـزیكتر دەبـووەوە، تۆپێـك بـەر كاروانەكەتان كەوت، یەكێك لە بریندارەكان تۆ بوویت. ئەمبۆلانـسەكانی یەكەكـەتان برینداره‌كانی بۆ نەخۆشخانەی سەربازی شار گوێزایەوە.

برینەکەت قووڵ بوو، گۆشت بە پووزی قاچی چەپتەوە نـەمابوو، خوێنـت لەبـەر دەچوو. نۆژدارەکان کـارێکی زۆریـان کـرد تـا توانییـان نەشـتەرگەریت بـۆ بکـەن و خوێنەکەت ڕابگرن. مانگێک پتر لە نەخۆشخانە لەسـەر پـشت کـەوتیت. وردە وردە ڕەنگ یە ڕووتدا هاتەوە. دوو سێ هەفتەی پێچوو توانیت لەسەر پێ ڕاوەسـتیت و بـە خۆت بە دارەشەق بەڕێوە بچیت. نۆژدارەکان چل ڕۆژ مۆڵەتیان پێ دایت. گـەراج لـە نەخۆشخانەکەوە ئەوەندە دوور نەبوو، بە وازێك گەیاندتیانە گـەراج و لـەوێوە سـواری پاسێك بوویت و ماڵ بمگرەو هاتم.

له سێبەری ئەو ترس و لەرزەی فەرمانڕوایی دکتاتۆری بـڵاوی کردبـووەوە، نـەك هەر ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی قەدەغە بوو، نەك هەر بیرو ڕای ئازاد سەرکوت دەکراو نـەك هـەر هـاووڵاتی ئاسـایی لەسـەر ڕادەربـڕین و تەنانـەت ئاراسـتەکردنی بچووکترین تۆمەت بگرە تۆمەتی هەڵبەستراو سەرنگوم و بێ سـەرو شـوێن دەکرێـت، تەنانەت ڕۆشنبیرو کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەکوژران و زیندەبەچاڵ دەکـران و کـەس و کاریان تووشی گێرمەو کێشەو سەر ئێشەو ئازارو ئەشکەنجە دەکران.

لەو بارە ناهەموارەدا لە بەشی وەرگێڕانـی دەزگـەی چـاپەمەنی ڕۆژگـار کـارت دەکرد. بەرپرسی بەشەکە نێوەڕۆیەك بانگی کردیت:

ـ کاك ڕەوەند ئـەم دیوانـە شـیعرەت پـێ دەدەم، کـە دیـوانی شـاعیر (ئـەزوەر بەرتەلی)یە، لە دەرەوە چاپی کردووە بۆ ئەوەی چامەکانی وەرگێڕیت.

ـ بۆچی چی تێدایە!!

ـ شتی وای تێدا نییە، چەند جنێوێکی بە حکوومەت داوە.

ـ چۆن بە دەستی ئێوە گەیشتووەو مەبەست لە وەرگێڕانی بۆ چییە؟

ـ دانەیەکی بە پۆست ڕەوانەی بەشـەکەمان کـردووە، دەمـەوێت شـیعرەکانم بـۆ وەرگێڕیت،حەز دەکەم بزانم باسی چی دەکەن، نەوەك بـۆ پـەزەکان خـراپ بێـت و بـە پۆستە بۆ کەسایەتی و دەزگەکانی دیکەی ناردبێت و بکەوێتە دەستی نەیاران !!

ـ باشە، چەند لاپەڕەیە؟

ـ سی چل لاپەڕەیەکە، حەز دەکەیت لەگەڵ خۆت بۆ ماڵەوەی ببـەرەوە، تـا زوو تەواوی بکەیت، بەڵام تکایە زوو بیهێنەوەو با کەس نەیبینێت.

ـ باشە مەترسی بۆ من تێدا نابێت؟

ـ نا.. تەنیا وەك ئەركێكی فـەرمی دەبێـت، هـیچ لیپرسـینەوەیەكت ناكەوێتـە سەر.

ـ باشە، من حەز دەكەم بەشێوەیەكی فـەرمی بێـت و بـە یادداشـتنامەیەك ڕام بسپێرە.

ـ باشە، بەسەر چاو!!

تێنووسی یاداشتنامەكەی هێناو چەند ڕستەیەكی نووسـی و نـاوو ناوونیـشان و ڕۆژی مۆركردنەكەی نووسی و مۆری كرد. پاشان لـە تێنووسـەكەی كـردەوەو لەگـەڵ دیوانە بچكولانەكەدا پێشكەشی كردیت:

ـ بگرە ئەوە یاداشت و ئەوەیش دیوانەكەو هیچ غەمت نەبێت.

دیوانەكەت لەگەڵ خۆت بردەوەو دوای نیوەڕۆ دەست و بردت لێ كردو تا نیـوەی شەو هەمووت وەرگێڕا. چامەكان زۆربەیان دابەزیبوونە سەر كارە ناڕەواكـانی ڕژێـم و دیكتاتۆر. گیانی بەرگری و بەرخودانیان تێدا بوو، كارە دڕندەییەكانی ڕژێمـی دژ بـە گەلی ڕیسوا كردبوو، شەهیدكردنی كوڕی شاعیری ناوداری نەتـەوەی ڕیـسوا كردبـوو. مژدەی شۆڕش و سەركەوتنی گەلیان تێدا بەرجەستەبوو.

بۆ بەیانی دیوانەكەو وەرگێڕانەكەت دایە دەسـتی بەرپرسـەكەو ئـەركی فـەرمی خۆت بەجێ گەیاند. ئاگەت لەو بابەتە نەما. ئەو ڕۆژە بە دوایدا ناردیت:

ـ كاك ڕەوەند دەزانێت چۆنت پێشبینی كرد، وا دەرچوو!!

ـ چی وا دەرچوو؟

ـ ئەو دیوانەی وەرتگێڕا، كێشەی بۆ ناوینەتەوە.

چۆن چۆنی؟!

ـ دانەیەکی کۆپی کراوم تەنیا بۆ زانیاری بۆ وەزارەت نارد، بەڵام مـن مۆڵـەت بـووم (نیهـاد بیـژی) و (کـوێرە)ی بەڕێوەبـەر جەکمەجـەی مێزەکـەیان شـکادبووم و دیوانەکەو وەرگێڕانەکەیان بۆ ئاسایشی گشتی ڕەوانە کردووە.

ـ چی چی ؟؟؟؟

ـ نەك هەر ئەوە، منیان بە خاین و لایەنگری نەیارانی نیشتمان لەقەڵەم داوە.

ـ لەبەرچی؟

ـ گوایە من دەستم لەگەڵ نەیارانی نیشتمان هەیە.

ـ چۆن؟

ـ بەوەی لە ناوەرۆکی ئەو دیوانەم ئاگەدار نەکردوونەتەوە.

ـ ئەی ئەو وەرگێڕانەت چی پێ کرد؟

ـ ڕاستی دانەیەکم لێ کۆپی کردو بۆ کاری پێویست ڕەوانەی وەزارەتم کرد.

ـ باشە ئێستە چی دەکەیت؟

ـ ڕەنگە لە وەزارەت و لە شوێنی دیکە بانگ بکرێین.

ـ کێ بانگ بکرێت؟

ـ من و تۆیش.

ـ چیمان کردووە؟

ـ تەنیا بۆ دڵنیابوون!!!

دوو ڕۆژ دواتر بۆ ژوورەکەی بەڕێوەبەریان بانگ کردیت، فەرمانبەرێکی لێ بوو، لێی پرسیت:

ـ تۆ وەرگێڕەکەیت؟

ـ بەڵێ.

ـ چۆن ئەو دیوانەت وەرگێڕا؟

ــ لەسەر داخوازی بەرپرسی بەشەکەو بە شێوەیەکی فەرمی و بە پێی یادداشتنامەی فەرمی و لە کاتی دەوامدا.

ـ بە چەند ڕۆژ وەرتگێڕا.

ـ تەنیا یەك ڕۆژ.

ـ وەرگێڕانەکەت بە کێ دا؟

ـ بەرپرسی بەش.

ئەوەی تۆ وەڵامت دەدایەوە دەینووسی و داوای لێ کردیت ناوو ناونیشانی خۆت بنووسیت و مۆری بکەیت.

دوو هەفتەی پێ نەچوو لە وەزارەتەوە بە شوێنیاندا ناردیت، هەمان ئەو پرسیارو وەڵامانە دووبارە بوونەوە، هاتیتەوە بە بەرپرسی بەشەکەت ڕاگەیاند، ئەویش ئاگەداری کردیت کە ئەویش بۆ ئەو بابەتە لە وەزارەتەوە بانگ کراوە.

پێیان ڕاگەیاندیت بۆ کۆتایی هەفتە لە بارەگای ئاسایشی گشتی ڕژێم ئامادە بیت، ترس و لەرزت لێ نیشت. دوو ڕۆژ مۆڵەتت وەرگرت و لە شاری (ئەڵوەن) ئیشی قەرەبووی زەوی کشت و کاڵیت هەبوو، دەبوو ئامادە بیت.

سەرەتای هەفتە هاتیتەوە، بەڕێوەبەری گشتی بە دوایدا ناردیت و پرسیاری لێ کردیت:

ـ سەرت لە بارەگای ئاسایشی گشتی دا بزانیت چییان لێ دەویستیت؟

ـ نەخێر، دوو ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتبوو.

ـ تەلەفۆنیان بۆ دەکەم، دەبێت سبەینێ بڕۆیت.

ئەو شەوە تا بەیانی لە ئەژمەتدا خەو نەچووە چاوت، لەناو جێگەدا تا بەیانی گینگڵت دەدا. بەرەو دەوام ڕۆیشتیت و بە دایکت گوت:

ـ دایە، ئەوە من دەڕۆمە دەوام، بەڵام یەکسەر دەچمە ئاسایشی گشتی، ئەگەر هات و نەگەڕامەوە، بڕۆن یەخەی بەڕێوەبەری دەزگە بگرن!

نەگەیشتبوویتە دەزگە ئۆتۆمۆبیلی دەزگە ئامادەبوو، تێیان پەساندیت و لەبەردەم بارەگای دەزگەی ئاسایشی گشتی ڕژێم دایانبەزاندیت. لەشت داهێزراو هەزاران بیری ڕاگوزاری و ئەندێشەی ترسناك بە مێشکتدا تێپەڕین. لەشت قورس بوو، پێیەکانت هەڵیان نەدەگرتیت، سەرت سوڕی دەخوارد، بەرپێی خۆت نەدەبینی و چاوت ڕەشکەو پێشکەی دەکرد. بە هەنگاوی قورس قورس ڕێڕەوێکت بڕی و چوویتە پرسگەوە، بەڵکو بە پێی خۆت چوویتە ناو زیندانێکەوە، ڕەنگە لێدەرچوونی سەخت و دژوار بێت، کەس هەیە بە پێی خۆی بۆ مەرگ و بزربوون بچێت. ئەوەتا تۆیان تووش کردو بە پێی خۆت بەرەو قوڕگی مەرگیان ناردیت، ئەوتا ئێستە لەبەردەم مەرگدا ڕاوەستاویت، بەرەو تاریکایی دەچیت.

نەتزانی چی بڵێیت، زارت تەتەڵەی دەکرد، پرسەگەکە بارێکی ترسناکی هێنایتە بەرچاو، چەند پەردەی تەلەفزیۆنت بینی لەسەر قاوشی زیندانی و گیراوەکان بوو، لە قاوشەکاندا، لەودیوی تێلبەندەوە باوەشێنی خۆیان دەکردو پاسەوانەکان دەهاتن و دەچوون و چاودێرییان دەکرد.

کارمەندی پرسگەکە لێی پرسیت:

ـ چت دەوێت؟

ـ نازانم چی بڵێم، کەس هەیە بە پێی خۆی بۆ ئێرە بێت؟

ـ تێگەیشتم، تۆ وەرگێڕەکەیت.

ـ بەڵێ.

ـ ناسنامەکەم بدەیە.

ناسنامەکەت دایەو بلیتێکی بە سینەتدا کـردو ڕێگەکـەی پـێ نیـشان دایـت و لەگەڵت هات. خۆت لە نووسینگەی بەرپرسێکدا بینییەوە.

کاتژمێر نۆی بەیانی لەسەر کورسییەکیان دانایـت. هـەزاران بـیری ڕاگـوزاری و خەونی سەیر سەیر بە خەیاڵ و ئەندێـشەتدا تێدەپـەڕین. خەوەنووتکـە دەیبردیتـەوەو خەوت لێ دەکەوت و لەشت قورس دەبوو، خـۆت لـە چـیایەکی هـەزار بـە هـەزاردا دەبینی خەریك بوو بکەویتە خوارەوە، لە پڕ کارمەندێك خۆی بە ژوورەکـەدا دەکـردو دەیپرسی:

ـ تۆ وەرگێڕەکەیت؟

وەڵامت دەدایەوەو ئەو دەڕۆیشت بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامـت لێ بکـات. تـا دەهات کات تێدەپەڕی. قورس قورس تێدەپەڕی. شەڕی دەروونییان لەگەڵ دەکردیـت. جارێکی دیکە لەشت دادەهێزراو خەو جڵەوی لێ دەسـەندیت. ئـەم جارەیـان خـەونت دەبینی لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی بە ورەو بێ چەکدا لەناو دارسـتانێکدایت، چـەندین گیانلەبەری دڕندەی زەبەلاح و تۆقێنەر هێرش دێننە سەرتان و بە بەرچـاوتانەوە زەلام دوو شەق دەکـەن و خـوێن فیـشقە دەکـات و دەم دەنێنـە خوێنـەکانیان و تینوویـان دەشکێنن و دواتر دڵ و جەرگیان دەردەهێنن و دەیخۆن.

گیانلەبەرێکی دڕندەو دزێو هێرشی هێنایە سەر تۆو چـڕنووکی لـە دەم و چـاوت داو خوێن فیشقەی کردو نەکرد، بە ئاگە هاتیتـەوە، سـەیرت کـرد دڵـت وەختـە لـە سینگتەوە بێتە دەرەوە.

دەوام بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، کارمەندێك سەری کێـشایە ژوورەکـەوەو بـانگی کردیت دوای بکەویت. بۆ لای بەرپرسەکەی بردیت، لـە تەنیـشت مێزەکـەوە کـز کـز ڕاوەستایت. هیچ بایەخێکی پێ نەدایت. تەنانەت وەك بەردیش حسێبی بۆ نەکردیت و فەرمانی بە بەردەستەکەی کرد بچێت ئەو شتەی بۆ بهێنێت. نەتزانی داوای چی کرد.

بەڵام تێگەیشتیت کە ئەوەیش شتێکە لە چوارچێوەی ئەو شەڕە دەروونییەی لە بەیانییەوە لەگەڵت دەکەن.

ماویەکی بێ دەنگی تێپەڕی، بەر لەوەی پرسیارت لێ بکات:

ـ بۆچی کۆتایی هەفتە نەهاتیت؟ دەزانیت ئێمە فەرمانی گرتنتمان دەرکرد؟

ـ ئیشێکی فەرمیم هەبوو دەبوو بڕۆم و تەواوی بکەم.

ـ باشە بۆچی ئاگەدارت نەکردینەوە.

ـ خۆ ڕام نەکردووە، ڕام بکردایە بە پێی خۆم نەدەهاتمە ئێرە.

بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێت کەمێك بێ دەنگ بوو، ئەم جار ئاماژەی پێ کردیت بڕۆیتە ئەو نووسینگەی لای ڕاست. کارمەندێکی لێ بوو، لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو. تەماشایەکی کردیت و سەرتاپا وێنەیەکی خێرای گرتیت و بە تووڕەییەوە ڕایگەیاند:

ـ چەند پرسیارێکمان هەیە ئاراستەت دەکەین، بە ڕاشکاوی وەڵامان بدەوە.

ـ بەڵێ.

ـ تۆ ڕەوەند کوێستانیت. ئەوەی دیوانەکەت وەرگێڕا.

ـ بەڵێ.

ئەو دیوانەت بۆ کێ وەرگێڕا؟

ـ بۆ بەرپرسی بەشی وەرگێڕان.

ـ بەچەند ڕۆژ وەرتگێڕا؟

ـ بە یەك ڕۆژ.

بە شێوەی فەرمی ڕایسپاردیت؟

ـ بەڵی، بە شێوەی فەرمی و بە یادداشتنامە ڕایسپاردم.

ـ کەس جگە لە هەردووکتان ئەو دیوانەی نەبینی؟

ـ بڕوا ناکەم، چونکە بەوپەڕی وریاییەوە ئەو کارە ئەنجام درا.

ـ باشە، لێرەدا ناوی خۆت بنووسەو مۆری بکە.

چیت گوتبوو هەر هەمووی بە پرسیارو وەڵام نووسی و تۆیش لە ژێرەوە ناوی خۆت نووسی و مۆرت کرد.

ئەم جار وتی کارمان پیت نەما. بڕۆ. یەکێکیان پێشت کەوت و لە پێپلکەکان چوونە خوارەوەو تا پرسگە لەگەڵت هات. ناسنامەکەیان پێ دایتەوەو بلیتەکەیان لە سینگ کردیتەوەو بێ ئەوەی ئاوڕ بدەیتەوە یان خوا حافیزی بکەیت پشتت لە پرسگە کردو بە کۆڵانە درێژەکەدا دوو لاقت هەبوو دووی دیکەیشت قەرد کردو لەسەر شەقامی سەرەکی گیرسایتەوەو هیچ بڕوات نەدەکرد چۆن لەو تەڵەیە قوتار بوویت کە پەلکێشیان کردیت تا پێوەی ببیت.

دەستت لە تاکسییەك بەرز کردەوەو خۆت تێ ئاخنی بێ ئەوەی بڕوا بکەیت ئەوە تۆ بیت بەرەو ماڵ دەڕریشتییت.

بەیانی چوویتە مەیدانی کاوڕفرۆشان و کاوڕێکت کڕی و هەر لەوێ سەرت بڕی و گۆشتەکەت بەسەر ناسیاوو دراوسێکاندا بەشییەوە.

له ماوی چوار پێنج ساڵدا سێ جار ڕاپێچی سەربازییان کردیت و سێ جار بەرهەڵڵایان کردیت. جارێکیان لەبەر ئەوەی نەتەوەی دووەمیت، جارێکیان لەبەر ئەوەی دوو ساڵت لەبەرەی جەنگ بەسەر بردووە، دواجار لەبەر ئەوەی بێ چەك بوویت و بوویت بە چەکدار!

لەبەرەی ناوەڕاست بوویت بەرپرسی دەزگەکەتان بروسکەیەکی بەدوادا ناردیت. دەبێت بە پەلە لە دەزگە ئامادە ببیت. لە گەڵ خۆتدا بیرت دەکردەوە:

ـ تۆ بڵێیت بۆچی ئەم بروسکە بەپەلەیەی بۆ ڕەوانەکردووم، چی دەوێت؟ فیستیڤاڵیان هەیەو دەیانەوێت بەشدار بم، یان کۆڕێکی ڕۆشنبیری هەیەو پێویستە بەشداری بکەم؟ پێدەچێت بابەتێکی ڕۆشنبیری گرنگ هەبێت و حەز بکەن منیش کەوچکێکی تێ ڕادەم!!

لەو بیرکردنەوانەدا بوویت، داواکارییەکت نووسی و بروسکەکەت هاوپێچ لەگەڵ داناو پێشکەشت کرد، داوای چەند ڕۆژێك مۆڵەتت کرد. بیرت لە سەربازگە نەبوو، بیرت لە دەزگەو پایتەخت دەکردەوە، بەو بۆنەوەیش سەرت لە خێزانەکەت دەداو تەسکینیت دەهات.

خەیاڵت دەکرد ئێستە لە نووسینگەی بەرپرسی دەزگە دانیشتوویت و چاوەڕوانیت بچیتە ژوورەوە. ئەم دێت و ئەو دێت و هێشتە نۆرەی تۆ نەهاتووە، تۆ بڵێیت دوایەمین کەس بانگی تۆ بکات. نغرۆی خەون و بیرکردنەوە بووبوویت. نیوەڕۆ ئەفسەری سەربازگەکە پۆستەکەی هێناو حەوت ڕۆژ مۆڵەتیان پێدایت.

مۆڵەتت وەرگرت و لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەیشدا چەندین گریمانەو ئەگەرت دەهێنایە پێش چاوی خۆت و بیری ڕاگوزاری بە مێشکدا تێدەپەڕی:

ـ خۆ من نێوانم لەگەڵ بەرپرسی دەزگە ئەوەند باش نییە، ئەوە خـۆر لـە کوێـوە هەڵهاتووە، ئەوە چی قەوماوە بە دوویدا ناردووم، تۆ بڵێیت بیەوێت منیش وەك شـێخ نەدیم و عارف تیمارو حەمە ڕەش و موحسین هرمزی و کەماڵ ڕەشیدو مستەفا وەتمان کتێبێکی بۆ بنووسم و پاداشتێکی چەورم بداتێ!! نا نا دەیەوێت وتارێکی لەسەر ئـەم بارودۆخەی ئەم دواییە بۆ بنووسم کە بەسەر وڵاتدا هات!!

ئاکام نەگەیشتیتە هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆ بزانیت بۆچـی بەدوایـدا ناردوویـت. تەنیا ئەوە نەبێت ڕووداوێکی گرنگ لە ئارادایەو پێویست بە ڕۆیـشتنی تـۆ دەکـات. ڕۆژی دواتر لە دەزگە ئامادە بوویت. سکرتێری بەرپرسی دەزگە هیچ هـەواڵێکی پـێ ڕانەگەیاندیت. لای بەرپرس بۆت ڕوون بووەوە کە دەزگـە دوو کۆرسـی خوێنـدنی لـە دکتۆراو ماجستێری لە دەرەوە بۆ دابین کراوەو ئەوان دوو کەسیان دەوێـت، یـەکێکیان تۆیت و تۆی بۆ ئەوە دەستنیشان کردووە داواکاری و بەڵگەکانت پێشکەش بکەیت.

ئەو چەند ڕۆژە هەموو بەڵگەو کارە پێویستییەکانت تـەواوکردو پێـشکەشت بـە وەزارەت کردن، چاوەڕێی چاوپێکەتنت کرد، لەگەڵ تۆیـشدا چـەندین کەسـی دیکـەو تەنانەت (نیهاد بیـژی) داواکـاری پێـشکەش کردبـوو، لەمۆڵـەتی مـانگی دواتـردا چاوپێکەوتنت تەواوکردو زانیاری و ناوونیشانیان لێ وەرگرتیت و چاوەڕوانی ئاکـامی وەرگرتن بوویت. شەش مانگی پێچوو تا لە دوامۆڵەتدا سەرت لە خۆیەتی داو پێیـان ڕاگەیاندیت:

ـ ڕەوەند .. چیت پێ بڵێم، بە داخەوە وەرنەگیراویت!!

تۆ دەتزانی وەرناگیرێیت، لەبەر ئەوەی هیچ ڕۆژێك ڕاپۆرتێکت لەسـەر هـاوەڵ و برادەرو دەورو بەرت بۆ بەرژەوەندی میری نەنووسیوە، پیاوی کەس نییت، تـەنیا دڵـت

لای خەباتی نەتەوەکەتە، دڵت لای ئەو بای ئازادییەیە کە لە ئاسۆی باکوورەوە هەڵیکردبوو، ئەو بایەی بە هیچ زەبرو زەنگ و هێرش و تۆپ و فڕۆکەو پیلانی نەگریسانەو دوورمەودا بەری لیَ نەدەگیرا!

دوای ئەویش لەهەر هەمووی گرنگتر تۆ پێوەندیت لەگەڵ شۆڕش هەبوو، خۆت بە شۆڕشوان دادەنا، بە بازووی خۆت خۆت پێگەیاندبوو، ئەو حەبەت قووت نەدابوو، کە (نیهاد بیژی) لەمێژبوو قووتی دابوو، ئەویان وەرگرت و تۆیشیان لەو هەلە بێبەش و نائومێد کرد.

بڕیار بوو کۆرسی خوێندنەکە لە دەرەوەی وڵات بێت، لەبەر بارودۆخی وڵات و زۆربوونی ژمارەی زانکۆو ئامۆژگە لە وڵاتدا چاوپۆشی لەناردنە دەرەوەی خوێندکاران کراو بڕیار درا ئەو کۆرسانە لەناو وڵات ئەنجام بدرێن.

نیهاد بیژی، کە وەرگیرا، سکرتێری گۆڤاری (کەیوان ) بوو، لەزانکۆی (سێودین) وەرگیرا، دەبوو ماجستێر لەسەر بابەتێکی وێژەیی بنووسێتەوە، دکتۆر شامل حوسێن بینا بۆ سەرپەرشتی تێزەکەی دەستنیشان کرا، بەدەبەخت لە داخی گێل و گەوجی نیهاد بیژی شەش مانگی نەبرد بە دڵەکوتیَ کۆچی دوایی کرد، ناچار دکتۆر سەیفەدین جەفایان بۆ دەستنیشان کرد سەرپەرشتی تێزەکەی بکات.نیهاد بیژی بابەت و وتاری ڕەخنەیی بۆ دکتۆر سەیفەدین لە گۆڤاری (کەیوان)دا بڵاودەکردەوەو پاداشتی چەوری بۆ دەنووسی. ئەویش دریغی نەکردو تێزەکەی بۆ نووسی و لەکاتی بەرگری کردن لەو تیزە تۆیش ئامادەبوویت. بینیت نیهاد بیژی لەبەر ئەوەی خۆی تێزەکەی نەنووسیوە نەیدەزانی و نەیدەتوانی بەرگری لەو بیرو ڕاو ئاکامانە بکات لە تێزەکەدا تۆمار کرابوون، ئەمەیش ساختەکارییەکەی پتر ئاشکرا دەکرد، ناچار بوویت هۆڵەکە بەجیَ بهێڵیت و نەفرەت لە دیکتاتۆرو دیکتاتۆری بکەیت.

بەیانی دکتۆر سەبریە بەهلوول پێی ڕاگەیاندیت (نیهاد بیژی) بڕوانامەی (ماجستێر)یان بە پلەی هەرە باش لەسەر بابەتی (سوودی هەنارو هەرمێ لەباخەکانی ورمێ) پێ بەخشیوە. ئەمەیش ڕێی بۆ خۆش کرد لە خوێندنی دکتۆرا وەربگیرێت و بە فیتی دارو دەستەکانی ڕژێم ڕەخنەگرو شاعیری ناودار عارف تیمار تێزی دکتۆراکەی بە ناونیشانی ( کێشی پەنجەو پێ لە هۆنراوەی بێ دەرپێ) بۆ نووسی و بڕوانامەکەیشی مسۆگەر کرد!!

فەرمانت بۆ دەرچوو، پێش ئەوەیش یارمەتیدەر پێوەندی پێوە کردیت و لەگەڵت ئاخافت و پێی ڕاگەیاندیت:

ـ ئەو پلەو پایەم بۆ تۆ هەڵبژاردووە.

بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتبوو کە دەتوانیت ئـەو ئەرکـە ڕاپـەڕێنیت، بـۆ .. نا..ئەوە چەند ساڵە لە هەمان شـوێن کـار دەکـەیت و بەتـەواوەتی شـارەزای توانـاو لێهاتوویت بووە، تۆیش هیچ خۆت نەشڵەژاند، وەڵامت ئەوە بوو:

ـ هەر کارێکم پێ ڕابسپێرن ناڵێم نا ...

فەرمان دەرچوو، بێ پشوودان کارەکەت ئەنجام دەداو ڕاتدەپەڕاند.

بۆ بـەیانی بـە پێپلەکانەکانـدا سـەردەکەوتیت و هێـشتە دەرگـەی ژوورەکـەت نەکردبووەوە، مامۆستا (دلێر) لەبەردەمتدا قوت بـووەوە، مەچـەکی تونـد گرتیـت و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردیت و خۆی لێی دانیشت و تۆ بە پێـوەو بـەدەم دانیـشتنەوە چەند کاغەزو نوسراوی دایە دەستت و لەگەڵیاندا هەڵیکێشا:

ـ ئاکەت لەمانە بێت .. دەبێت زوو چاو هـەڵبهێنن!! دۆسـت و خاوەنـدەکانیان پێوەندییان پێوە کردووم. دەبێت دەست و برد بکەیت!!

تۆ سەرت بۆ دەلەقاند، بە هەزارو یەك بیانوو خۆت لە دەستی قوتارکرد. کە لـە ژوورەکەی خۆت جێگیر بوویت ..ئەوەندەت زانی بـوو بـە شـارەمێرووڵەو .. چـەندین ناسیاوو نەناسیاو تەنگیان پێ هەڵچنیت .. تۆیش زۆرتر سەرت قاڵ دەبوو بـۆ ئـەوەی کارەکانت ئەنجام بدەیت و بگەڕێیتەوە چاپخانە.

ئەم نووسراوەی دەدایتێ.. ئەوی دیکە هەواڵی نووسراوێکی پێراری دەدایتـێ .. ئەوەکەی دیکە گللەیی و گازەنـدەی لـە دواکـەوتنی چـاوهەڵنەهێنانی نووسـینەکەی

دەکرد.. وڕو کاسیان کردبوویت.. نەتدەزانی چی بکـەیت و چـۆن زار هـەڵبهێنیت .. جار ناجاریش لەگەڵ دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست و ڕووندا .. دەمـت دەبـوو بـە تەڵـەی تەقیوو چاوت ئەبڵەق دەبوون و مێشکت لەکار دەکەوت!

وێڕای سەرقاڵی و کەم کـاتی شـتێکی سـەیر گـوزەرانی ئـەو ڕۆژانـەی لێ تـاڵ کردبوویت!! .. نەتدەتوانی لێرە بۆ ئەوێ بجووڵێیتەوە، لەناو ژوورەکەدا، لەبەر دەرگە، لەناو ئۆتۆمۆبیل، لە ڕێڕەودا، لە کاتی دابەزین بە پێپلکەو لە هەر شوێنێکدا بووایـە هەر خەڵك بوون بە ڕووخۆشـی و پێکـەنین و بـزە بەسـەر لێـوەوە تاویـان دەدایتـێ و تەوقەیان لەگەڵ دەکردیت:

ـ هەر لە خۆت دەوەشێتەوە!

ـ پیاوی شیاو لە شوێنی شیاودا!

ـ ئەو شوێنە هەر شایەنی تۆیە!

لەو لاوەیش زڕەی تەلەفۆن ڕاوەستێت، یەکێك پیرۆزبایی لێ دەکردیت.. یـەکێك گلەیی دەکرد..

ـ کاکی برا ..خۆت شاردووەتەوە، با بتبینین.. هەر نـەبێت تاوێـك دانیـشین .. دوو قوم هەڵدەین و چوار قسەی لێ بکەین ..!

ـ من هەر گوتوومە تۆ شایەنی ئەو شوێنەیت .. شوێنی دەست ڕەنگینیت دیارە ...ئەوە نییە .. تەماشاکە .. بەخوا لە هەموو لایەك هەر باسم کردوویت !! دە دیـار بە .. دیار!!

نەتدەتوانی بەبازاڕدا تێپەڕیت .. هـەر ناسـیاوو نەناسـیاو بـوون .. مەچـەکیان دەگرتیت:

ـ بەخوا ئەم شەو دەچین لە یانـەی (.........) نـەختێك سـەری خۆمـان گـەرم دەکەین...!

بەچەندن بیانوو .. بە چەندین سوێندو پاڕانەوەو تکاو بەڵێن .. خۆت لێ ڕزگـار دەکردن .. بستێك دەچوویت.. یـەکێکی دیکـە لـەولاتر تـەنگی پـێ هەڵدەچـنیت.. هەمان داخوازی بە گوێدا دەدایت!! هەڵچوونت دەگەیشتە ترۆپك .. بە پاڕانەوە خۆت لە ئەویش ڕزگار دەکرد!!

ماوەیەك بەو جۆرە بەر مەترسی شالاّوی سەرقالّی و تەلەفۆن بۆ کـردن و سـۆراخ پرسین و لە دوو گەڕان، کە ئەرکەکەی خۆت بەسەرکەوتوویی ڕادەپەڕاند.. تا ڕادەیـەك یارمەتیدەر زۆری پێ خۆش بوو! ئەو وشانەی لە زار ترازابوون:

ـ لە زووەوە چاوم بڕیبوویە!!

لەم لاوە تۆ هەر سکالاّو ئاخ و ئۆفت لە دەستی ئەو ئەرکە دەردەبڕی، حەزت لەو شوێن و پایەیە نەبوو.. لێوت لێ هەڵدەقورتاند .. زۆر جـاریش لەبـەردەم بـرادەران و ناسیاواندا دوو بارەو سێ بارەت دەکردەوە:

ـ ئەو شوێنەم ناوێت .. نامەوێت ..لەوێ دانانیشم .. نا .. نا!!

وەڕسی نەیگرتبوویت، ڕێگەی داهێنان و ئازادی بیرکردنەوەی لێ تەنیبوویتـەوە، ئەویش حەزی بە ئازادی بیرکردنەوەو داهێنان و خوێندنەوەو خۆخەریککردن بە وشەوە بوو..

سەر لە بەیانییەك یارمەتیدەر بە دوویدا ناردیت:

ـ تۆ ناڵێیت لەم ژوورەدا دانانیشم و ئەم ئەرکە ڕاناپەڕێنم .. ئـەو شـوێنەم پـێ ناخۆشە ..! پلەو پایەو کورسیم ناوێت و حـەزم بـە بەرپرسـیاریەتی نییـەو ئـارەزووی ئازادی ڕەها دەکەم!

تۆیش بە زەردەخەنەیەکەوە وەك بڵێیت چۆلەکەیەکیت دوو بـاڵی ئازادبوونـت لێ ڕوواوە، گوتت:

ـ بەڵی گووتوومەو .. پێی لێ دەنێم .. ڕێی ئازادی داهێنـان و بیرکردنـەی لێ گرتووم.

یارمەتیدەر درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ بۆیە بڕیارمان داوە ئەو شوێنە بـەجێ بهێڵێـت و.. بـچیتەوە سـەر کارەکـەی جارانت..

کلیـل و بابـەت و کەرەسـتەکان ڕادەسـتی (دڵـدار) بکـەو ئـەومان بـۆ ئـەو بەرپرسیاریەتییە دەستنیشان کردووەتەوە.. ئەو کورسییە بەجێ بهێڵە.

گێتییەك شادی و کامەرانی خۆی هاویـشتە نێـو دەروونتـەوە ..چـوون بێـچووە پاساری کە تازە فێری باڵەفڕێ بووبێـت .. فڕیـت .. فڕیـت .. ئیـدی خەڵکەکـە کـە بینییان وات لێ هات.. دوێنێ وەك نیسك ڕوویان تێدەکردیت.. بۆت پێدەکەنین .. بە دواتدا دەگەڕان و پێوەندییان پێوە دەکردیت .. سۆراخیان دەکردیـت .. بانگهێـشتیان دەکردیت .. هەردوو ڕووەکەی خۆیان ڤەشێردو چاویان نوقاندو ڕۆیشتن!!

تۆیش لە کورسییەکە مۆڕت بردەوە ..بۆت بکرایە دەتسووتاند! هەموو تاوانەکە تـاوانی کورسـییەکە بـوو.. ئـەو خەڵکـەی وا لێکـرد. بۆیـە دروشمێکـت بـۆ خـۆت هەڵبژارد.. تا لە ژیاندا مابیت توخنی کورسی لەو جۆرە نەکەویت !!

## (٤٨)

ئەگەرچی خانووەکەتان لەنێوان گەڕەکێکی کۆن و گەڕەکێکی نیمچە نوێدا بوو، کەچی تا ڕادەیەك لە بواری پاك و تەمیزییەوە دڵگیر بوو، نەختێك لەوە بترازێت کە هەموو شتێکتان ئەم ڕۆ پاك بکردایەتەوە، سبەینێ قۆلانجێك تۆزیان لێ دەنیشت، ناچار دەبوون بە پەڕۆ بیانسڕن و لەبەردەم میوان و خزم و ناسیاودا شەرمەزار نەبن.. زۆریش بێزار بوون کە خانووەکەتان سەرەڕی بوو، لە بازاڕەوە نزیك بوو، چی ناسیاوو خزمێك سەریان بە شاردا بتەقیبایە دەبوو سەرێکیش لە ماڵی ئێوە بدەن و تۆزێك دابنیشن و پلاوو گۆشتی مریشك سمێڵیان چەور بکات.!

ئەم خانووەتان ئەوەی باشە لە مارو مێروو، لە مشك و ڕسق و جورجەوە دوورە، دارو درەختیشتان نییە.. لەبەر ئەوەی خانووەکە سەری والایەو جێی باخچەیەکی ئەوتۆشتان نییە باڵندەو مەل لێی بنیشنەوەو، گیانلەبەری دیکە بەخۆوە بگرێت و ببێتە جێی زیان و نیگەرانی..میوانێکی زۆریشتان دێت، ئەگەر بڵێیت زەنگی دەرگەکەتان ڕۆژی سەد جار زڕەی لێوە دێت، تۆ بڵێ دوو سەد!

ئەوە لەلایەن ڕسق و جورجەوە، هەر لەم ناوە نەبینراون، ئەو دوو سێ مشکەیش دەچوونە مووبەقەکەوە لە کونی ئاوەڕۆی جۆگەڵەکەوە .. لە کۆڵانەوە هاتبوونە ژوورەوە.. بۆنی ڕۆن و گۆشتی چەوریان کردبوو، ئەوەی باش بوو تەڵەیەکی کۆنتان هەبوو هەر سێی پێوە بوون و سەرتان ئاسوودەبوو!

ئەوێ ڕۆژێ گەیشتبوویتەوە، جارێك جلەکانت نەگۆڕیبوو تابان هەواڵێکی ناخۆشی پێدایت:

ـ دەزانیت جورج لایەك لە عەباکەی خواردووم!

گوتت:

ـ نەڵێیت عەبا نوێیەکەت؟

ـ بەڵێ، بەکەڵکی ئەوە نەماوە بەسەریدا بدەم!

ـ ماڵی جورج بە قوڕ بگیرێت. ئەو عەبایەی بە بیست و پێنج دینارت کڕیبوو...

مووچەکەیشم دەرناهێنێت .. تا عەبایەکی نوێت بۆ بکڕم، باشە ئەو جورجە لە کوێوە هات؟!

ـ وا بزانم ئەو ڕۆژە دەرگەی دەرەوە لەسەر پشت بوو کاتێك میوانمان هات. ئا ئەو کاتە گیانلەبەرێکم بینی لە دەرەوە تیژ تێپەڕی و هاتەژوورەوە، لەوانەیە ئەوە جورج بێت و ئەو لایەکی عەباکەی خواردبێ!

لەو ڕۆژەوە خەو نەچووە چاوتان، پلان و ڕێ و شوێنتان بۆ لەناوبردنی ئەو جورجە دانا. تابان ئەو دەرمانە شرێسینەی هێناو، کارتۆنێکی ڕۆخست و دەرمانەکەی لەسەر ڕۆکردو، لە پشتی کەنتۆرەکەوە داینا.

شەو هات و جورج دەستی بە خڕەخڕ کردو خەوی لەچاو حەرام کردن. هەڵسایت پێ لەقەیەکت بە کەنتۆرەکەدا کێشا، تا ماوەیەك دەنگی نەما. خەو چووبووە چاوت و نەچووبووە چاوت، تابان بە چرپەیەکەوە هاواری لێ هەستا:

ـ ئەوەتە ئەوەتە لەسەر مێزەکەیە، جورجێکی گەورەیە..

ڕاپەڕیت.. لە هەستان و ڕاپەڕینی تۆدا نەزانرا بۆ کوێ چوو.. هەر نەبوو بۆ تۆزێك خەو چاوت لەکەللەی سەرتەوە دەرپۆقنە دەرەوە، دیسانەوە ڕاکشایتە سەرجێ، نەتزانی کەی ڕۆژ بووەوە.

بەیانی کە هەستان هەموو نوێنـەکانتان لەسـەر بۆفییەکـە لادا، دیتـان لێفـەو دۆشەك و سەرینی بۆ نەهێـشتوون، هـەمووتان لـە ژوورەکـەی دیکـە لەسووچـێکەوە هەڵپەسارد.

کێـشەکە گـەورەتر بـوو، خـزم و ناسـیاوو دراوسـێکان پێیـان زانـی. یـەکێك هەڵیکێشایە:

ـ تەڵەی گەورە بهێنن.

ئێوەیش ناچار بوون بیر بکەنەوە چۆن ئەو جورجە لـەناو ببـەن و نـەهێڵن زیـانی زۆرترتان پێبگەیەنێت.

ئەم جار تابان چووە بازاڕو مەرگەمووشی کڕی و لـەنێوان کـەنتۆرو دیوارەکـەدا ڕۆی کرد.

پێت گوت:

ـ ئافرەت نەکەیت بیر لە منداڵەکان ببڕیت و تۆزێك لەم مەرگەمووشە بخـۆن و وا بزانن شتێکە دەخورێت و لەسەر ڕیش سمێڵیش دابنێین!!

مەرگەمووشیش سوودی نەبوو. لەبازاڕ تەڵەیەکی گەورەت بەسێ دینـار کـڕی و پەنیری چەورو پەپکە چەورەتان پێوە کردو لەپشت کەنتۆرەکەتانەوە دانا، بەشکەم مام جورج سـەری لێ بـدات و پێـوەی ببێـت و ژیـانی پـێ کۆتـایی بێـت، کەچـی هـیچ ئاواتێکتان بەدی نەهات. تا کتێب و دەفتەرو کەل و پەل وەستابایە مام جورج توخنی پەنیری تەڵەو پەپکە چەورەو مەرگەموش نەدەکەوتەوە!

کار لە کار ترازا، جورج لەپشتی کەنتۆرەکەوە سـەنگەری خـۆی قـایم کردبـوو، ڕۆژان دیار نەبوو، شەوان دەردەکەوت و دەکەوتە خڕەخـڕو شـت و مـەکی دەکرمانـدو خەوی لێ حەرام دەکردن!

هەفتەیەك پتر بەو پەرێشانییەوە تلانەوە، سەرلەبەیانییەك خۆت پۆشتە کردبووەوە، دەتویست لە ماڵ دەرچیت، ئەوەندە ماندوو بووبوویت، شەو خەوت لێ نەکەوتبوو، هەستت بە جم و جووڵی جورجەکە نەکردبوو، پرسیت:

ـ ئەرێ ئافرەت دەڵێیت جورجەکە نەماوەو، ڕۆیشتووە!

ـ ڕۆیشتنی چی! ئەم شەو لە سەرووی سەرمانەوە خڕەی دەهات، لەوانەیە لەم سووچەوە بێت.

دەستی بۆ سووچێکی کەنتۆرەکە ڕاکێشا. ئەو سووچەیش ئاسقییەکەی لێ بوو. شتەکانی سەر ئاسقییەکەتان لاداو ڕاتانکێشایە ئەم لاوە. لەسەر ئاسقییەکەوە ڕوانیت پیرە جورج لە نێوان دوو دیوارو کەنتۆرو ئاسقییەکەدا گیری خواردووە. دارێکت بە دەستەوە بوو، پێتدا کێشا. دەیویست بە کەنتۆرو دیوارەکەدا هەڵبزنێت، بەڵام تۆ ڕێت لێ گرتبوو. داوای دارێکی درێژترت کرد، هەرکە دارەکەیان بۆ هێنایت، تا هێزت تێدا بوو دارێکت پێدا کێشا..

لە جووڵە کەوت. ئەم جار بەتەواوەتی ئاسقییەکەت لاداو بە دارەکە فڕێت دایە دەرەوە ..! تەماشای پشتی کەنتۆرەکەتان کرد بەتەواوەتی بەرگی کتێبێکی خواردبوو، بەڵام کە ویستبووی ناوەرۆکی کتێبەکە بخوات .. کۆتاییتان بە ژیانی نەگریسانەی هێناو بەم شەودا بێ پەژارەو نیگەرانی نوێنەکانتان بۆ شوێنی جارانی خۆیان گێڕایەوەو ناو ژوورەکەتان ڕێك و پێك کردەوەو دڵنیا سەرخەوێکی باشتان شکاند!

تا دەهات بارو گوزەران لە پایتەخت گرانتر دەبوو، بەسێ منداڵەوە لە دوو ژوورو لە کرێچیدا ژیانتان تاڵ بوو، مووچەکەت تەنیا بەشی کرێ و کارەباو خوراردنی دەکرد، نەتدەتوانی چەند قرووشێك بۆ ڕۆژی ڕەش پاشەکەوت بکەیت، لەم لاوە مووچەکەت وەرگرتبایە لەو لاوە تەواو دەبوو، بەهەزار حاڵ دەگەیشتیتە سەری مانگ. بیرتان لەوە کردەوە پایتەخت بەجێ بهێڵن و بچنە یەکێك لە پارێزگەکان، ڕۆژێکیان تابان هەڵیکێشاو گوتی:

ـ پێڕا ناگەین، چی پارە دەردەکەین بۆ کرێ خانوو و کرێی کارەبایە، بە عەزرەت دەرچوونێکەوەین، بە عەزرەتی دەستێك جل و بەرگی جوان و پوختەوەین، بە عەزرەت خواردنێکی پوختەوەین، ئیدی بە بەریەوە نەما.

تۆیش گوتت:

ـ باشە چی بکەین؟

ـ با لێرە بار بکەین.

ـ بۆ کوێ بار بکەین؟

ـ دەچین بۆ پارێزگاکان.

ـ بارکردن بەو شێوەیە ئاسانە؟

ـ بۆ ئاسان نییە؟

ـ من کارم لێرەیەو لێرە دامەزراوم و لێرە چاوم کراوەتەوە.

ـ دەتوانیت خۆت بگوێزیتەوە.

ـ گواستنەوە ئەوەند ئاسانە؟

ـ بۆ ئاسان نییە، ئەو ئیشە نا، ئیشێکی دیکە.

ـ ئەوە كارو مۆڵەت و داواكاری دەوێت.

ـ داواكارییەك پێشكەش دەكەین و چاوەڕێ دەكەین!!

ـ ئەی بۆ كام پارێزگە بچین؟

ـ دەچین بۆ (هەوران)، ماڵی براكەم و خزمیشمان لەوێ هەیە!

ڕاتان كردە یەك ڕا، بۆیە ئەو بیرۆكەیە لە مێشكتدا دەخولایەوەو حەزت دەكرد لەو جەنجاڵییەی پایتەخت قوتارت بێت و، لە پارێزگەیەكدا بگیرسێیتەوەو تێر هەوای پاك و تەمیز هەڵمژیت و منداڵەكانت لەناو كۆمەڵی خۆتاندا گەورە ببن و نەریت و ڕەوشت و ڕەفتاری باوباپیران فێربن. بەم ڕۆژدا داواكارییەكت نووسی و لە تەلاری پارێزگە پێشكەشت كرد، دەشتزانی ئاسانكاری زۆر بۆ باركردن لە پایتەخت بۆ پارێزگەكان هەیە. ماوەی چەند مانگێك هیچ دەنگ نەبوو، دیسانەوە ڕاپێچی سەربازی یەدەك كرابوویت، ئەوە دووەمین جارت بوو ڕاپێچ بكرێیت، لە مۆڵەتێكدا تابان ئەو هەواڵەی پێ دایت:

ـ دەزانیت ڕەزامەندی لەسەر باركردنەكەمان دراوە؟

ـ لە كەیەوە، خۆ من هەر لە بیرم كردبوو.

ـ ئەوە هەفتەیەكە، دەبێت بچیت چی پێویست بێت تەواوی بكەیت.

ـ باشە سبەینێ دەچم  تا بزانم چی پێویستە بۆ ئەوەی تەواوی بكەم.

ئەو ڕۆژە لەتەلاری پارێزگە هەموو پێداویستییەكانت تەواوكرد. هاتیتەوەو تەلەفۆنت بۆ براكەی تابان كرد، لە (هەوران) خانوویەكتان لە گەڕەكی خۆیان بۆ بەكرێ بگرێت، ئەگەر لە تەنیشت خۆشیانەوە بێت باشترە تا ئاگەی لە منداڵەكان بێت، چونكە هێشتە خۆت لە سەربازی بەرهەڵلا نەكراویت.

بەڵێنی پێ دایت بە دوای خانوویەكی لەو جۆرەدا بگەڕێت، مۆڵەتەكە تەواو بوو، لەسەربازی بوویت، كاتێك خانوویەكی لە نزیك خۆیان بۆ بەكرێ گرتبوویت، دەشتبوو

ناوماڵەکەشت بۆ بگوێزنـەوە. (ئـازاد) بـرا بـچووکی تابـانی خێزانـت ئـەویش تـازە ئامۆژگەی تەکنیکی تەواوکردبوو، ئەویش لەسەربازی بوو، بەڵام شوێنەکەی باش بوو، تاکسییەکی هەبوو کاری پێ دەکرد. ئازاد لەگەڵ لۆرییەکی بارهەڵگری میری لەوانەی لە شاری (هەوران)ەوە بارو شت و مـەك بـۆ پایتـەخت دەهێـنن و دواتـر بـە بـەتاڵی دەگەڕێنەوە، شەو ناوماڵەکە بار دەکەن و دەمەوبەیان بەڕێ دەکەون. ئەگەرچی ئـازاد هێشتە تێر نەنووستبوو، تێرخەویش نەبووبوو بە تاکـسییەکەی خـۆی دوای لۆرییەکـە دەکەوێت. تابان و منداڵەکانیش لەگەڵی سوار دەبن.

زۆر دەڕۆن، لەڕێگە خەو چاوی دەگرێت و تاکسییەکە لـەڕێ دەردەچـێت. تابـان چاو دەکاتەوەو هاوار دەکات:

ـ ئازاد .. ئازاد ..وەرگەڕاین، وەرگەڕاین.

ئازاد بە ئاگە دێتەوەو تەماشا دەکات لە ڕێگە قیرەکە لایـان داوەو کەوتوونەتـە ناو جاڕو دەغڵ و دانەکە، کۆنترۆڵی تاکسییەکە دەکات و دێتەوە سەر ڕێگە قیرەکـە. کە دەگەنە (هەوران) پێش لۆرییەکە دەکـەوێت و لەگـەڕەکی (دۆسـتایەتی) لەبـەردەم خانووەکەدا ڕادەگرن و ناوماڵەکە دەهێننە خوارەوە.

(٥٠)

دوو سێ شەوە ڕادیۆکان ئاگەداری و بەیاننامە بڵاودەکەنەوە، تۆیش تا درەنگی شەو گوێ لە هەواڵ و سروودە نیشتمانییەکان دەگریت، دوێنی ئێوارەت بیر دەکەوێتەوە کە ئۆتۆمۆبیلەکانی پۆلیس و ئاسایشی میری بە کۆڵانی گەڕەك و شەقامەکانی شاردا تیژ تێدەپەڕین و بانگەوازیان بۆ خەڵك بڵاو دەکردەوەو ئاگەداریان دەکردن لەماڵ دەرنەچن، نیازێکی گڵاویان هەبوو، شار لە دوای شار لە چنگی زەبرو زەنگ دەردەچوو، خەڵکەکە هەڵدەستان و ڕادەپەڕین و دارودەستەکانی ڕژێم لە ڕوو ڕەشی و بێ ورەییدا هەڵدەهاتن و خۆیان دەشاردەوەو لەژێر پێی ڕق و کینەی چین و توێژاڵە هەژارو نەدارو ڕاپەڕیوەکەدا دەپلیشانەوە، بەیانی هێشتە قاوەڵتیت نەکردبوو، ویستت ئاوێك بە خۆتدا بکەیت، دەنگی تەقەو هەراو هوریا بەرز بووەوە، سەرت کێشایە دەرەوە، هەواڵی ڕزگارکردنی دەزگە فەرمییەکانت بەرگوێ کەوت،

ڕۆژێکی دیکە لە شار هەڵهات، ڕۆژی ئازادی، بە خوێن و بە بازووی ڕۆڵەکانی میللەتەکەت ئاسۆیەکی ڕوون و ڕووسوور واڵابوو، دەروازەی تەکانێکی دیکە کەوتە سەر پشت.

ئەو ڕۆژە تا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ هەموو دەزگە فەرمییەکان بە هێزی جەماوەرو گیان لەسەر دەستەکان کۆنترۆڵ کران، یەك دوو کۆپتەر لە ڕۆئاواوە پەلەقاژەی مەرگیان دەکردو چەند مووشەکۆکەیان ئاراستەی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارکردو لێرەو لەوێ بەدەم دارودەستەکانی ڕژێمەوە چوون، کە نە دەنگ و نە نقەیان مابوو، ئاکام ئەوانیش هەڵاتن.

لەو شەوە بە دواوە دارتیلەکان کارەبایان تێدا نەما، چەند شەوێك بێ کارەبا مانەوە، لەبەر چرای نەوت و غازدا گوێتان لە هەواڵەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو دەگرت،

کە سەرجەم شارو شارۆچکەکانیان لە چنگی زەبرو زەنگ ڕزگارکرد، بارودۆخێکی ئازادی هاتە کایەوە، ئەگەرچی سەرەتا قوربانیدان و باجی نەبوونی کارەباو ئازووقەو گرانی بە دواوە بوو، لێ وردە وردە کەلێنەکان تا دەهات پڕ دەکرانەوەو بە نینۆکی خۆتان سەری خۆتان دەخوراند.

یەك هەفتەی پێنەچوو، هاوسەرەکەت بەرەبەیان ژان دەیگرت، چرایەکت بە دەستەوە گرت و ژنە دراوسێکەتان ئاگەدار کردەوە، کە بە چاوی خەوالووەوە دەرگەی کردەوە:

ـ خێرە بەم بەرەبەیانە، چی قەوماوە؟

ـ تابان ژان دەیگرێت، ئەگەر بییێت ئاگەت لێ بێت تا دەچم مامانەکە دەهێنم.

ـ باشە، ئەوە هاتم با خۆم پۆشتە کەمەوە.

تا ژنە دراوسێکەتان هات، تۆیش خۆت پۆشتە کردەوەو چراکەت هەلگرت و بەرەو کۆلانێکی گەڕەکی تەنیشتتان دڕت بەو تاریکییە داو لەبەردەم دەرگەی مالی مامانەکەدا گیرسایتەوەو دوو سێ جار لە دەرگەت دا. یەکێك لەو دیوەوە پرسی:

ـ کێیە بەم شەوە درەنگە؟

ـ خۆمانین، دەرگە بکەنەوە.

مامانەکە بە خۆی هاتە بەر دەرگە کە دوێنێ ئێواری پێتان ڕاگەیاند ڕەنگە تابان ئەمڕۆ یان سبەینێ مندالی ببێت، یەکسەر ناسیتیەوە:

ـ فەرموو، بلێ.

ـ بۆ ئەوە بەم بەرەبەیانە هاتووم لەگەلم بێیت تابان ژان دەیگرێت.

ـ ئەوەی دوێنێ ئێوارێ کە پێم گوتن هێشتە ماویەتی.

ـ بەلێ.

ـ ئەوە دێم با شتەکانم بێنم.

تا ئێوە بە خۆتان و چراو مامانەوە گەیشتن، ژان ئوقرەی لە تابان بڕیبوو، تۆ لە هەیوانەکە دانیشتیت و دەرگەکەت داخست، مامانەکەو ژنە دراوسێکەتان لە ژوورەکەی دیکە لە دەوری تابان بوون کە بە دەستی بەرەژانەوە دەتلایەوە. نازانیت چەندی پێچوو، لەو کاتەدا بیرت لەساغ و سەلامەتی تابان دەکردەوەو بیرت بۆ ئەو ڕۆژانە چوو کە کوڕە گەورەکەت لەدایك بوو، لە دڵی خۆتدا بە بەشی خوا قایل بوویت، چ کوڕ چ کچ بێت، گرنگ ئەوەیە تابان بە سەلامەتی هەڵسێتەوە. لەو بیرکردنەوانەدا بوویت ژنە دراوسێکەتان دەرگەکەی کردەوەو مژدەی پێ دایت:

ـ خوا کوڕێکی پێ بەخشین.

زۆرت سوپاسگوزاری کردو هەڵتکێشایە:

ـ لەگەڵ کوڕەکانی ئێوەدا خوا دەست بە باڵیانەوە بگرێت.

ڕۆژ هەڵاتبوو، چوویتە بازاڕو دڵ و جەرگێکی نوێت لای گۆشتفرۆشەکەی ناسیاوتان کڕی و نیوەڕۆ بۆ تابان سوورتان کردەوە. لای ئێوە ئافرەتی زەیستان پێویستی بەوەیە چاودێری بکرێت و یەکەمین ڕۆژ ناوسك و گۆشتی دەرخوارد بدرێت تا هێزو توانای دێتەوەو دەبووژێتەوە.

هەواڵەکان تا دەهات ڕەشبینییان پێوە دیاربوو، دوێنێ شاری (ئاراپخا) دوای دە ڕۆژ ڕزگاربوون لە لایەن ڕژێمەوە داگیرکرایەوە، دەنگۆی ئەوە لەئارادایە سوپای ڕژێم بە مووشەك شاری (هەوران) بۆردومان بکات، نیوەشەو خەڵك بێ ئەوەی دراوسێکانی خۆیان ئاگەدار بکەنەوەو هەر یەکەو تەگبیری خۆیان کرد. چی شتی بەهادارو سووکیان هەبوو لەگەڵ خۆیان هەڵگرت و ئەوەی ئۆتۆمۆبیلی هەبوو، سواری بوو، ئەوەیش نەیبوو، بە پێ شاریان بەجێ دەهێشت.

ئێوەیش لەگەڵ ماڵی وەسمانی برا گەورەکەی تابان کە لە ئاراپخاوە هەڵاتبوون، بەرەو ماڵی قارەمانی برا ناوەندییەکەی چوون لە گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی شار، لەوێ

ئازادی برا بچووکی تابان و هەندرینی خوشکەزاکەی گرد بوونەوە، تەگبیرتان کرد پێکەوە دەربچن. ئەوان سواری دوو ئۆتۆمۆبیل بوون، شوێنیش دەبووەوە ئێوە سوار بن، بەڵام ئازاد گوتی :

ـ ئێوە پێشمان بکەون، من و ڕەوەندو هەندرین بە پێی بە دەاتاندا دێین.

هەر خەڵك بوو بە ئۆتۆمۆبیل و بە پێ لە شارەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و بەرەو باکوور دەچوون و لەو لاوەیش دەنگی بۆردومانی تۆپخانەو ڕێژنەی گوللەیش دەبیسترا، کۆپتەریش بە ئاسمانەوە چاودێری دەکردو جارو بار ڕیزە ئۆتۆمۆبیلیکی بەر ڕێژنەی دۆشکە دەدا. بەناو دەغڵ و دان و گیاو گۆڵەی نزیك شاردا زۆر نەڕۆیشتبوون، لەو لاوە تانکەکان دەهاتن و دەیانویست بەرتان لێ ببڕنەوە، ناچار بوون خۆتان لەو لاپاڵەدا لەناو دەغڵەکەدا بەعەرددا بدەن. هەرسێکتان لەپاڵ یەکدییەوە ڕووەو ڕۆژهەڵات ڕاکشان. ئازاد چاوی لە شەقامە سەرەکییەکە بوو، تانکەکانی دەبینی بەرەو لای شەقامەکە دەهاتن، ئێوە ڕووتان لەولا بوو تانکەکانتان نەدەبینی، ئەو دەیبینین و پێی ڕادەگەیاندن:

ـ ئەوە گەیشتنە سەر شەقامەکە، ئەوە سەربازێك دابەزی، ئەوە بەرەو لای ئێمە دێت.

تا دەهات سەربازەکە لێتان نزیك دەبووەوە، ئازاد بڕیاری دا هەستێتە سەر پێ و دەست بەرز بکاتەوەو بە دوایدا هەندرینیش هەستایە سەرپێ، تۆ مایتەوە تا خۆت کۆکردەوەو هەستایت و ویستت چاکەتەکەت بەسەر شاندا بدەیت، نەتزانی سەربازەکە ئەو جوولەیەی چۆن لەیەك دایەوە. بی کەی سییەکی بە دەستەوە بوو ڕووی لە تۆ کردبوو، دوو گوللەی ئاراستەکردیت، یەکێکیان سەری کردو ئەوی دیکە قاچی پێکایت و بە ئاسماندا هەڵبەزیت و توند بەربوویتەوەو کەوتیتە سەر عەرد، جوولەت لێ بڕا.

ئازاد توند بە گژ سەربازەکەدا چوو، لەو لاوە ئەفسەرەکەیان هات و زۆری سەرزەنشت کرد، بۆچی ئەو کارەی کرد، ناچار بە ئازادو هندرینی گوت لێرە بیگوێزنەوە نزیك شەقامەکە.

لەو لاوە برادەرێکی خۆت هات کە لەگەڵ برێك ئافرەت و منداڵدا لە ترسی تانك و تەقەکردن لەژێر پردەکە دانیشتبوون، بینیتی خوێن بە لاقتدا چۆڕاوگەی بەستووە، پرسی:

ـ کاك ڕەوەند ئەوە تۆیت؟ خوا خێری نەنووسێت بۆ تەقەی لێ کردیت؟ پێم ناڵێیت چیت کردبوو؟

بەهەرسێکیانەوە هەڵیان گرتیت و نزیك شەقامەکەیان کردیتەوە. هێشتە چێشتەنگاو بوو. هەندێك خێزان بەرەو شار دەگەڕانەوەو هەندێکی دیکە دەڕۆیشتن، کۆپتەرەکان دوور کەوتبوونەوە. ئازاد دەستی لە ئۆتۆمۆبیلێك بەرز کردەوە. ڕاوەستا، داوای لە شوفێرەکە کرد:

ـ ئەم بریندارەمان هەیە ئەو چاکەیە بکەو لەگەڵ خۆتان بیگەیەنە نەخۆشخانە.

سواری گالیسکەکەی پشت ئۆتۆمۆبیلەکەیان کردیت، ژان زەفەری پێ بڕیبوویت، تا دەهات خوێنت لێ دەڕۆیشت. هێزو توانات نەمابوو، ملت لار بووبووەوە. ئەوەند نەڕۆیشتبوون لای خاڵێکی پشکنین ڕاوەستان سەربازێك لە تەنیشت تانکێکەوە ڕاوەستابوو، ڕێی پێ دان بەرەو شار بگەڕێنەوە. لەناکاو دەنگی دەستڕێژێکی گوللە هات سەرباز خۆی بە عەرددا دا. شوفێرەکەیش لە ترسی پێکان و بەرکەوتن یەکسەر بەرەو دواوە سووڕایەوەو توند تێی تەقاند. چەند کیلۆمەترێك لە خاڵی پشکنینەکە دوور کەوتنەوەو ڕاوەستا و ژن و منداڵەکان دابەزین و چوونە بن دارو درەختەبەرزەکان. تۆیش لەناو گالیسکەکەدا بوویت. ئازاد نەیدەزانی چی بکات. بە برینداری و بەو ژانەوە تەماشات کرد ئەو گالیسکەیە پڕ لە کلاشینکۆفە، بیرت لەوە

دەکردەوە ئەگەر بەو برینداریيەوە بچووبايتە شارو لەناو ئەو گالیسەکەیە لە نەخۆشخانەیان داگرتبایت و سوپا بیانزانیایە ئەو کات بە یاخیبوو لە قەڵەمیان دەدایت و هەر لەوێدا گوللەبارن دەکرایت.

ڕۆژی تەنگانە مرۆڤ خەفەت دایدەگرێت، سەری لێ دەشێوێت و نازانێت چۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکات. هەندێك جاریش ڕێکەوت فریای دەکەوێت. تەماشاتان کرد تەکسییەك لەو لاوە خێرا بەرەو شار دەچێت و پێشمەرگەیەك لە پێشەوە بە خۆی و تفەنگەکەیەوە لێی دانیشتووە . بە ئازادت گوت:

ـ ئەوە بۆ کوێ دەچێت، شار گیراوە، دەستی لێ بەرز بکەوە تا ڕایبگرێت و ئاگەداری بکەن نەگەڕێتەوە نەوەك بیانگرن ئەگەر کرا پێی بڵێ بزانە ئێمەیش لەگەڵ خۆی سوارناکات.

ئازاد دەستی لێ بەرز کردەوەو ڕایگرت و تێی گەیاند کە شار گیراوەتەوەو نەچن باشترە، بۆیە یەکسەر سووڕایەوە، وئازاد ئەوەی بە هەل زانی و گوتی:

ـ ئەو برینداره‌مان هەیە تا (ئامۆرتا) چەندمان لێوەردەگرن.

هەردوو لا ڕێککەوتن و تۆیان لە پشتی شوفێرەوە سوار کرد، یەك دوو کیلۆمەتر نەڕۆیشتن ڕێگەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، پێنج و شەش ڕیزی ئۆتۆمۆبیل بە تەنیشت یەکدا دەڕۆیشتن. بەڕێوە پێشمەرگەکە دابەزی و خێزانێکی ناسیاوی لە پێشەوە لەگەڵ خۆی سوار کرد، مێردەکەی ڕێگەی بۆ تاکسییەکە خۆش دەکردو بە شوفێرەکانی دیکەی ڕادەگەیاند:

ـ ڕێی بکەن، برینداری پێیە!

درەنگانی نیوەڕۆ گەیشتنە شێوە هەوراز، ئازاد داوای لە شوفیرکە کرد ڕابگرێت. لە پەنجەرەکەوە وەسمانی بینی و لە دوورەوە پێی ڕاگەیاند:

ـ ڕەوەند برینداره، برینەکەی ئەوەندە سەخت نییە، بۆ نەخۆشخانەی دەبەین، ئێوەیش دوامان بکەون.

لە شێوە هەوراز چوونە ئەو دیودا قەرەباڵغییەکە نەما، تاکسییەکە خێراتر دەڕۆیشت، هەواکە فێنکتر بوو، وردە وردە هۆشت پێدا دەهاتەوە، بەڵام هەر خوێنت لەبەر دەچوو، خۆر ئاوابوون گەیشتنە نەخۆشخانەو لەو قاوشە قەرەباڵغە کە پڕ لە بریندارو پێکراوو نەخۆش بوو لەسەر قەرەوێڵەیەکیان هەڵاژاندیت و ئاویان کردە دەمارتەوە. نۆژدارێك هات و تەماشای کردیت، بە ئازادی ڕاگەیاند:

ـ بارودۆخی زۆر شڕە، بڕی شاری (پانیا) ناکات، دەبێت هەر ئێستە بیبەن!

بەو تاریکە ئێوارە ئازاد پیکابێکی دوو تەنی بەکرێ گرت و تۆیان بە گالیسکەی نەخۆشخانەکەوە سواری ئۆتۆمۆبیلەکە کرد. بەرەو (پانیا) بەڕێ کەوتن. بە ڕێگەوە ئۆتۆمۆبیلەکە لە زۆر شوێن ڕادەوستاو خەڵك سوار دەبوون، بایەکی ساردیش هەڵیکردبوو، لە ئەژمەتی ئەو ئاوەی دەکرایە گیانت و بۆت دانرابوو لەرزت لێ هاتبوو، ئازاد چاکەتەکەی خۆی پێ دایت، ئاوەکە دەهاتە ناو زارت و هەموو جار فڕێت دەدا.

بەر لەوەی نیوە شەو دابێت گەیشتنە نەخۆشخانەی پانیا، یەکسەر بە گالیسکەکەوە دایانگرتیت و بۆ ژووری نەشتەرگەرییان بردیت. برینەکەیان سڕی و دەرمانی پاکژکردنەوەیان پێدا کرد، گوللەکە گۆشتەکەی بڕیبوو، لە ئێسکی دابوو، ئێسکەکەی لە خوار سمتتەوە شکاندبوو، تۆزێك سەرووتر بووایە حسێبت ڕۆیشتبوو. کە دەرمانەکەیان بەسەردا کرد دەقرچایەوەو هاوارت دەگەیشتە کەشکەشەی ئاسمان.

نۆژدارەکە بڕیاری دا پێویستت بە یەك بوتڵ خوێن هەیە، خەڵکێکی زۆر خوێنیان بە نەخۆشخانەکە بەخشیبوو، یەك بوتڵ خوێنیان لە جۆری خوێنەکەت هێناو هەڵیانواسی و بە سۆندەیەکی باریکەلە لە دەماری قۆڵتیان بەست، ئەو خوێنە کەمێك

هێزی وەبەر هێنایتـەوە. سـەرلەبەیانی وێنـەی تیـشکیان بـۆ قاچـت گـرت، جارێـك دەیـانگوت قاچـت نەشـکاوە، جـارێکی دیکـە دەیـانگوت قاچـت شـکاوە، وێنـەی تیشکەکەت لەگەڵ وێنەی تیشکی نەخۆشێکی دیکەدا تێکەڵ بووبوو. جارێکی دیکـە بردیتیانە ژووری وێنەگرتن بە تشیك، وێنەیـەکی دیکـەی قاچـە شـکاوەیان گرتیـت. لەگەڵ هەر جووڵەو داگرتن و هەڵگرتنێکدا ئازاری شـکانەکە هەراسـانی دەکردیـت و نەتدەتوانی ددان بە خۆدا بگریت و بەرگەی ئەو ژانـە بـێ سـنوورە بگرێـت، هـاوارت دەکردو دەنگت لە قوژبنەکانی نەخۆشخانەکەدا دەنگی دەدایەوە.

ئەو ڕۆژە هەر دەنگۆی هێرشی سوپا بەر گوێ دەکەوت. ئاگەتان لە ماڵی وەسمان و منـداڵ و خێزانـەکانی دیکـە نـەما، بـۆ پـاش نیـوەڕۆ ئـازاد ویـستی بـچێت ئۆتۆمۆبیلەکەی لای فیتەر بینێتەوە، دەبینێت باترییەکی براوەو فیتەریش لەوێ نییە، بـە هـەزار تکـاو پاڕانـەوە لای فیتـەرێك پاترییـەکی نیوداشـتی پەیـداکرد، تایـە پەنچەرەکەی چاك کردەوەو پاترییەکی دابەست و گـەرم و سـاردەکەی لێ بەسـت. بـۆ ڕۆژئاوا گەڕایەوە نەخۆشخانە، ئەوەندەی نەبرد بۆتانی برایشی بـە ئۆتۆمۆبیلەکەیـەوە ئامـادەبوو، لەبـەر دەنگـی هـاتنی سـوپا لـەنیوەی ڕێگـە بـەرەو شـاری (سـەیوان) گەڕابووەوە. تا دەهات پڕوپاگەندەی هاتنی سوپا گەرمتر دەبوو. بۆ یازدەی شەو تەنیا تۆو دوو نەخۆشی دیکە لەنەخۆشخانەکە مانەوە.

ئازادو بۆتان دەیانویست لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە بنـوون، ئـەو دەنگۆیـە نیگـەرانی کردبوون، ئەوانیش هاتن و تۆیان لە قاوشەکە دەرهێناو سـواری پـشتەوەی شـوفێریان کردیت، بۆ نیوەشـەو بـەرەو سـنوور بـەڕێ کـەوتن. بارانێـك دایـدابوو، چـاو چـاوی نەدەبینی. لێزمەی باران ئەو ژن و منداڵ و پیرەمێردانەی تەڕکردبوو کە بە پێ و کـۆڵ بەسەر شان و منداڵ بە باوەشەوە بـەرەو سـنوورو ئـەو هـەردو پێدەشـت و بـەرزی و چاڵییەیان دەپێوا.

شــەقامە قیرەکــەیش بــە چــوار پێــنج ڕیــز ئۆتۆمۆبیــل تــەنرابووەوە، لــەناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە تا چاو بڕی دەکرد هەر ئۆتۆمۆبیل بــوو بــە دوای یەکـدا دەڕۆیــشت، ڕۆیشتنەکەیش لە ڕۆیشتنی کیسەڵ سستتر بوو، بۆ چوارو پێنجــی بــەیانی دەوروبــەر ڕووناك بووەوەو لە چەند کیلۆمەترێك پتر نەڕۆیشتبوونە پێشەوە، چەندین ئۆتۆمۆبیــل لە تەنیشت و ئەم لاو ئەو لای ئێوەوە بەرەو دواوە بۆ (پانیا) گەڕانەوە، ئــازادو بۆتــان شەکەت بوون و یەك دوو قسەیان لەگەڵ یەکدی کردو لەگەڵ شوفێرێکی تەنیــشتیانەوە کە ماڵی خزمێکی لە (پانیا) بوو بڕیاریان داو یەکسەر بەو بەیانییە گەڕانەوە. لایــان دایە ماڵ خزمی شەفێرەکەو قاوەڵتییەکی باشیان بۆ هێنان. نان و ماست و چایان بــۆ تۆیش هێنا کە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا ڕاکشابوویت و هەر جووڵەیــەك ئــێش و ئــازاری شکانەکەی قاچی زیرەی لێ هەڵدەستاندیت. هەستت کرد ئەو نان و ماستە وزەیــەکی بە دەمارو ماسولکەکانت بەخشی و نەختێك هێزت وەبەر هاتەوە.

چێشتەنگاو لەوێ دەرچوون و ڕێی (پێنج قوڕنە)تان گرتە بەر، هەرکــە گەیــشتن، ئازاد بەنزینی بۆ ئۆتۆمۆبیلەکان بە نرخێکی سێ چەندان کڕی. بــەرەو (داراوە) بــەڕێ کەوتن. بە ڕێگەوە خەڵکی ئەو گوندو دەڤەرانەتان دەبینی ڕانە مەڕو پەزو پۆڵەو ڕەشە وڵاخ و چارەواکانیان لەبەر دابوو، چی کەلوپــەلی ســووکیان هــەبوو لــە چــارەواکانیان بــارکردبوو، بــەرەو ســنوور دەڕۆیــشتن و ئاوڕیــان نەدەدایــەوە. تــەنیا ئۆتۆمۆبیــل ئۆتۆمۆبیلەکەی ئێوەبوو، بەرەواژ دەڕۆیشت، چەندین ئۆتۆمۆبیلی پڕ لە خێزان و مــاڵ بە تەنیشتی ئێوەدا تێدەپەڕین و ملیان بەرەو ســنوور دەنــا، ئێــوەیش بــەرەو (داراوە) دەگەڕانەوە. چەندین دۆڵ و چیاو هەورازو نشێوو چۆم و قامیشەڵان و داستانتان بــڕی، لە خۆرئاوابووندا گەیشتنە (داراوە)، تۆیان بردە نەخۆشــخانەی گــشتی و بۆتــان بــەو شەوە بۆ (هەوران) گەڕایەوە. ئازاد ڕۆیشت لە ئۆتێلێکی نزیــك کــە چــەند کەســێکی لێبوو شوێنێك بگرێت و پشوویەك بدات.

شەو هیچ داوو دەرمانێك نەبوو، نۆژدارو برین پێچ نەمابوون، تەنیا دكتۆرێـك و برینپێـچێك مابوونـەوە، یـەك دوو بەردەسـت و چێـشت لێنەرەكـەیش لـەوێ بـوون خواردنیان بۆ نەخۆش و بریندارەكان ئامادە دەكـرد. ئـەو شـەوە هەنـدێك نیـسكەواو پارچەیەك سەموونی ڕەقیـان بەسـەردا دابـەش كـردن. بـەیانی بۆتـان لـە (هـەوران) گەڕایەوە، لێبوردنی گشتی درابوو، دیسان تۆیـان لـە ئۆتۆمۆبیلەكـە پەسـتاو بـەرەو (هەوران) بەڕێ كەوتن. بۆتان لە ڕۆیـشتنەوەدا سـەربازێكی ئـەو خـوارەی لـە خـاڵی پشكنینەكە دیبوو، بە ژمارەی ئۆتۆمۆیلەكەیدا وای زانیبوو خـەڵكی ئـەو خوارەیـەو ڕێی دابوو، پێی ڕاگەیاندیت:

ـ ئەگەر لێیان پرسیت بە چی بریندار بوویت، ڕووداوێكی وا دروست بكە خـۆت دەرباز بكەیت.

بە ڕێگەوە لە ڕێگە پێچاوپێچەكە چەندین ئۆتۆمۆبیلی سووتاو تێكشكاوو بەجێ هێڵراوتـان بینـی لـەم لاو لـەو لای شـەقامەكەوە كـەوتبوون، هـەیانبوو تایـەكانیان دەرهێنرابـوو، هـەیانبوو دەرگـەیان پێـوە نـەمابوو، هەشـیانبوو مەكینـەو بـاتری و كۆشنەكانیان دەرهێنرابوو.

ئەو سەربازەی بۆتان باسی كرد لـە خـاڵی پـشكنینەكە پرسـیاری لێ نـەكردن و یەكسەر ڕێی دان بەرەو شار ڕۆیشتن. هەركە چـوونە نـاو شـارەوە، تـا بـەردەم مـاڵی قارەمان ڕانەوەستان. بە ڕێگەوە بۆتان باسی ئەوەی بۆ كردیت كە ماڵی ئێوە بارەگای سوپا بووەو زۆر كەلوپەلتان نـەماوەو هـەردوو تەلـەفزیۆن و ڤیـدیۆو ڕادیـۆو قـاپ و قاچاختان هەموو تالآن كراون.

بە شەقام و كۆڵانی شاردا دەڕۆیشتن هەستتان بە كەش و هەوایەكی نالەبارو بۆن و بەرامـەیەكی گۆڕاوو بۆگەن و نەویستراو دەكرد، ئەو بۆنـەی جـاران نـەبوو، هێـشتە بـۆنی خـوێن و بـاررووت دەهـات و زیـڕەو زریكـەی ئـەو ژن و منـداڵ و پیرەمێـردو

گەنجانەتان بەر گوێ دەکەوت لە کاتی هەڵاتن و هەڵمەتەکەی سوپای ڕژێمدا کوژرابوون و بریندارکرابوون و تۆقابوون، هێشتە ئۆتۆمۆبیلی سووتاو تێکشکێنراوتان لە چوار ڕیان و سێ ڕیانی شەقامەکاندا دەبینی، شوێنەواری مووشەکی ئاڕ بی جی و هاوەن و شوێنی گوللەی مەترەلۆزو بی کەی سیتان لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەوت، بەزەییتان بە خۆتان و ئەو خەڵکەدا دەهاتەوە کە چۆن سەریان لێ شێوێنراو چۆن ماڵەکانیان بەجێ هێشت و چۆن هەندێکیان بوونە قوربانی و هەندێك ماڵ و منداڵ و سامانیان لەدەست دا.

ئێستە گەیشتیتەوە شاری (هەوران)، بە سێ کەس لە ئۆتۆمۆبیلەکەیان هێنایتە خوارەوە، لەگەڵ هەر جووڵەیەکدا ئازاری شکانەکە ئەوەندەی دیکە ئوقرەی لێ دەبڕیت و نە دەرمان و نە کەپسوول و نە دەرزییەك هەبوو لە لاڕانت بدەن و ئازارەکەت کەم ببێتەوەو نەختێك خەو بچێتە چاوت، چەند شەوە لەبەر ئازار نەنوستوویت، ئەمڕۆیش هەر نانویت، ئەوەتە لەسەر ئەو جێگەیەی ڕاکشاویت ناشجوولێیتەوە برینەکەت دەچووزێتەوەو شکانەکە دەبریسکێتەوەو ئازارت پێ دەگەیەنێت. ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر ئازار هەر هاوارو ئای و ئۆفت کرد، تۆزقاڵێك پێڵووت لێك نەنا، چاوەڕوانی ڕۆژت دەکرد تا ڕۆژ ببێتەوەو بتبەنە نەخۆشخانە تا چارەسەرێکت بۆ بکرێت.

ڕۆژ بووەوە، ئازاد و بۆتان لەگەڵ دراوسێکاندا بە چوار کەس لەسەر پەتۆیەك هەڵیان گرتیت و خستیانیتە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە، تا گەیشتنە نەخۆشخانە ئازار زەبری پێ هێنایت، گەیشتیتە ئەو بڕوایەی لە ژیاندا هیچ ئازارێك ناگاتە ئازاری ئێسك شکان لە سەختیدا، ئازاری سووتان و ڕووشان و بریندابوون بە گوللەو ئازاری دیکە هیچ کامیان ئەوەندەی ئازاری شکان سەخت و دژوار نین.

ئەو شەوە لە قاوشێکی نەخۆشخانە چەند گەپسوولیان پێ دایت و یەك دوو دەرزی ئازار ڕەوێنیان لێ دایت، ئازارەکەت کەمێك باشتر بوو، ئارەزووی خواردنت

کرایەوە، بەم ڕۆژدا نۆژدار بڕیاری دا ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری (نەردین)ت بکەن، لەوێ نۆژداری شکان هەن و هەموو پێداویستییەك دەست دەکەوێت، نەخۆشخانەکانی (هەوران) هیچ ئامێرو پێداویستی ئەم جۆرە پێکانەیان تێدا نەماوەو دەستی تالاّن و بڕۆ بە هەموو شتێکدا گەیشتووەو ڕایمالّیوە.

سواری ئەمبۆلانسێکیان کردیت، لە نەخۆشخانەوە بەشەقامی سەرەکی شاردا تێی تەقاند، لە پەنجەرەکەوە جار جار سەرت بەرز دەکردەوە، گەڕەکەکەی خۆتان و ئەو دەورو بەرەت دەبینی، فرمێسك دەزانە چاوت، لەو کاتەدا بیری مندالّە ساواکانت دەکرد، بەتایبەتی کوڕە چوار سالاّن و کوڕە تەمەن سێ چوار هەفتەیەکەت.

لە دەریای ئەندێشەو بیرکردنەوەدا نغرۆ بووبوویت، ڕۆژانی ڕابوردووت بیر دەهاتەوە، فلیمی ئەو ئێوارەیەت بە یاددا تێدەپەڕی کە لە پایتەخت بوون و گوێت لە ڕادیۆی شۆڕش ڕادەگرت دەنگ و باسی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگەی بلاّو دەکردەوە، لەپڕ باوکت کردی بە ژووردا:

ـ کزی کە، کزی کە!!

ـ چ بووە، بۆ کزی کەم؟

ـ دەلّێم کزی کە، مێرد مندالّێك لە پشتی پەنجەرەکەی ناو کۆلاّنەوە گوێی ڕادێرابوو، کولّی لێ دەگرتیت!!

تۆیش دەنگی ڕادیۆکەت کز کرد کە شەو نەبوو گوێی لێ نەگریت، ترسی ئەوەت لێ نیشت ڕاپۆرتنوسێك ڕاپۆرتێکتان لەسەر بنووسێت و بتانداتە گرت و تووشی دەردەسەری و بگرە شوێن بزربوونتان بکات. لەو ڕووداوەوە بڕیارت بە نهێنی گوێ لە ڕادیۆکە بگریت و مایکرۆفۆنێکی بچووکت کڕی و شەوانە لەسەربان لە ژێر نوێنەکەوە لە دەنگوباسی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگە ئاگەدار دەبوویت.

چی ئەوەی بیر هێنایەتەوە؟ بۆ لەم کاتــەدا ئــەوەت بــیر کەوتــەوە؟ تــەنیا ســۆزی باوکایەتی بوو، ئەو سۆزەی پاڵ بە باوکەوە دەنێت جگەرگۆشەکەی لە مەترســی هــەر ڕووداوێك بپارێزێت و نەهێڵێت هیچ ڕووداوێکی دڵتەزین و نابەدڵی تووش بێت.

هێشتە لە دەریای ئەو ئەندێشەیەدا بوویت و لە ترس و لەرزی ئەو ئێوارە قوتــار نەبووبوویت و ئازارو ژانی شکانەکەیش دەستی لە یاخەت نــەدەکردەوە، لــەو کاتــەدا گەیشتنە نەخۆشخانەی شار.

بەچوار دەستە لــە ئەمبۆلانــسیان هێنایتــە خــوارەوەو لەســەر گالیــسکەیەکیان دانایت و بەرەو قاوشەکەیان بردیت. لەسەرپشت لەسەر قەرەوێڵەیــەکیان هەڵاژانــدیت. نۆژدارو برینپێچ لە دەورت گرد بوونەوە، ناوونیشان و کارو پیــشەو چــۆنیەتی بــرین و تووشبوون و هۆی برینداربوونیان لێ پرسیت و هەموو وەڵامــەکانیان لــە فۆرمەکــەدا تۆمار کرد.

ـ چۆن بریندار بوویت؟

ـ لە هەڵاتنەکەدا لەوپەڕی شارەوە سەربازێکی سوپا بــە ئەنقەســت تەقــەی لــێ کردم و برینداری کردم و قاچی شکاندم.

نۆژدارەکە فەرمانی بە کارمەندەکە کرد:

ـ بنووسە لە ڕێگە مینێکی پێدا تەقیوەتەوەو بریندار بووە.

نۆژدارەکە تەماشای تیشکەکەو شوێنی پێکان و برینەکەی کرد، گوتی:

ـ پێویست بە نەشتەرگەری و پلاتین دانان ناکات، بە ئاسن چاك دەبێتەوە؟

برێك ئاسنیان هێناو بــە ســپرنگ بــە لاقــە شــکاوەکەویان بەســتیت و شــۆڕیان کردەوە، تا لاقت ڕاکێشێت و لەو شوێنەوە شکاوە بگیرسێتەوەو وەك جارانی لێ بێــت و کورت نەبێتەوە. ئەو شەوە دەرزی ئازارشــکێنیان لێ دایــت و نــانی ئێوارەیــان بــۆ هێنایت تا بەیانی نغرۆی خەوێکی شیرین بوویت.

له نۆبەی تەماشاکردندا جارێکی دیکە نۆژدارەکە تەماشای برینەکەی کردیت و بڕیاریان دا بتبەنە قاوشی سەرەوە کە تایبەت بە شکان بوو. ئەو شەوە نەخۆشێکیان هێنا، کابرایەکی کەتەی خەڵکی شارۆچکەی (ئاگری) لە گەرماو پێی خلیسکابوو، سمتی شکابوو، تا بەیانی لەبەر ناڵەو هاواری ئەو هیچ کام لە نەخۆشەکان نەنوستن. هەموو نەخۆشەکان سەرزەنشیان دەکرد، نەخۆشەکەی تەنیشتت کە باڵی شکابوو، نارەزایی دەردەبڕی:

ـ خۆ قاوشەکە تەنیا تۆی تێدا نییت، ماڵ کاول تۆزێك ددان بە خۆدا بگرە.

ڕۆژ نەبوو نەخۆشی تازە نەهێنرێتە قاوشەکەو نەخۆش نەشتەرگەری بۆ نەکرێت و، نەخۆش چاك نەبێتەوەو نەچێتەوە. نۆژدارەکە شەو پێی ڕاگەیاندیت سبەینێ پێت لە گەچ دەگرن و لە نەخۆشخانە دەردەچیت. هەر ئەو ئێوارە مامۆستا (فەریق)ی دراوسێتان بە برینداری هێنرایە قاوشەکەی ئێوە. براکەی لەگەڵی هاتبوو، ئەو شەوە لەوێ مایەوە. دەستپێشخەریت کرد:

ـ تۆ سبەینێ دەچیتەوە.

ـ بەڵێ، بۆ؟

ـ بڕیارە قاچم لە گەچ بگرن و دەربچم، کەسیش نییە لەگەڵ خۆی بمباتەوە. ئەگەر بکرێت چاوەڕێم بکە تا قاچم لە گەچ دەگرن و لەگەڵ خۆت بمبەیتەوە.

ـ خەمت نەبێت چۆنت دەوێت وا دەکەین.

ئەوەیشی بۆ گێڕایەوە چۆن براکەی بریندارە بووە.

ـ لە گازینۆ دانیشتبوو، پۆلیس هاتبوونە ژوورەوەو ویستبوویان تاوانبارێك دەستگیر بکەن، تاوانبارەکە هەڵات و بە دوایدا تەقەیان لێ کردو ئەو بەرکەوت و بریندار بوو. گوللەکان ئەم لاقیان بریندار کردو لەو لاقەکەشییەوە دیواودەر بوون و ئێسکە باریکەکەو ئێسکە ئەستوورەکەشیان شکاند.

هەر ئەو شەوە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام داو ماوەی یەك دوو سەعات پتر لە هۆڵی نەشتەرگەری مایەوە، کە هێنایانەوە لە ئاکامی بەنجەکەوە ئاگەی لەخۆ نەمابوو.

حەڤدە ڕۆژی ڕەبەق لەو نەخۆشخانەیە مایتەوەو حەڤدە شەو لەسەر پشت لەسەر قەرەوێڵەکە لاقت بە بڕێك ئاسن و قورساییەوە بەسترابووەوە، جەژنیش ڕابورد کەست نەبینی، لەو حەڤدە ڕۆژەدا کەس بەسەری نەکردیتەوە، تەنیا (سەرمەد)ی وەرزشوان نەبێت، کە جاروبار وتاری وەرزشیت بۆ دەنووسی و وەردەگێڕا. باسی بۆ کردیت چۆن چووەتە بەر دەرگەکەتان و نەیهێشتووە دەرگەکەتان بشکێنرێت و ماڵەکەتان تالان بکرێت. دواتر هیزێکی سوپا ماڵەکەیان کردووەتە مەکۆی خۆیان و تێیدا ماونەتەوە، پاش ئەوەی تالان کراوە. لە حەڤدەمین ڕۆژدا نۆژدارێك برینەکەی بێ بەنج و سڕکەر دوراندیتەوە، دەرزییەکەی ئەوەند بە قووڵایی گۆشتەکەدا دەکرد، ددانت بە خۆتدا گرتبوو، ئارەق بە تەوێڵتدا چۆڕاوگەی بەستبوو. هەرکە لێبووەوە یەکسەر لەسەر گالیسکەیەك بەرەو ژووری گەچیان بردیت. لەوێ قاچیان تا لای سمتت لە گەچ گرت.

لەگەڵ براکەی مامۆستا (فەریق)دا سواری تاکسییەك بوون، تۆ لە پشتەوەو ئەو لەپێشەوە، لە گەراجیش کۆستەرێك ڕاوەستابوو، هەرکە نەفەرەکان سواربوون، دوای مانگێك پاش کۆڕەو بەرەو شاری (هەوران) بەرێ کەوتیت.

پاسەکە لەبەر دەرگە ڕایگرت و هاوەڵەکەت دایبەزاندیت، تەماشات کرد دەرگەکە بە زنجیر داخراوەو کەس لەماڵ نییە. هاوەڵەکەت لە دەرگەی ماڵە دراوسێکەتانی دا. ئەگەرچی بێ دەرامەت و نەداریش بوون، دەستیان بە ڕووتەوە نەنا. ئەو شەوە لەوێ مایتەوە. خزمەتیان کردیت. خواردنت خواردو هەندێك پارەت دانێ میوەو شووتییان پێ کڕی.

بەیانی، خەسووت لە (ئارابخا) گەڕایەوەو زانی تۆ لە ماڵی دراوسێکەی سەرێکی لێ دایت و بەو دوو دارشەقەی بۆیان کڕیبوویت چوویتەوە ماڵی خۆتان و ڕاکشایت. هیچ شتێکی ئەوتۆتان بۆ نەمابووەوە. نە تەلەفزیۆن و نە ڤیدیۆو نە ناومالّە، وێنەی ناو ئەلبۆمەکانیان لەشەقام و کۆڵانی دەوروبەر هێنابووەوە.

وێنەکەی (ڤەهێڵ)ت لەبەردەم خۆتدا دانابوو، هەر تەماشات دەکرد:

ـ دە وەرەوە، ڤەهێڵ وەرەوە، کەی دێیتەوە؟

جێگەکەت بەرانبەر بە دەرگەکە بوو، بەردەوام دەرگەکیش کرابووەوەو هاتوچۆکەرانی کۆڵانت دەبینی. دەمەو ئێوارەیەك ورەت بەردابوو، بە تەما نەبووی زوو بە هاتنەوەی منداڵەکانت شاد ببیتەوە. لە پڕ تابان و کچەکانت لەگەڵ خزمێکتاندا کردیان بە ماڵدا. دەرگەیان لەدوای خۆیان داخست. زۆر ترسایت، بێ ئەوەی بەخێرهاتنەوەیان لێ بکەیت یەکسەر پرسیت:

ـ ئەی ڤەهێڵ کوا؟

تابان هەڵیکێشا:

ـ دڵت هیچ نەکات ئەوەتە لە دواوەیە.

ڕەنگ گەڕایەوە ڕووت و دڵت خۆش بوو، ئاوێکی فێنك بە دەروونتدا کرا. ئامێزت بۆڤەهێڵ کردەوەو تێر ماچت کردو بە سینگی خۆتەوەت نووساند.

شەو تابان چییان بەسەر هاتبوو، بە دوورو درێژی هەر لە سەرەتاوە بۆی گێڕایتەوە.

ـ کاتێك لە ئێوە دابڕاین و چووینە سەر شەقامە سەرەکییەکە کۆپتەرێك مووشەکێکی ئاراستەی ئەو ئۆتۆمۆبیل و خەڵکە کرد بەرەو ڕۆژهەڵاتی شار ڕەویان دەکرد، دوو سێ کەس بریندار بوون. ئێمەیش لە ئۆتۆمۆبیلەکان دابەزین و چووینە بن

ئەو دارو درەختانە تا کۆپتەرەکە سووڕایەوەو ڕۆیشت.. ڕێگە ئەوەند قەرەباڵغ بوو خەڵك بە پێ و بە ئۆتۆمۆبیل بە زەحمەت دەڕۆیشتن.

تا پاش نیوەڕۆیش نەگەیشتبووینە هەورازە ڕێیەکە. کە لەوێ تێپەڕین قەرەباڵغییەکە کەم بووەوەو زووتر ڕێگەکەمان بڕی و هێشتە دنیا ڕووناك بوو گەیشتینە (ئامۆرتا). (وەسمان)ی برام پێی ڕاگەیاندین کە بەرەو نەخۆشخانە دەچین. کەس نەیوێرا پرسیاری لێ بکات بۆچی بۆ نەخۆشخانە دەچین ؟ چی قەوماوە؟ کێ چی بەسەرهاتووە؟ هەموومان واقمان وڕ ما !!

هەرکە گەیشتینە بەردەم نەخۆشخانە وەسمان گوتی:

ـ تابان دڵتان هیچ نەکات، ڕەوەند بریندارەو برینەکەیشی سووکە.

هەرکە وای گوت هەموومان دەستمان بە گریان و ئەیەڕۆ کرد. بەڵام کە لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین بزانین چیتان بەسەر هاتووە، نۆژدارەکە ئاگەداری کردینەوە:

ـ پێش کەمێك ڕەوانەی (پانیا)مان کرد، ژیانی لە مەترسیدا نییە، گوللە بەر لاقی کەوتووە.

سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بووین و بە ڕێگە هەورازە بەرزەکەدا سەرکەوتین، لە نیوەی ڕێ ئۆتۆمۆبیلەکەی وەسمان پەکی کەوت و ماوەیەك ڕاوەستاین تا ئۆتۆمۆبیلێکیان دۆزییەوە تا نزیك پێنج قوڕنە ڕایکێشا. لەبەردەم دوکانی فیتەرێکدا ڕایانگرت، نازانم چی خراپ بووبوو، گوتیان وا زوو چاك نابێتەوە. وەسمان و قارەمان بڕیاریان دا بەرەو شاری سەیوان بڕۆین. دوو تاکسییان گرت و هەمووممان ماندوو و برسی بەرەو سەیوان سوار بووین.

شەوی درەنگ گەیشتنە ماڵی خوشکم. هێشتە هەر شەکەتی لاقمان دەرنەچووبوو دەنگۆی (سوپا هات) بڵاوبووەوە، لەوێیش بووین بە دوو بەرەوە، ئێمە لەگەڵ وەسمان و براژنمدا ڕۆیشتین و قارەمان و خێزان و منداڵەکانی لەگەڵ ماڵی

خۆشمکدا. دواتر زانیمان ئەوان گەڕاونەتەوەو ئێمە بە ترەکتۆر تا نیوەی ڕێ ڕۆیشتین. بارانێکی بەخوڕ دایدابوو، هەموو گیانمان چۆڕاوگەی ئاوی بەستبوو. بەپێ لە ڕووبارێکی بچووك دەپەڕینەوە ئەگەر وەسمان و براژنم نەبوونایە لافاوەکە منداڵەکانی ڕادەپێچا. ئەو شەوە لەو دەشتە ماینەوە، لە تاریکیدا هۆشم لەسەردا نەما. بۆدییە شکاوێکی ئۆتۆمۆبیلم بینی وام زانی ماڵە هەموومان لەسەرماندا چووینە ناو بۆدییەکە، ئەو مەلۆتکەیەم هەر لەو لاوە فڕێ دابوو، بە تەمای نەمابووم. دەمگوت هەر ئێستە نا تاوێکی دیکە دەمرێت. چونکە هیچ کەلوپەلێکی نەمابوو، لە ڕێگە بوخچە کەلوپولەکەی دزرا. لە ڕێگە منداڵەکان برسییان بوو، باران خۆشی کردبوو، پیرەژنێك لە پەنای دەوەنێکدا نانی لەسەر ساج دەکرد، دووکەڵ لەژێر ساجەکەوە بە دەم و چاویدا بەرز دەبووەوە هەندێك فرمێسك و ئەشك بە گۆنایدا دەهاتە خوارەوە. داوای نانێکمان لێ کرد بیداتە دەستی منداڵەکانەوە. نەك هەر نانەکەی پێ نەداین تەنانەت ئاوڕیشی لێ نەداینەوە.

لەوێش ئۆتۆمۆبیلێکمان بەکرێ گرت تا چووینە سەر ئەو ڕووبارە قووڵەی هیچ ڕێگەیەکی نەبوو لێی بپەڕینەوە.خەڵکێکی زۆر لەوێ گرد بووبوونەوە، پردێکی مۆلەقی لەسەر بوو دەهات و دەچوو، کەس نەیدەوێرا بەسەریدا بپەڕێتەوە. ئێمەیش لەبەر منداڵەکان نەماندەوێرا بەسەریدا بپەڕینەوە.

لەو لاوەیش ڕەشکەیەك هەبوو خەڵکیان تێدەخست و بە گوریس بە دوو بەکرەوە بەسترابوو، لەم بەرەوە خەڵکیان تێدەخست و لەو بەرەوە ڕایان دەکێشا. دایك و باوکێك پێی پەڕینەوە، دوو جمکیان هەبوو، لەم بەرەوە مانەوە، نۆرەی ئەوان بوو گوریسەکە لە ناوەڕاستدا پچڕاو هەردووکیان کەوتنە ناو ڕووبارەکەوە، ئاوی ڕووبارەکە کەفی دەچەراندو هەڵبەزو دابەزی دەکرد، یەکسەر ڕایماڵین و نغرۆی کردن. کە ئەو

دیمەنەم بینی دەستم بە گریان کرد، هەندێك وایـان زانـی منـداڵی مـنن کەوتنـە نـاو ڕووبارەکەوە. دوو شەو لە کەناری ڕووبارەکە ماینەوەو نەمانوێرا بپەڕینەوە.

سێیەمین ڕۆژ بڕیارمان دا هەرچۆنێك بووە دەبێت بپەڕینەوە، بە دوو جار مـن و دوو لە منداڵەکان و براژنم و منداڵەکانی دیکە بە ڕەشکە پەڕینەوە. بەچاوترووکانێك خۆمان لەوبەر دیتەوە. وەسمانیش بەدواماندا پەڕییەوە. هەموویان بـردین لـە بنکـەی پۆلیسی سەر سنوور ناویان نووسین. سواری ئۆتۆمبیل کراین و لە گوندەکەی ئەو دیـو چیاکە بردیانینە مزگەوتێك، ئاوارەیەکی زۆر لە مزگەوتەکە بوون، بۆ ئێوارە لە ماڵی گوندییەکانەوە سینییە چێشت و نان و ماست و خواردن هـات و بەسـەر ئاوارەکانـدا دابەش کرا. ئەو شەوەمان لە مزگەوت بەسەر بردو بۆ بـەیانی پاسـیان هێنـاو بـەرەو ئۆردوگەی شاری (ورمێ)یان بردین.

چادرو ئازووقەمان وەرگرت، هەندێك پارەم لە وەسمانی برام قەرد کرد، پارەکـەی خۆم لای دایکم دانابوو. لەئۆردوگە لەو دیوی تێلەکانەوە چوومە بازاڕو چیم پێویـست بوو بۆ منداڵەکانم کڕی. ماوەی ئەو مانگە لەوێ بووین ڕۆژ نەبوو ئازووقەو خواردن و نەوت وەرنەگرین. دوو سێ ڕۆژ پێش ئێـستە گـوێم لێبـوو لـە مایکرۆفۆنـەوە باسـی گەڕانەوەیان دەکردو شوفێری پاسەکان (هەوران، هەوران)یان بوو، حەزم دەکرد بێمەوە. پرسم بە وەسمانی برام کرد:

- چی دەڵێیت لەگەڵ منداڵەکاندا بڕۆمەوە.

- هیچ لارییەکم نییە ئەگەر یەکێك هەبێت چاوی لێتان بێت.

لە مێشکی خۆمدا دامنابوو ئـەم خزمـەمان لەگـەڵمان بێتـەوە. ئـەم بەیانییـە لەوێوە سوار بووین و نانی نیوەڕۆمان لەسەر سنوور خوارد، ئەوەتا ئێستەیش لە ماڵی خۆماندایین کە نیوەی پتری تالان کراوە.

## (٥١)

له ماوەی ئەو شەش مانگەدا بە دوو دار شەق دەهاتیت و دەچوویت، سەرەتا دوو جار چوویتە لای نۆژدار لە نەخۆشخانەی (نەردین) و تەماشای لاقە لە گەچ گیراوەکەی کردیت، مۆڵەتەکەی بۆ نوێ کردیتەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەچەکە فرەوانتر دەبوو، لەوە دەترسایت شکانەکە باش نەبێتەوە، سەرت لە دکتۆرێکی شکان داو گەچەکەی بۆ شکاندیت و سەرلەنوێ لە گەچی گرتەوە، ماوەیەکی دیکە قاچت لەناو گەچدا بوو، تا باش گیرسایەوەو سەرلەنوێ سەرت لە نۆژدار داو بە یەکجاری گەچەکەی شکاند، تا دەهات باشتر دەبوویتەوە، بەڵام هەر بە دوو دارشەق دەچوویتە بازاڕو لە چایخانەی نووسەران دادەنیشتیت و چاوت بە نووسەرو برادەرەکانت دەکەوت.

بۆ سەرەتای زستان توانیت بە یەك دار شەقەوە بچیتە سەر کارەکەت، تا دەهات ڕووداوی گرنگ لە شاردا ڕووی دەدا، دارو دەزگەکانی کارگێڕی ڕژێم کشانەوە، دەزگەکەی کارت تێدا دەکرد خرایە پاڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەتانویست ڕۆژنامەیەك دەربکەن، هەموو شتێکتان بۆ ئامادە کرد. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان نزیك بووەوە، ئەو ئێوارەیە ڕۆژنامەیەکت کڕی وێنەی کەسایەتییەکی بە ڕەنگاو ڕەنگ چاپ کردبوو. خۆت و هەموو خزم و کەس وکارت بە نیاز بوون دەنگ بە لیستی ئەو بدەن. ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانی ڕژێم بەردەوام هەواڵی دروست کراوو هەڵبەستراویان لە سەر کەسایەتییەکانی شار بڵاو دەکردەوە، ڕاپۆرتنووسانیش ڕاپۆرتیان بۆ ئەو کەسایەتییانە بەرز دەکردەوەو گومانیان لە ڕۆژنامەنووس و نووسەرەکان دەکرد.

گەیشتیتە ماڵەوەو ویستت خۆت بگۆڕیت. لە دەرگەیان دا، چوویتە بەر دەرگە دوو کەس لە لاندکرۆزێك دابەزیبوون و لێیان پرسیت:

ـ ئەمە ماڵی ڕەوەندە؟

ـ بەڵێ، خێر!

ـ پێشمان بکەوە،ماڵتان دەپشکنین!

نەیانهێشت ورتەت لە زار بێتە دەر، هێرشیان هێنایە ژوورەوەو دەستیان بە پشکنین کرد. هیچیان نەبینی جێی گومان بێت. ئەم جار پرسیاریان کرد:

ـ کوا ئامێرەکەت؟

تۆیش سەرت سوڕمابوو، ئامێری چی و پشکنینی چی، بە لاقرتێوە هەڵتکێشایە:

ـ هیچ ئامێرێکم نییە، تەنیا ئەوە نەبێت!!

دەستت بۆ تەلەفزیۆنەکە ڕاکێشا. پشکنەرەکان کە پیاوی ئاسایش بوون، شەرمیان بە خۆیاندا هات و بەرپرسەکەیان گوتی:

ـ پێشمان بکەوە!!

خێزانەکەت واقی وڕما، منداڵەکانت تۆقین. چیت کردووە تا بەم شێوەیە سووکایەتیت پێ بکەن و ماڵەکەت بپشکنن، بەم ئێوارەیە بێ ئەوەی شیو بخۆیت و پشوو بدەیت قۆڵبەستت بکەن و بتبەن.

ئێستە قسەکانی هونەرمەند ساڵەییت بیر کەوتەوە. لە (داراوە) هەڤاڵێکی لیستێك ناوی ڕۆژنامەنووس و نووسەری پێ پیشان دابوو، بە لایەنگری ڕژێم دانرابوون و فەرمانبەرن و لە چاپەمەنی و بڵاوکراوەی کوردیدا کاریان کردووە، بەو نیازەی لەناو ببرێن. ساڵەیی چاو بە لیستەکەدا دەگێڕێت و ناوی تۆیشی تێدا بەرچاو دەکەوێت .

ـ کاکی برا، ئەو ناوانەی تۆ هێناوتن، خاوەنەکانیان فەرمانبەرن و دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبات، هەر یەکەو کۆزێك خێزانیان هەیە، لە پێناوی خێزانەکانیاندا لەو شوێنانە کاریان کردووەو لە چاکە بەو لاوە هیچ خراپەیەکیان بەرانبەر بە گەل و نیشتمان ئەنجام نەداوە.

ـ کەواتە، منیان خراپ تێگەیاندووە، لەسەر دەستی تۆ ئەوە من ئەو لیستە دەدڕێنم و فڕێی دەدەمە ناو تەنەکە زبڵەکەوە.

لەو بیرکردنەوانەدا بوویت پەلیان گرتیت و سواری لاندکرۆزەکەیان کردیت. بەرەو باکووری شار ڕۆیشت و لە کۆلانێکی گەڕەکی دۆستایەتی لەبەردەم ماڵێکدا ڕاوەستان. لە دەرگەیان دا. ئافرەتێك دەرگەکەی کردەوە. لێیان پرسی:

ـ کۆزادی مێردت لە ماڵە؟

ـ هێشتە نەهاتووەتەوە، خێرە؟

ـ هیچ نییە کەمێك پرسیارمان هەیە وەڵامان بداتەوە، باشە کەی دێتەوە؟

ـ ڕەنگە بۆ یازدەو یازدەو نیو بێتەوە.

ـ باشە. دوایی دێینەوە.

بەرەو ناو شار تێیان تەقاند، بەبەردەم تەلاری پارێزگەدا ڕۆیشتن و سووڕانەوەو چوونە کۆلانێکی باریکەوەو لەناو بەندیخانەی ئاساییشدا دایانبەزاندیت. بەرپرسی بەندیخانەکە لێپرسینەوە لەگەڵ دەکردیت، لەو کاتەدا کابرایەك هاتە ژوورەوەو پێی ڕاگەیاند:

ـ کاك فەریق ئاگات لێ بێت ڕەوەند ناسیاوی خۆمانە.

ـ بەسەر چاو خەمت نەبێت.

بەرەو قاوشێکیان بردیت. دە دوازدە پێشمەرگەی شاری ( ئامۆرتا)ی لێ بوو، لەسەر ئەوە گیرابوون لە ڕاپەڕینەکەدا چەند جاشێکیان کوشتبوو. ئەو کات گوێت لە دەنگی هاوارو گریانی یەکێك بوو، کۆزاد بوو، بە چاوبەستراوی هێنایان و لەبەر دەمی شڕی فەلاقەیەکی باشیان کرد، بەرپرسانی بە خراپتر لە بەرپرسانی ڕژێم ناوبردبوو.

کابرایەکی شەلیشیان گرتبوو، ئەو شەلەیان تێگەیاندبوو کە تۆ ئەوت بە دەستەوە داوە، لای تۆیش دەیانگوت ئەو شەلە ئێوەی بە دەستەوە داوە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتنووسە ڕاستەقینەکە بزر ببێت.

شەوێکیان تۆو ئەو شەلەیان لە ژوورێکی سەرەوە بەند کرد، شەلە چی پرسیاری لێ کردیت بە شێوەیەك وەڵامت دایەوە هیچ گومانێکت لەسەر خۆت نەهێشت و بۆت ڕوون کردەوە، نە تۆ ئەو دەناسیت و نەیش کارت بەسەر ئەوەوە هەیەو نەیش لەم جۆرە یارییانەدا بەشداریت کردووەو دەکەیت.

دوو هەفتەی ڕەبەق لە بەندیخانەدا تیشکی هەتاوت نەبینی، لەو دوو هەفتەیەدا یەك جار ڕێیان بە منداڵەکانت دا بتبینن، لەو دوو هەفتەیەدا هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوون و ئاکامەکان ڕاگەیەنران و ئێوە لە ژوورەوە گوێتان لەو گۆرانی و شاییە بوو بەو بۆنەیەوە لەبەردەم تەلاری پارێزگەدا ساز کرا، ئێوارەی هەڵبژرادنەکە چ بەندییەکان هەبوون هەموویانیان برد دەنگیان دا، تەنیا چەند بەندییەك نەبێت، تۆیش یەکێك لەوانە بوویت نەیانبردیت دەنگ بدەیت. دواتر بە گاڵتەوە هەر دەتگوت: ئەو پەرلەمانە ڕەوایەتی نییە، چونکە من دەنگم بۆ نەداوە.

## (٥٢)

لە مامۆستاکەتەوە بیستبووت کە کەروێشك گیانلەبەرێکی شـوومەو، لـە ڕێ و بانانـدا تووشـی بـە تووشـی مرۆڤەمـەوە بێـت هیمـای نەگبـەتی و ڕووداوی خـراپ دەگەیـەنێت. لـەپاڵ ئەوەیـشدا کەروێـشك نیـشانەی زاوزێ کردنـی زۆرو سـێکس و ئارەزووی سێکسی دەگەیەنێت. ئەگەرچی چـل ڕۆژ جارێـك دایکانـەو باوکانـەی ئـەم گیانلەبەرە جووت دەبن، بەڵام هەر دایکانەیەك لە چوار بێچوو تا سێزدە بێچوو، بگرە زۆرتریش بە یـەك سـك دەهێنێـت! لـەناو خەڵکیـشدا بـاوە کـە گۆشـتی کەروێـشك دەخورێت و، هەندێك کۆمەڵە خەڵکی دیکەیش هـەن گۆشـتی کەروێـشك نـاخۆن، چ کەروێشکی ماڵی، یان چیاو دەشت و دەرو بیابـان بێـت، بیـانووی ئـەوە دەهێننـەوە ئافرەت ئاسا سکی پڕ دەبێت، بەڵکو بیانوویەکی سەرسوڕهێنەریش قـوت دەکەنـەوەو شێوەی گوێ دڕێژی ئەم گیانلەبەرە بە گوێدرێژی (گوێدرێژ)ەوە دەبەستنەوەو ناوەکـەی وا لێك دەدەنەوە(کەر کوێچك) بوویێت و وردە وردە بوویێتە (کەروێشك)، بۆیە بێز لە خواردنی گۆشتی ئەم گیانلەبەرە بەستەزمانە دەکەنـەوەو دەڵـێن لـەکاتی سـەربڕیندا دەقیژێنێت و وەك دایکی جەرگسووتاو هاوار دەکات، لەخۆڕا ئەو گۆشـتەی لەخـەڵك بێ بەش دەکەن، کە ئەگەر لەناو ڕۆندا سوور بکرێتەوە لە گۆشتی مریشك و قەل جیـا ناکرێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەو، بۆ ئەوەی بەهۆی نالەباری باری ئابووری و کـەم دەرامـەتی و ئابلۆوقەی چەند سەرەوە، کە کارێکی وای کرد دەرەنگ بتوانن گۆشت بکـڕن و گۆشت بخۆن و گۆشتاویش فڕ بکەن، دۆست و برادەران بیرۆکەیەکی باشیان دانـێ، کـە بڕێك کەروێشك بەخێو بکەن و سووچێکی باخچە بچووکەکەی بەر مـاڵی بـۆ تـەرخان

بکەن و، لە ئەنجامی زاوزێوە تێر تێر گۆشتی سوورکراوەی نێو ڕۆن بخۆن و بین و تینی چاوتان بەهێزتر بکەن. تۆیش ویستت ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەیت، ناسیاوێك جووتێك کەروێشکی مێینەی پێ بەخشیت، بەدوای نێرینەیەکدا دەگەڕایت. لەسەردانێکی ماڵی خوشکتدا نێرینەیەکی گەنم ڕەنگی و مێینەیەکی ڕەش و سپیت پەیدا کرد، بەو گەرمای هاوینە لە ناو کارتۆنێکت ناو گەیاندتنە شار، چوار کەروێشکت لە سووچێکی باخچە بچووکەکەدا بەرهەڵڵا کرد. قۆرتێکت هەڵکەندو جۆرە هێلانەیەکی گونجاوت لە ژێر دارتووەکەی تازە چاندبووتان دروست کرد. بۆ گیاو گۆڵەیش لە بازاڕ سەوزەو تەڕەتوولەو کەرەوەزت دەکڕی و دەتهێنایەوە دەرخواردی کەروێشکەکانت دەدا. بەیانیان سەر لە زوویش گونییەیەك گیاو گۆڵەت دەهێناو یەك دوو ڕۆژ خۆراکی کەروێشکەکانت دابین دەکرد، سەرەڕای پاشماوەی زۆر کەمی ئەو چێشتە کەمەی هەفتەی چەند جارێك لێتان دەناو لێتان دەمایەوە، جگە لە نانە ڕەقە، کە هەردوو کەروێشکی دیاری ناسیاوەکەت باش فێری خواردنی بووبوون. ئەم هەوڵ و کۆششەت بۆ ئەوە بوو تا کەروێشکەکان زاوزێ بکەن، بێچووەکان گەورە بن و سەریان ببڕیت، گۆشتەکەیان سوور بکەیتەوە، خۆت و منداڵەکانت لەم بێ گۆشتیەدا تێر گۆشت بخۆن.

زانیاری زۆرت لەبارەی کەروێشکەوە پەیدا کردبوو. کاتی خۆیشی یەکەمین ئاشنایەتیت لەگەڵ کەروێشکدا پەیدا کرد، خۆیشت سەرت لێ سوڕدەمێنێت، بۆ ناو کێڵگەکانی خاڵوانت دەچوویت، لە گوندەکەوە بە تەپۆڵکەو بەرزاییەکاندا هەڵزنایت، بەبیانە پان و پۆڕەکەدا تێپەڕیت و بەرەو دەشتاییە نزمەکە شۆڕ بوویتەوە، بەهارێکی ڕەنگین بوو، دەغڵ و دان و گیاو گۆڵە ئەو دەشتەیان شین کردبوو، لەپڕ لەناو کێڵگە گەنمێکدا کەروێشکێکی زل سڵەمییەوەو بەبەر چاوتەوە دەرپەڕی و بەناو دەغڵ و دانە تازە شین بووەکەدا لەچاو بزر بوو.

ئەو ماوەیەیش ئامۆزای باوکت سەری لێ دان و لیپۆشـێکی لێ بەشـاندا کـردو بەرەو ئەو چۆڵەوانییە لەگەڵ باوکتدا بۆ ڕاو بەڕێکەوتن.

لە دۆڵێکدا کەروێشکێکی زلتان هەڵستاند، ئامۆزاکەی باوکت نیشان شکێنێکی دەست ڕاست بوو، بۆی دانیـشت و هەرکـە تەقـەی کـرد، کەروێـشکەکە لـە دوورەوە لنگاوقووچ لێی کەوت، پڕتان دایـەو گەیـشتنە سـەری و بـەو چـەقۆیەی پێتـان بـوو سەرتان بڕی، کاتێك بەرەو ماڵ بوونەوە، دایکـت کەروێـشکەکەی بـردە سـەر کـانیی گوندو لەوێ پاکی کرد. بۆی گێڕانەوە کە کەروێشکەکە دایکانە بوو، (نۆ)بێچووی لـە سکدا بووە. ئیدی لەو کاتەوە دەتزانی کە کەروێشك تەنیا گیانلەبەرێکە بە تەنیا یەك سك ژمارەیەکی زۆر بێچووی دەبێت.

شوومی و نەگبەت کەروێشك تاقی کراوەتەوە. مامۆستاکەت دەیگێڕایەوە کە لە گوندەوە، لەگەڵ ژمارەیەك فێرخوازانی پۆلی شەشی سەرەتاییدا بەرەو مەڵبەندی قـەزا دەچوون، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا ئەنجام بدەن، لـە ڕێگـە کەروێـشکێکیان تووش دەبێت، کە تاقیکردنەوە تەواو دەکـەن و دواتـر ئـەنجام دەردەکـەوێت، دەبیـنن تەنیا فێرخوازێکیان چییە سەرنەکەوتووە. هەموو ئەو بیرە کۆنـە ورووژاوانـەت پـشت گوێ خست و، بەوپەڕی ئارەزوومەندییەوە چاودێری کەروێشکەکانت کرد.

ڕۆژێکیان هاتیتەوە تابان پێی ڕاگەیاندیت کە یەکێك لە کەروێشکەکان خەریکی پەڕۆو پاتاڵ بردنە کونەوەیە، ئەو گیانلەبەرە بۆ ئەوە پەڕۆو پاتاڵ دەباتـە کونـەوە، بـۆ ئەوە کە بێچووی بوو بکەوێتە سەر ئەو پەڕۆیانەو لەناویاندا گەورە بێت و لەناو خۆڵدا پیس نەبێت. پاش چل ڕۆژ بێچووی دەبێت و دێتە دەرەوە، باوکانە بۆنی پێوە دەکـات و دەست بەجێ لەگەڵی جووت دەبێت، ئیدی تا چـل ڕۆژی دیکـە تـوخنی ناکـەوێت. ماوەیەك ئاوی چاوی چاوەڕوانیتان داهات. ڕۆژێك بێچووە کەروێشکێکی ڕەش و سپی

هاتە دەرەوە، پاشان بوو بە دوو، بە سێ، بە حەوت بێچووە کەروێشك، دانەیەکی سپی جوانیان تێدا بوو، دراوسێ و ئەوانەی دەیانبینی دڵیان لێ دەچوو.

کەروێشکیش مێملی هەیە، ئەویش پشیلەیە، بۆرە پشیلەیەکی زل فێری کەروێشکەکان بوو، سەرەتا ئەو بێچووە سپییەی خوارد، بە دوایدا گەڕایت، پاشماوەکەیت لەبن دارتووەکەدا دۆزییەوە. بێچووەکان نەیاندەتوانی لەباخچەکەدا مڵ و مووش بکەن لێیان پەیدا دەبوو و دەیقەپاندن. تۆیش کەوتیتە چاودێری بۆرە پشیلەو چەند بێچووە کەروێشکێکتان پێگەیاند. باوکانەکە لەناو ئەو ڕەوە بێچووانەدا دوو دانەی ڕاو دەنان، ڕێی نەدەدان لە کون بێنە دەر، دواتر زانیت ئەو دووانە نێرینەن و ، کەروێشك ڕێ نادات لە نێرینەیەك پتر لەناو ڕەوە کەروێشکێکدا هەبێت!!

جارێك دوو جار ، سی جار لە کەروێشکەکانتان سەربڕی و، لەبەر قسەو قسەلۆکی خەڵك و بێزهاتنەوە لە خوێن و زازێی کەروێشك و (گوێ)ی درێژی کەروێشك، لەناوڕۆندا سوورتان دەکردەوەو، بەقێزو بێزەوە دەتانخوارد، بەڵام چێژی لە چێژی گۆشتی مریشك کەمتر نەبوو! کیژێکی ناسیاوتان لە کۆلێژ دەیخوێند، لەگەڵ دەستەخوشکێکیدا ڕێیان کەوتە ماڵتان، نیوەڕۆژەیان نەکردبوو، بە خۆیان چێشت و گۆشتیان گەرم کردەوە، تێرو پڕیان خوارد. پاشان دەست بە باس کردنی خۆشی و بەچێژی گۆشتی کەروێشك کرا. لەو مشت و مڕەدا سوێندیان خوارد کە گۆشتی کەروێشکیان نەخواردووەو ، بە تامەزرۆوەن بیخۆن.

ئێوەیش پرسیتان:

ـ ئەی ئەو گۆشتەی نیوەڕۆ خواردتان چی بوو؟

ـ ئەوە گۆشتی مریشك بوو.!!

ـ مریشکی چی! ئەوە گۆشتی کەروێشك بوو.

ـ بەخوا خۆش بوو، چێژی هەر تەواو نابێت. حەز دەکەم ڕۆژێکیان بچمە بـازاڕو کەروێشکێك بکڕم و بەو شێوەیە بۆمان سوور بکەنەوە.

تا دەهات ژمارەی بێچووە کەروێشك پتر دەبوو، تۆیش شانت لێ بەلادا کردبوو، لەلایەك گۆشتی کەروێـشك، لەلایـەکی دیکـەوە پاسـەوانی کردنـی بێـچووەکان لـە پشیلەبۆر، کە پڕی دایە دانەیەکی دیکەو، بەسەر دیـواری دراوسـێکەتاندا ڕفانـدی و دادو هاواری ئەوان و منداڵەکان سوودیان نەبوو.

دایکانەیەکیان بێچووەکانی بـەخێو نـەدەکرد ویـستت بیخەیتـە نـاو کونەکـەوە شیریان بداتێ، لە کونەکەدا مردار بووەوە، حەوت بێچووی لە سکدابوو.

دارتووەکەتان لە تەنیشت دیواری باخچەکەوە ڕووەو ئاسمان هەڵزنابوو، پشیلە بۆر خۆی پێدا شۆڕ دەکردەوەو بەناو هەموو ئەو دارو تێلبەندانەی دروستان کردبـوو خـۆی دەگەیاندە بێچووەکان. ئێوارەیەك زریکەی لێ هەڵـستاندن، پـڕت دایـەو لـەناو لقـی دارهەنجیرەکەی ئەم لاوە دەستت لە بینەقاقەی پشیلە بۆر نا، کە لاقی بێچووەکەی بـە دەمەوە بوو دەیزیکاند، توند توند قوڕگت گرت و بێچووەکەت لە دەم دەرهێنا. لاقـی شکابوو، دوو ڕۆژی نەبرد مردار بووەوە.

دارکارییەکیپشیلە بۆرت کرد، گونییەکت هێناو لـە نـاو گونییەکـەت پەسـتاو لەژێر مەنجەڵێکی گەورەت دانا، تاسبەینێ زوو لەوپەڕی شارەوە بەرەڵای بکەیت و بەو ناوەدا نەیەتەوە.

دەڵێن پشیلە کوشتن دەبێتە هۆی کارەساتی دڵتەزێن بۆ ئەو کەسـەی بیکوژێـت. بەڵام تۆ نیازی ئەوەت نەبوو پشیلە بۆر بکوژیت. گوێت لێ بـوو لـەژێر مەنجەڵەکـەدا مرخەمرخی دەکرد. کە ڕۆژ بووەوە سەری مەنجەڵەکەت هەڵدایەوە پشیلە بـۆر مـردار بووبووەوە.

لەگەڵ تابانی خێزانتدا نیگەران بوون، بەتایبەتی تابان دەترسا منداڵەکان شتێکیان بەسەر بێت. هەر پرتەو بۆڵەی بوو.

لەماڵ نەبوویت ئێوارە گەڕایتەوە دیتت هەر پێنج منداڵەکەت لەرزو تا گرتوونی و لەناو جێگەدا ڕاکشاون و پرتەو بۆڵەی تابان سەرو دڵ و دەروونی گرتیت. بڕیارت دا هەرکە منداڵەکان چاك بوونەوە، چی کەروێشك هەن بە دایکانەو باوکانەوە سەر ببڕن.

لەگەڵ خۆتاندا گوتتان:

ـ ئەمەیش بەزمی ئابلۆوقەو بێ گۆشتی و ئەوەیش بەزمی کەروێشك و گۆشتی کەروێشك بوو!

## (٥٣)

بە دەستی خۆت نەبوو، خێزانەکەیشت حەزی لە زەنگینی و خانوو و ئۆتۆمۆبیـل دەکرد، خۆیشت حەزت دەکرد لە گەڕەکی میللی دوور بکەویتـەوەو، لـە سـایەی دارو درخت و باخچەی فرەوانی گەڕەکێکی فـرەوان و پاکـژی دەوڵەمەنـدو خواپێداوەکانـدا بەسەر ببەیت، سواری ئۆتۆمۆبیلێکی دوا مۆدیل ببیت و تۆیش خەڵك ئاسا لە کـاتی نەورۆزو جـەژن و بۆنەکانـدا خـۆت و خێزانـت لـەودیوی دەروازەی شـارەوە خێـوەتی بەهارانەی لیٚ هەڵدەن و تا ئێـوارە چـاوی تامـەزرۆیی بـە سروشـتی ڕەنگـین بڕێـژن. تەماشای دەورو بەرو گەڕەك و شەقام و کۆڵانەکانی شارت دەکرد هەر بابایەو لـە نـاو کۆشکی ڕازاوە دەژیت و هەر یەکەو ئۆتۆمـۆبیلێکی لەبـەر دەرگـە ڕاگرتـووەو کـارو ئیشەکانی خۆی پیٚ مەیـسەرو دابـین دەکـات. تـۆیش زیتـەی چـاوت دێـت و زۆرتـر هاوسەرەکەت هانت دەدات ئەو ئومێدەی بەدی بهێنیت.

ڕاستە ئەوە چەند ساڵێکە مۆڵەتی لێخوڕینت دەرهێناوە، ناشزانیت مۆڵەتەکەت لە ماڵەوە لە چ کون و قوژبنێکدا کەوتووەو تۆزی ساڵانی لیٚ نیـشتووەو لـەو کاتـەوە نوێت نەکردووەتەوەو، هیچ پێشبینی ئەوە ناکەیت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئۆتۆمۆبیلی خـۆت ببینیت و بە شەقامەکانی شاردا هاتوچۆی پیٚ بکەیت و بەیانیان پێی بـچیتە دەوام و نیوەڕوانیش بەو قرچەی گەرمایە بایە ساردەکەی پیٚ بکەیت و بیٚ ئارەق و ماندووبوون لە فەرمانگەوە بە چاوترووکانێك بگەیتەوە مـاڵ و لەسـەرخۆ نـانی نیـوەڕۆ بخۆیـت و دواتر سەرخەوێکی بۆ بشکێنیت، بەر لەوەی دەمەو ئێوارە بە ئۆتۆمبیلەکەت بـچیتە ناوەندی بازاڕو لەویٚ یەك چـا یـان سـاردێکی کەللەتـەزێن لـە چـایخانەی نووسـەران هەڵقوڕێنیت و گویٚ لە دوا دەنگوباسی وێژەو وێـژەوانان و ڕۆژنامـەو ڕۆژنامەنووسـی

بگریت. یان ئەو ئێوارە لە گەڵ برادەرە فشەکەرەکەتدا لە یەکێك لە بارەکان یەك دوو پێك هەڵدەن و باسی ئەو ڕۆژگارە بە با بدەن.

هیچ کات بیرت لەوە نەکردبووەوە کە ببیتە خاوەن ئۆتۆمۆبیل، زۆر جار ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانەت دەبینی لە شەقامی سەرەکییەوە بەو قەرەباڵغییە یەکسەر دەهاتنە ناو کۆڵانەکانەوە، مووچڕکەت بە لەشدا دەهات و لە دڵی خۆتدا دەتگوت چۆن ناترسن لە ئۆتۆمۆبیلێك بدەن یان منداڵێك بشێلن، بیرت بۆ ئەوە دەچوو ئەگەر تۆ لە بری ئەوان بیت، دەچیت لە گۆڕەپانەکان دەسووڕێیتەوەو لای دەستە چەپ دەگریت و ئەنجا دەڕۆیت تا دەگەیتە ئەو کۆڵانەی لێی دێیتە ژوورەوەو، ژیانی خۆت و خەڵکی ناخەیتە مەترسییەوەو، یەکسەر لە سایدی لای ڕاستەوە ڕاناوەستێت بۆ ئەوەی بچێتە کۆڵانێکەوە، لە کاتێکدا سایدی لای چەپ لە ئۆتۆمۆبیلدا جمەی دێت و ڕێ بە ڕێبواران نادەن نەخواستە ئۆتۆمبیلێك لەو سایتەوە بچێتە کۆڵانەکەوە.

نەك هەر ئەوە ئەوەندە لە قەرەباڵغی ئۆتۆمۆبیلی سەر شەقام و ڕێگەو بانەکان دەترسایت، لای زۆر کەس دەتگوت:

ـ ئەگەر من ئۆتۆمۆبیل لێ بخوڕم سایدی هێواش و لەسەرخۆ دەگرم و، هیچ کات توند پێ بە بەنزیندا نانێم و لە سەدو بیستی تێناپەڕێنم.

زۆرت لە ڕێگە پێچاو پێچەکان زەندەقت دەچوو. تۆ لەم ختووکەو خەونە خۆشانەدا بوویت و ڕۆژگاریش شتی سەیری لێرەو لەوێ شاردبووەوە، تەنانەت ئەو پارچە زەوییەی دوای بیست ساڵ فەرمانبەری بە هەزار ناڵی عەلی وەرتگرتبوو، دواتر بە نرخی تۆڵەکە فرۆشتبووت هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆی لە ژیانتدا بەجێ نەهێشت، چەندین جار خێزانەکەت هانی دایت بە پارەی ئەو پارچە زەوییە ئۆتۆمۆبیلێکی تاکسی بکڕیت و بیدەیتە دەستی خزمێکەوە شوفێری باش بزانێت، چونکە خۆت ئەو کات نەتدەوێرا ئۆتۆمۆبیل لێ بخوڕیت و خەونت بەوەوە نەدەبینی ڕۆژگار ئەو

چاکەیەت لەگەڵ بکات و ڕۆژێك بێت سواری ئۆتۆمۆبیلی خۆت بیت و شەقامەکانی شار بپێویت. ڕۆژگارێك هاتە کایەوە نە پارەی پارچە زەوییەکەو نەیش ئەو مووچە کەمەی فەرمانبەری کە وەرتدەگرت نەیانتوانی لەو ئابلۆقە چەند سەرەیەت قوتار بکەن، کە تۆو خەڵکی بێ دەرامەتی وەك تۆی تێکەوت، تەنانەت بەوەدا دەگەیشتیت تەنیا وشکەنان بۆ منداڵ و خێزانەکەت دەستەبەر بکەیت و ژینی مەمرەو مەژی پێ بەسەر ببەن و ئەم مانگ بە دەمی ئەو مانگەوە بدەن و لە دوورەوە نەبێت نەتوانن توخنی زۆر پێداویستی ژیان بکەون، تەنانەت بینایی چاوتان لەبەر گۆشت نەخواردن و گرانی خۆراك و برنج و کەرەستەی سەرەکی ژیان تا دەهات کز تردەبوو، تا دهات بە خۆشتان لەڕو لاوازو بێهێزتر دەبوون.

لەو ڕۆژگارە سەختەدا نە پارەو پوولێکی ئەتۆت هەبوو لە خۆت و ژیانی ڕۆژانەت پتر بێت و نەیش بیرت لە پاشەکەوت و بە خاوەن بوونی ئۆتۆمۆبیل دەکردەوە، تەنیا بیرت لە ژیان و گوزەرانی خۆت و منداڵەکانت دەکردەوە، دەست لە ناکەس پان نەکەنەوەو شەرمەزاری ڕۆژگار نەبن.

ئەو بارە سەخت و دژوارەی تۆو خەڵکانێکی زۆر بەسەریان برد، تا دەهات بەرەو لێژبوونەوە دەچوو، تیشکی هەتاو بریسکەی دا، داڵە ڕەش و گورگەکان لەژێر زەبری شەقی زەمانەدا لەو دەڤەرە شار بەدەر کران، شەوە تاریکەکان بەسەرچوون، دەروازەی خەونەکان کرانەوە، بەهارێکی ئەرخەوانی دەست لە ملانێی سروشتی خەونەکانی دەکرد.

ئەو بەهارە نوێیە پاڵی پێوە نایت کاسێتی خەونەکانی ڕابوردوو لە مێشکی خۆتدا بێنێتە بەر بینین و لەو ئاواتانە ورد ببیتەوەو کە خەونت پێوە دەبینین، ئەگەرچی هیچ سەرمایەیەکیت بە دەستەوە نەبوو بیرت لە زۆر پرۆژە دەکردەوە، بیرت لە فرۆشتنی خانووەکەت دەکردەوە، ئەو خانووەی لێت تاپۆ کرابوو، کەوتبووە

ناوچەیەکی بازرگانی شارەوەو هەزارو یەك پرۆژەت لە مێشکی خۆتدا بۆ دانابوو جێبەجێیان بکەیت، خانووەکانی ئەم لاو ئەو لات هەموو پارەی باشیان کردو فرۆشران، خانووەکەی تۆ نەبێت، چوون کیژێکی قەیرەی لێهات و هیچ گەنجێك یان بێوەپیاوێکی بازرگان و سەرمایەدار توخنی نەکەوت.

ملی ئەو ڕێگەیەت گرت، خێزانەکەت مێشکی دەکرووژتیت و قەوانە کۆنەکەی لێ دەدایەوەو، ئەو برینەی دەکولاندیتەوە کە ئۆتۆمۆبیلی خۆت نییەو تا کەی ناتوانیت ببیتە خاوەن چوار تایەو ئۆتۆمۆبیلە شڕەیەك لەبەر دەرگەدا ڕاگریت، تەنانەت ئەم بەهارەی دێت بە خاوو خێزانەوە خۆتانی تێ بئاخنێنن و لەوپەڕی دەروازەی شارەوە جەژنی نەورۆز پیرۆز بکەن.

تا دەهات بازاڕی خەونەکان گەرمتر دەبوو، خوێن دەزاییە دەمارەکان، جۆگەی ئاواتەکان پڕ لە ئاوی بووژانەوە دەبوو، تیشکی هەتاو سەرمەستی دەکردیت، کار گەیشتە ئەوەی مۆڵەتە فڕێ دراوو تۆز لێنیشتووەکەت نوێ بکەیتەوەو، بە ڕاستی بیر لەوە بکەیتەوە کە ببیتە خاوەنی ئۆتۆمۆبیل، ئەو خەونە هانی دایت جارێکی دیکە، پاش ئەو چواردە ساڵە پشت گوێ خستنە بەشداری خولێکی دیکەی لێخوڕین بکەیت و کەمێك زاتی خۆت بشکێنیت.

ئەو چەند گەلایەی پاشەکەوتت کردبوون، دادی ئەوەیان نەدەدایت ئۆتۆمۆبیلە شڕێکیان پێ بکڕیت، بەڵکو ناچار پەنات بەر قەردکردن بردت و دەستت لە چەند ناسیاوێك پان کردەوەو، لە پیشانگە ئۆتۆمۆبیلیکی خۆڵەمیشیت کڕی، کە بۆ ماڵت هێنایەوە خۆت لێت نەخۆڕی، ئەو ناسیاوە لێی خۆڕی کە لەگەڵت بوو.

ئەوە ڕووداوێکی گرنگ بوو، خزم و ناسیاوەکان پیرۆزباییان لێ کردیت، تۆیش شیرینیت بەشییەوەو نەتبوو کاوڕێك بکەیتە قوربانی ناچار کەڵەشێرێکتان سەربڕی و بە خوێنەکەی ناوەڕاستی بۆنیدەکەتان سوور کرد، تا نەبێتە چاوەوە، هەر یەکەمین

شەو لەبەر دەرگە ئیرەییان پێ بردیت و لە دوو سێ لاوە کیڕاندیان و بە بزمارو دەڕەنەفیز بۆیان بریندار کردیت و شوختیان تێخست. ئەگەرچی ئۆتۆمۆبیلەکە ئەوەند نوێ نەبوو بەڵام دیمەنێکی جوانی دەنواندو جێی سەرنجی خەڵکی بوو، جاروبار لەگەڵ برادەرە فشەکەرەکەت دەچوویتە ناو شەقامەکانی شارو زاتی خۆت پێ دەشکاند، ئەگەرچی ئۆتۆمۆبیلەکەت هەفتەیەك پتر لای ئەو خزمەت مایەوە کە لە دەرەوە هاتبووەوە، تۆیش دەتویست زووتر ببیەتە سەرکارو زووتر خۆت ڕاهێنیت، داوات کرد زوو بیهێننەوە، کە هێنایانەوە، ئەو ڕۆژی هەینییە هەر بەیانی زوو هەستایت و دوای بەرچایی کردن، ناوی خوات لێ هێناو بە شەقامەکانی شاردا تێت تەقاند، لەوپەڕی شارەوە خۆت دیتەوەو گەیشتیتە بڕوای ئەوەی شوفێری زۆر ئاسانەو هیچ ترس و تۆقینی ناوێت، لەو خەونە ئەرخەوانییەدا بوویت و دەتویست لە شەقامێکی سەرەکییەوە بچیتە ڕێگەیەکی لاوەکییەوە، بەڵام ئەوەی لێی دەترسایت ڕووی داو لەناکاو کابرایەك هاتە بەردەم ئۆتۆمۆبیلەکەو لەناوەڕاستی ڕێگە لاوەکییەکە دەرکەوت، تۆیش ئەو ڕووداوەت لا کوتوپڕ بوو، یەکەم جارت بوو تووشی ئەم جۆرە هەڵویستە ببیت، شڵەژان جڵەوی لێ سەندیت، لە جیاتی ئەوەی پێ بە ئستۆپدا بنێیت، پێت بە بەنزیندا ناو دەستت بەرەو لای شۆستە ڕاست کردەوە، ئەوەندەت زانی ئۆتۆمۆبیلەکەت لەناوەڕاستی بۆنیدەکەیدا لەو شوێنەوە بۆ چاوەزار بە خوێنی کەڵەشێرەکەت سوور کردبوو، بەر ئەو دارتیلە زەبەحەلاکە کەوت لەسەر شۆستەکە بوو، یەکسەر ڕۆن و ئاوو تێکەڵاو بوون، گریانت هات و لەبەر خۆتەوە خەمێکی گەورە دایگرتیت، چۆن ماڵەوە ئاگەدار بکەیتەوە کە ڕووداوێکی لەو جۆرەت لەدەست قەوماوە، چی بە برادەرو خزم و دۆستان دەڵێیت، ئەوەی باش بوو کابرات نەشێلاو تووشی بژاردن و قەرەبووکردنەوە نەبوویت.

پاشـان خـەمی ئـەوە دایگرتیـت چـۆن ئـەو ئۆتۆمۆبیلـەی تـازە کڕیوتـە چـاك بکەیتەوە، چەند گەلایەکت لە ناسیاوێك قەرد کردبوو، بڕیار بـوو ئـەو ڕۆژە بڕۆیـت و بیدەیتەوەو سوپاسـی بکـەیت، لێ ناچـار بوویـت هـەر هـەمووی لـە چـاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەدا بچێتە گیرفانی فیتەرو سکرابفرۆش و تەنەکچییەوەو لە دەمی خـۆت بگریتەوەو مانگانە قەرد بدەیتەوە.

بەسەرهاتت لەگەڵ ئـەو ئۆتۆمۆبیلـەدا زۆرو سـەیرو سـەمەرەیە، جارێـك کـوڕە گەورەکەت بە دزییەوە دەیبات و جارێکی دیکە کیژە بـچووکەکەت ڕووت لێ دەنێـت بەیانیان ئەو تا بەردەم دەزگەی فەرمانگە لێـی بخوڕیـت تـا باشـتر زاتـی بـشکێت و بتوانێت باشتر لێ بخوڕێت. ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی بەر لە جەژن ، تۆ داتنابوو لـە جەژنـدا گەشتێکی ناوچەکانی دەورو بەری شاری پێ بکـەیت، بـیرت لـەوە نـەکردبووەوە کـە جەژنەکەت لێ دەبێتە خەفەت و پەژارە، کاتێك ناسیاوەکەتان پێوەندی پێوە کردیـت، تۆ دەتزانی ئەو پێوەندیت پێوە ناکات، یەکسەر دڵـت داخورپـاو چـاوت فـڕی، کـوڕە گەورەکەت، کە زۆر جار لەسەر ئەوە دەمەقاڵێتانە بۆچی تا گەنجە مۆڵـەتی لێخـوڕین دەرناهێنێت و خۆی باش فێرە لێخـوڕینی ئۆتۆمۆبیـل ناکـات، لـە ماڵـەوە سویـچە یەدەکەکەی بردووەو بەو ئێوارەی دوایەمین ڕۆژی ڕەمەزانە سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بووەو بازاڕ بمگرەو هاتم. لەخۆبایی بوونی گەنجیەتی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی پاڵی پێوە ناوە تا بتوانێت پێ بە بەنزیندا بنێت، چییە خـۆ پێـوەی مانـدوو نـەبووە، خـۆ قەردی بۆ نەکردووە، خۆ مانگانە قەرد ناداتەوە، خۆ ئارەقەی بۆ نەڕشتووە، چـش بـا هەرچی ڕوو دەدات با ڕوو بدات، نەك هەر ئۆتۆمۆبیلەکەی تامپۆن پێ کردووە، بەڵکو لە ئۆتۆمۆبیلێکی دیکەی داوەو، نیوەی پشتەوەی داغان داوە.

ئەگەرچی خاوەن ئۆتۆمۆبیلیش مۆڵەتی نییە، بەڵام پـارەی دەوێـت و دەیـەوێت ئۆتۆمۆبیلەکەیشی بۆ چاك بکرێتەوە، هیچ ڕێگەت لەبەردەمدا نەما پەنات بەر قەردو

قۆڵە بردەوە، هەردوو ئۆتۆمۆبیل چوونە لای فیتەرو تەنەکەچی و بە چەند گەڵایەك چاك کرانەوە.

ئۆتۆمۆبیلی وات نەبینیبوو، ئەو ڕەنگە خۆڵەمێشییەی ئەوەند سەرنجی ڕادەکێشا بۆ هەر کوێ بچووبایت لێیان دەپرسیت: نایفرۆشیت، تۆیش ناچار وەڵامت دەدانەوە، یەك دوو شتی ئەو ئۆتۆمۆبیلە خەوی لێ هەراسان کردبوویت، با فێنك کەرەکەوەی لە هاویناندا ئیشی نەدەکردو لە گەرمای هاویندا خۆت تێدا نەدەگرت، ژمارەکەیشی سەر بە شارێکی دوور بوو، تۆ ڕێت نەدەکەوتێ. بڕیارت دابوو ئەم زستانە تا هاوین نەهاتووە لەکۆڵی خۆتی بکەیتەوە.

ئەوێ ڕۆژێ فلتەری ڕۆنەکەی کەمێك ڕۆنی لێ دەچوو، برادەرێکی برادەرە فشەکەرەکەت بینیتی دەچیتە گەراجێکەوە کاتێك هۆڕنت بۆ لێداو سەڵاوت لێکرد، کە دابەزیت چەند پرسیارێکی سەبارەت ئۆتۆمۆبیلە شڕ لێ کردیت، تۆیش لای خۆتەوە دڵت داخورپاو ترسایت چاوی پیس بێت، دواتر چوویت لای فیتەر فلتەری ڕۆنەکەی چاك بکەیتەوە کە ڕۆنی لێ دەچوو، فیتەر لە بیری دەچێت وایەری پەنکەکەی لە شوێنی خۆی ببەستێتەوە، پێی ڕاگەیاندیت چاوت لە ئاوەکەی بێت ئەگەر گڵۆپی سوور پێ بوو ئاوی تێ بکە، تا هێناتەوە هیچ کەم و کورتییەکی نەبوو، چوویت بوتڵە غازێك بکڕیت لە ڕێگە گڵۆپی سوور پێ بوو، ڕاوەستایت ئاوت تێکردو ئیشت پێ کردەوە هیچ کەم و کورتی نەما، کە گەڕایتەوەو لەبەر دەرگە ڕاتگرت، یەکسەر چوویتە سەر کاری ئێوارە.

دوای تۆ ماڵەوە بۆ ئیشی خۆیان، سواری دەبن و بازاڕ بگرە هاتم، کیژە بچووکەکەت لێی دەخورێت، نازانن کە وایەری پەنکە نەبەستراوە، گەرمای ئۆتۆمۆبیل بەرز دەبێتەوەو لەناوجەرگەی بازاڕدا سندووقی گەرم و ساردییەکەی دەتەقێتەوە، تەنانەت پۆلیسی هات و چۆیش دێت بلیتی سزای بۆ دەبڕێت. لەویشدا چاو پیسی

کاری خۆی دەکات و فیتەرو وایەرمەن چەند گەڵایەکت لێ دەڕووتێننەوە. بڕیارت داوە ئەم ئۆتۆمۆبیلە خۆڵەمێشییە لـەکۆڵی خـۆت بکەیتـەوەو بفرۆشـیت، زۆر کـەس لـە ناسیاوو برادەران ڕایانسپردوویت پێیان بفرۆشیت، تۆیش ناتەوێت بـەوانی بفرۆشـیت، ناتەوێت شەرمەزار بیـت و هـاوین بێـت و بڵـێن بـا سـاردکەرەوەکەی کـار ناکـات، چاملوغی ئەم لاو ئەو لای بۆیاغە، بۆنیدەکەی هی خـۆی نییـە، دوو جـار تـامپۆنی کردووە، ڕادێتەرەکەی یەك شیشە، گڵۆپەکانی لیزەر نین، مەکینەکەی بوخاری هەیە.

ئەو ڕۆژە زوو هەستایت و چی شتی خۆت هەیە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە دەرهێنان و بۆ دوایەمین جار لەبەر دەرگە سواری ئۆتۆمۆبیلە خۆڵەمێشییەکە بوویت و ڕۆیـشتیت و خۆت بە پیشانگەیەکدا کرد، لەگەڵ خاوەند پیشانگە ڕێککەوتن و، چەند گـەڵا لـە ئەوو چەندیش لە تۆ پاڵت پێوە نا.

کە گەڵاکانت لە تەنکەی باخـەڵت نـا، یەکـسەر تێتەقانـدو ئـاوڕت نەدایـەوە، دەترسایت ئێستە نا ساتێکی دیکە کڕیار پەشـیمان ببێتـەوە، دەسـتت لـە نـزیکترین تاکسی بەرز کردەوەو خۆت تێ هاویشت، بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتیت و، هەستت بـە بـار سووکییەك دەکردو ئەو خەم و خەفەتەی جارانت نەما.

کـە لـە دەرگـەی مـاڵ ڕۆیـشتیتە ژوورەوە خێزانەکـەت بـە واق وڕماوییـەوە پرسیارێکی سەرسوڕمانی ئاراستە کرد.

ـ ئەی ئۆتۆمبیلەکەت چی لێ کرد؟

کاتێك هەواڵی فرۆشتنیت پێ ڕاگەیاند، ئەیەڕۆیەکی کردو چەپۆکێکی بە گۆنای خۆدا کێشاو بە هەناسەیەکی خنکاوەوە گوتی:

ـ ئەی ئەم ساڵ جەژنی نەورۆز بە چی بکەینەوە؟

# (٥٤)

لەم ژیانە بێزار بوویت، سی ساڵە شەوو ڕۆژ کاردەکەیت، تـەنیا ڕۆژانـی هـەینی پشوو دەدەیت، ئەو ڕۆژەیش خاتوون هەڵتدەپێچێت و دەبێت سەر لـە پـارك بـدەیت و لەوێشەوە خۆتان بـەو سـۆپەر مارکتانـەدا بکـەن ماوەیەکـە تـا یـەك و دووی شـەو دەرگەیان لەبـەردەم کڕیـاران و خواپێداوانـدا کراوەتـەوەو، خـاوەن سـۆپەرمارکتەکان بەردەوام قۆڵیان دەبڕن ئەوانیش نە ئاگەیان لە خۆیانەو نەیش دەربەست دێن و پـارەی خۆیان دەدەن و کاڵای هەمەجۆرو ئاست نزم دەکڕن و تا ماوەیەك دڵـی خۆیـان خـۆش دەکەن.

بیر لەوە دەکەیتەوە ئەم ژیان و گوزەرانەی ئێرە بەجێ بهێڵیت و بەم دوا دواییەی تەمەنت کـەمێك لـە خۆشـی و ژیـانی ئـەوێیش بـچێژیت. ئـەوە کـەی ژیانـە لێـرە دەیگوزەرێنیت، ژیانی بێ کارەبای بەردەوام و شەقامی قیرتاوو ئـاوەڕۆی پێـشکەوتوو کەی ژیانە، ئەوە کەی ژیانە تۆ یەك مانگ کار بکەیت و بەری ڕەنجی ئەو مانگەت بە یەك فەردە ئارد بدەیت!! ئەوە کەی ژیانە تۆ سی ساڵ کارمەندی دەوڵەت بیت و هـەر نانەزگ بیت و نە پاشەکەوتێکت هەبێت و نەبتوانێت ئەوەنـدە گلێـر بکەیتـەوە پێـی بحەسێیتەوەو منداڵەکانت لە برسیەتی و ڕووت و ڕەجاڵی قوتار بکەیت. جا تـۆ کـەی ژیانت بە چاو بینیوە، لەو ڕۆژەوە خۆت ناسیوەتەوەو ڕاست و چەپی خـۆت لێـك جیـا کردووەتەوە لە بەش مەینەت و مانـدوو و شـەکەتی بـەو لاوە هـیچ خۆشـییەکت بـە ئارەزووی دڵی خۆت نەبینیوە، ڕۆژێکت لە ژیاندا بێ غەم و خەفـەت و ئـازارو ئـێش بەسەر نەبردووە. چی دیکە بەرگەی ئەو هەموو غەمانە ناگریـت. بڕیـارت داوە ئێـرە بەجێ بهێڵیت، ماڵ و منداڵ بەجێ بهێڵیت، خاك و ئاوو هەوا بەجێ بهێڵیت، سروشت

بەجێ بهێڵێت. ئەوانە هیچ سوودێکیان بە تۆ نەبەخشیوە، تۆ ئەو وشترەیت بەردەوام بارەکەی خۆت بەسەر شانتەوەیە، تەنیا پشتت بە خۆت بەستووە، پشت بە خۆ دەبەستیت، ئەو پشت بە خۆ بەستنە ماندوو و شەکەتی کردوویت. نیازت نییە چی دیکە ئەو جۆرە گوزەرانە بکەیت. پێویستت بە گۆڕینە. گۆڕینی بارو دۆخ و کەش و هەواو ڕەفتارو هەڵس و کەوت، تەنانەت ناخ و باری سایکۆلۆژی، بە شێوەیەك ڕەنگ و شێوەیەکی دیکە وەربگریت.

بڕیارت داوەو چی دیکە لەو نیازو بڕیارە پاشگەز نابیتەوە، هەراسان و بێزار بوویت، کەی ئەوە گوزەران بوو تۆ کردت. لەو ساڵانەی گەمارۆی دووسەرەدا چاوت کز بوو، تا دەهات لاوازو ڕەنگ زەردتر دەبوویت. ئەو ساڵانە تەنیا بەوەدا ڕادەگەیشتیت مانگانەکەت بە ئاردو شەکرو چا بدەیت. مانگی جارێك پارچە گۆشتێکی سوورەوەکراو، یان لەناو شلەدا نەدەخوارد. چاوت بەرەو کزی دەڕۆیشت و دێڕی ڕۆژنامەکانت پێ نەدەخوێنرایەوە. پاشان ئەم بارودۆخەی ئێستە خەفەتی زۆرتری پێ دەبەخشیت، ڕۆژ نەبوو لە خەفەتی ئەم هەواڵ و ئەو لێدوان و ئەو بەرسڤ و ئەم وەڵامدانەوەیە یاخەی خۆت دانەدڕیت. ئەی ئەو هەموو کۆڵکەنەخوێندەوارو ئەو کۆڵکەنووسەرو نارۆشنبیرانەی دۆمەڵان ئاسا هەڵتۆقین و گۆڕەپانە هێورو لەسەرخۆو ڕەسەنەکەیان شلۆق وشێلوو کرد. ئەو هەموو کاغەزەی بە وشەو ڕستەی بێ سەروبەر پڕدەکرێنەوەو ئەو هەموو پەرتووك و گۆڤارو ڕۆژنامانەی بە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و لووسەوە شۆستەکانیان تەنیوەتەوەو بودجەیەکی زۆریان تێدا خەرج دەکرێت و هەشیانە ئەوەندەی پەنجەی دوو دەست خوێنەریان نییە، لێ لەسەر دەرچوون بەردەوام دەبن و بە مانشێتی ورووژێنەرو ناوەرۆکی پووچ خوێنەر هەڵدەخەڵەتێنن.

داخی زۆرت لەو شەڕە پەڕۆیەیە ماوەیەکە گەڕەك بازاڕو شارو لادێ و گوندەکانی گرتووەتەوە، تەنانەت مێشکی سەرتاپای خەڵکی دوو لەت کردووە، هەر

لایەکی لە ڕەنگێك. بۆیە تەنیا لەناو ڕەنگەکاندا ڕەنگی سپیت هەڵبژارد، ئەو ڕەنگەی هیچ لایەنێك بۆ خۆی هەڵینەبژاردووە، تۆ نەبێت، چونکە ئەگەر زانیبات لایەنێك ئەو ڕەنگەی هەڵبژاردووە ئەوە ئەو ڕەنگەیشت هەڵنەدەبژارد.

تۆ بڵێیت ئەم بیرکردنەوەیەت ڕاست و دروست بێت، تۆ بڵێیت بتوانیت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەیت و ڕەگ و ڕیشەی خۆت لێرە یەکجارەکی هەڵبکەنیت و بچیت و ئاوڕ نەدەیتەوەو ئێرە بەجێ بهێڵیت و نەیەیتەوە. بڕوات وایە لەو ڕووەوە ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکەیت. ئەوەندە دڵت لەم وارە ڕەش بووە، ئارەزوو دەکەیت ڕۆژێکی زووتر دەستبەرداری ببیت، بەڵام چۆن، چۆن دەتوانیت ئەو خەونە پەمەییە بەدی بهێنیت؟ چۆن بۆت دەکرێت بە باخەڵێکی خاڵی و دەستێکی بەتاڵەوە ئەو جۆرە خەونە چارەنووسسازە بەدی بهێنیت و لە یۆتۆبیایەکدا بگیرسێیتەوە، بووەتە یۆتۆبیای زۆر کەس لە دانیشتووانی وڵاتە نەدارو هەژارەکان، بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەرزەکارو لاوو گەنجانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بۆ گەیشتن بەو خەون و یۆتۆبیایە مل بە ئۆقیانووس و دەریاو چیا سەرکەش و وەرزە ساردو نالەبارەکانەوە دەنێن، لەو ڕێگەدا زۆریان دەبنە قوربانی ئەو خەونەو بە دەستی سروشتی بێ بەزەیی و قاچاخچی بێ ویژدان و پۆلیسی دڵڕەق و یاسای کوێرەوە دەناڵێنن و نغرۆی ژێر ئاوی دەریاو ئۆقیانووسەکان دەبن، یان لە زیندانە تاریکەکانی وڵاتاندا دەپووکێنەوەو ڕەوانەی ئەو شوێنە دەکرێنەوە لێوەی هاتوون.

تۆ ناتەوێت بەو شێوەیە چارەنووسی خۆت بدەیتە دەستی قاچاخچی و چاوساغی بێ ویژدانەوە، بەخۆت دەبیتە چاوساغی خۆت و بەخۆت بڕیاری خۆت دەدەیت.

بڕیارت دا ئەو خانووە داڕووخاوەی چەندین ساڵە تێیدا دەژین و بەهەزار کۆشش و ماندووبوون دیوارەکانت بەرزکردەوەو کردتە نشینگەی ئارامی، ئەو خانووە بە چەند سەد گەڵایەك بفرۆشیت و هەندێکی بۆ ماڵ و منداڵ بەجێ بهێڵیت و ڕوو لە هەندرانی

ڕۆژئاوا بکەیت. ئەمڕۆ چوویتە نووسینگەی خانووکڕین و فرۆشتن و خانووەکەت لای دەڵاڵ دانا. بیریشت لەوە دەکردەوە ئەو خانووە بفرۆشیت و نەگەیشتیتە شوێنی مەبەست ئەوە دەکەویتە سەر ساجی عەلی و ناتوانیت جارێکی دیکە لەسەر پێ خۆت بگریتەوەو کارەساتێکی خراپ ڕوو دەدات، ئەو کات چ دەکەیت.

یەك دوو هەفتەی نەبرد سەری خانووەکەت بە چەند سەد گەلایەك نایەوە، پێشتریش سەری ئوترە شڕەکەت نابووەوە، دوای سێ مانگ خانوویەکت بۆ منداڵ و خێزانەکەت بەکرێ گرت و، وردە وردە کارت دەکردو ژێر زمانی برادەرو ناسیاوو هاوەڵانت دەکێشایەوەو لە باشترین ڕێگە دەگەڕایت، تا خۆت بگەیەنیتە بەهەشتی خەونەکانت. ئەو خەونانەی هەر بە منداڵیش خەونت پێوە دەبینین و تا هەنووکەیش بە گوێرەی دڵت ئەو خەونانە بەدی نەهاتوون. باشترین چارەسەر ئەوەبوو برادەرێکت لە دەرەوە بانگهێشتێکت بۆ بکات و بەسەردان ئەو ڕێگە بە ئاسانی ببڕیت و خۆت لە دەستی قاچاخچی بێ بەزەیی و مافیای دڵڕەق بپارێزیت. پێوەندیت بە کۆنە ناسیاوێکتەوە کرد، لە مێژبوو لە ئەمستردام گیرسابووەوە، داوات لێکرد ئەگەر بکرێت ئەو داخوازییەت بۆ جێبەجێ بکات، تەنیا مەبەستت ئەوەبوو پێت لەسەر ئەو خاکە جێگیر بێت، ئیدی خۆت توند پێوە گرێ دەداو هیچ هێزێك نەتوانێت هەڵتکەنێت.

دوای چاوەڕوانییەکی ئازاربەخش برادەرەکەت بانگهێشتێکی بۆ ئۆکراین بۆ وەرگرتیت بە ناوی برادەرێکیەوە لە ئۆکراین، پاسپۆرتێکی ساختەت لای دەڵاڵێك پەیدا کردو لەگەڵ چەند کەسێکدا پێویستییەکانتان ئامادەکرد، بۆ بەیانی سواری تاکسی بوون و بەرەو سنوور بەڕێ کەوتن . لەسەر سنوور دەستت لەسەر دڵت بوو کارمەندانی خاڵی سنوور ساختەکاری پاسپۆرتە ساختەکەیان بۆ دەرنەکەوێت. نەتزانی چ هۆکارو چ بەختێك بوو کە بوو بە یارت و بە ساختەکاری پاسپۆرتەکەیان نەزانی،

تۆ بڵێیت وەستایەتی ئـەو دەلالـە بێـت کـە بـە شـێوەیەك ئـەو سـاختەکارییەی لـە پاسپۆرتەکەدا کردبوو هیچ ئـامێرێکی ئیلیکترۆنـی و کۆمپیوتـەرێك پێـی نـەزانن. هەرچۆنێك بێت پاسپۆرتەکە دادی دایت و بەڕیز لەگـەڵ نەفـەرەکانی دیکـەدا بـەرەو ئانکەرە بەڕێ کەوتن و بە ڕێگەوە تەماشای ئەو شارۆچکەو گوندانەت دەکرد کـە لـە ڕووی جوگرافی و ئەتنییەوە لە خاك و نیشتمانەکەی تـۆ جیـاواز نـەبوون، لێ تـا لـە ئانکەرە نزیکتر دەبوویتەوە هەسـتت بـە جیـاوازی زۆرتـر لەگـەڵ ئـەو شارۆچـکانەو ئەمانـەی نزیـك ئەنکـەرەدا دەکـرد. ئەنکـەرە دنیایـەکی دیکـە بـوو، دەتگـوت لەناوچـەرگەی ئـەوروپادایت، شـەقامی خـاوێن و ئـەپارتمانی بـەرز بـەرزو، دیمـەنی شارستانیانەی شوێنە گشتییەکان و باخچەی گشتی و ئۆتێل و چێشتخانەکان زۆریـان جیاوازی تەنانەت لەگەڵ شارەکانی وڵاتانی دەوروبوردا هەبوو نەك تەنیا لەگـەڵ شـارو شارۆچکەکانی نیشتمانەکەی خۆتدا. لـە دڵـی خۆتـدا بـەزەییت بـە نەتـەوەو گـەل و خاکەکەی خۆتدا هاتەوە چۆن چەندین سەدەیە لەسایەی داگیرکـاری و دواکـەوتوویی و نەخوێندەواری و نەزانیندا دەتلێتەوەو چەندە لە شارستانیەت و مۆدێرنەوە دوورە.

لە ئۆتێلێکی خاوێن و مۆدێرن و ئەفسووناویدا ژوورێکتان بە دوو کـەس گـرت، ئەو پاش نیوەڕۆیە سەرخەوێکتان بۆ شـکاند. پـێش خۆرئـاوابوون هەسـتان و خۆتـان پۆشتەکردەوەو دابەزینـە نـاو بـازاڕو شـەقام کـە نەشـەوو ڕۆژی بـۆ نـەبوو، بەسـەر شۆسـتەکاندا دەڕۆیـشتن و تەماشـای کۆگـەو فرۆشـگەو لۆقنتـەو چـایخانەو سۆپەرمارکیتتان دەکردو سـەرتان بـەم کۆگـەدا دەکـردو لـەو کۆگـەوە دەردەچـوون، پێویستتان نەبوو کەلوپەل بکڕن، تـەنیا بـۆ تەماشـاکردن و بـەراوردکردنی نرخـەکان درێژەتان بە گەشتەکەتان دەدا. هەرکە ماندوو بوون سەرتان بە لۆقنتەیەکدا کرد، ئـەو ئێوارەیە نانێکی بەچێژو خۆشتان نۆش کرد.

پاشان له چایخانەیەك لاتان داو سەرو چایتان بەسەردا کرد، چایخانەکە لە نەفەردا جمەی دەهات، هەبوو نەرگیلەی دەکێشاو، هەبوون لەسەر مێزێك گرد بووبوونەوەو یاری پۆکەرو دۆمینەیان دەکرد، هەشبوو جگەرەی دەکێشاو دووکەڵی بەبا دەدا، لە گۆشەیەکی تەنیشت دەرگەکەشەوە کۆمەڵێك گەنج دانیشتبوون تەماشای یارییەکی تۆپینی ڕاستەوخۆیان دەکرد. چایەکانتان هەڵقوڕاندو هێمنانە تەماشای ئەو دیمەنانەتان دەکرد، چونکە ڕێگەیەکی دوورتان بڕیبوو واتان بەباش زانی تا زووە بڕۆنەوەو ملتان بەژێر سنگتانەوە بکەن و سەرخەوێکی لێ بشکێنن و بەیانی زوو هەستن و بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێ بکەون.

لە ژوورەکەدا خەو نەدەچووە چاوت بیرت لەو ژیانە نوێیە دەکردەوە، لەوێ لە بەهەشتی ڕووی زەمین لە ڕۆژئاوا چاوەڕوانت دەکات، چی دیکە بیرت لە ڤیزەو پاسپۆرت و ساختەکاری نەدەکردەوە، لە دڵی خۆتدا خۆت دڵنیا کردەوە دەرچوونت بەرەو ئۆکراین مسۆگەرە، مادامەکێ لە سنوور هاتیتە ئەم دیوداو گەیشتیتە ئانکەرا ئەوە دەشتوانیت لە فڕۆکەخانە دەرباز بیت و بگەیتە (کییڤ). بیرت لای هاوسەرو منداڵەکانت بوو، بە کرێ خانوو و خەرجی ڕۆژانەو کڕینی جل و بەرگ و کرێی ئاوو کارەباو موەلیدەدا دەگەن، کێ بەیانیان نانیان بۆ دەکڕێت و کێ دەچێت پارەی کارەبا بدات و لە سرەی غازو نەوت ڕاوەستێت و کێ بەرمیلە نەوت پڕ بکات و بە زستانان سۆپەکان پاك بکاتەوەو بە هاوینان هەوا فێنککەرەوەکان دامەزرێنێتەوەو ئاگەی لە پووش و ئاوو ماتۆڕو تەوافەکانیان بێت، لەم بیرکردنەوانەدا بوویت، نەتزانی کەی خەوت لێ کەوتووەو چۆن خۆت داپۆشیوە، بەیانی لە تەقەی پێی هاوەڵەکەتدا بە ئاگە هاتیت کە پێش تۆ بێدار بووبوەوە.

دەبوو بە دوو سێ سەعات پێش ئەوەی فڕۆکەکە بفڕێت لە فڕۆکەخانە ئامادە بن، بەو بەیانییە زووە خۆتان پۆشتەکردەوەو بەرچاییەکی سووکتان نۆشی و بە خۆتان

و هەگبەکانتانەوە لە ئۆتێلەکە دابەزین و خۆتـان لـەناو تاکـسییەك نـاو ڕووتـان لـە فڕۆکەخانە کرد. بە ڕێگەوە تەماشای ئەو باڵەخانە بەرزو ئەو باخـچە ڕێـك و پێـك و ئەو گوڵ و گوڵزارە جوانانـەی نـاو ئـەو باخـچانەو ئـەو گۆڕەپـان و ئەپارتمانـە بـەرز بەرزانەتان دەکردو زۆرتر سەرتان سوڕ دەمـاو بـەزەییتان بـە خۆتـان و میللەتەکانـدا دەهاتەوە کە تا هەنووکەیش تەلارەکانتان لە دوو تا سێ نهۆمی بەو لاوە بەرزتر نین و باخچەیەکی واتان نییە جێـی سـەیران و کـات بەسـەربردن بێـت، تـەلارێکی ئەوەنـد بەرزتان نییە لێوەی هەموو گەڕەکەکانی شار دیار بن، ڕێگەیـەکی قیرتـاوی ئـەتۆتان نییە بێ ڕەمپەو قۆرت و چاڵ و بەرزایی بێت، بۆیە ئەو ژیانەی خۆتانت بـە ژیـانێکی بەفیڕۆچوو دەزانی و پەشیمانی ئەوەت دەکێشا لە ئاخ و نیشتمانێکی ڕۆژئاوادا چاوت هەڵنەهێناوەو نەژیاویت.

لە دەریای ئەو بیرکردنەوەدا نغرۆ بووبوویت، چەند شەقام و گۆڕەپان و ناوچـەتان بڕیبوو، لە دوورەوە فڕۆکەخانەکە دیاربوو، چەند فڕۆکەیەك لە ڕێڕەوەکان ڕاوەسـتابوون و فڕۆکەیەك تازە دەفڕی و بەرز دەبووەو فڕۆکەیەکی دیکەش لەوپەڕی فڕۆکەخانەکـەوە دیاربوو، نزیك بوو دابەزێت. هەرکە لە هۆڵەکەدا خۆتـان بینییـەوە، ژمارەیـەکی زۆر نەفەرتان بینی چاوەڕوان بوون نۆرەی فڕۆکەکانیان بێت و هـەر یەکـەو بـەرەو لایـەکی جیهان بەڕێ بکەون.

لە نۆرە ڕاوەستان و زۆرتان چاوەڕێ کرد تا گەیشتنە بەردەم پەنجەرەکـە، هەرکـە گەیشتنێ پاسپۆرتەکانتان خستە بـەردەم فەرمانبەرەکـەو دوورتـان گـرت تـا ناوتـان دەخوێننەوە، دڵتان خێرا خێرا هەر لێی دەدا، ئـەم جارەتـان مـاوەو لـەم وێـستگەیە دەرباز بن و بۆ وێستگەیەکی دیکە خوا یـارەو ئەگـەر کەسـانێکی وەك ئێـوە ڕێیـان بکەوێتە ئەم جۆرە وێستگانە ئەوە بۆ دەربازبوون و فڕین بەختی دەوێت، ئێوەیش لـەو ئاستەدا بوون بڕواتان بە خۆتان بێت کە ئەم جارەیش قۆناغەکە دەبڕن و دەپەڕنەوە.

بیرتان بـۆ لای ئـەو سـاتە دەچـوو خوانەخواسـتە پێتـان بـزانن و سـاختەکاری پاسپۆرتەکە دەرکەوێت و ئەم جار وەرە بەرگەی پرسیارو وەڵام و تەنانەت ڕیسواکردن و حەپس کردن و دواجاریش سەرتاشین و بەپەندکردن لەولاوە ڕاوەستێت، ئاکامیش لـەو ڕێگەوە هاتوویت لە هەمان ڕێگەوە بە کەلەپچە کراوی ڕەوانەی ئەو شوێنەت بکەنەوە و بە دەستی بەتاڵ و سەرشۆڕییەوە سنوورداشت بکرێیتەوە.

لەو بیرکردنەوانەدا بوون ناوتان خوێنرایـەوەو پاسـپۆرتەکان مـۆری پەڕینـەوەیان لێدرا، ئەم جار جانتاکانتان خستە سەر قایشی پشکنین و لەو پـەڕەوە بـە سـەلامەت دەرچوون و لە دەروازەکەوە چوونە ئەو دیودا. لە دوورایـی چـەند سـەد مـەترێك ئـەو فڕۆکە لەڕێڕەوەکەی خۆی ڕاوەستا چاوەڕوانی ئێوەو گەشتیارەکانی دیکەی دەکرد. لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا فڕۆکەکە ئەزنـەکی بـەخۆی داو هـاڕەی مۆتۆرەکـانی گـوێی ئامادەبووانی تەلاری فڕۆکەخانەکەو بگـرە دانیـشتووانی گەڕەکـەکانی دەوروبەریـشی کەڕدەکرد. هەرکە فڕۆکەکە ئاستی فڕینی خۆی وەرگـرت دەنگـی مایکرۆفۆنەکـە بـە زمانی ئینگلیزی بەرز بووەوەو تۆیش هەندێکی لێ تێگەیشتیت کە چەند سـەعاتێکی دیکە لـە فڕۆکەخانـەی (کییـێڤ) دەنیـشنەوەو نیـوەی قۆنـاغی گەشـتەکەتان بـەرەو بەهەشتی خەیاڵتان دەبڕن و بۆ ئەو نیوەکەیشی خوا یار دەبێت.

خۆر ئاوا بووبوو گەیشتنە (کییێڤ)، ئەلەکتریکەکان داگیرسابوون، فڕۆکەخانەکـە دەتگوت ڕۆژی نیوەڕۆیە، لەو کاتەی فڕۆکەکەی ئێوە دابەزی لەو لاوە فڕۆکەیەك بـاڵی گرتەوەو لە لای چەپیشەوە فڕۆکەیەکی دیکە نیشتەوەو ڕاست لەەڕێڕەوەکـەی دیکـەوە بە تەنیشت ئـەو فڕۆکـەوە ڕاوەسـتا کـە ئێـوەی لێ دابـەزین. جانتاکانتـان هێنرانـە خوارەوەو خۆتان و پاسـپۆرتەکانتان پـشکنران، لـەو دیـوی دەروازەکـەوە چـاوەڕوانی جاناکانتان دەکرد، ژن و پیاوو منداڵ، هەموو تێکـەڵ ببـوون، هـەبوو جانتـای خـۆی وەرگرتبوو لەسەر گالیسکەی دانبوو، پاڵی دەنا، هەشبوو جانتای پێچکەداری هـەبوو

به دوای خۆیدای ڕاده‌کێشا، هه‌بوون به ئینگلیزی و به ڕووسی و زمانی دیکه ده‌په‌یڤین، ئێوه‌یش به زمانه‌که‌ی خۆتان له‌گه‌ڵ یه‌ك ده‌دوان. هه‌رکه جانتاکانتان پشکنران و له‌سه‌ر قایشه‌که گه‌یشته لاتان یه‌کسه‌ر پڕتان دایه‌و هێناتاننه خوار.

هه‌ڵوه‌سته‌یه‌کتان کردو نه‌تانزانی به‌ره‌و کوێ بڕۆن. هاوه‌ڵه‌که‌ت هه‌ڵیکێشا:

ـ چی بکه‌ین، بۆ کوێ بچین؟

تۆیش گوتت:

ـ غه‌مت نه‌بێت، هه‌ر ئێسته تاکسییه‌ك ده‌گرین و ئه‌م ناوونیشانه‌ی پێده‌ده‌ین و ده‌مانگه‌یه‌نێته شوێنی مه‌به‌ست.

تاکسییه‌کان له‌و لاوه ڕاوه‌ستابوون، هه‌ر نه‌فه‌ر بوو سواری ته‌کسی ده‌بوو، ئه‌وانه‌یش شاره‌زا بوون سواری پاسه‌کان ده‌بوون که هێڵه‌که‌یان له ته‌نیشت فڕۆکه‌خانه‌که‌وه وێستگه‌یه‌کی هه‌بوو، ته‌ماشاتان ده‌کرد شار له ڕووناکی ئه‌له‌تریکدا نغرۆ بووه‌و ته‌لاره به‌رزه‌کان به ڕیکلامی ڕه‌نگاو ڕه‌نگی ئه‌له‌تریکی ڕازاونه‌ته‌وه.

سواری تاکسییه‌ك بوون و ناوونیشانه‌که‌تان پێشانی شوفێره‌که دا، که سه‌ری بۆ له‌قاندنه‌وه‌و سلفێکی له ئوتره‌که‌ی داو به‌ره‌و ناوجه‌رگه‌ی شار به‌ڕێ که‌وت. شه‌قامه‌کانی شار له خه‌ڵکیدا جمه‌یان ده‌هات، کۆگه‌کان ڕووناك بوون و کاڵاکانیان به شێوه‌یه‌کی ئه‌وتۆ له جامخانه‌کانیانه‌وه ڕێك دانرابوون سه‌رنجی کڕیارانیان بۆ لای خۆیان ڕاده‌کێشا، جارو بار له‌م لاو له‌و لا لۆقنته یان ئوتێلی گرانبه‌هاو قاوه‌خانه‌و باڕو باخچه‌ی گشتیتان ده‌بینی له خه‌ڵکدا جمه‌یان ده‌هات، کاتێك له‌به‌رده‌م ئه‌و ئۆتێله‌دا دایبه‌زاندن له ناو کاغه‌زه‌که‌دا نووسرابوو کرێیه‌که‌ی لێوه‌رگرتن و به‌جێی هێشتن.

به ئاسانی ئه‌و براده‌ره‌تان دۆزییه‌وه که خه‌ڵکی لای خۆتان بوو، له‌و ئۆتێله‌دا بوو، ماوه‌یه‌که له‌و وڵاته‌یه‌و زمانه‌که‌یان فێربووه‌و جلی خۆی له ئاو پێ ده‌رده‌هێنێت و شاره‌زای شارو شوێنه گشتییه‌کان بووه‌و هه‌ندێك سه‌ری له پرسی قاچاخ و

قاچاخچییەتی نێوان سنووران پەیدا کردووەو هەندێك کەسیش دەناسێت. جگە لــەوەی توانیوەتی بەهەر فێڵێك بێت مۆڵەتی نیشتەجێبوون وەربگرێت.

هەرکە یەکدیتان بینی باوەشی پێتاندا کردو ئەم لاو ئەو لای یەکدیتان ماچ کرد. پاشان جانتاکانی لێوەرگرتن و بە کارمەندی ئۆتێلەکەی گوت ژوورێکتان بــۆ تــەرخان بکات.

هەرکە لە ژوورەکەی دانیشتن، پرسی:

ـ خۆ ئەزیەتیان نەدان؟

تۆیش لە وەڵامدا گوتت:

ـ تەنیا ئەزیەت ئەوە بوو زۆرمان چاوەڕێ کرد تا لە پشکنین بووینــەوەو ســواری فڕۆکە بووین.

ـ ئەی لە ڕووی پاسپۆرت و ڤیزەو داوەتنامەکەوە؟

ـ نازانین، هەر ئەوە نــەبێت دوای ئــەوەی کــە پاســپۆرتەکانمان دەدایــە ژوورەوەو چاوەڕێمان دەکرد، پرسیاریان لێ نەدەکردین، دوای تێبینی و تەماشاکردن مۆریــان لێ دەداو بۆیان دەگێڕاینەوە.

ـ بەختێکی باشتان هەبوو، لــەم ماوەیــەدا وەرزی گەشــت و گەشــتیارییە بۆیــە ئەوەندە لە پاسپۆرتەکان وردنەبوونەتەوە، ئەگینە پێش هەفتەیــەك زۆریــان هــەنگاوی توندو تیژ لەبەر گرتبوو.

هەرکە ماندووتان دەرچــوو، هەنــدێك خواردنتــان خــستە بــەر دڵ، ژوورەکــەتان ئامادە کراو بە خۆتان و جانتاکانتانەوە چوونە ژوورەکەوە.

شەش مانگی ڕەبەق لەو شارە مانەوە، زۆر شوێن ڕۆیــشتن و زۆر شــوێن گــەڕان، ئەوەندە بە دوای ئەم قاچاخچی و ئەو قاچاخچیدا گەڕان، کووچەو شەقام و سکوێرەکان شارەزا بوون، هەندێك جار دەچوونە ژێر زەمینی ئەوتۆ خــەڵکی شــارەکە پــەییان پــێ

نەبردبێت، پارەیەکی زۆرتان خەرج کرد، لە قەچاخچییەکان دڵنیا نەبوون و بڕواتان پێیان نەبوو، تا ناسیارەکەتان قاچاخچییەکی بۆ دۆزینەوە لەگەڵ بەرپرسێکی پۆلیس و بەرپرسێکی فڕۆکەخانەکەدا دەستیان تێکەڵ بوو، بە چل پەنجا گەڵا چاوپۆشییان لە چوونە ناو فڕۆکەکە دەکردو نەفەرەکەیان ڕەوانەی دەرەوە دەکرد. پاسپۆرتێکی ساختەیان بۆ ئامادە دەکرد، هەرکە بگەیشتایەتە جێ دەیدڕاندو خۆی بەدەستەوە دەدا. بۆ ئێوەیش سەرو پەساپۆرتێکی ساختەیان ئامادەکرد، پارەکەیان لێوەرگرتن و گەرەنتی ئەوەیان پێدان سبەی شەو لە فڕۆکەخانە بەرەو ئەمستردام بەڕێتان بکەن.

نیوەشەو بوو گەیشتنە فڕۆکەخانە، فڕۆکەخانە لە هەموو لایەکەوە لەبەر تیشك و ڕووناکی ئەلەتریکدا ڕۆژی نیوەڕۆ بوو، لە گەشتوەراندا جمەی دەهات، هۆڵی چاوەڕوانی پڕ لەو گەشتوەرانە بوو، هەر یەکەو چاوەڕوان بوو نۆرەی بێت و جانتاو پاسپۆرتەکانی بپشکنرێن و سواری فڕۆکە بن و هەڵفڕن و ئێرە بەجێ بهێڵن. تۆیش یەکێك بوویت لەوانەی دڵەڕاوکێت بوو، هەزار بیری ڕاگوزاری بە مێشکتدا تێدەپەڕی، ترسی ئەوەت لێ نیشتبوو نەوەك پاسپۆرتەکەت پێ بزانن و ڕۆیشتنەکەت سەرنەگرێت. لەو بیرەدا نغرۆ بووبوویت پاسپۆرتەکانتان لە پشکنین دەرچوو و جانتاکانتان پشکنراو بەرەو پێپلکەی فڕۆکەکە بەڕێ کەوتن. نیو سەعاتێکی نەبرد نەفەرەکان سواربوون و فڕۆکەکە دەستی بە جووڵە کردو ئەزنەکی بەخۆی داو بەرز بووەوەو تا دەهات بەرزتر دەبووەوە، تا لە چاو ون بوو.

بەرەبەیان نزیك دەبووەوە فڕۆکەکەتان گەیشتە ئاسمانی ئەمستردام، تەلارو شەقام و سکوێرو شوێنە گشتییەکان و فڕۆکەخانە پان و بەرینەکە لە ڕووناکیدا دەدرەوشانەوە، کە لە پەنجەرەکەوە تەماشای ڕووبەری شارت کرد تا چاو بڕکات هەر ئاوەدانی و تەلارو باخچەو ئەپارتمانی بەرزو ڕازاوە بوو. هەستت بە خۆشی و ناخۆشی دەکرد. خۆشی لەبەر ئەوەی لە دوای ئەو هەموو چاوەڕوانی و مانەوەو ماندووبوونەوە

ئاکام گەیشتیتە ئـەو شـوێنەی نەخـشەت بـۆ دارێـژابوو، گەیـشتیتە پارچـەیەك لـە پارچەکانی ئەو بەهەشتەی لە خەیاڵی خۆتدا وێنەت کێشابوو، ئەو بەهەشتەی دەسـت بۆ هەر هەموو شتێك ببەیت دێتە دەستتەوە، هیچ ماندوو نابیت و ئارەقە ناکـەیت و کەس زۆرت لێ ناکات و پاڵەپەستۆی کەست لەسەر نابێت، ناخۆشـیش لەبـەر ئـەوەی هەستت بە نامۆیی دەکردو بیرت لە ماڵ و منداڵ و کـەس و کـارو خـاك و سروشـتی نیشتمانە ڕەنگینەکەت دەکردەوە، بیرت لای منداڵەکانت بوو، دایکیـان چـی بەسـەر هاتووەو نەخۆشییەکەی چۆنەو بەکوێ گەیشتووە، ئەگەرچـی تـا هەنووکـە خـۆت بـە بەهێزو خۆگر دەزانی، کەچی لـە ڕووی سـۆزەوە لـە دایکێکـی بەسـۆز بەرانبـەر بـە منداڵەکەی لاوازتر بوویت، ویـستت بدەیتـە پرمـەی گریـان، چـوون یـەکێك ئـازیزی مردبێت، لێ دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ پێت بەجەرگی خۆتدا ناو زۆرت لەخۆکرد:

ـ نەکەیەت ئەو ڕیسواییە تووشی خۆت بکەیت، تـۆ پیاویـت پیـاو، پیـاو چـۆن دەگریت؟

گریانەکەت لە دوا قۆناغدا گەڕاندەوەو ورەی دووریت وەبەر خۆت هێناو لە کاتی دابەزیندا توند دەستت لەسەر دڵت بوو، بە سەلامەتی دابەزن و دواتر هەرچی دەبێـت با ببێت. بڕیاری خۆت دابوو، هەرکە فڕۆکەکە بنیشێتەوە پلانەکـەی خـۆت جێبـەجێ دەکەیت، ئەم جار زەوییەکەی کێلاوتە پەموو دێنێت یان گاڵ ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ هەنووکە پێیەکەت لەسەر بەهەشتی خەیاڵ دانا، دەکۆشیت بە هـەر بیـست چڕنووکی دەست و پێت لێی دانەبڕێیت و دوور نەکەویتەوە.

هەرکە نەفـەرەکان دابـەزین و دەسـت بـە پـشکنینی جانتـاو پاسـپۆرت کـرا، جانتاکەی خۆت وەرگرت و لە هـۆڵی فڕۆکەخانەکـەدا لەسـەر تـەختێکی دوورەپـەرێز ڕۆنیشتیت تا وردە وردە ڕۆژ بووەوەو نەفـەرەکان هۆڵەکـەیان چـۆڵ کـرد تـاك و تـەرا

نەبێت، خۆت گەیاندە شوێنی دەست و دەم و چاو شوشتنەکەو پاسپۆرتە ساختەکەت دڕاندو بە قوڕکی ئاودەستەکەتدا کرد، ئەم جار هەناسەیەکی شادومانیت هەڵکێشا:

ـ هەنووکە پێم لەم خاکەدا چەقی، هێز نییە دوورم بخاتەوە.

ڕۆیشتیت و خۆت بە دەستی پۆلیسی فڕۆکەخانەکەوە دا. هەندێك ئینگلیزیت دەزانی، چەند پرسیارێکی بەرپرسانی بنکەی پۆلیست دایەوەو پاش چەند سەعاتێك خۆت لە کەمپێکی شاردا بینییەوە. کەمپەکە خەڵکی زۆر لاو ناوچەی جیهانی لەخۆ گرتبوو. لە ماوەی چەند مانگێکدا پێوەندیت لەگەڵ ژمارەیەکی باشی خەڵکی لای خۆتان و وڵاتانی دیکەدا دروست کرد. بەڵگەنامەو ناسنامەو شتی پێویستت پێشکەش بە بەرپرسان کرد بۆ ئەوەی بە پەنابەر وەرتبگرن. لەهەر وەڵامێکدا داوای لێبوردنیان لێ دەکردیت، کە درەنگ هاتوویت و بارودۆخ لە وڵاتەکەی خۆتدا بەرەو باشی دەچێت، بۆیە ڕێی تێ ناچێت ئەوەی داوای دەکەیت جێبەجێ ببێت.

ساڵان هاتن و چوون تۆ لەو کەمپە مایتەوە، لێ لە ڕووی گوزەرانەوە مانگانەیەکی باشت وەردەگرت، بەشی ژیان و گوزەران و جگەرەو خواردن و تەنانەت جل و بەرگی دەکردیت، جاروباریش تەلەفۆنت بۆ ماڵ و منداڵەکانت دەکردو لە بارودۆخی خۆت ئاگەدارت دەکردنەوە. لەو ماوەیەدا زۆر شوێنی ئەو شارە گەڕایت و لەگەڵ ئەو پەنابەرانەی پێش خۆتدا دەچوویتە شوێنی ئەوتۆ بێزت لە خۆت دەهاتەوە کە مرۆڤ لەو شوێنانەدا ئەو پیشەیەی کردبێتە پیشەی خۆی و ژیان و گوزەرانی خۆی پێوە بەستبێتەوە، بە تایبەتی پیاو کە لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی لای خۆتان ئەو پیشەیە نەك هەر پیشە نییە بەڵکو کەسێك ببیسن ئەوە پیشەیەتی بۆ بەیانی خۆی لە گۆڕستان دەبینێتەوە، کێشەکە پێوەندی بە نەریت و بەها بەرزو پیرۆزەکانەوە هەیە، لێرەیش بەها پیرۆزەکان بە ناوی مافی مرۆڤەوە بە پیرۆزی ناهێڵرێن و بۆ پارەو سامان دەخرێنە گرو دەبنە سەرچاوەی ژیان . تۆیش لە لایەکەوە بێزت لەو جۆرە پیشانە

دەهاتەوەو لەلایەکی دیکەوە بە خۆت ئەو ڕێگە چارەیەت هەڵبژاردو لە دڵی خۆتدا ئەو ڕستەیەت دووبارە دەکردەوە:

ـ بە دەستی خۆت ئاگرت لە سەری خۆت بەرداوە!!

نەتدەویست پاشگەز ببیتەوەو خۆت بە دۆڕاو بێتە بەرچاو، ددانت بە خۆتدا دەگرت و بە بێزەوە ئەو بارودۆخەت پەسەند دەکردو لە دووری خاك و سروشتی نیشتمان و دووری ماڵ و منداڵ و خێزان و مێژووی پڕ لە سەروەری نیشتمان و نەوتەوە چاوەڕوانی ئەوە بوویت ئەو مافەت پێ بدرێت، کە هەموو مافەکانی دیکەت لە پێناودا کردە قوربانی، مافی پەنابەری!!

٢٠٠٨/٥/١٢ - ٢٠٠٩/٧/١١

# نووسەر لەچەند دێڕێکدا



- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی

کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە

- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦ بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .
- کۆشیعری ڕێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .
- کۆچیرۆکی مەرگەمووش ساڵی ٢٠٠٠ هەولێر .
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .
- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٨ هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك ساڵی ٢٠٠٨ چیرۆکی وەرگێڕراو بۆ منداڵان.
- خەونەکەی دارا، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان ٢٠١٠.
- خەناوکە، چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان ٢٠١٠.
- فریشتەی دارستان، چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، ٢٠١٠.
- **کۆچیرۆکی (هەورە تریشقە)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.**
- **ڕۆمانی (بەفر لە پەنجەرەوە دێتە ژووری)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١١.**
- **ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)ی نووسەر (ئیڤۆ ئاندریچ)، دەزگەی موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١.**
- **ڕۆمانی (گۆڕەپانی نەفرەتی) نووسەر (ئیڤۆ ئاندریچ)، دەزگەی موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١.**
- **کۆمەڵە شیعری ( كذبة أخرى)ی شاعیر زانا خەلیل، وەرگێڕان بۆ عەرەبی هەولێ ٢٠١١ .**

- **کۆمەڵەی شیعری (شدو القبج) شیعری چل شاعیری کورد بۆ عەرەبی، دار الغاوون، بەیرووت، ٢٠١٢.**
- **کۆشیعری (ڕەهێڵ) لەسەر ئەرکی خۆی، چاپخانەی شەهاب، هەلێر، ٢٠١٢.**
- **(ئەرك و مافەکانی مامۆستا ـ نموونەی بریتانیا)، وەرگێڕان بۆ کوردی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠١٢.**
- **کۆچیرۆکی (زوجات خليفة الفاتنات)، قصص كوردية مترجمة، مەڵبەندی گشتی یەکیەتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.**
- **ڕۆمانی (کاتێك چیاکان هەرەس دەهێنن، بووکی نەمر)، جەنگیز ئایتماتۆڤ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگەی چینی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.**
- **دیوانی (الليل والنسيان) شیعری وەرگێڕاوی نووسەر لە کوردییەوە بۆ عەرەبی،** دار الثقافة والنشر الكوردية، بغداد، ٢٠١٣.
- مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووەو ڕۆژنامەنووسیشە.
- لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەروەردەو فێرکردن)ی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.